# لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی
# 1882-1806

ناوی کتێب: لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی 1806- 1882
نووسینی: ئەنوەر قادر محەمەد
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 4500 دینار
ژمارەی سپاردن:272 ی 2001
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : سێیەم ساڵی 2007
کوردستان –سلێمانی
www.sardamco.com

# ليريكاى شاعيرى گەورەى كورد

# مەولەوى

## ( 1882 – 1806 )

**بە دياليكتى گۆرانى ( هەورامى )**

ئەنوەر قادر محەمەد

سليمانى 2007

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (414)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 7 |
| بەشی یەکەم: گۆرانەکان، زمان و ئەدەبیان | 17 |
| بەشی دووەم: ژیان و بەرهەمی ئەدەبی و زانستیی مەولەوی | 59 |
| بەشی سێیەم: دیوانی مەولەوی، ژانر، بابەتی لیریکی و لایەنە هونەری و ئیستێتیکییەکانی | 91 |
| فەرد | 93 |
| دووبەیت | 98 |
| غەزەل | 106 |
| وەسپی لیریکی | 109 |
| لاواندنەوە و شین | 148 |
| لیریکای شەخسی | 167 |
| شیعری موناسەبەت | 175 |
| شیعری ئایینی | 180 |
| مەی | 183 |
| نامەی شیعری | 186 |
| هەندێ لە خەسیەتە هونەرییە تایبەتییەکانی لیریکای مەولەوی | 195 |
| بەشی چوارەم: سەرچاوەکانی شیعری مەولەوی و تەئسیری لیریکای لە شیعری کوردی | 209 |
| مەولەوی و شیعری بەدیالێکتی گۆرانی نووسراو | 211 |
| مەولەوی و شیعری کلاسیکیی فارسی | 219 |
| مەولەوی و سۆفیزم | 233 |
| یەکێتی بوون | 242 |
| مەولەوی و شاعیرانی دیالێکتی کرمانجیی خوارو | 246 |
| سەرئەنجام | 266 |
| سەرچاوەکان | 270 |

## پێشەكی

ئەم كارە دەربارەی شیعر – لیریكای شاعیری سەدەی نۆزدەیەمی كورد، سەید عەبدولڕەحیمی تاوگۆزیی ناسراو بە (مەولەوی)یە. نازناوی شیعرییشی (مەعدووم)بووە.

مەولەوی شیعرە لیریكییەكانی بە دیالێكتی گۆرانی (هەورامی) نووسیوە. ئاشكرایە دیالێكتی گۆرانی چەند سەدەیەك – لە سەدەی چواردەیەمەوە تا نۆزدەیەم – زمانی ڕەسمیی ئەمارەتی ئەردەڵان بووەو لە هەندێ ناوچەی كوردستانی خوارووشدا، وەك زمانی ئەدەب بڵاو و باوبووە.

ئەم دیالێكتە هەر لە سەدەی چواردەیەوەمەوە زمانێكی ئەدەبی و شیعری و ئایینی بەرز و پێشكەوتووبووە. دەسنووسە بە دیالێكتی گۆرانی نووسراوەكانی سەدەكانی ناوەڕاست، بەڵگەی دەوڵەمەندیی سامانی ئەدەبی و وزەی داهێنانی هونەریی میللەتی كوردن.

مێژووی ئەدەبی گۆرانی، تەنانەت بە شێوەیەكی گشتی و ڕاگوزاریش نەنووسراوەتەوە. بەرهەمی شاعیرە بەرزەكانی ئەم دیالێكتە هێشتا نەتوێژراونەتەوە و لێكۆڵینەوەی زانستییان دەربارە نەنووسراوە. یەكێك لەو شاعیرە دیارانەش كە تا ئێستە لە بەرهەمی لیریكیی نەكۆڵراوەتەوە مەولەوییە (1806 – 1882). جاروبار زاناو نووسەر و شاعیرانی كورد ئاوڕیان لە لاپەڕە درەوشاوەكانی شیعری ئەم شاعیرە داوەتەوە.

لەم دەساڵانەی دواییدا شەپۆلێكی زانستیی تازەی پشكنین و لێكۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی كلاسیكیی كورد هاتۆتە ئاراوە، دیوانی گەلێ لە شاعیرە كلاسیكییەكان بۆ یەكەمجار بە شێوەیەكی زانستی و لەسەر بناغەی تیكستۆلۆگی لە چاپدراون و

بلاوكراونەتەوە. ئەدەبی بە دیالێكتی گۆرانی نووسراویش لەم هەولّ و كۆششە پڕ بایەخە بێبەش نەبووە.

لە سالانی سیی ئەم سەدەیەدا، هەندێ شاعیر و ئەدیبی كورد، چاك لە نرخ و دەولەمەندیی ئەدەبی گۆرانی گەیشتوون و گرنگییەكی زۆریان پێداوەو لە لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەكانی ئەو سەردەمەدا، هەندێ نموونەی بەرزی شیعری گۆرانییان بلاوكردۆتەوە و ناو بە ناو وتار و بیرۆكەی ڕاگوزارییان لەسەر نووسیووە. ئەم سەرەتادارشتنە هەروا بە فیڕۆنەچووە، تا ئێستەش بەردەوامە و لە گۆڕان و بەرەوپێشەوەچووندایە. نووسەر و شاعیرانی ئەمرۆش لەو سەرچاوە ڕوونەی ئەدەبی گۆرانی، زۆر سیمای هونەریی وەكو زمانی ڕەوان و ساكار و وێنەی شیعری و كێش و قافیە هەلدەگۆزن.

لەگەلّ ئەمەشدا، تازە بە تازە دەست دراوەتە كاری زانستی و هەنگاو لەم مەیدانەدا دەنرێت. یەكێك لەو ئەركە لە ئەستۆكەوتووانەی ئەدەب ناسیی كوردی، تۆژینەوەی لیریكای مەولەوییە، كە یەكێكە لە لووتكە بەرزەكانی كولتووری كوردی.

لەسالّی (1920)ەوە بایەخ بە شیعری مەولەوی دراوە. زانا و نووسەری كورد ئەمین فەیزی لە كتێبی (ئەنجوومەنی ئەدیبانی كورد)دا كە سالّی (1920) لە ئەستەمبولّ چاپ كراوە، هەندێ شیعری بلاوكردۆتەوە و بەتایبەتیش سەرنجی خەلكی بۆ لایەنێكی هونەریی شیعری مەولەوی: "بەكارهێنانی قافیەی (abab)، كە زیاتر دیاردەیەكی هونەریی شیعری ئەورووپاییەو بێگومان مەولەوی ئاگاداری نەبووە" ڕاكێشاوە (97، ل7-8).

دوای ئەم، پیرەمێردی شاعیر (1867 – 1950) كۆمەلێ لە شیعرەكانی مەولەوی و ڕۆحەكەیی (واتە بە سۆرانی كراوەكەی) بە دوو بەرگ (بەرگی یەكەم 1935، بەرگی دووەم 1940) لە چاپداوە. هەروەها كۆمەلێ وتارۆكەی دەربارەی شیعری نووسیوە و زۆر

بـەرز بەرهـەمی شـاعیری نرخانـدووە (77، ل1، 76، 113- ل 58-59، ل8 -10، 11 – 13، 119 – 120).

شاعیری گەورەمان گۆران (1904 – 1962) ئاشق و دڵسۆزێکی گـەورەی شـیعری مـەولەوی بووە. لە دوو وتاریدا: "مـەولەوی و شیعری موناسەبەت" (105)، و ئەوەی (لـە یادی پیرەمێرد)دا (106) نووسیویەتی، بە درەوشاوەیی ئـەم ئەشـقەمان بـۆ دەردەکـەوێ. گۆران وتویەتی، کە شیعرەکانی مەولەوی هێندە ناسك و بـەرز و نـەمرن، نـەك هـەر لـەناو کورددا، بەڵکو لای خەڵکی تریش خوێنەر و هەوادار بۆ خۆیان دەدۆزنەوە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لـە (مێـژووی ئـەدەبی کـوردی)دا بەشـێکی بـۆ ژیـان و شیعری مـەولەوی تەرخان کردووە. شیعرەکانی بـە لووتکـەی لیریکـی کلاسـیکیی کـوردیی سـەدەی نۆزدەیـەم ناودەبـا (92، ل276 – 306). سـەجادی بـە کرمـانجیی خـواروو شیعرەکانی مەولەویی لێکداوەتەوە و جارجارەش باسی هەندێ لایەنی هونەرییانی کردووە. هەروەها لە کتێبێکی تریدا (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی -1968)دا (90)، کە باسی هونەرە ریتۆریکییەکانە، لە شیعری مەولـەویش نموونـە دەهێنێتـەوە. لـە کۆتایی کتێبەکەشیدا هەندێ بەشی بۆ مـەولەوی و تۆژینەوەی بەرهەمی چـەند شـاعیرێکی تری ناسراوی کورد تەرخانکردووەو ویستویەتی بەرهەمو جێگەی شاعیر لە ئەدەبی کوردیدا دیاری بکات، دەڵێ:".... لەبەر ئەمانە، لەم سەدەیەدا هۆنەرێکی بەرزی کورد پەیـدابووە، کە مـەولەوییە. مـەولەوی لە بارەی وەسپ و دیمەنی سرووشـتەوە مەشـخەڵێکی هـەڵکرد... قوتابخانەیەکی تایبەتی بۆ دەرزی هۆنراوە دانا"[1] (90، ل 281).

---

[1] دانەر ساڵی لە دایکبوون و لە دنیا دەرچوونی شاعیری هەر بە (1806 – 1882) نووسـیووە، کەچـی هەر لەو لاپەڕەیەدا، دووجار مەولەوی بە شاعیری سەدەی هەژدەیەم ناودەبا. دەبێ ئەمە هەڵەی چاپ بـێ! بڕوانە: (90، ل 281).

لـە کتێبـی (نـرخ شناسـی -1970)دا (93)، کـە بـاس لـە ژانـرە ئەدەبییـەکان و بەتایبـەتیش شـیعر دەکـات، چـەندین جـار بـۆ نموونـەی دیـار و بـەرز شـیعری مەولـەوی دەهێنێتـەوە (بـۆ وێنـە، ل30، 85 – 87، 148-154)... هتـد ئـەم کتێبـە هـەر ئەرکیشی ئەوە نەبووە، کە بە شێوەیەکی گشتی و هەمە لایەنە و بەرفراوان، لە نـاوەڕۆك و لایەنی ئیستێتیکیی شیعری مەولەوی بکۆڵێتەوە.

زانای گەورە و دیاری کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە بڵاوکردنەوەی دیوانەکەی مەولەوی – 1961 بە پێشەکی و پەراوێز و شیکردنەوەیەکی فراوان و قووڵەوە، هەنگاوی گەورەی زیندووکردنەوەی ژیننامە و شـیعری ئـەم شـاعیرەی –نـا (114). چـاپی دیـوانی مەولەوی بناغەیەکی پتەوی بۆ لێکۆڵینەوەی بەرهەمی لیریکیی دامەزراند.

لـەو لێکۆڵینەوانەشـدا، کـە دەربـارەی گـۆڕان و بەرەوپێـشەوەچوونی ئـەدەبی کـوردی نووسراون، ناوی مەولەوی و باسی شیعری هاتوون. د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لـە کتێبـی (ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا)، کە بە عەرەبییەو ساڵی (1966) بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ:

"مەولەوی یەکەم شاعیری کـوردە، کـە بەشـێوەیەکی بـاڵا سرووشـتی کوردسـتانی لـە جموجووڵ و بزووتندا دەربڕیووە، باسی چارەنووسی سەختی ئادەمیزاد و گلـەیی لـە زەمانـە دەکا.." (152، ل77).

د. مارف خەزنەداریش لە کتێبێکیدا "دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردیی هاوچەرخ" کـە بە ڕووسییە و ساڵی 1967 بڵاوبۆتەوە، مەولەوی بە یەکێك لە وەستاکانی غـەزەلی کـوردی ناودەبـات (53، ل32). هـەروەها لـە وتـاری "شـیعری ئـایینی بـە دیـالێکتی گـۆرانیی کوردی"دا باسی لە جێگەی تایبـەت و بـەرزی شـیعری مەولـەوی کـردووە (149، ل50 – 65).

لـەم سـاڵانەی دواییـشدا هەنـدێ بەرهـەمی ڕۆژنامەگـەری ئـامێز دەربـارەی شـیعری مەولەوی بڵاوکراونەتەوە. نوسەری کۆچکردوو أ. ب. هەوری، ساڵی 1973 نامیلکەیەکی شەست و سێ (63) لاپەڕەیی لە بارەی شیعرەکانی مەولەوییەوە بڵاوکردۆتەوە (127).

أ. ب. هەوری لە پێشەکیی نامیلکەکەیدا باسـی ڕۆڵـی ئـەدەب لـە گـۆڕانی کۆمەڵـدا دەکات و لە ژیانی مەولەوی دەدوێ. ئەوەودوای کتێبەکەشی کردووە بە چـەند بەشـێکەوە، وەك: مەولـەوی و فەلـسەفە، مەولـەوی و مـەی، مەولـەوی و نـەی... هتـد بۆچـوون و باسـەکەی ئـەمیش هـەر پیاهەڵـدان و زیـاتر دووبارەکردنـەوەی نـاوەڕۆکی شـیعرەکانی مەولەوییە بە کرمانجیی خواروو. دانەر نەهاتووە بە شێوەیەکی زانستی و لـە گۆشـەنیگای ئیستێتیکییەوە شیعرەکانی هەڵسەنگێنێ، هیچ سەرئەنجام و ڕایەکیشی لەم چوارچێوەیەدا دەرنەبڕیوە.

هـەروەها عـەلی عومـەر قـەرەداخی نامیلکـەی (مەولـەوی و سروشـت)ی (100) بڵاوکردۆتەوە. قـەرەداخی بـە زمـانێکی شـیعری لـە شـیعرەکانی شـاعیر دەدوێ و لـە زۆر شوێندا پیایاندا هەڵدەدات و بەرز دەیان نرخێنێ.

لە حەفتاکانیشەوە، لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا، هەندێ وتار و نووسین دەربـارەی مەولەوی و هەندێ بابەت و لایەنی هونەریی شیعرەکانی بڵاوکراونەتەوە.

نووسەری ئەم چەند دێـڕە، لـە سـاڵانی (1972 – 1976)دا سـێ وتـاری دەربـارەی شیعری مەولەوی نوسیووە، دووانیان بە زمانی عەرەبی و یەکێکیان بە کوردی: "غەزەل لە شیعری مەولەویدا" (144، ل3-7)، (سرووشـت لـە شـیعری مەولەویـدا) (143، ل6-7)، (گەشتێك بە جیهانی مەولەویدا) (80، ل3-12).

ڕەئوف عوسمان بە عەرەبی کۆمەڵێ وتاری لەسەر ژیان و شیعری مەولـەوی نووسـیووە، بۆ نموونە: "مەولەوی – شاعیری ڕۆمانتیك و سۆفی"، "دنیـای ڕۆمـانتیکیی مەولـەوی و

ڕیالیزمی داواکراو" (164، ل3، 163، ل4)... شایانی باسە، هەمان ڕەخنە لەم وتارانەش وەکو هەندێ لە نووسینەکانی پێشوو دەگیرێ. ڕەئوف هەوڵی نەداوە بچێتە ناو دنیای شیعرەکان و لێیان بکۆڵێتەوە و ئەوسا بابەتەکانیان و سیمای هونەرییان دەربخات. ئەم دوو وتارەی پڕکردووە لە پەرەگرافی هەندێ کتێب، کە هیچ پێویست نین. میتۆدی باسەکە و زمانی نووسینەکانی ئەمیش پەخشانی هونەریی ئامێزن و زانستی نین.

هەروەها وتارێکی دەربارەی شوێن و ساڵی لە دایکبوونی مەولەوی نووسیوە، کە لە بەشی دووەمدا دەربارەی دەدوێین. وتاری چوارەمی ڕەئوف "مەولەوی لە هەندێ بەڵگەنامەی کۆندا"[2] بە (165، ل142-151).

زانای ناسراو محەمەدی مەلا کەریم دوو وتاری:"مەولەوی لە هەندێ بەڵگەنامەی کۆندا – ڕاستکردنەوە و بەدواداچوون" (179، ل 142-151)، "ئاوڕدانەوەیەکی تری نامە بابانییەکان و کاغەزی کۆنی تر"(178، ل143 – 148) لەسەر هەڵەی زمان و وەرگێڕان و هەندێ بیروبۆچوونی وتارەکەی ڕەئوف بڵاوکردەوە و هەوڵی داوە هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و فیکریی مەولەوی ڕوون بکاتەوە. ڕەئوفیش وەڵامێکی تەنگەتیلکانەی بە ناونیشانی"ڕاستکردنەوە لە نێوان مەوزوعییەت و وەزعییەتدا" داوەتەوە (161، ل149 – 159).

محەمەد عەلی قەرەداخی لە (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)دا وتاری "شارۆیەك لە باخچەی مەولەوی"ی بڵاوکردۆتەوە (101، ل226 – 269). نووسەر بەراوردی هەندێ

---

[2] ڕاستییەکەی نووسەری بەهەشتی شێخ محەمەد ئەمینی کاردۆخی و من کاتی خۆی ئەم قەباڵانەمان، لەو گەشتەدا، کە کۆڕی زانیاری کورد ساڵی 1972 بۆ کۆکردنەوەی دەستنووس و فۆلکلۆری کوردی لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕێکی خستبوو – هێنا بۆ کۆڕ و دوای وێنەگرتنەوەیان، کۆڕ هەناردنییەوە بۆ نەوەکانی مەولەوی.

لە دەقەکانی ناو دیوانەکە و هەندێ دەسنووسی تری کردووە و لەم ڕووەوە بۆچوونی جیاوازی دەربارەی ئەوانەی دیوانەکە هەیە. بەلای منەوە، باشی بۆ نەچووە و لە شوێنی خۆیدا ڕوونی دەکەمەوە.

محەمەد ئەمین حسەین وتارێکی بە ناونیشانی "تێلنیشان لە شیعری مەولەویدا" بلاوکردۆتەوە (107، ل8-26). لەم وتارەدا دەسنیشانی هەندێ ئایەتی قورئان و حەدیس کراوە. ئەوی ڕاستی بێ، بەشێکی زۆری ئەوانە لە دیوانەکەدا ئاماژەکراون.

وەك دەردەکەوێ، تا ئێستە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی هەمە لایەنەی شیعرە لیریکییەکانی مەولەویمان نییە. لە زانستی ڕۆژهەلاتناسی و کوردناسیی ئەوروپاشدا تەنیا هەندێ بیری ڕاگوزاری هەن. لەبەرئەوەش بەرهەمی مەولەوی کەلەپوورێکی بەنرخی سەدەی نۆزدەیەمە، من هەولێکی لەم بابەتە دەدەم.

ئەم کارە لەسەر بناغەی ئەم سەرچاوە بنەڕەتییانە ئەنجامدراوە:

1ـ (دیوانی مەولەوی) کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا، 1961.

2ـ (یادی مەردان)، بەرگی دووەم، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا، 1983. (کە بەشێکی بۆ ژیان و بەرهەمی مەولەوی تەرخان کراوە).

هەروەها گەلێ دیوانی تریش بەکارهێنراون، بۆ نموونە:

(دیوانی سەیدی) کۆکردنەوە و شیکردنەوەی محەمەد ئەمین کاردۆخی، سلێمانی، 1971.

(دیوانی بێسارانی) کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کیومرس نیك رفتار، بەغدا، 1982.

(دیوانی وەلی دێوانە) ژیان و بەسەرهات و شیعری، عوسمان هەورامی، بەغدا، 1976.

(دیوانی پیرەمێرد) نووسینی محەمەد ڕەسوڵ هاوار، بەغدا، 1970.

(دیوانی گۆران) کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، هەروەها پێشەکییەکی — دکتۆر عیزەدین مستەفا، بەغدا، 1980.

ئەم سەرچاوە گرنگانە، لەگەڵ نامەو زانیاریی تردا دەربارەی مەولەوی و ژیانی، دەستگر و ڕێ ڕۆشنکەرەوەیەکی چاکی دەقی شیعرەکانی مەولەوین و دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنن، کە تابلۆی لیریکای مەولەوی بکێشرێ و هەڵوێست و بینۆگەی کۆمەڵایەتی و سیمای هونەریی شیعرەکانی دیاری بکرێت. بەراوردکردنی بەرهەمی مەولەوی لەگەڵ دیوانی شاعیرانی تردا، جێگەو پایەی بەرزی مەولەویمان لە مێژووی شیعری بە دیالێکتی گۆرانی نووسراودا بەتایبەتی و دەوری نوێکەرەوەی ئەومان لەسەرجەم شیعری کوردیدا بۆ دەردەخات.

لەم نووسینەدا هەوڵی ئەوە دراوە، کە بە یەك چاو سەیری بەرهەمی مەولەوی نەکرێ و لە دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی سەردەمەکەی دانەبڕدرێت، چونکە ئەگەر لەسەردەمو قۆناغێك نەگەین و هەمەلایەنە سەیری دیاردەی کولتوری نەکەین، بەرهەمێکی ئەدەبیمان، بابەتانە بۆ هەڵناسەنگێنرێ و نانرخێنرێ.

بۆ ئەم باسە، جگە لەو دیوانە شیعرانە، پشت بە گەلێ سەرچاوەی بەکەڵکی تری ئەدەبی کوردی و بەرهەمی ئیبداعیی کلاسیکی و تازە بەستراوە. هەروەها گەلێ سەرچاوەی تیۆریای ئەدەب و ئیستێتیکاو میتۆدی چونیەتیی لێکۆڵینەوەی زانستی بە زمانی ڕووسی، دەستی نووسەریان گرتووە و ڕێیان نیشانداوە..

سیستێمی کۆد بۆ سەرچاوەکان بەکارهێنراوە، ژمارەی یەکەم، ناوی بەرهەمەکەیە لەلیستی سەرچاوەکانی پشتەوەدا، لەبەرئەوەی ئاماژەی دیوانەکەی مەولەوی زۆردەکرێت، هەر وشەی

(د)ی بۆ دانراوە. لە هەندێ شوێندا، لەبەر پێداویستیی هونەری و زیاتر ڕوونکردنەوەی، تیپی لاتینی بەکارهاتووە، هەروەها پەراوێزەکانیش لە سەرجەم کتێبەکەدا لە (1-59)یە.

ڕاستییەکەشی زۆر پێویست نەبووبێت، وەك لە لێکۆڵینەوەی زانستیی هەموو میللەتانی پێشکەوتووی دنیادا باوە، ئەوەم لاپەسەند نەبوو وەك لای خۆمان، کۆمەڵێ سیفەت و پیاهەڵدان بۆ ناوی هەر زاناو نووسەرە بنووسم و ئەمەش خوانەخواستە، کەمکردنەوەی ناوبانگ و ڕێزیان نییە. ناوە عەرەبییەکانیشم هەر بە ڕێنووسی کوردی نووسیوە. گەلێ جار لە ناوی شوێن هێناندا ئەگەر زۆر زانراو نەبووبێت، خستوومەتە نێو دوو کەوانەی بچووکەوە.

هەروەها هەندێ زاراوەی لاتینیی هونەری هەن، کە وەرگێڕانیان بۆ زمانی کوردی ئاسان نییە، خۆیانم بەکارهێناوە و لە کۆتایی باسەکەدا هەوڵێکم داوە، واتاکەیان بە کوردی لێکبدەمەوە. ئەم زاراوانە لە زمانە ئەورووپاییەکاندا بەکاردەهێنرێن و لام وایە، تا جێگرەوەی پڕ بە پێستیان لە زمانی کوردیدا پەیدا دەبن هەر ئەمانە بەکاربهێنین چاکترە.

هەندێ وتاری ترم دوای ئەم نووسینە بەرچاوکەوتوون، لەبەر قورسیی هەڵوەشاندنەوەی سیستێمی کۆدی سەرچاوەکان، لە یەك دوو پەراوێزدا ئاماژەی دووانیانم کردووە و دوان دەربارەی ئەوانی تریش بۆ دەرفەتێکی تر.

هەندێ دەق بە زمانی عارەبی و فارسی لەم باسەدا هەن، ئەوانەیان کە بە پێویستم زانیبن کردوومن بە کوردی.

لەماوەی خوێندندا لە زانستگەی ڕۆژهەڵاتناسیی لینینگراد، ژنە زاناو ڕۆژهەڵاتناسی دیاری سۆڤیەتی زینەئیدە نیکۆلایەڤنا ڤەرەژێکینای مامۆستام، میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستیی شیعری فێرکردووم و گەلێ ڕێگای نیشانداوم، کە لە نووسینی ئەم باسەدا سوودم

لێ وەرگرتوون، بۆیە دەمەوێ سوپاسی زۆری ئـەو زانایـە و خوشـکی دڵـسۆز و زانـام زاریێ

# بەشی یەکەم

# گۆرانەکان، زمان و ئەدەبیان

ئاشـكرایە كـورد یەكێكـە لـە میللەتـە كۆنـەكانی ڕۆژهـەڵات و دەورێكـی دیـاری لـە دامەزراندنی شارستانیەت و كولتووری ئەم ناوچەیەدا بینیوە. بـە درێـژایی چەندین سـەدە مێژووی كورد تێكـەڵی هـی میللەتـەكانی ناوچـەكە بـووە و قـەتیش ئـەم گەلـە ئـازادی و سەربەخۆیی تەواوی لەیەك چوارچێوە و قەوارەی سیاسـیدا بەخۆیـەوە نـەدیوە. دوای شـەڕی (چاڵدێران 1514) كوردستان بەسەر چوار دەوڵـەت: توركیـا، ئێـران، عێـراق و سـوریادا- دابەشكرا (98ل42،47).

لەگەڵ ئەمەشدا، میللەتی كورد لـە زۆر قۆنـاغ و سـەردەمی مێژووییـدا سەربەسـتی و ئـازادیی ناوچـەیی بەدەسـت هێنـاوە، بەتایبـەتی لـە سـەدەكانی ناوەڕاسـتەوە، گـەلێ میرنـشینییەتی بـەهێزی وەكـو: (بۆتـان، ئـەردەڵان، هـەكاری، سـۆران و بابـان...)ی دامەزرانـدووە (98، ل42). بـەڵام ئـەم ئەمارەتانـە بـەردەوام لەگـەڵ یـەكتردا لـە شـەڕ و ناكۆكیدا بوون و دوژمنانی كوردیش ئاگری ئەم دووبەرەكی و ئاژاوەیەیان زیاتر خۆشكردووە و هیچ یەكێكیش لەم میرنشینانە نـە بـە خوایـشت و نـە بـە زۆر نـەیتوانیووە ئـەوانی تـر بهێنێتـە ژێـر ڕكێفـی خۆیـەوەو وەك میللـەتانی بـە دەوڵـەت شـادبووی ئـەم سـەرزەمینە، كوردیش دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ.

هەرچی چۆن بێـت ئـەم ئەمارەتانـە لـە سـنووری دەسـتەڵاتی خۆیانـدا، بوونەتـە هـۆی پێشخستنی كولتووری كورد و بەتایبەتیش ئەدەبەكەی. هـەر بۆیەشـە ئـەدەبی كـوردی بـە چـەند دیالێكتێـك لـەدایكبووە و پـەرەی سـەندووە. بێگومـان ئـەم ناوچـەگەرییەتییەی

دەستەڵاتی سیاسی و چەندین هۆی تر — کە لێرەدا دەرفەتی باس کردنیان نییە — بوونەتە کۆسپی درووست نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی.

ئەدەبی کوردی لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا هەروەك گەشەی سەندووە، قۆناغی سستی و کزبوون و کوژانەوەی وەختیشی بە خۆیەوە دیوە. بە بیروڕای هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسانی وەکو (ئەلیکساندەر ژابا، مارتن هارتمان، پ . لێرخ، ڕۆژیلیسکۆ، ڤیلچێڤسکی و رودینکۆ... هتد) یەکەم دەسنووسی ئەدەبیی کوردی لە سەدەی یانزەیەمدا پەیدابووە. بە ڕای ئەمان، ئەدەبی کوردی لە سەرەتادا بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو پەیدابووە، یەکەمین شاعیرێکیش کە بەم دیالێکتە نووسیبێتی عەلی حەریریە (سەدەی یانزەیەم). هەروەها شاعیرانی ناوداری تری وەکو مەلای جزیری (سەدەی دووانزەیەم)، فەقێی تەیران (سەدەی چواردەیەم؟)، ئەحمەدی خانی (1650-1706) بەم دیالێکتە نووسیویانە (60، ل8،58، ل44. 103، ل14،44، ل426). بەڵام گەلێ لە زانا کوردەکانی کوردستانی عێراق: عەلائەدین سەجادی، د. عیزەدین مستەفا، د. مارف خەزنەدار و زانایانی تر لایان وایە مەلای جزیری لە (سەدەی پانزە و شانزە؟)دا ژیاوە (92، ل87،179، ل10-23، 96، ل36-39) بۆ ئەم ڕایەش گەلێ بەڵگەو فاکت بە دەستەوەهەن، بۆ نموونە مەلای جزیری خۆی لە شیعرەکانیدا ناوی شاعیری ناوداری ئێرانی حافزی شیرازی (1325 – 1398) دەهێنێ، ئەمەش هیچ گومانێك لەوەدا ناهێڵێتەوە کە مەلای جزیری دەبێ دوای ئەم ژیابێ.

شایانی باسە، هەر ئەو زانایانە چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی (925-1010) بە سەرەتای ئەدەبی کوردی دەزانن، دەربارەی ژیان و سەردەمی عەلی حەریری و فەقێی تەیرانیش ڕایەکی زۆر تەواو و سەقامگیر نییە. بە ڕاستیش مەسەلەی سەرەتای پەیدابوونی

ئەدەبی نووسراوی کوردی باسێکی ئاڵۆز و پڕ دەمەتەقێ و بیروڕای جیاوازە و لەم سەرەتا کورت و چەند لاپەڕەییەدا دەرفەتی درێژەپێدانی نییە.

لەگەڵ ئەدەبی دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا، لەلایەکی تری کوردستاندا –لەقەڵەمڕەوی ئەمارەتی ئەردەڵان و هەندێ ناوچەی کوردستانی خوارووودا، ئەدەب بە دیالێکتی گۆرانی لەگەشەسەندن و بەرەو پێشەوە چووندا بووە (44، ل96-97).

ئاشکرایە سامانێکی کولتوری و ئەدەبیی دەوڵەمەند، کە دەستنووسێکی زۆری لێ ماوەتەوە، بەم دیالێکتە هەبووە و چەند سەدەیەك زمانی ڕەسمی و ئەدەبیی ئەو ناوچەیەبووە، وا باسمان کرد (149، ل 52، 95، ل16-24).

مەلا پەرێشان کە (پەرێشان نامە) و بەرهەمی تری بەم دیالێکتە نووسیووە، لە سەدەی چواردەیەمدا هاتۆتە دنیا، هەروەها شاعیرانی دیاری وەکو بێسارانی (1641 – 1720)، میرزا شەفیعی جامەڕێزی (1785 – 1835)، خانای قوبادی (1700 – 1759؟)، سەیدیی هەورامی (1784 – 1848)، مەولەوی (1806 – 1882)... و گەلێکی تر بەم دیالێکتە بەرهەمیان بەخشیوە.

بەوەدا، کە جگە لە دەسنووسی ئەدەبی، کتێبی ئایینی کۆنیش بەم دیالێکتە هەیە و ئەو بەرهەمانەی سەدەی چواردەیەمیش لە ئاستێکی هونەریی بەرزدان و زمانەکەیان شەقڵگرتوو و پێشکەوتووە، دەتوانرێت بوترێت، کە دیالێکتی گۆرانی زۆر پێش سەدەی چواردەیەم زمانی ئەدەب بووە.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بەهۆی دەستەڵات پەیداکردن و بەهێزبوونی ئەمارەتی بابانەوە، کە وەك قەوارەیەکی سیاسیی نیمچە سەربەخۆ و بەرەو پێشەوەچوو، پێویستی بە زمانێکی ڕەسمیی ئەدەبیی ناوچەیی خۆی هەبووە، ئەدەبی کوردی بە دیالێکتی کرمانجیی خوارووو پەیدابووە. دامەزرێنەرانی ئەم قوتابخانەیە نالی (1800 – 1856؟) و هاوڕێکانی: سالم

(1800-1866) و کوردی (1809 – 1849)ن، دوای ئەمانیش چەندین نەوە شاعیری تر پەرەیان بە بەرهەمی ئەم دیالێکتە داوە و دەوڵەمەندیان کردووە. هەر لە ڕۆژگاری حوکمدارییەتیی شێخ مەحموود و دوای ئەمیشەوە کرمانجیی خواروو بووە بە زمانی ڕۆژنامە و زانست و قوتابخانەو تەنانەت زمانێکی ڕەسمیش لە کوردستانی عێراقدا.

لەبەر ئەوەی ئەم باسە تەرخانی ئەدەبە بە دیالێکتی گۆرانی بە شێوەیەکی گشتی و، لیریکای مەولەویش بە تایبەتی، بۆیە دەمەوێ تۆزێ بە درێژی دەربارەی گۆرانەکان و زمان و کولتوور و ئەدەبیان بدوێم. بەگوێرەی تواناو دەستەڵاتیش پەیدابوون و بەرەوپێشەوەچوون و دواییش کزبوونی ئەدەب بەم دیالێکتە ڕوون بکەمەوە.

یەکەم سەرچاوەی مێژوویی کوردی ناوی گۆرانی هێنابێ، (شەرەف نامە)ی شەرەفخانی بدلیسییە (1543 – 1603)، کە دەڵێ:" کورد بە دیالێکت و داب و نەریت و خورەوشت دەبێ بە چوار بەشەوە: کرمانجی، لوڕی کەڵهوڕ و گۆڕان"(141، ل20).

ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس ڤ . مینۆرسکی دەڵێ:"کە گۆرانەکان دانیشتووانی ئەسڵیی ناوچە شاخاوییەکانی باکوری ڕێگای بەغداد و کرماشانن، لە کەناری ڕووباری سیروان و ناوچەی هەورامانیش دەژین". بەی ڕای ڤ. مینۆرسکی گۆرانەکان لە ناوچەی پاوە و کەندۆڵەش، کە دەکەوێتە سەرچاوەی ڕووباری بانیانەوە، کە بەرانبەری وێرانە شاری کۆنی دینەوەرەو لەگەڵ (کاماسیاب) یەکدەگرێ- هەن. هەروەها هەندێ خەڵك نەختێك لە سەرووی موسڵیشەوە، لەسەرئاوی (خوسر)ەوە هەن بە دیالێکتی باجەلانی کە نزیکە لە گۆرانییەوە دەدوێن. زازاکانیش کە لە ناوچەی دەرسیم، لە نێوان مووش و ئەرەزنجاندا دەژین، هەر بەم دیالێکتە دەدوێن (116، ل4 – 5).

زانای ناسراوی کۆچکردوومان (تۆفیق وەهبی)، لە وتاری " (کرمانج) لە (کورمانج)ەوە نەهاتووە"دا نووسیویەتی:"شێوەی گۆرانی، لە خەتی سنە – کرماشان بەرەو غەرب لە

هەندێ دیهاتی لە حدوود زۆر نە دووری عێراق و ئێراندا قسەی پێ ئەکرێ. لە عێراقدا شێوەی هەورامی، زەنگەنە، کاکەیی گۆرانییە. گۆرانی لە ناو شێوەکانی کوردییا، لە هەموویان زیاتر سرووشتی ئاوێستایی پێوە ئەبینرێ، بنچینەکەی ئەشێ شێوەکانی گۆرانی و کۆرشیی مادی گەورەبێ، تاوی دوایی لوڕیی لەسەرە". (120، ل30)

بیریاری دیارمان جەمال نەبەز لەم بارەیەوە دەڵێ:"زاراوەکانی گۆران ئەو زاراوانەن کە لە هەورامان و ناوچەی زەنگەنە و ناوچەی کاکەییەکان لە کەرکوك قسەی پێ دەکرێ و بە زمانی (ماچو) — واتە (دەڵێم) — نێوی ڕۆیوە.

زاراوی گۆرانی ڕۆژێ لە ڕۆژان زمانی ڕەسمیی میرنشینی ئەردەلان و تا ماوەیەکیش هی بابان بووە، لە شاعیرە گەورەکانی ئەم شێوەیە خانای قوبادی و مەولەوی" (118، ل22).

هەروەها د. کەمال فوئاد دەڵێ، کە (گەهوارەیی)ش بێچووە دیالێکتی گۆرانییەو خەڵکی دۆڵی (زمکان) لە کوردستانی ئێران کە نزیکەی (60) کیلۆمەترێك لە ڕۆژئاوای کرماشانەوەیە پێی دەدوێن (95، ل21).

دەربارەی دیالێکتی گۆرانی و شوێنی بلاوبوونەوەی، گەلێ زاناو نووسەری وەکو محەمەد ئەمین هەورامانی، د. مارف خەزنەدار، د. عیزەدین مستەفا، فوئاد حەمە خورشید و گەلێکی تر نووسیویانە (121، 122، 149، 86، 150).

مێژوونووسی ناسراو ئایەتوڵڵای مەردۆخ باسی هەندێ سەرچاوەی مێژوویی دەربارەی هەورامان کردووە، لەوانە (مێژووی هەورامان) و (مێژووی نوێی هەورامان)ی مەلا عەبدوڵڵا و (جاماسب نامە)ی پیر جاماسبی هەورامی (134، ل2،135، ل72). ئەم سەرچاوانە هەر دەسنووسن و لە چاپنەدراون. جێگەی داخە! زانای ناوبراو نە سەردەمی نووسینی دەست نیشان کردوون و نە بەدرێژیش لێیان دواوە.

**محەمەدی مەلا کەریم**، ئەو بەشەی کتێبی (**نور الأنوار**) کە چمکێکی مێژووی مەریوان و هەورامانە لە فارسییەوە کردۆتە کوردی و بڵاوی کردۆتەوە (79). (**نور الأنوار**) خۆی لە ساڵانی (1687 – 1688) دا نووسراوە، بەشە بە کوردی کراوەکەی گەلێ بەڵگەو زانیاریی بەکەڵکی دەربارەی کولتورو باری ئایینی و زانا ناودارەکانی ئەو ناوچانە تێدایە..

عەلائەدین سەجادی لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا باسی هۆی پەیدابوونی ئەدەب بە دیالێکتی گۆرانی دەکات. هەروەها چەند بەشێکی ئەم کتێبەی بۆ شاعیرانی وەکو بێسارانی و مەولەوی و مەلای جەباری ... هتد تەرخان کردووە (92، ل164، 205-214، 276-306، 307-318).

ماشەڵڵای سووری، کە (سروودی دینیی یارسان)ی بڵاوکردۆتەوە دەڵێ:"گۆرانی دیالێکتێکە لەم بێچووە شێوانە پێکهاتووە: ئەورامی، لەکی، کورمانجی، کوردی، کرماشانی" (132، ل19). بێگومان نە لەکی و نە کرمانجی و کرماشانی سەر بە دیالێکتی گۆرانی نین، کوردییش ناوە بۆ سەرجەمی زمانەکە.

هەروەها ئەم دیالێکتە زۆر لە مێژە سەرنجی ڕۆژهەلاتناسانی ڕاکێشاوە. ڤ . مینۆڕسکی وتارێکی بەنرخی دەربارەی (گۆرانەکان) (65) هەیە. ف . میوللەر و دێ مورگان لە ڕووی زمانەوانییەوە لێی کۆڵیونەتەوە (68، 67).

ژەنەڕاڵ ڕۆسۆی قونسوڵی فەرەنسا، ساڵی (1807) گەشتێکی بە کوردستاندا کردووە و لە یادداشتەکانیدا باسی هەورامییەکانی وەك هۆزێکی کورد کردووە (69). ئی. بێ. سۆن وتاری (ئەنتۆلۆگیایەکی کورتی شیعری گۆرانی)[3] بڵاوکردۆتەوە.

---

[3] سۆن ئەم وتارەی لەسەر کۆپیی دەسنووسەکانی مۆزێی بەریتانی نووسیووە. ژمارەکەیان (ڕۆژهەڵات 6444)ە. د. سەعیدی سنەیی ئەم دەسنووسانەی پێشکەش کردوون. مینۆرسکی نووسیویەتی بەرهەمی

هەروەها دەربارەی ئەتنۆگرافیا و مێژووی گۆرانەکان گەلێ وتار هەن، بۆ نموونە: وتـاری (مەزهەبی ئەهلی حەق لە پێرسیا)ی (22) ڕۆژهەلاتناسی ناسراوی ڕووس ڤ. ژوکۆڤسکی. لە کتێبەکەی ئەدمۆنسیشدا (کورد، تورك، عەرەب) بەشێکی تەرخان کراوە بـۆ گۆرانـەکان (59). هەروەها ڤ. بروونسن لـە کتێبـی (ئاغـا، شـێخ، دەولـەت)دا (58) بـە درێـژی لـە گۆرانەکان دواوە.

ئینسکلۆپیدیای ئیسلام بە زمانی ئینگلیزی لەو قەبالانـە دواوە، کـە سـالی (1915) لە ناوچەی هەورامان دۆزراونەتەوە و بە یۆنانی و پارسین و دەگەڕێنـەوە بـۆ سـالانی (21-22، 52، 58)ی پێش زاین (73، ل292).

لێرەدا دەمـەوێ تـۆزێ لەسـەر وتارەکـانی میجەرسـۆن و ڤ . مینۆرسـکی و دوکتـۆر مەکەنزی بدوێم. هەرچەندە سۆن پێش مینۆرسکی وتارەکەی نووسیوەو بلاوکردۆتەوە، بەلام لەپێشدا لەبەر گرنگی و هەمەلایەنەیی باسی وتارەکەی ڤ . مینۆرسکی – (گۆران) (65) و ئەوسا باسی ئەوانی دی دەکەم.

ڤ. مینۆرسکی ئەم وتارەی لە سالی (1943)دا نووسـیووە و بـە شـێوەیەکی فـراوان و هەمە لایەنە لـە ڕووی مێـژوویی و کۆمەلایەتییـەوە لـە زاراوەی (گـۆران)ی کۆلیوەتـەوە و بەشێکی لە وتارەکەشی بۆ ئەدەبی گۆرانی تەرخان کردووە و باسی ژیان و بەرهەمی گـەلێ لە شاعیرانی گۆرانی کردووە و لە هەندێ مەسەلەی کولتووری و ئایینی ناوچەی گۆرانـەکان دواوە.

ڤ. مینۆرسکی باسەکەی لەسەر بناغەی کۆمەلێ سەرچاوەی جێی متمانەی عـەرەبی و فارسی نووسیووە. ئاشکرایە سەرچاوە عەرەبییەکان بـەهۆی نـەگونجانی هەنـدێ خەسـیەتی

(27) شاعیریان تێدایە و هەمووشی پێش (1788)، واتە نووسینی دەسنووسەکان ژیاون (116، ل4-5)، بەلام سۆن تەنیا نموونەی لە شیعری حەوت شاعیریان هێناوەتەوە(70).

فۆنێتیکی زمانی عەرەبییەوە لەگەڵ هی کوردیدا، سەروگوێلاکی ناوەکانیان شکاندووە. بە کورتی لە کرونۆلۆگیا مێژووییەکەی مینۆرسکی دەدوێم.

لەسەرەتاوە ئاماژەی ئەو شوێنەی(شەرەف نامە)ی کردووە، کە باسکرا. تەنیا ئەوەندە هەیە، هەندێ لەو ناوچانە جگە لە گۆرانەکان خەڵکی تریش تیایاندا دەژی، کە دیالێکتیان کرمانجیی خواروو یان لوڕییە.

ڤ . مینۆرسکی گەلێ بیروڕای گرنگی لە سەرچاوەکانی سەدەی ناوەڕاست هەڵگۆزیوە. دەڵێ، کە جوگرافیاناس ئیبن خەرزازبە باسی ناوچەی شارەزووری کردووە لە سەدەی نۆیەمدا، وتویەتی : "داهات و بوودجەی ئوستانی شاذفیروز کە (حەلوان)ە بە جابرەقەو کوردانەوە (4) ملیۆن و (800) هەزار درهەمە"(116، ل1). مینۆرسکی دەڵێ:"شاری حەلوانی کۆن نزیکی سەرپێڵی زەهاوی ئێستەبووە، ڕووباری حەلوان ئێستە (ئەڵوەند) لە دەرتەنگەوە دێتە خوارێ و بەناو جەرگەی خاکی گۆرانەکاندا دەڕوا و لە خواری خانەقینەوە دەڕژێتە ڕووباری دیالەوە (116، ل1). نازانم بۆ دەبێ بەپێچەوانەوە نەبێت (ئەڵوەند) کرابێ بە (حەلوان) و ئەگەر خۆی بڵێ (جابرقە) بە عەرەبی کراوی (گۆران)ە. مینۆرسکی دەڵێ، کە وتراوە (جابرەقە) و (کورد) مانای دوو ڕەگەزی جیاواز دەگەیەنێت. تا سەردەمانێکی زۆر نزیکیش جافەکان بە خۆیان دەوت (کورد) و بە نیشتەجێکانیان دەوت (گۆران)، دوور نییە جابرەقەو کوردەکەش هەر لەم بابەتە بێت.

زۆربەی ئەو مێژوونووس و زانا ئیسلامانەی مینۆرسکی باسی کردوون، گۆرانەکانیان بە کورد لە قەڵەم داوە. باسی هەندێکیان دەکەم. مێژوونووسی بەناوبانگ ئەلمەسعوودی (955 مردووە) لە (مروج الذهب) جلدی 3، ل253دا باسی عەشیرەتە کوردەکانی (الجبل) واتە (میدیا) دەکات، دەڵێ ئەمانەن:"شادانجان، لازبە، مادانجان، مازداناکان، باریسان، خالی، جابرقی، جاوانی، ماستاکان"(116، ل2). هەروەها دەڵێ، ئەلمەسعوودی

لە کتێبی (التنبیه و **الأشراف)دا** ئەم لیستەیە تەواو دەکات:"بازنجان، شادنجان، بوزیکـان، لوڕی، (جوڕەقان)، جاوانی" (116، ل2 – 3).

کـاتێ باسـی دەوڵـەتی کـوردیی بازریکـانی دەکـات، کـە سـاڵی 348ك = 959ز حەسنەوەیهی کوڕی حەسەن دامەزراندووە، بـەناوی کـوردی بازریکانییـەوەو دەسـتەڵاتێکی تەواو و سەربەخۆی لەناو شاخەکانی کوردستاندا پەیدا کردووە و پاش خۆی بەدری کوڕی لە سـاڵی 360ك = 971ز وە هـەتا 405ك =1014ز حـوکمی کـردووە. ئەلمەسـعوودی دەڵـێ:"بـەدر هۆزەکـەی پێشخـست و فەلاحـەکانی پاراسـت. بـاجی ڕەوای خـستە سـەر میللەتەکەی، لە نزیك خۆزستانەوە تا شارەزوور فەرمانڕەوایی دەکرد"". (116، ل2).

کەواتە باسی جوڕەقـان لـە ژێـر فەرمانڕەوایـەتیی بـەدردا کـراوە. واتـە، گۆرانـەکانیش بەشێکی ئەو فەرمانڕەوایەتییە کوردییە بوون.

لە بەرگی نۆیەمی چاپی ئەورووپای بەرهەمەکانی ئیبنولئەسیردا هاتووە، دەڵێ:"سـاڵی 418ك = 1028 ز کاکۆیی عەلائودەولە و بەشـێ لـە گۆرانـەکان لـەو شـەڕەدا، کـە لـە نزیکی نەهاوەندەوە ڕوویداوە، هاوکار و یارمەتیدەری یەك بوون". هەروەها دەڵێت:"سـاڵی 437 ك = 1046 ز توغرول بەگی سەلجووقی نینالی نارده سەر هەمەدان، کە گرشاسـف عەلائودەولە فەرمانڕەوای بـوو و ڕایکردبـوو بـۆ نـاو جوڕەقـان، نینـالی هەڵێکوتایـە سـەر سیماراو چووە سەر باکووری ڕۆژئاوای لوڕستان و پەلاماری کوردی جوڕەقـانی دا" (116، ل4).

ڤ. مینۆرسکی دوایی دەڵێ، کـە دانـەری نەناسـراوی کتێبـی (مجمـل التـواریخ) (سـاڵی 520ك = 1126 ز نووسراوە)، قسەکانی ئیبنولئەسیر بـە زیـادەوە دووبـارە دەکاتـەوە و جوڕەقانەکە دەکات بە گۆران. لێرەدا بـە ئاشـکرا دەردەکـەوێت، کـە جۆڕەقـان شـێوێنراوی گۆرانە و هەر بە کوردیش ناسراون.

پاشتر ڤ. مینۆرسكی درێژە بە بەڵگەهێنانەوە دەدا لەو سەرچاوانەوە، كە باسیان لە گۆرانەكان كردووە، دەڵێ نزیك ساڵی (744ك = 1343ز) جوگرافیاناسی میسریی بەناوبانگ شەهابەددین عومەری بە گوێرەی سەرچاوەكانی سەردەمی خۆی، لیستەیەكی بەكەڵكی خێڵە كوردەكانی كردووە دەڵێ:"لە نێوانی شاخەكانی هەورامان و شارەزووردا هۆزێكی كورد هەیە گۆرانی پێ دەڵێن، هۆزێكی بەهێزە، بەشێكیان شەڕكەر و هی دووەمیان فەلاحن... لە دوو جێگا: لە ڕاستی ئەمیر محەمەد و دەرتەنگ دەژین، ئەمیر محەمەد سەرداریانە و ژمارەیان پێنج هەزار كەس زیاترە، ناخۆشی و ناكۆكییان لەناودا نییە" (116، ل7-8). مینۆرسكی دواتر دەڵێت، كە لە پەیمانی 1639ی نێوان تورك و ئێراندا، دەرتەنگ بە تەواوكەری زەهاو باسكراوە. ناوجەرگەی دەرتەنگ ڕێژاوە، كە دەكەوێتە ڕۆژئاوای ئەو گەلییەوە وا ئاوی ئەلوەندی بۆ دەشتی زەهاو لێوە دێتە خوارێ. ئاشكرایە ئێستە ئێرە وڵاتی گۆرانەكانە (116، ل8). دوای هێنانەوەی ئەم بەڵگانە و گەلێكی تریش ڤ. مینۆرسكی دەگاتە ئەم ئەنجامە:"بەم جۆرە توانیمان بە ڕوونی لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەمیندا باسی بوونی گۆرانەكان لە جێگای ئێستایاندا بسەلمێنین. بێگومان دەبێ چەند سەدەیەك پێشتریش لەوێ ژیابن. كوورگە مەڵبەندی دووەمی گۆرانەكان دەرنە — دەرنەكە، كە لەگەڵ دەرتەنگدا جووت دەكرێ و دەكەوێتە لای ڕاستی شاخی داڵەهۆوە لە دۆڵی زمكان" (116، ل8).

لەگەڵ ئەم هەموو فاكت و بەڵگانەشدا كە ڤ. مینۆرسكی خۆی هێناونییەتەوە، هێشتا گومان لەوە دەكات كە ئەمانە كوردبن و دیالێكتەكەیان كوردی بێ، دەڵێ: "دیالێكتەكانی ناوەندی ئێران لە ڕووی ڕێزمان و وشەی فەرهەنگییەوە ئەوەندە ڕەگەزی جیاجیایان تێدایە و تێكەڵاون، ئەگەر بەراوردێكی گۆرانی لەگەڵ هەریەكێ لەو دیالێكتانەدا بكەی، لەیەكچوونێكی كەم و جیاوازییەكی زۆرمان بۆ دەردەكەوێت" (116، ل6-7). خۆ ئەگەر

بەراوردی گۆرانی و دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی، بەتایبەتی کرمانجیی خواروو بکەین، لەیەکچوونێکی زۆر و جیاوازییەکی کەمان بۆ دەردەکەوێ.

شایانی باسە، ڤ . مینۆرسکی وەك زانایەکی بابەتانە ڕوانیو، لەو کاتەدا هەر ئەوەندەی بەڵگەو سەرچاوە بە دەستەوە بووەو بیروڕاکانی خۆی بە بڕاوە نەزانیوە و دەڵێ:"با پەلە نەکەین، بۆ سەپاندنی بیرو ڕاکانی خۆمان هەڵپەنەکەین، وا چاکە بڕیاری مێژوویی بۆ ئەو دانەرانە بەجێبهێڵین، کە لە داهاتوودا دەتوانن بە وردی و تەواوی لە دیالێکتەکانی دەریای خزرو بنج و بناوانیان بکۆڵنەوەو تێیان بگەن" (116، ل7). هەروەها دەڵێ:"زانای ئەڵمانی ئۆسکارمان ساڵی 1906 دەیوت، کە لە دیالێکتی گۆرانیدا شوێنەواری نەتەوەیی زمانی مادیی کۆن دیارە، بەڵام پاش سێ ساڵ بیری خۆیی گۆڕی و وتی، گۆرانی و زازا لە دیالێکتەکانی ئێرانیی ناوەڕاست دەچن" (116، ل6).

لەم ڕۆژگارەی ئێستاشدا، ئێرانناسی ئینگلیز د. ن. مەکەنزی شوێن پێی مان هەڵدەگرێ و لە کارە زمانەوانییەکانیدا دەیەوێ گۆرانی و زازا لە زمانی کوردی دابڕێ و بەسەر بەزمانەکانی ئێرانیی ناوەڕاست بیانداتە قەڵەم (63، ل68 – 86، 34، ل 162 -170). هەرچەندە خۆشی لای وا نییە بیروڕاکانی بڕاوەن و بەتەواوی سەلمێندراون.

شایانی باسە، ئەو بیروڕایانەی د. ن. مەکەنزی لە ڕووی ڕەوتی بەرەو پێشەوەچوون و گۆڕانی مێژوویی زمانی کوردییەوە ناگونجێ لەگەڵ بیروڕای زۆر زمانەوانی بێگانە و کورددا و تەنانەت لەلایەن هەندێکیشیانەوە بە توندی بەرپەرچدراونەتەوە. بۆ نموونە، دێ مورگانو میۆلەر لە ڕووی زمانەوانییەوە گۆرانییان بە کوردی زانیوە. هەروەها زانایانی کوردی سۆڤیەت و سۆڤیەتییەکان: ك. ك. کوردۆیڤ، ئی. ئە. سمیرنۆڤا، م. خەمۆ، زەرێ ئۆسپ بیروڕاکانی مەکەنزییان لە کارەکانیاندا ڕەتکردۆتەوە (28، 29، 46، 54، 57).

گەلێ لە زانایانی کوردیش بەرپەرچیان داوەتەوە، بۆ نموونە، تۆفیق وەهبی، جەمال نەبەز، محەمەد ئەمین هەورامانی، کەریمی ئەییووبی و گەلێکی تریش (119، 120، 185، 121، 122، 46). نووسەری ئەم کارە لایەنگری بیروڕاو بۆچوونی ئەم زانایانەیە.

بیر و بۆچوونەکانی وتاری (ئەنتۆلۆگیایەکی کورتی شیعری گۆرانی)ی مێجەرسۆنیش لەسەر بنەڕەتێکی زانستی دانەمەزراون. لێرەدا تۆزێ لەم وتارەش دەدوێم.

سۆن دەڵێ:"دیالێکتی گۆرانی بە کوردی ناودەبرێت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، خەسیەتە ڕێزمانییەکانی، وشە و زاراوی کرمانجی هیچ پەیوەندییەکیان بە گۆرانییەوە نییە. گۆرانی هەندێ خەسیەتی ڕێزمانیی وەهای هەیە، کە هەر شێوەیەکی زمانی فارسییە، هەرچەندە لە کرمانجیشەوە هەندێ شتی وەرگرتووە". یان دەڵێ:"گۆرانی – دیالێکتێکی مردووە، زۆر لەوە دەچێت، کە ئەمە دیالێکتێکی زمانی فارسی بووبێ، بەڵام لە سەردەمی هێرشی عەرەبەکاندا، بەهۆی ئەوەوە، کە زمانی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکانی ئەردەڵان و کرماشان بووە، خۆی لە کارتێکردنی ئەو وشە عەرەبییانەی، کە کەوتوونەتە زمانی فارسییەوە – پاراستبێ" (70، ل59، 58).

مەسەلەی ئەوەی گۆرانی دیالێکتی زمانی فارسیی قۆناغی بڵاوبوونەوەی ئیسلام و هووروژمی عەرەبەکان بێ، یان ئەوەی، کە شتی بە قەرز لە کرمانجی وەرگرتبێ، پێچەوانەی فاکت و بەڵگە مێژووییەکانە و هەر سۆن خۆی بەرپەرچی خۆیی داوەتەوە و وتویەتی:"ئەم دەسنووسانە (مەبەستی دەسنووسی ئەو شیعرانەیە، کە وتارەکەی دەربارە نووسیوون) هی قۆناغی دەستەڵاتی نیمچە سەربەخۆیی خەسرەوخانی ئەردەڵانن، ئەمیش وەك پێشینەکانی خۆی زانست و ئەدەب دۆست بوو و باوەشی بۆ زاناو شاعیران کردبۆوە" (70، ل57).

ئەگەر ئێمە باوەڕمان وابێت، کە ئەردەڵان ئەمارەتێکی کوردی بووە، تەئسیری کرمانجی لەسەر گۆرانی شتێکی سرووشتی و ئاساییە. بێگومان گۆرانی چەندین سەدە، لە ناوچەکانی کوردستاندا زمانی ڕەسمی و ئەدەبی بووە. بۆیە سەیر نییە، وشە و زاراوەی گۆرانی ئامێتەی دیالێکتە کوردییەکانی تر، بەتایبەتیش هی کرمانجیی خواروو ببێ.

شایانی باسە، زۆربەی ناوچەی گۆرانەکان دراوسێ و نزیکی ئێرانن، هەرئەمەش نەبێت، فارسی زمانێکی دەوڵەمەندی دەستەڵاتی ئیمپراتۆری و کولتوور و زانست بووە و لەگەڵ زمانی کوردیشیدا — وەك ئاشکرایە — لەیەك گرووپن، جا بۆیە ئەگەر تەئسیری لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی نەبوایە، نیشانەی مەیین و کەنارگیریی کولتووری کوردی دەبوو.

ئەگەر ئێ. بێ. سۆن خۆی باوەڕی تەواوی بەوە هەبوویێت، کە (گۆرانی دیالێکتێکی زمانی فارسییە) ئەی چۆن ئەم قسانەی خۆی بسەلمێنین:"دوای بەهێزبوونی دەستەڵاتی قاجارەکان، ئەمارەتی ئەردەڵان هێز و دەستەڵاتی خۆی لە دەستدا... کۆشکی ئەمارەت چۆڵبوو و ئەدەبی گۆرانی کزبوو و دوایی هەرنەما..." (70، ل57) واتە، هەر کە قاجارەکان سەربەخۆیی و دەستەڵاتی ئەردەڵانیان نەهێشت، یەکسەر زمانی فارسییان لە جێی دیالێکتی گۆرانی دانا. ناکۆکیی بیروڕاکانی سۆن بە ئاشکرا دیارن.

ئەمەش بەڵگەی نەزانینی دیالێکتەکە و ئەدەبی نووسراوە پێی، دوور نییە کە پاشخان و مێژووی ڕەوتی کۆمەڵگاکەشی هەر باش نەزانیبێ، یان بە ئەنقەست ویستبێتی بۆ مەرامی خۆی چەواشەی بکات. لەو فەرهەنگەدا، کە بۆ وشە گۆرانییەکان و لێکدانەوەیانی کردووە، هەروەها ئەو میتۆدەی بەکاری هێناوە و تەنیا وشەکانی بەراوردکردووە لەگەڵ کرمانجی و فارسی و هەندێ دیالێکتی تری زمانە ئێرانییەکاندا و خۆشی لە قەرەی کرمانجیی خواروو نەداوە — لە دنیای زانستی زمانەوانیدا پشتی پێ نابەسترێت و

ناسەلمێندرێت. ئەو ڕێنووسە لاتینییەشی زۆر گونجاو نییەو وەرگێڕانەکەشی سەرکەوتوو نییە.

ڕاستییەکی تر لە وتارەکەی سۆندا هەیە دەڵێ:"زۆر جێی سەرنجە، کە گۆرانی لە زازاوە نزیکە. هەرچەندە زازا وشەی زۆری لە کرمانجییەوە وەرگرتووە، بەلام لێوەی دوورە. زازا بێچووە دیالێکتێکی گۆرانییە. وەك ئەمیش دەنگی (خ)ی سەرەتای وشەی تێدادەبێ بە

---

[4] ئەرکی ئەم باسە ئەدەبناسییە نەك زمانەوانی، کە من سەری لێ دەرناکەم و خۆشمی تێ هەڵناقورتێنم، لێرەدا تەنیا بۆ نموونە شیعری شەشەمی وتارەکەی سۆن دەهێنمەوە و لە هەندێ ناتەواویی دەدوێم.

سۆن بە گوێرەی دەسنووسەکە دەڵێ، دانەری ئەم شیعرە مەحزوونیە. بەڵام عوسمان هەورامی دەڵێ هی بێسارانییە، بەپشت بەستن بە تێکستەکەی عوسمان هەورامی، هەوڵی ڕاستکردنەوەی شیعرەکە دەدەین. دوور نییە، سۆن دەسنووسەکەی بەباشی بۆ نەخوێندرابێتەوە:

دەقەکەی سۆن:

Sâî sahand î sang
Subhdam washan sâî sahand î sang.
Bilâ shartî reqîb i bad rang(1)
Naganu na wandit sad hazâr farsang(2)
Chanî dûst i wît binîshî bi shâd
Werda i sâlân bâwarî bi yad(3)
Ga nîâz je tû ga nâz je dilbar
Tu pai û sûzân û je tu batar(4)
Har tâ ki umrit yâuû bi anjâm(5)
Na sâî o sangda wa yârî ayâm(6)
Idan sarmâya i îdinyâ i fânî
Mâ baqâ pûchan ar chîw mazânî(7)

ئەوەی عوسمان هەورامی:

1. BeÍam be şertê raqîbî bedŕeng
2. Negno nawenet firseng bi firseng
3. Wiyardey saÍan bawerî we yad
4. Ew pey to sûzan to ce ew beter
5. Her ta ke êmrit yawo be encam
6. Ne say ew sengda bûyarî baqat
7. Mabeqa pûçen herçî mezanî

(و)، هەرچەندە ئەم (خ)یە لە ئاڤێستاو فارسیی کۆندا دەبێ بە ((hw، 70) (hv)، ل7). سەیر لەوەدایە، سۆن خۆی لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)دا زازا بە کوردی لە قەڵەم دەدات (71، ل7). ئەمانە ڕای دژ بەیەکن. وەك لەم پێداچوونەوە سەرپێی و ڕاگوزارییەوە دەردەکەوێ، ئەو کارو وتارانەی باسکران، هیچیان نەیانتوانیوە لە چوارچێوەیەکی زانستیدا و بەشێوەیەکی قووڵ و بابەتانە بیروڕاو گریمانەکانی خۆیان بسەلمێنن.

دەبێ ئەوەشمان لەیادنەچێت، کە تیۆریای دابڕینی دیالێکتی گۆرانی و زازا لە زمانی کوردی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیدابووە، لەو کاتەدا کە دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژئاوا، کە سۆن لە پێشدا بە دزی نێردراو و دواییش کاربەدەستی ئاشکرای هەرە بە دەسەڵاترینی ئەوسای ئەو وڵاتانە — ئینگلیز بووە لە کوردستانی خوارووداً، کەوتۆتە بەهێزی و پەل هاویشتن. زمانیش درەوشاوەترین سیما و کاریگەرترین هۆکاری بوون و مانی هەر نەتەوەیەکە، بۆیە بەکارهێنانی ئەم چەکە لە دژی دەورێکی کاریگەری دەبێ. پێویستە ئەوەندەش بوترێ، کە مەسەلەی دابڕینی ئەم دیالێکتانە هەرچۆنێك ئارایشتی زانستی بکرێت، لەگەوهەردا سیاسییە. لێرەدا هەندێ بیروڕای زانا و دانەرە ڕووسەکان لە بارەی دیالێکتی گۆرانییەوە دەهێنمەوە.

ڤ. ژوکۆڤسکی، کە توێژەرەوەیەکی ناوداری زمانە ئێرانییەکان بووە، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوودا نووسیویەتی:"کوردە گۆرانەکان لەبەر دوو شت زۆر جێگای سەرنج و باس و خواسن، یەکەمیان لەبەرئەوەی دیالێکتی تایبەتی خۆیان، دەستنووس و سامانی ئەدەبییان هەیە، کە لە مۆزێی بەریتانیدا پارێزراوە، دووەم لەبەرئەوەی ئەمان زۆربەی هەڵگرانی ئەو ڕێبازە ئایینییە پێکدێنن، کە من دەمەوێ لێیان بدوێم، بە خۆیان دەڵێن ئەهلی حەق.." (22، ل2).

ڕۆژهەلاَتناسی دیار پ. لێرخ دوای موتالاَکردنێکی وردی (مسالك الابصار) و هەندێ سەرچاوەی عەرەبی تر، دەڵێ: "ئیبن فەیزوڵلا نووسیویەتی، کە لە شاخەکانی هەمەدان و شارەزووردا کوردە گۆرانە (الکورانیە) بەهێز و جەنگاوەرەکان دەژین. هەندێك سەرباز و هەندێك مسکێنن (جند ورعیە)، کە بە کشتوکاڵەوە خەریکن (31، ل98).

ئێ. بی. چیریکۆف و خورشید ئەفەندی، کە ئەندامی ئەو کۆمیتەیە بوون، وا سنووری نێوان تورکیاو ئێرانی دیاریکردووە، نووسیویانە:"عەشیرەتی گۆران، خێڵێکی تەقریبەن نیشتەجێن و زیاتر لایەنگر و ژێردەستی دەوڵەتی فارسن. گۆرانەکان لە ناوچەی سنە، هەورامان، مەریوان، جوانڕۆ و ناوچەی زەهاو بە تێکەڵی لەگەڵ کوردەکانی تر دەژین (56، ل82).

هەروەها ناوی هەندێ شاعیر و ئەدیب دێنین، کە گۆرانییان بە دیالێکتێکی زمانی کوردی زانیوە، بۆ نموونە شاعیری گەورەی ئێرانی سەعدی شیرازی لە (بدایع)[5]ەکەیدا دەڵێت:

*گەب تازی ێستینی بر من زند گوید تعال*
*گەب کوردی گویدم "بورێ نشینەونان وەرە"*[6] (122، ل27)

---

[5] من ئەم دێرە شیعرەم لە کتێبەکەی کاك محەمەد ئەمین هەورامانی (زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا)وەرگرتووە. لە کاتی نووسینی ئەم باسەشدا، سەیری کۆمەڵێ چاپی (کلیات سعدی) و تەنانەت زۆر دانەی دەسنووسیشم لە زانستگەی ڕۆژهەلاَتناسیی لینینگراد کردو و چەندین جار لە (بدایع)ەکەدا بۆ ئەم دێرە گەڕام، بەلاَم بەرچاوم نەکەوت و بۆم نەدۆزرایەوە.

[6] لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلام چاپی ئینگلیزیدا نووسراوە، کە بابا تاهیری هەمەدانیش شیعری بە دیالێکتی گۆرانی بۆ بلاَوکردنەوەی بیروباوەڕی (ئەهلی حەق) لە ناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە (73، ل840).

ئەوەی ناو کەوانەکە گۆرانییە، واتە بەکوردی دەڵێم وەرە دانیشەو نان بخۆ! خانای قوبادی کە (شیرین و خەسرەو)ی شاعیری گەورە، نیزامیی لە فارسییەوە بە کوردی کردووە، دەڵێ:

*جە لای عاقڵان ساحێب عەقڵ و دین*

*دانا بوزرگان کوردستان زەمین*

*ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن*

*کوردی جە فارسی بەڵ شیرین تەرەن* (99، ل14)

شاعیری هەورامان عەبدوڵڵا بەگ (1879 – 1944) لە زیندانەوە ئەم شیعرەی نووسیووە و یادی زێد و وڵاتی خۆیی کردووە:

*یاد گوزەشتەی هام فەردانم کەرد*

*کوردستان مەحاڵ هەورامانم کەرد* (124، ل59)

نووسەری خوالێخۆشبوو محەمەد ساحیب (دانای هەورامی) وتویەتی کە شاعیرانی ئەم ناوچەیە (مەبەست هەورامانە) قەت بە زمانی داگیرکەرانی کوردستان شیعریان نەنووسیوە (124، ل3).

دەتوانین لەسەر ئەم باسە بەردەوام بین و گەلێ بەڵگەو نموونەی تر بهێنینەوە. بۆ نموونە، زانا و مورشیدی گەورەی کوردستان و جیهانی ئیسلامی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (1779 – 1827)، هەرچەندە دیالێکتیماڵەوەی کرمانجیی خواروو بووە، بەڵام شیعری بە دیالێکتی گۆرانیش نووسیووە، هەروەها مەولەویش. ئێستە دیاردەیەکی پێچەوانەی ئەمە هەیە، گۆرانەکان بە کرمانجیی خواروو دەنووسن، چونکە ئیمڕۆ ئەم دیالێکتە لەو ناوچانەدا زمانی ئەدەبییاتە.

محەمەد ئەمین هەورامانی لە ژیانی مامۆستایەتیی خۆی نموونەیەك باس دەکات، دەڵێ::"منالە هەورامیێکانی کوردستانی عێراق هەر بۆ ماوەیەکی کەم، کە دەچنە

سەرەتاییەوە فێری زاری سۆرانی دەبن و وەك مـن و تـۆ قـسەی پـێ دەكـەن... ئەمـە چـی ئەگەیەنێت؟؟ ئایا منالێكی فارس بهێنی و بیخەیتە قوتابخانەیەكی سەرەتایی كوردییـەوە، هیچ جۆرە تەنگ و چەڵەمەیەكی زمانی نایەتەبەر؟!"(121، ل126).

لەم دەمەتەقێ و وات و ویتەشدا دوا بڕیار بۆ فاكتێكی زۆر گرنگ و كاریگەرە، ئەویش ئەوەیـە، كـە گۆرانـەكان وەك هـەموو دانیـشتوانی تـری كوردسـتان، لـەژێر زەبروزەنگـی چەوسانەوەی نەتەوایەتیدان، بەڵام هەر سوورن لەسەر كوردایەتیی خۆیان و لەم مەیدانەشـدا قوربانیی دەدەن. هەر ئەو نووسەرەی پێش تۆزێ باسمان كـرد سـەرەڕای ئـەو هـەموو كـار و بەرهەمانەی لەم ڕووەوە نووسیونی، دەگاتە تینی و دەڵێ:"ئایا هیندییەك خۆی دەكـات بـە ئینگلیـز؟ یـاخود تـوركێ خـۆی دەكـات بـە عـەرەب؟ بێگومـان نـەخێر. ئەگـەر هـاتو هەورامیێكان خۆیان بە كورد دانا، ئیتر مامۆستا د.مەكەنزی یا یـەكێكی تـر وەڵامییـان چییە؟!" (121، ل 126 – 127).

ڕەنگە ئـەم ڕایـە سـاكار بێتـە پـێش چـاو، بـەڵام وا نییـە! ئەمـە بەڵگـەی هۆشـیاریی نەتەوەییە و یەكێكیشە لەو بەڵگە هەرە بنەڕەتییانـەی كـە لـە دیـاریكردنی هـەر كۆمەڵـە خەڵكێكدا، كە خۆی سەر بە چ نەتەوەیەك دەزانێ داوەریـی پێدەكرێت. جگـە لەمـە، ئـەو ئەدەبە دەوڵەمەندەی كە بە دیالێكتی گۆرانی هەیە، بەشێكی گرنگی كەلەپووری ئەدەبی و ئایینی و گیانیی میللەتی كـوردە. هـەر لـە خـۆڕاش نییـە، كـە ڕۆڵانـی میللـەتی كـورد، قسەكەرانی دیالێكتە جیاكانی زمانی كوردی خەریكی پاراستن و بڵاوكردنەوە و تۆژینەوەی ئەم ئەدەبەن، ڕۆژێك لە ڕۆژانیش فارسەكان ئەم كەلەپوورەیان بە هی خۆیان نـەزانیوەو لێـی نەكۆڵیونەتەوە.

لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ئەدەبی گۆرانی بەرەو كزبـوون و كوژانـەوە دەچـوو. وەك وترا، قوتابخانەی شیعری نالی لە گەشەسەندندابوو. شاعیرانی ئەم ڕێبـازە، كەوتبوونـە بـەر

تەئسیری شیعری كلاسیكیی فارسی و عەرەبییەوە. بەڵام وەنەبیٚ هەر لاساییەكی كویٚرانەی ئەو سیما هونەرییانەیان كردبێتەوە، كە لە شیعری ئەو دوو میللەتەدا هەبوون، بەڵكو ڕووخسارێكی كوردانەو گیانێكی كوردانەیان بە زمانی شیرینی كوردی بە بەر ئەو قاڵبە هونەرییانەدا كردووە و بەمەش سیمایەكی تازەی جیاواز لە ئەدەبی میللەتانی تریان بۆ ئەدەبی كوردی خوڵقاندووە و شیعری نەتەوەیی خۆیان پیٚ دەوڵەمەند كردووە.

دیارە، كە ئەدەبی گۆرانی چ بە كێش و قافیە و گەلیٚ سیمای هونەریی ترو زمانی ڕەوان و ساكار لە فۆلكلۆر و ئەدەبی میللی و خەڵكەوە نزیك بووەو نزیكە, بۆیە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا وەچەی شاعیرانی قوتابخانەی نالی كەوتنەوە مشوورخواردنی ئەدەبی گۆرانی و تۆژینەوە و تاوتووكردن و بڵاوكردنەوەو نرخاندنی شاكارەكانی و جاروبار هەندێكیشیان دەكردە كرمانجیی خواروو.

پیرەمێرد و گۆران لەم ڕووەوە دەوری باڵایان بینیوە. ئاشكرایە گۆران لە نوێكردنەوەی شیعری كوردیدا سوودێكی زۆری لە ئەدەبی گۆرانی وەرگرتووەو عاشقێكی ڕاستەقینەی بەرهەمەكانی مەولەویش بووە. جا، كە بە وردی سەرنجی ئەم تێكئاڵان و تێكرژانەی كەلەپووری ئەم دوو دیالێكتە دەدەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە ئەمە تەنیا لە نێوان ئەدەبی دوو دیالێكتی یەك زماندا شیاو و كراوە.

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی لیریكای مەولەوی، لێرەدا بە شێوەیەكی ڕاگوزاری، لە ئەدەبی گۆرانیی دەدوێم و باسێكی كورتی بەرهەمی ئایینی و ئەدەبی بەم دیالێكتە و هەندیٚ لە كەڵە زاناو نووسەرەكانی دەكەم.

هەندیٚ لەم سەرچاوە ئایینیە كۆنانەی كە بە دیالێكتی گۆرانی نووسراون و زانیارییەكمان دەربارەیان پێگەیشتووە ئەمانەن:

1ـ (ماریفەت و پیرشالیاری زەردەشتی). ئەم کتێبە زۆر کۆنە[7]، دەربارەی ئایینی زەردەشتە و هی پیرشالیارەو گوایە خۆشی یەکێك بووە لە موغانەکانی زەردەشت. مێژوونووسی ناسراو ئایەتوڵڵای مەردۆخ دەربارەی دەڵێ:"ئەم کتێبە لە چەند بەشێك پێکهاتووە، بە زمانێکی چڕ و شیرین و سەجەع نووسراوە، دەربارەی ماریفەتی پیرشالیارە، کە خەڵکی هەورامان پێش پەیدابوونی ئیسلام پێڕەوی ئەم ئایینەیان کردووە. لە پاش ئیسلام کتێبەکە هەندێ گۆڕانی جەوهەریی بەسەرداهاتووە، بەتایبەتیش لە سەردەمی پیرشالیاری دووەمدا، کە لە سەدەی دوازدەیەمدا ژیاوە و خۆشی موسوڵمان بووە" (134، ل223 – 224). دەڵێن تا ئێستەش ئەم کتێبە لە هەوراماندا پارێزراوە! دانای هەورامی لەنامیلکەی (ماریفەت و پیرشالیاری زەردەشتی)دا باسی هەندێ لایەنی ژیانی ئەدەبی و کولتوریی هەورامانی کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێ:"ئەم پەڕاوە وەکو (ئاڤێستا) بەشێوەی هەورامی بووە (124، ل4 – 5). بێگومان بەو ڕاشکاوییەوە و بێ لێکۆڵینەوەی قووڵ و هەمەلایەنی زمانەوانی، ڕاست نییە (ئاڤێستا) بە هەورامیی کۆن بزانین. ئاشکرایە گەلێ وشەو زاراوی ئاڤێستایی لە هەورامی و دیالێکتە کوردییەکانی تردا، تەنانەت ئەوانەشیان، کە لە فارسیدا نەماون — هەن. بەڵام لە بەرپەرچی هەندێ ستەمی کولتوریدا، کە لە ئێمە دەکرێ، نابێ ئێمەش ڕای ساکارو سادە لەوحانە دەربڕین. ئەوەی هەندێ زمانەوانی

[7] مێژوونووسی بە ڕەگەز کورد ڕەشید یاسەمی لای وایە، ئەم کتێبە لە سەدەی دەیەمدا دانراوە (43، ل434)، بەڵام هەندێ بیرو بۆچوونی تر هەن دژی ئەم ڕایەی یاسەمین، بۆ نموونە دانا هەورامی دەڵێ:"... تیرداد فەرمانڕەوای کوردستان ساڵی 338ز ئایینی عیسایی پەسەند کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام ناوچە شاخاوییەکان، بە تایبەتی ئەم ناوچەیە (واتە، هەورامان) بە گوێیان نەکردووە و هەر لەسەر ئایینی زەردەشت و ماریفەتی پیرشالیاری یەکەم ڕۆیشتوون" (124، ل10-11). بە گوێرەی ئەم ڕایە دەتوانین بڵێین ماریفەتەکەی پرشالیار لە سەدەی چوارەم و پێشتریش هەبووە و پێڕەوی کراوە. دەڵێن لە پیرە پیاوێکی هەورامی دەپرسن:"ماریفەت کۆنە یان قورئان؟"، لە وەڵامدا دەڵێ:"ماریفەت و پیرشالیار قەدیمەن، قرۆنی (قورئان) هیزیگە (هەنووکە) گوشایەشە کوێر ئاوردەنش (هێناویەتی) (124، ل10).

کوردیش لەم ڕووەوە وتوویانە هەر ئەوەندەیە، کە کوردیش وەك زمانێکی ئێرانی ئەگەر باس لە پەیدابوون و بەرەوپێشەوەچوونی بکەین، بەشێکی بەسەر (ئاڤێستا)وە، وەك بنەوان و سەرچاوە هەیە.

بێگومان بەدەستخستن و بڵاوکردنەوەو لێکۆڵینەوەی (ماریفەت پیرشالیاری زەردەشتی) ئەگەر مابێ – نرخێکی مێژوویی و کولتوری زۆر بەرزی دەبێ و ڕەنگە ببێتە هۆی ڕوونکردنەوەی زۆر لاپەڕەی تاریکی زمانەوانی و ئەدەبی.

2ـ (سەرئەنجام)[8] – کتێبی ئایینی ئەهلی حەقە. لە کوردستانی ئێران زیاتر بە (سروودی دینیی یارسان)[9] ("واتە، سروودی ئایینی یارانی سوڵتانی سەهاك")، بەناوبانگە، کە دەڵێن لە (پەردیوەر)[10] لە ناوچەی سنە هاتۆتە دنیا. یەکەمین دانەری ئەم کتێبە بە سوڵتان سەهاك دەزانن، بە پەخشان و شیعریشە.

کتێبەکە باسی بنیاتنانی دنیاو ئەوە دەکات، کە خواو چوار فریشتە بە سەرۆکایەتیی جبریل جیهان بەڕێوەدەبەن. باسی دەرکەوتنی گیانی خوای تێدایە لە حەوت کەسدا، یەکەمیان عەلی کوڕی ئەبوتالێبی چوارەم خەلیفەی ئیسلامە، هەروەها سوڵتان سەحاق،

---

[8] ڤ. مینۆرسکی هەندێ لە تێکستەکانی (سەرئەنجام)ی بڵاوکردۆتەوە و هەندێکیشی لێ کردۆتە ڕووسی و پێشەکی و پەراوێزی بۆ کردووە(35، ل27).

[9] ماشەڵڵای سووری ساڵی 1344 لە تاران ئەم کتێبەی بە ئەلف و بێی لاتینی و عەرەبی، بە پەراوێز و هەندێ ڕوونکردنەوەوە چاپ کردووە. شایانی باسە، سەیید قاسم ئیبراهیم، کە خۆی لە سەییدەکانی ئەهلی حەقە، بە ناوی "دەفتەری ڕموزی یارسان"ەوە، ئەم سروود و تێکستانەی بڵاوکردۆتەوە (132).

[10] ماشەڵڵای سووری لای وایە ساڵی 578 لە گوندی دەوان، کە دەکەوێتە ناوچەی هەورامان لهۆنەوە – لەدایك بووە. هەروەها د. جەمال نەبەز دەڵێ:"بەپێی ئەو چیرۆکانەی کە کاکەییەکان دەیگێڕنەوە، سەرۆکی ئەم ئاینە نێوی (ئیسحاق)بووە و ئەویش کوڕی شێخ عیسێی بەرزنجەیی بووە. بەڵام بەقسەی (ئەهلی حەق)ی ناوچەی گۆران (لە کوردستانی ئێران)، دامەزرێنەری ئاین نێوی (سوهاك)ە وخەڵکی ناوچەی زاگرۆسە" (118، ل99).

کە لە پلەی خوایەتیدایە. ئەهلی حەق لایان وایە بنیامین تەنیا نهێنیی خوایەتی لە شاخی دالّەهۆ بە ئەوان وتووەو بە زمـانی کـوردیی (گـۆرانی)ش پێـی وتـوون (118، ل 100). ئەمان باوەڕیان بە (دووناو دوون) هەیە کە زاتی خوا ناو بەناو لـە گیـانی هەنـدێ کەسـانی پیاوچاك و چـاوکراوەدا دەردەکـەوێ. لاشـیان وایـە، کـە شـەیتان و هێـزی شـەڕ لـە مـرۆڤ خۆیدایە. جگە لە مانەش کتێبەکە باسـی هەنـدێ لایـەنی تـری داب و دەسـتوری ئـایینی ئەهلی حەق و گفتوگۆی هەندێ لە ئیمامەکانییەتی[11]

(سەرئەنجام) سەرەڕای بایەخـە ئایینیەکـەی بـۆ تۆژینـەوەی زمـان و ئـەدەبی گـۆرانیش سەرچاوەیەکی بەنرخە. هەروەك محەمەد ئـەمین هـەورامانی دەڵێـت، شـێوەی شـیعرەکان و زمـانو ناوەرۆکیـان دەیـسەلمێنن کـە دیـالێکتی هـەورامی (800) سـاڵ لەمەوبـەر لـە کوردستانی ناوەڕاست و خواروودا زمـانی ئـایین بـووە(122، ل17). بـەم شـێوەیە بۆمـان دەردەکەوێ کە ئەدەبی ئایینی بە دیالێکتی گـۆرانی ڕەگـی لـە رابووردوویـەکی زۆر کۆنـدا داکوتاوە. دیارە هەرئەمەش یەکێك بووە لەو هۆکارانەی کە کردوویەتی بـەزمانی ڕەسمـی و ئەدەبیی میرنشینییەتی ئەردەڵان و هەر دەسەڵاتی سیاسی و هێزی ئەم ئەمارەتەش ئەدەبی بە دیالێکتی گۆرانی پێشخست و گەیاندیە لووتکەی داهێنـان و گەشەسـەندن.. گـەلێ لـە زانایـانی بێگانــە و خــۆیی دەربــارەی مــەزنێتی ئــەم میرنــشینییەتە دواون، بــۆ نموونــە ڕۆژهەڵاتناسـی ئینگلیـز لۆنگریـك دەڵـێ:"بابائـەردەڵان لـە خێزانێکـی کـۆنی ناسـراوی دیاربەکرەو... هاتۆتە ناو خێڵەکانی گۆران و توانیویەتی هۆزەکانی شارەزوور و دانیشتوانی

---

[11] زۆرجار ئەم ئایینە لەگەڵ مەزهەبێکی ئیسلامیی وەکو (عەلی ئیلاهی)دا تێکەڵدەکرێ کە ڕاسـت نییـە. ڤ. ژوکۆڤسکی و ڤ. مینۆرسکی باسی ئەم ڕاسـتییەیان کـردووە. لـە زاناکـانی خۆشمـان د. جـەمال نەبـەز لـەم بارەیەوە دواوە و ئاماژەی ئەوەی کـردووە کـە پلـە و پایـەی سـوڵتان سـەهاك لایـان لـە عـەلیش بـەرزترە. هەروەها دەڵێت"کە ئەمە ئاینێکی کۆنی کوردییەو پێش ئایینی زەردەشـتی پەیـدابووە و دوایـی تێکـەڵ بـە ئایینی زەردەشتی و جوولەکەیەتی و دیانەتی و موسوڵمانەتی بووە" (118، ل100).

دۆڵی ڕۆژهەڵاتی ناوچەی هەورامان بخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە، هەتا وایکردووە، کە جەنگیزخان دانی پێدا بنێت" (154، ل170).

مێژوونووسی کوردی بەناوبانگ ئەمین زەکی بەگ دەڵێ:"ئەم دەوڵەتی ئەردەڵانە شەش سەدە و نیوی خایاندووە و هەندێ سەردەم هەر بە تەواوی سەربەخۆبووە و ڕۆژگاری واش هەبووە، کە سەربە دەوڵەتانی تر بووە. ساڵی (1284ك/1867ز) بە تەواوی لە ناوچووە". شایانی باسە، ئەم زانایە سەرەتای دامەزراندنی میرنشینییەتی ئەردەڵان دەگێڕێتەوە بۆ (617ك/1222ز) (154، ل276).

زۆر سەرچاوەی مێژوویی تر دەربارەی ئەردەڵان دواون، بۆ نموونە کتێبەکەی (مەئموون بەگ) (142)، کە خۆی یەکێك بووە لە میرەکانی ئەردەڵان و بیست و پێنج ساڵ پێش (شەرەف نامە) نووسیویەتی و باسی هێز و دەستەڵاتی ئەردەڵان و ناکۆکی و شەڕوهەرای لەگەڵ میرنشینە کوردییەکانی تردا کردووە، جگە لەو شەڕە قورسانەی ئەردەلان لەگەڵ دەوڵەتانی تورك و ئێراندا، کە لە شەڕە ناوخۆییەکەش سەخت و خوێناوی تر بوون. ئاشکرایە ئەم دوو دەوڵەتە هەمیشە کوردیان لەیەك هانداوە و لاوازیان کردووە و دوایش خۆیان خستوونیانەتە ژێر دەستی خۆیانەوە.

ئەم شەڕوهەرا و ئالۆزییەی باری ئەمارەت، نەبۆتە کۆسپی پشتگوێخستنی کولتوور و زانست و ئەمارەت بایەخێکی زۆری بەم لایەنەی ژیانی داوە. ئەمین زەکی بەگ دەڵێ:"ساڵی 1214ك/1799ز ئەمانوڵلاخان لە جێی خەسرەوخانی گەورەی باوکی دانیشت، فەرمانڕەواییەکەی تا ساڵی 1240ك/1824زی خایاند. ئەم ئەمیرە زۆر زانست و زانایانی خۆشویستووە و گیانی زانست و ئەدەب پەروەری و شارستانییەت و ئاوەدانیی بە وڵاتدا بڵاوکرۆتەوە. شاری سنە ڕاپەڕینێکی گەورەی ئاوەدانی و ئەدەبیی بە خۆیەوە دیوە، کۆشك و دەربارەکەی بۆتە کەعبەی شاعیران و ئەدیبان و زانایانی کوردستان و ئێرانیش.

هەندێ لە گەڕیدەکانی ئەوروپا: سەرجۆن مالکۆلم و رتینر لە کاتی بە ئێران گەڕانیاندا چاویان بەم ئەمیرە کەوتووە و زۆر ستایشیان کردووە، باسی دەستەڵات و ئیدارەچاکی و خزمەتیان لە پێناوی خەڵکدا کردووە. دوای ئەمیش خەسرەوخانی کوڕی دە ساڵ فەرمانڕەوابووە و بایەخێکی زۆری بە شیعر و ئەدەب داوە. ماه شەرەف خانم (مەستوورە) کە شاعیرێکی[12] بەناوبانگ و ئەدیبێکی نەجیبی کورد بووە، ژنی ئەم والیەبووە) (154، ل290).

دەستنووسەکانی مۆزێی بەریتانیش، کە باسکران، بەڵگەی گەشەسەندن و برەوی شیعرن لە کۆشکی ئەردەڵانییەکاندا.

شەرەف خانی بدلیسی لە بارەی دەسترۆیشتوویی میرەکانی ئەردەڵانەوە دەڵێ، سکەیان بە ناوی خۆیانەوە لێداوە و لە خوتبەی جومعەشدا ناویان هاتووە و ستایشیان لێکراوە. ئاشکرایە، هەر ناوی شا و سوڵتانەکان لە خوتبەدا بە وەسپ و ستایشەوە هاتووە و نزای بەرقەرارییان بۆ کراوە.

بەڕای ئەمین زەکی بەگ دوا ئەمیری ئەردەڵان ئەمانوڵڵاخان بووە، کە لە ساڵی 1265ک/1848ز ەوە تا 1284ک/1867ز فەرماندار بووە. دەربارى ئەوەش دواوە، کە دەوڵەتی ئێران لە 1268ک/1851ز ەوە دەستی کردووە بە شەڕ بە ئەردەڵان فرۆشتن، تا لە ساڵی 1284ک/1867ز دا نەسرەدین شای قاجاری دەستی بەسەر میرنشینییەتی

---

[12] سەیر لەوەدایە، ئەمین زەکی بەگ ناوی مەستوورە وەك مێژوونووس ناهێنێ. بە ڕای زانای سۆڤیەتی خاتوو یڤگێنی ڤاسیلێیڤا، مەستوورە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لە هەموو ڕۆژهەلاتی نزیك و ناوەڕاستدا تاقە ژنێکی مێژوونووس بووە (14، ل12).

ئەردەڵاندا گرتووە و فەرهاد میرزای مامی خۆیی کردووە بە فەرمانڕەوای ئەردەڵان[13] (156، ل291).

وەك دەردەکەوێ زۆر زانا و مێژوونووس و گەلێ سەرچاوە باسیان لە هێزو دەستەڵات و سیمای شارستانیەتیی ئەم ئەمارەتە کوردییە کردووە. هەرچەندە ئەردەڵان لەو ڕۆژگارەدا وا باسکرا دەستەڵاتی سیاسیی خۆیی لە دەستداوە، بەڵام ئەدەب بە دیالێکتی گۆرانی تا پەیدابوونی قوتابخانەی شیعریی نالی پەیدابووە، هەر بەردەوام بووە.

کاتی باس لە ئەردەڵان و قەڵمڕەوی بڵاوبوونەوەی ئەدەبی گۆرانی بکەین نابێ لە دیاردەیەکی ئایینی و کولتووری تر — لە سۆفیزم نەدوێین.

ئاشکرایە لە کوردستاندا بیری سۆفیزم[14] بەهۆی چەند تەریقەتێکەوە بڵاوبۆتەوە. بەڵام دوو تەریقەتیان زیاتر پەرەی سەندووە و ئیقلیمگیربووە: قادری و نەقشبەندی. ڕێبازی قادری پێش نەقشبەندی پەیدابووە و بڵاوبۆتەوە. شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە سەدەی سیانزەیەمدا ئەم تەریقەتەی دامەزراندووە و بە

[13] شایانی باسە ئەیاتوڵڵای مەردۆخ، ڕۆژگاری فەرهاد میرزاش هەر بە بەردەوامیی ئەردەڵان حساب دەکات. ئەم دێڕە شیعرەی بڵاوکردۆتەوە، کە بەپێی ژماردنی ئەبجەد دەکاتە ساڵی 1291. مەردۆخ ئەمە بە کۆتایی مێژوو و دەستەڵاتی ئەمارەت دەزانێ:

*از تخت جلال رفت فرهاد*      *طهماسب بجای او مکان یافت*

مەردۆخ دەڵێ:"لەم ساڵەدا فەرمانڕەوایی شاهزادە موعتەمەدولدەولە لەناوچوو، ئەمەش مانای نەمانی ئەردەڵانە و دوای ئەم کەسیان لێ نەبووە بە فەرمانڕەوا" (135، ل199).

[14] سۆفیزم — ڕێبازێکی زاهیدانەیە، لە چوارچێوەی ئایینی ئیسلامدا لە سەدەی هەشتەمدا سەری هەڵداوە و لە سەدەی دەیەم و دووانزەیەمدا خەملێوە و شەقڵی دیار و تەواوی وەرگرتووە. خەسیەتی هەرە گرنگی سۆفیزم لە مەیانی تیۆریدا دەربڕینی بیری میتافیزیکییە و لە پراکتیکیشدا زوهدە. زانستێکە دەربارەی عەشقی گیانی و نزیکبوونەوەی بەردەوام لە ناسینی یەزدان و بەهۆی (جیلوە)وە توانەوەیە لە خۆشەویستیی ئەبەدیدا. سۆفیزم لە سەرەتای پەیدابوونیدا وەك ڕێبازێکی ئایینی میللی دژی دوگماتی ئیسلام خۆی دەنواند و کارێکی زۆری لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی شیعر کردووە.

شێوەیەکی فراوان مورید و دەروێشی بۆ پەیدابووە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا شاری سلێمانی بوو بووە یەکێك لە مەڵبەندە دیارەکانی ئەم تەریقەتە و شێخ مارفی نودێ (1752 – 1838)- گەورەی بنەماڵەی شێخانی بەرزنجە، ڕابەرو مورشیدی ئەم مەڵبەندە بووە و بەرزترین دەستەڵاتی ئایینی ئەمارەتی بابان بووە.

تەریقەتی قادری زۆر لە دۆگماتی ئیسلام دورنەکەوتۆتەوە. تەنانەت لە دنیای ڕۆژهەڵاتناسی، بەتایبەتی هی سۆڤیەتیدا بە (ئۆردین)[15]ی نازانن.

لە کتێبی (**الفتح الرباني و الفضل الرحماني**)ی شێخ عەبدولقادر گەیلانیدا، هەندێ لە بیروبۆچوون و گۆشەنیگای ئەم تەریقەتە ڕوونکراوەتەوە، کە هەر پەیڕەویکردنی قورئان و حەدیس و فەرز و سوننەت و ئەرکەکانی تری ئایینە... هتد. بە گوێرەی تەریقەتی قادری، شێخ دەبێ بە بنەچەو ڕەگەز سەییدبێ، نەك بە هۆی بەرماڵەوە پێ بگات. دەروێشە قادرییەکان هەندێ کاری وەکو زەرگ وەشاندن و شمشێر لە خۆدان و بەسەر ئاگردا ڕۆیشتن و هەڵسوکەوتی لەم بابەتەیان لە کاتی حاڵ لێهاتندا هەیە. داب و هەڵسوکەوتی وەختی ئەم حاڵەیان زۆر ڕێکوپێك و دیاریکراو نییە. لە کوردستاندا زۆربەی ئەم دەروێشانە خەڵکی نەخوێندەواری دیهاتنشین بوون. دوایی لە بنەماڵەی بەرزنجەییدا پێشەوا شێخ مەحمودی حەفید هەڵکەوت و سەردەمانێکی زۆر ڕابەری خەباتی نەتەوەیی بوو لە کوردستانی خوارووودا.

ڕێبازی دووەم، تەریقەتی نەقشبەندیی (موجەدیدی خالیدی)یە. شەجەرەی ئەم دەگاتەوە سەر یەکەم خەلیفەی ئیسلام- ئەبوبەکری سەدیق. بەهۆی شێخ محەمەدی بوخاری – شاهی نەقشبەندەوە (ساڵی 1389 مردووە)، ئەم تەریقەتە پەرەی سەندووەو بڵاوبۆتەوە. دوای ئەم شێخ عەبدوڵڵای دیهلەوی، یەکێك بووە لە ڕابەرە هەرە دیارەکانی ئەم

---

[15] ئۆردین: مەبەست لەو دەزگا هەرەمییە ئاینییە، کە لە مەسیحییەتدا هەیە.

تەریقەتە. مەولانا خالیدی جافی مکایەڵی[16](1779 – 1827) لە سەردەستی شێخی دەیهلەویدا تەریقەتی وەرگرتووە. سەردەمی مەولانا خالید بە (موجەدیدییەی خالیدییە) لە مێژووی ئەم تەریقەتەدا بەناوبانگە. مەولانا نەك هەر لە کوردستان، بەڵکو لە زۆر وڵاتانی تری وەکو: عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا، فەلەستین، ئەفغانستان و داغستانیشدا موردیدی هەبووە و هەیە.

ڕابەرانی تەریقەتی نەقشبەندی هەوڵیان دەدا، کە ئیسلام بگەڕێتەوە سەر دۆخی ڕۆژگاری پێغەمبەر و خەلیفەکانی. لایان وابوو زۆر لە دەستەڵاتداران بۆ ژیانی دنیایی لە جەوهەر و کرۆکی ئیسلام دوورکەوتوونەتەوە. هەندێ دابی تایبەتیی پەیوەندیی نێوان مورید و شێخ لەم تەریقەتەدا هەیە. لایان وایە شێخ ڕابەرو هۆیەکە لە نێوان مورید و ناسینی خوا و گەیشتن بە ڕاستیی موتڵەقدا. ئەم تەریقەتە ڕوانگەی فەلسەفیی خۆیی هەیە، مەقاماتی سۆفییانەشی هەیە و دەکرێت بە چەند قۆناغێکەوە و سۆفی دەبێ بە

[16] مەولانا خالید لە ناو خێزانێکی خوێندەواردا لە شارۆچکەی قەرەداغ هاتۆتە دنیا. بەدەستوری فەقێیایەتی جاران لە گەلێ لە قوتابخانە ئایینیەکانی کوردستانی عێراق و ئێراندا خوێندوویەتی. ساڵی 1799 لە سلێمانی ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە و دوای ساڵێك بووە بە مەلای مزگەوتی ئەوڕەحمان پاشا. مەولانا وێڵی دوای ڕاستیی بووە و سەودای سۆفییەت کەوتۆتە دڵ و بیرییەوە و لە ڕابەرێك گەڕاوە. سەیر لەوەدایە ئەوە ڕۆژگاری شێخ مارف بووە، کەچی مەولانا تەریقەتی لای ئەم وەرنەگرتووە و گەڕاوە تا گەیشتۆتە لای شێخ عەبدوڵلای دیهلەوی و ماوەیەك دوای تەریقەت وەرگرتن لەوێ ماوەتەوە و دوایی گەڕاوەتەوە کوردستان و دەستی کردووە بە ئیرشادکردن. نووسین و شیعری هەیە. دەستەڵات و گەورەییەتی مەولانا گەیشتۆتە ڕادەیەك، کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی سڵیان لێ کردووە و والییەکانی بەغدا، سەعید پاشا و داود پاشا لەسەر دەستیدا تەریقەتیان وەرگرتووە. ئاشکرایە دوای ناکۆکی و ئاڵۆزیی لەگەڵ قادرییەکاندا مەولانا سلێمانیی بەجێهێشتووە و لە 7 حوزەیرانی 1827دا لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە و لەوێش لاشەی پیرۆزی بەخاك سپێردراوە. (108، 167، ل698 –700)

هەوڵ وکۆشش و تاعەتکردن ئەم قۆناغانە ببڕێ و بەرە بەرە خۆی لە کاروباری دنیـایی پـاك بکاتەوە و زیاتر لە یەزدانەوە نزیك ببێتەوە.

لە ڕاستیدا سەرچاوەی بنەڕەتیی فەلسەفەی هەردوو تەریقەتەکـە، قورئـان و حـەدیس و ئایینی ئیسلامە. بەڵام لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی ڕۆژانـەدا، ناکۆکییـەکی توندوتیژ کەوتبووە نێوان ئـەم دوو تەریقەتـەوە. وەك وتـرا، شـێخ مـارفی نـۆدێی بـەرزترین دەسەڵاتی ئایینی ئەمارەتی بابان بوو، لە ماوەیـەکی زۆر کـورت (1811 – 1820)دا، مەولانا خالید تـوانی بـە شـێوەیەکی بـەرفراوان تەریقەتەکـەی خـۆی لـە کوردسـتان و زۆر وڵاتانی تری ئیسلامدا بڵاوکاتەوەو کۆمەڵێکی زۆر مەلا و خاڵکی زانـاو نـاوداری لـە دەور کۆببێتەوە. بەپێی ڕای گەڕیدەی ئینگلیز ك. ریچ لە ساڵی 1820دا مەولانا دوانزە هـەزار موریدی هەبووە (147، ل61). عەباس عـەززاوی دەڵـێ، بیـست هـەزاری بـووە(167، ل719).

بەڕای ڕۆژهەڵاتناسـی دیـار م. م. ڤـان بروونـسن، بـە هـۆی شەخـسییەتی ئەفسانەیی مـەولانا و کۆمـەڵێ هۆکـاری کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەوە قادرییـەکان نـەیانتوانی ببنـە بەربەستی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی نەقشبەندی و ڕێ لە پەرەسـەندنی بگـرن. (58، ل288 – 292).

قادرییەکان وەك هەڵکەوت حەکیم باسـی کـردووە – هەنـدێ لـە داب و هەڵـسوکەوتی تەریقەتی نەقشبەندییان کردبووە بیانوو بۆ بەدناوکردنی مەولانا و تاوانبارکردنی بە لە ئایین لادان و دەرچوون. لەم ڕووەوە ئەمان کتێبیان دژی مەولانا داناوە و موریدەکانی مـەولاناش وەڵامیان داونەتەوە(147، ل63).

لەبەرئەوەی سلێمانی نـەبێ بـە گـۆمی خـوێن و خـەڵکی بێتـاوان تێدانەچـن، مـەولانا کوردستانی بەجێهێشت و ڕێگای غەریبایەتیی گرتەبەر و نەیانهێڵا پەیامەکەی بباتە سەر،

کە بێگومان دەبووە بنکەو بناغەیەك بۆ داهاتووی کورد. مەولانا، بە ڕوانینی تازە، ڕابەری پەیامێکی غەدرلێکراوە. ئەمەش وەنەبێ قسەی سەرزارەکی و سەرپێی بێت، هەرچەندە مەودای لەسەر ڕۆیشتنی نییە، بەڵام سەرنجێکی نووسەری ئەم چەند دێڕەیە و لە ئەنجامی تاوتووکردنی کۆمەڵێ سەرچاوەو بیرکردنەوەیەتی لەو بارو زرووفە. لە مێژوودا نموونەی زۆرمان هەیە، کە دەوڵەتی لە جەوهەردا نەتەوەیی، توێژاڵێکی ئایینی بۆ دروستکراوە و بۆتە بناغەی داهاتووی چارەنووسی زۆر گەل. ئەو ئاگری تەریقەتەی دوای هاتنەوەی مەولانا لە کوردستان و جیهانی ئیسلامیدا کەوتەوە، هەموو دەوڵەتانی ناوچەکەی گوێ قوڵاخ و زۆریانی بێئارام و شپرزە کردبوو. تەنانەت بیریش زۆر بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەو میرە بابانانەی لەسەر دەستی مەولانادا سوێندیان بۆ یەك دەخوارد ناپاکی دەرهەقی یەکدی نەکەن، ترسی مەولانا لە دڵی ئەوانیش نشتبێ و ویستبێتیان هەرچۆنێك دەبێت لە دەستی ڕزگاریان ببێ.

لە ناو شێخەکانی هەوراماندا شێخ عوسمانی سیراجەددین، کە لەسەر دەستی مەولانا خۆیدا تەریقەتی وەرگرتووە، زاتێکی زاناو ناوداربووە و هەورامانی کردووە بە مەڵبەندی بڵاوکردنەوەی زانست و ئەدەب و ئەم تەریقەتە. دوای لەدنیادەرچوونی خۆشی کوڕ و نەوەکانی وەجاخی ئەمیان ڕۆشن کردۆتەوە و لەسەر ڕێبازی بەردەوام بوون.

مێژوونووسی عێراقی عەباس عەززاوی باسی دەوری دیاری ئەم شێخانەی بیارە و تەوێڵەی لە ژیانی ئایینی و زانستیی هەورامان و گەلێ ناوچەی تری کوردستاندا کردووە، بەتایبەتی شێخی سیراجەددین (1774 – 1867)، شێخی بەهائەددین و شێخی زیائەددین (1839 – 1900)، هەروەها شێخ نەجمەدین و شێخ عەلائەددین (کوڕانی شێخی زیائەددین و شێخ حیسامەددینی کوڕی شێخی بەهائەددین، کە ساڵی 1947 کۆچی دوایی کردووە) (166، ل199).

ئەم شێخانە خانەقاو تەکیەیان لە بیارە و تەوێڵەو باخەکۆن هەبووە و بە دەیان زاناو شاعیر و ئەدیبی گەورە لەم مەڵبەندانەدا هەڵکەوتوون.

کتێبخانەکانی ئەم مەڵبەندانە پڕبوون لە کتێبی زانستیی بەنرخ دەربارەی فیقە و مەنتیق و فەلەك و فەلسەفەی ئیسلام. شایانی باسە، ئەم خانەقاو حوجرانە سیمایەکی ئەرکیتۆکتۆری و شارستانیی ئەرکیتۆکتوریش بوون، کە بەڵگەی دەستی ڕەنگن و هونەری بەرزی وەستا هەڵکەوتووە کوردەکانن. لەم ڕووەوە زانای ناسراو عەبدولڕەقیب یوسف وتارێکی بەنرخی نووسیووە (168، ل 123 -128).

هەروەها بنەماڵەی بەگزادە جافەکان دەوریان لەپێشخستنی ژیانی کولتووری و سیاسیی ناوچەی دەستەڵاتی خۆیاندا هەبووە. ئەمانیش زاناو شاعیریان تێدا هەڵکەوتووە و زۆر ڕێز و نرخیان لە ئەدەب و زانست و شاعیر و زانایان گرتووە. شاری هەڵەبجەی شەهید و کەلار دوو مەڵبەندی شارستانیی دیاری سەردەمی خۆیان بوون. لە بەشی دووەمدا زیاتر لەسەر ئەم باسە دەڕۆین.

جگە لەم ناوچانەش، لە کوردستان و بە تایبەتی لە قەڵەمڕەوی بلاوبوونەوەی دیالێکتی گۆرانیدا زۆر مەڵبەندی ئایینی و کولتوری هەبوون. تا سەردەمانێکی نزیکیش هەر ئەم مەڵبەندانە زێدی هەڵکەوتن و پەیدابوونی زانا و شاعیران بوون.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا باسێکی شیعری گۆرانی و هەندێ لە شاعیرە ناودارەکانی دەکەم.

ئەدەبی گۆرانی بەشێوەیەکی گشتی هەر شیعرە. ڤ. مینۆرسکی شیعری بە دیالێکتی گۆرانیی نووسراو دەکات بە سێ ژانرەوە:

1- چیرۆکە شیعر.
2- لیریك.
3- شیعری ئایینی.

ئەم چیرۆکە شیعرییانە هەندێکیان بابەتی دڵداری و هەندێکی تریـان هـی پاڵـەوانێتی و جەنگن. ئەمەش ترادیسیاییەکی سەرجەم فۆلکلۆری میللەتانی ڕۆژهەڵات و بە تایبـەتیش ئـەدەبی نووسـراویان بـووە. ئـەدەبی کـوردی و بەتایبـەتیش ئـەدەبی گـۆرانی بـەم ژانـرە دەوڵەمەندە.

چـیرۆکە دڵدارییـەکان گـەلێکیان لـەو جۆرانـەن کـە بـاس لـە دڵدارییـەکی درامـی و نائومێددەکەن، جەنگییەکانیش باسی شەڕی پاڵەوانانەی لە ڕادەی ئـاوەزاو هـۆش بـەدەرن. ئەمانە هەندێ لەو چیرۆکە شیعریانەن: (بارام و گوڵ ئەنـدام) ، (لـەیلێ و مـەجنوون)[17] ی مـەلا وڵـوو (وەڵـەد خـان) گوایـە، لـە (1850 – 1875)دا دانـراون. یـان (شـیرین و خەسرەو)ی خانای قوبادی، (خورشـیدو خـاوەر)، کـە نـازانرێ کـێ خاوەنییـەتی. هـەروەها چیرۆکی قارەمانییەتی وەکو (حەوت خوانی ڕۆستەم)، (ڕۆستەم و زۆراب)، یان دووچـیرۆکی میرزا شەفیعی جامەڕێزی: (جیهانگیر و ڕۆستەم)، (نـادر و تۆپـال – شـەڕی نادرشـاه)... هتـد (116، ل3-10). ڕاسـتییەکەی هەنـدێ لـەم نموونانـە لـە (شـاهنامە)شـدا هـەن. بێگومان دەقە کوردییەکان ئالۆگۆڕ و جیاوازییان هەیە. سەرجەم ئەم چیرۆکانە ئەوەنـدە لـە ناو خەڵك و لـە دیوەخانانـدا خوێندراونەتـەوە، تـا بەسـەرزاریش بڵاوبوونەتـەوە و گۆڕانیـان بەسەردا هاتووە. هەر خۆشیان بە کەشوهەواو زمان زۆر لە تەبیەت و چێژی خەڵکی سادە و نەخوێندەوارەوە نزیکن.

2ـ شیعری ئایینی: بەرهەمێکی زۆری شـیعری ئـایینی، چ پـێش هـاتنی ئیـسلام و چ دوای ئیسلام هەیە. لەمەوبەر تۆزێ باسـی ئەوانـەی پـێش ئیـسلامم کـرد. ئەوانـەی دوای بڵاوبوونەوەی موسوڵمانەتی شیعریان نووسیووە زۆرن، شاعیرێکی دیاریان مـەلا پەرێـشانی

---

[17] بەڕای ڤ. مینۆرسکی، دانەری ئەم چیرۆکە شیعرە، خەڵکی گوندی گەهوارە بووە (116، ل3).

کوردی بووە (نیوەی دووەمی سەدەی چواردەیەم — نیوەی یەکەمی سەدەمی پانزەیەم). بەرهەمێکی ئایینی بە ناوی (پەرێشان نامە)ەوە هەیە، کە ئاوا دەست پێ دەکات:

*مەن ژ بیسمیللا...*

*ئیبتیدا بکەم مەن ژ بیسمیللا*

*پەریشان نامە زیکر بکەم بیللا*

*نە ارای هەرکەس پەی (فناء في الله)*

...

*حەمدو بیسمیللا موندەریج بییەن*

*ئەونیز ژ بای باغ هزار گوڵ چییەن*[18]

شاعیرێکی تر، کە بەرهەمی لەم بابەتەی هەبووە، میر محەمەد ساڵح نیعمەتوڵڵایە — تەئسیری شیعەگەری و تەنانەت بیروباوەڕی (ئەهلی حەق))یش بە شیعری ئەم شاعیرەوە دیارە(149، ل61).

ڤ. مینۆرسکی باسی (سەڵاوات نامە)یەکی کردووە، کە هی خانای قوبادییە، هەروەها ئاماژەی یەکێك لە عەقیدەکانی مەولەویشی کردووە (116، ل13 – 14) کەلەپووری لە بن نەهاتووی ئەدەبی گۆرانی هێشتا زۆربەی بڵاونەبۆتەوە و لە چاپ نەدراوە.

3ـ شیعری لیریکی: لیریکی گۆرانی ژانرێکی بەرچاو و دیارە. شایانی باسە، زۆر لەو شاعیرانەی شیعری ئایینیان نووسیووە، لیریکێکی بە بایەخ و شیرینیان هەیە. لە شیعری گۆرانیدا مەرجە بنەڕەتی و گرنگەکانی لیریك هەیە. زۆرە باسی ئەڤین و دڵداریی پاڵەوانێکە، کە یان هەست بە دووری و ئەشکەنجەی بەیارنەگەیشتن دەکات، یان ڕامانە لە سرووشتی شیرین و لە جوانیدا بێ وێنەی هەورامان و ناوچەکانی تری گۆران نشین. توێژاڵی

---

[18] ئەمەم لەو دەسنووسەوە وەرگرتووە، کە لە کتێبخانەی دانیشگەی ئازادی بەرلیندا پارێزراوە.

ڕەگـەز و دیمەنـەکانی سرووشـت، چ وەك کەرەسـەو ئـامێری هونـەری، یـان وەك سـەرەتا دامەزراندن و ئارایشتی ستروکتوورەی غەزەلەکان هەمیشە هەیە. زۆر جاریش هەر غەزەلی تایبەتی لە پیاهەڵدانی سرووشتدا، یـان داب و نـەریت و جـەژن و شـایی و شـینی مرۆڤـی کوردی ئەم ناوچەیەدا — وتراوەو ئەدەبی گۆرانی بە تایبەتی و سەرجەم هی کوردیـشی پـێ دەوڵەمەند کراوە. لیریکای گۆرانی شیعرێکی بەڕاستی دەربڕی هەست و ئەندێـشەی زاتیـی مرۆڤە، بە هەر دوو لایەنەکەیەوە، سا لەباربووبێ ژیان و بیرکردنەوەی، یان بە پێـچەوانەوە. لێرەدا بە کورتی، لە ژیان و بەرهـەمی چـەند شـاعیرێکی ئـەدەبی بـە دیـالێکتی گـۆرانیی نووسراو دەدوێم.

یـەکێك لـە شـاعیرە هـەرە دیارەکـانی ئـەم ئەدەبـە، شـاعیری (سـەدەی حەڤدەیـەم) (بێـسارانییە). نـاوی تـەواوی (مـەلا مـستەفای کـوڕی مـەلا قوتبەدینـە) (1641 — 1702)[19]. لە دێی (بێساران)، لە ناوچەی (جوانڕۆ) لە دایك بووە.

زێدی شاعیر نزیکەی سی میلێك لە خوارووی ڕۆژهـەڵاتی سـنەوەیە. زۆربـەی تەمـەنی هەر لەم ناوچەیەدا بەسەربردووە. گوایە ژنی نەهێناوە، لەبەر ئەوەی عەشـقێکی نائومێـدی لە ژیاندا هەبووە و دڵی بە ئامینـە ناوێکـەوە بـووە (75، ل11). ئـەم عەشـقە بێهودەیـە هەوێنی گەلێ لە هۆنراوەکانی بووە و هەستی پێ دەکرێ. بە دەسـتووری فەقێیایـەتی ئـەو ڕۆژگارە لە حوجرەکانی نۆتشەوە پایگەڵان و گەلێکی تردا خوێندوویەتی. بێـسارانی زانـای دنیای شەرع و فیقە و زانستەکانی تری مزگەوت بووە. شاعیریەتیشی لە ئاستێکی بـەرزدا

[19] عەلائەدین سەجادی، لای وایە، باوکی مەلا ئەحمەدی ناوبووە (92، ل206). دانای هـەورامیش هـەمان ڕای هەیە (121، ل37). کیۆمەرسی نیك ڕەفتار، کە بەشێکی لە شیعرەکانی بیسارانی لە کتێبێکدا چاپ کردووە، دەڵێ باوکی ناوی مەلا قوتبەددینەو ئەم زانیارییەشی لە نەوەکانی بێسارانی بیستووە (75، ل9 —10).

بووە، خۆڕایی نییە کە مەولەوی زۆرجار شیعرەکانی ئەمی تێهەڵکێشی هی خۆی کردووە و بەرز نرخاندوونی.

بە داخەوە تائێستەش دیوانەکەی بە شێوەیەکی زانستی لە چاپ نەدراوە. گەلێ لە شیعرەکانی لە بەیاز و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

هەروەها (کیۆمەرسی نیك ڕەفتار) ساڵی (1982)، (112) غەزەلی بێسارانیی لە کتێبێکدا بە پێشەکی و هەندێ پەراوێزەوە چاپکردووە. چاپەکە گەلێ هەڵەی چاپ و هی تریشی تێدایە (75). بابەتی ئەم غەزەلانە بەم جۆرەن: (73) یان هی ئەڤین و دڵدارین، (17) یان بابەتی کۆمەڵایەتین، (13) شیان وەسپی سرووشت و(9) یان هی ئایینین، لێرەدا دوو غەزەلی باسی خۆشەویستی و ئەڤین و ئەندێشەی تایبەتیی شاعیر بە نموونە دەهێنمەوە:

*چراغ دا جارێ، بۆ وە خاومدا*
*پا بنیە وەبان هەر دوو چاومدا*
*مەواچە موژەت، تیژ تەرەن جە خار*
*پای گوڵ ئەندامم مەدەرۆ ئازار*
*من پەی مژەی خار، یە خەیلێ وەختەن*
*بەجارۆکاری، نە ڕای تۆم بەختەن*
.....
*ئەگەر تێشان بۆ، غەیر جە هوون نێشتەر*
*هیجرانت فیشتەر، لێش مەدۆ نیشتەر*
*سەحەر مەزانی، باڵا زەڕستوون*
*پات وێنەی حەنار ژیا بۆ بە هوون*      *(75، 13-14)*

*جامیٚ جەمینم، گەرد ئالوود بییەن*
*بازاڕی سەودام، بەبیٚ سوود شییەن*
*سۆزی هەناسەم، نمانا سەردی*
*گێڵا ڕەنگی باخ، شادیم بە زەردی*
*خەمی دنیای دوون جە نەزانی وێم*
*هەر شەو سەد نەشتەر فێشتەر مەدۆ لێم*
*چندیٚ دڵ پەشێو ناڵەی شەوان بیم*
*جەلا بەخشی دەرد، گشت بیٚ خەوان بیم*
*سەرمایەی دیدەم، غەیر جە هوون نەبیٚ*
*هیچ کارێم چەنی، دنیای دوون نەبیٚ*
*ئێستە بە وێنەی دنیا پەرستان*
*دنیا پەرستم بە هەزار دەستان* (75، 64-65)

یەکێك لە شاعیرە لیریکەکانی تر (سەیدیی هەورامییە) (1784؟-1848؟). هێشتا بە تەواوی ساغ نەبۆتەوە، کە ژیان و بەرهەمی ئەم شاعیرە کەی و لە چ سەدەیەکدا بووە.

دانای هەورامی دەڵێت:"ناوی سەید حەمە سادق کوڕی سەید عەلییەو لە سەدەی شانزەیەمدا ژیاوە" (142، ل25). شێخ محەمەد ئەمین کاردۆخی دەڵێ:"لە دوای خوێندنەوەی سەرچاوەیەکی زۆر و پرسیارکردن لە خزم و کەسوکاری و ماوەی بیست و حەوت ساڵ خەریك بوونم، بۆم ڕوون بوویەوە کە سەیدی ناوی مەلا محەمەد سلێمانە و کوڕی حاجی سەیید مەحمودە، لە دێی خانەگا لە دایك بووە. لەلای زۆر لە مەلاکانی هەورامان و بناری شارەزوور خوێندوویەتی" (94، ل4).

بیروڕایەکی واش هەیە، کە دوو سەیدی هەبوون، یەکێکیان لە سەدەی (شانزەیەمدا) ژیاوە، دووەمیان لە سەدەی (نۆزدەیەمدا). ئەم بۆچوونە لەوەوە هاتووە، کە سەیدی بە هەورامانیی کۆن و هی تازەش بەرهەمی هەیە. بەڵام کاردۆخی لای وایە، کە هەر یەك سەیدی هەبووە و شیعرەکانی خۆیی بە هەر دووشێوەی هەورامی — کۆن و تازە نووسیووە. هەروەها دەڵێ:"هەموو تەمەنی لە ناوچەی هەورامانی تەخت بەسەربردووە و تائێستەش ئاسەواری ئەو خانووە ماوە، کەتیایدا ژیاوە" (94، ل6).

کاردۆخی ساڵی (1971) دیوانی شیعرەکانی سەیدیی بە پێشەکی و پەراوێزەوە لە چاپداوە و بڵاوی کردۆتەوە. فەردێك (تاك) و دوو دوو بەیت (چوارین) حەفتاو حەوت غەزەلی تێدایە[20]. زۆر شیعری عەرەبی و فارسیی تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆی کردووە، غەزەلی تەواویشی بە زمانی فارسی هەیە. لە شیعرەکانییەوە دەردەکەوێ، کە ئەمیش مەلا چاك بووەو بیروباوەڕ و فەلسەفەو کولتووری ئیسلامی باش زانیوە. (12) غەزەلی بابەتی ئایینین، (14) یان وەسپی سرووشتی شیرینی هەورامانن، (42) غەزەلیشی باسی جوانی و شەنگیی کچە کورد و ئەڤینی دڵن، (7) شیعری هەیە، کە زیاتر مەنەڵۆگ و ئەندێشەی شەخسیی شاعیرن، (2) شیعریشی باسی شیعرە.

ئەحمەد بەگی کۆماسیش (1793 — 1876) یەکێك بووە لەو شاعیرانەی زیاتر شیعری خۆشەویستی و ئەڤینی نووسیووە. ژیان و بەرهەمی کۆماسی کە لە سەردەمی مەولەویدا ژیاوە، زۆر تاریك و نادیارە و بەتەواوەتی ڕوون نەبۆتەوە. لە گوندی بەردەسپی

---

[20] کاردۆخی لە پێشەکیی دیوانەکەی سەیدیدا نووسیویەتی، کە ساڵانی شەست (1450) غەزەلی ئەم شاعیرەی کۆکردۆتەوە، بەڵام لە باری سیاسیی ئاڵۆزی کوردستاندا بوون بە خۆراکی ئاگر و لەناوچوون. سەرلەنوێ ئەمانەی کۆکردۆتەوە و لەچاپیداون (102، 2—3) شایانی باسە، ڤ. مینۆرسکی لەوتاری (گۆرانەکان...)دا دەڵێ لە گوندی ڕێژاوی ناوچەی جوانڕۆ دەسنووسی دیوانی سەیدیی دیوە (116، ل12).

ناوچەی مەریوان هاتۆتە دنیا. دۆستایەتی و هاوڕێیاتییەكی بەهێزی لەگەڵ مەولەویدا هەبووە، ئەم هەر بە خاڵۆی كۆماسی لە شیعرەكانیدا ناوی دەبات. هێشتا بەرهەمەكانی كۆماسی بە تەواوی چاپ نەكراون، لە گۆڤار و ڕۆژنامەكاندا شتێكیان لێ بڵاوكراوەتەوە و ئەوانی دیی هێشتا لە كەشكۆڵ و دەسنووسەكاندا ماونەتەوە. یەكێك لە شیعرە بەناوبانگەكانی شاعیر و سەرجەم ئەدەبی كوردی. ئەو لاواندنەوەیە، كە بۆ دڵدار یان ژنەكەیی؟ وتووە ناونیشانی :"گڵكۆی تازەی لەیل..."ە. ڤ. مینۆرسكی، ئەم شیعرەی لەو وتارەیدا وا باسكرا، بڵاوكردۆتەوە و دەربارەی دەڵێ:"هیچێكی وا سەبارەت بەم شاعیرە نازانین، هەر ئەوەندە هەیە، كە لە عەشیرەتی كۆماسییە — كە لە ناوچەی كورەوەز دەژین و (20) گوندن و نزیكەی (2500) كەسێك دەبن، ئەم ناوچەیە سەر بە ویلایەتی سنەیە. لەسەر ڕێگای بەینی سنەو هەورامان، لەلای چەپی هەورامانی تەختەوەیە. ئەم ناوچەیە لە دنیای زانستدا هێشتا هیچی دەربارە نەزانراوە" (116، ل2).

ڤ. مینۆرسكی زۆر بەرز لایەنی هونەری و ناوەرۆكی ئەم لاواندنەوەیەی نرخاندووە. لەگەڵ ئەو شیننامەیەدا بەراوردی كردووە، كە خاقانی (بۆ ژنەكەیی) نووسیووە. ڤ. مینۆرسكی دەڵێ:"... لە پاش ئەم وێنانە (مەبەستی لەوانەی شیعرە فارسییەكەیە) دەبێ بێ پەروا شین نامەی كارەكەی زاگرۆسیی خۆمان بەرزتر دابنێین، بەڵێ هەستی شاعیر ساكارە، بەڵام بەهێزە چونكە هیچی ئەفسانەیی یان لاهووتیی تێدا نییە" (116، ل5).

شاعیرێكی تری دیالێكتی گۆرانی خانای قوبادییە (سەدەی هەژدەیەم). ژیان و بەسەرهاتی ئەمیش زۆر نادیار و تەماوییە. دانای هەورامی ساڵی لە دایك بوون و مردنی ئاوا نووسیووە (1700 – 1759) (124، ل83). بەڵام باسی ئەوەی نەكردووە لەچ سەرچاوەیەكەوە و لە كوێوە ئەمەی هێناوە. هەندێ شیعری خانای بڵاوكردۆتەوە.

ڤ. مینۆرسکی لە وتاری (گۆرانەکان)دا ناوی ئەم شاعیرەی هێناوەو دەڵێ:"لە عەشیرەتی جافە، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، یان زمانی ئەدەبیی جافەکان گۆرانی بووە، یان جاران بە گۆرانی قسەیان کردووە" (116، ل12)..

زیاتر بیر بۆ ئەوە دەچێت، کە زمانی ئەدەبیی جافەکان گۆرانیی بووبێت، نەك بە گۆرانیی دوابێتن.

ئاشکرایە خانای قوبادی زیاتر بە داستانی (شیرین و خەسرەو)ەکەیەوە بەناوبانگە. وەك خۆی لەسەرەتاکەیدا باسی دەکا، ویستویەتی داستانەکەی نیزامیی گەنجەوی (1141 – 1209) بکاتە کوردی، بۆ ئەوەی کورد بە زمانی زگماکی بیخوێنێتەوە، بە نموونە لەمەوبەر ئەم کۆپلێتە هێنرایەوە. محەمەدی مەلا کەریم بەشێوەیەکی زانستی بە لێکۆڵینەوە و پەراوێز و فەرهەنگۆکەوە لە چاپی داوە (99). لە پێشەکییەکەدا نووسیویەتی:"بە داخەوە ئێمە مێژووی ژیانی خانا نازانین تا تێبگەین، ئاخۆ یەکی بووە لە مەلا پایە بڵندەکانی کوردستان، یان هەر یەکێك بووە لەوانەی پێیان ئەوترا میرزاو چێژێکی شیعر و ئەدەبیان هەبوو، بە هێزی خۆیان توانایەکی رۆشنبیرییان بۆ خۆیان پێك ئەهێناو هەر لەم رێگایەوە هی وایان تیا هەڵئەکەوت ئەبوو بە سەرامەدی دەوری خۆی (99، ل10 – 11) دواتر دەڵێت:"لەو شیعرانەی خانا، کە بۆ ئێمە ماونەتەوە حەوت بەندەکەی نیشانەی ئەوەن کە هەم مەلایەکی ئاگادار بووەو هەم پیاوێکی دڵ دردۆنگیش بووە" (99، ل11). لەم شاکارەیدا خانا زۆر بیری فەلسەفیی ئیسلامی دەربڕیوە، بۆنموونە: مەسەلەی (جەبر و ئیتختیار)... (شیرین و خەسرەوە)ەکەی خانا (5526) بەیتە، بەڵام ئەوەی نیزامی (6188) بەیتە (99، ل9، 10). هەندێ شیعری خانا دێنمەوە کە باسی چەرخی چەپگەردو ناهەمواردەکەن و بە عەدالەت و دادپەروەریدا هەڵدەڵێن:

*جە گەرمیی ئافتاو عەدل و ئینسافش*

*جه بەرق شمشێر خارا شکافش*

*گورگ و مێش جه عەدڵ ئەو جەوین چون شەم*

*سیغەی ئیخوانی وەندشان وە هەم* (99، ل15)

*دەربارەی (جەبر و ئیختیار)ەکەشی دەڵێ:*

*یا ڕەب ئەر بەد خۆم، ئەر پاکیزە خۆم*

*گونای مەن چێشەن ئافەریدەی تۆم*

*تۆ وێت حاکم بەر، هەم وێت بەر قازی*

*کەس بە سونعی وێش چون نییەن ڕازی*

*تۆ بەدەست وێت مەن ئافەریدەن*

*ئەر نەبۆت پەسند کێ پەسندیدەن* (124، ل84)

بێگومان ئەمە دوانێکی ڕاگوزارییە و لیریکای گۆرانی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی بەرفراوان هەیە. بێمۆڵەتی نەبوایە، دەتوانرا ئەم باسە کورتە، بەبەرهەمی گەلێ شاعیری ناوداری تری وەکو: میرزا شەفیعی جامەڕێزی (1785 – 1835)، وەلی دێوانە (سەدەی هەژدەیەم؟) غولاّم شاخان (1866 مردووە؟) مەلاخدری رواری (1725 – 1790)، میرزا قادری پاوەیی (1834 – 1907)... هتد بەپێز بکرایە.

ئەم نووسینە دەربارەی لیریکای مەولەوییە بە تایبەتی، بۆیە لە بەشی دووەمدا باسی ژیان و بەرهەمە ئەدەبی و زانستییەکانی تری شاعیر دەکەین.

# بەشی دووەم

# ژیان و بەرهەمی ئەدەبی و زانستیی مەولەوی

ژیننامەی مەولەوی هەر بە شێوەیەکی گشتی زانراوە. سەرچاوە و بەڵگەی ئەم لایەن و ئەوی تری ژیانی زیاتر بەرهەم و نامەکانین. هەروەها هەندێ بەسەرهات و زانیاری دەربارەی ژیان و هەڵسوکەوت و هەڵوێستی مەولەوی لای بنەماڵەو کەسوکار و ناسراوانی پارێزراون، کە هەر نەوەیە و داونییەتییە دەس نەوەی دوای خۆی.

ناوی عەبدولڕەحیمە و کوڕی مەلا سەعیدە بە (مەولەوی) بەناوبانگە. ساڵی (1806) لە دێی سەرشاتەی خواروو[21] لە دایك بووە.

[21] شوێنی لە دایکبوونی مەولەوی، لە سەرچاوەکاندا بە شێوەی جیاجیا نووسراوە بۆ نموونە، ئەمین زەکی بەگ دەڵێ، لە هەورامان هاتۆتە دنیا (155، ل344). عەلائەدین سەجادی، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، أ. ب. هەوری بێ ئەوەی ڕاستەوڕاست زێدی شاعیر بڵێن، وتویانە لە تاوگۆزی لە دایك بووە. مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێ، لە سەرشاتە لە دایك بووە (92، ل277. 152، ل71. 127، ل11. 114، ل6).

شایانی باسە ڕەئوف عوسمان لە وتاری (تصحيح مولد و مسقط رأس الشاعر مولوي) کە لە ڕۆژنامەی (العراق)دا بڵاوی کردۆتەوە. بەم وشانە کە هەروەك خۆی بە عەرەبییەکەی دەیاننووسمەوە، دەیەوێ بەرپەرچی هەموو ئەو ڕایانە بداتەوە:"إن معظم الأراء التي ابديت حول مولده، فتعوزها الدقة و التحري العلميتين ان لم يكن كلها، لأن التقليد الآلي و اغفال البحث المقنن الرصين السمة البارزة فيها" (162، ل3)، دواتر دەڵێ:"فالقرية التي فتح فيها مولوى عينيه هي ليست تاوەگوز أو سرشاتە، أو هورامان كما أوردها الأساتذة الفضلاء بل (تاوگوزى تاوگوز) وتسمى أيضا ب(قەلاجى)" (162/ ل3).

ڕاستییەکەی کاتی خۆی ئەم وتارەی ڕەئوف دڵەڕاوکەیەکی لا پەیداکردبووم، نازانم بۆ وام بە خەیاڵدا دەهات، کە لەو سەفەرەی سەرشاتەی هاوێنی ساڵی 1972دا، منیش ئەمەم لە سەیید موحسینی نەوەی مەولەوی بیستبێ. دەشزانم، کە ڕەئوف خزمی بنەماڵەی مەولەوییە و وەك لەو چەند دێرەی پێشووشدا باسی خۆیی کردووە، خەریکی لێکۆڵینەوەی ورد و زانستییە، بۆیە لام وانەبوو کە لەو بن دەست و نزیکییەوە هەروا ئەم وتارە بنووسێت و دوای چەند ساڵێك بێتەوەو لە (ژمارە 61ی "کاروان" ل 46ی، 1987)دا ئەم ڕایەمان بۆ بنووسێت:"لم يذكر أحد من الأفاضل مؤرخي أدبنا الكردي بأنه ولد في قرية (سرشاته السفلى). (سەرشاتەی خواروو) لە کوێ و (تاوگۆز — قەڵاجی) بە (قەڵاج) بوو لە کوێ؟

مەولەوی لە بنەماڵەیەکی ئاین و زانست پەروەری ناسراوی کوردە، کە دەگەڕێتەوە سەر زانای ئایینیی ناسراو پیر خدری شاهۆ. هەروەها مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چوڕیی باپیری شاعیر زانایەکی دیاربووە و کتێبی (الأصول)ی داناوە، کە تایبەتە بە مەسەلە تیۆرییەکانی ئایینی ئیسلام.

باوکی مەولەویش مەلا چاك و زانا بووە، لە گوندی بێژاوای نزیك هەڵەبجە، حوجرەی هەبووە و دەرزی وتۆتەوە. مەولەویش هەر لەوێ نێردراوەتە بەر خوێندن. بەدەستووری فەقێکانی ئەو سەردەمە، مەولەوی بۆ خوێندن و لە زانست گەڕان شارەوشار و گونداوگوندی لە کوردستانی عێراق و ئێراندا کردووە، لە هەڵەبجە، خورماڵ، بیارە، تەوێڵە، سلێمانی، پاوە، چوڕ، سنە و گەلێ شوێنی تر ژیاوە و خوێندویەتی.

دوای مردنی باوکی (نەزانراوە چ ساڵێك کۆچی دوایی کردووە) مەولەوی ناچاربووە، بۆ بەخێوکردنی خێزانەکەیان بۆ ماوەیەك دەس لە خوێندن هەڵگرێت. دوایی چووەتە جوانرۆ و سەرلەنوێ تێهەڵچۆتەوە و لەوێشەوە چووە بۆ سنەو ماوەیەك لەوێ سەقام گیربووە.

مەولەوی لەسەر دەستی زانای بەناوبانگ و موفتیی سلێمانیی ئەو ڕۆژگارە مەلا عەبدولڕەحمانی نۆتشەییدا خوێندنی تەواوکردووە و ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە[22].

---

مرۆڤ دەتوانێ ئەم سەرەنجانەشی ئاڕاستە بکات: دەڵێ، سەجادی وتوویەتی کە لە (دێی تاوگۆز) لەدایك بووە (162، ل3) وەك ئەوەیسەجادی نەیزانیبێ (تاوگۆز) ناوچەیە. هەروەها دەڵێ، کە ئەمین زەکی بەگ وتوویەتی لە (هەورامان) لە دایك بووە، دوایی ڕەئوف پێی وایە، کە ئەمە هەڵەی وەرگێڕی (مێژووی کورد و کوردستان) – محەمەد عەلی عەونی بێ، بەڵام لە ئۆفسێتی چاپی دووەمی کتێبەکەدا ئاوا نووسراوە:"مولده ب (هورامان)...." وەرگێڕیش لە پەراوێزدا نووسیوبەتی "أنه ولد... في قریة تاوگۆز..." ل344.

[22] ڕای جیاواز دەربارەی ئەوەش هەیە، کە لە کوێ و لەسەر دەستی کێدا مەولەوی خوێندنی تەواوکردووە،، بۆ نموونە، عەلائەدین سەجادی نووسیویەتی، کە لە سنەو لە مزگەوتی دارولئیحسان لە

دوای خوێندن تەواو کردن، مەولەوی لە گوندی چرۆستانەی نزیك هەڵەبجە بووە بە مـەلا و دەرزی بەفەقێیان وتووە.

هەر لە سەرەتای لاوییەوە مەولـەوی بـە هەسـتی شـاعیرانەی سـەودایەکی سـۆفییەتی لەسەردا بووەو بۆ ڕێگای ڕاسـت گـرتن و لـە یـەزدان نزیکبوونـەوەش ویـستویەتی سـلوك بکات، بۆیە ڕووی کردۆتە تەوێڵە و لای شێخ عوسمانی سیراجەددین، کە یەکێك لە خەلیفـە دیارەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە- تەریقەتی وەرگرتووە.

دوای بوون بە موریـدی شـێخی سـیراجەددین، بـە گـوێرەی داب و ڕەوشـتی سـۆفییان، خەڵوەتی خواناسیی خۆیی پەرەپێداوە.

وەك باسـکرا، شـێخە نەقـشبەندییەکانی هـەورامان، سـەرجەم دەورێکـی باڵایـان لـە گەشەپێدانی ژیانی کولتووریی کوردستان و بەتایبەتیش ناوچـەی هـەورامان و شـارەزووردا بینیوە، ژنە کوردناس و زانای سۆڤییەتی ئی. ئا. ڤاسیلێیڤا ئامـاژەی ئـەم ڕۆڵـە گـرنگ و پڕبایەخەی کردوون (15، ل57).

مەولەوی شێخەکانی ئێجگار خۆشویستووەو ڕێزێکی بێپایانی بۆیان هەبووە، ئەمانیش لای خۆیانەوە لە پلەی مەولـەوی گەیـشتوون و لایـان ئـازیز بـووە. هەرچـەندە جاروبـاریش دڵساردیی وەختی کەوتۆتە نێوانیانـەوە، بـەڵام درێژخایـەن و کاریگـەر نـەبووە، سـەرجەم و

---

سەردەمی ڕەزا قولی خانی ئەمیری ئەردەڵاندا لای مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی ئیجازەی وەرگرتووە (92، ل270) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس ئەم ڕایەی لا تەواو نییە و دەڵێ، کە مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی ساڵی 1872 لە سنە مەلایەتیی کردووە و مەولەوی لەو ساڵانەدا تەمەنی 66 ساڵێك بووە. مەولەوی شیعرێکی هەیە، کە بە حسابی ئەبجەد ئاماژەی ساڵی هاتنەدنیای مەلا ئەحمەدی نۆتشی کردووە، کە ساڵی 1229ك/1813ز دەکات. جا وەك دەردەکەوێ مەولەوی هەشت ساڵێك لە مەلا ئەحمەدی نۆتشەیی گەورەتر بووە و ڕێشی تێناچێ مەولەوی لای ئەم و لەم تەمەنە گەورەیەدا ئیجازەی وەرگرتبێ. مەولەوی لەو کاتانەدا شۆرەت و ناوبانگی زانایی لەو ناوچانەدا ڕۆیشتووەو ئیقلیمگیربووە.

زۆربەی وەخت ئەم پەیوەندی و دۆستایەتییە گیانییەی مەولەوی و پیرەکانی نەك هەر لە واقیعدا بەهێزو بێ وێنەبووە، بەڵكو لە لیریکای مەولەویشدا، لە شێوازێکی شیعریی هونەریی بەرزدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەم پارچە شیعرەی خوارەوەی بۆ شێخی بەهائەدین نووسیووە، کە باس لەو بارە دەروونییەی خۆی دەکات، کە چەند بێ ئارامی بە دیدارشادبوونی شێخەو چەند زووتر دەیەوێت بچێتە خزمەتی:

*نەسیم پەنجەی پات ئەر سەردی کێشان*
*بدارەش نە تۆی دڵ دەروون ڕێشان*
*شۆن هەن نەی سەروەخت، سازان پەی دەلیل*
*جە هەر سەربەرزێ هەرسی دیدەم میل*
*بشۆ چون یاوای وەی دووی سەردەوە*
*بێ پرسا بناڵ وەی دوو فەردەوە*
*باڵەخانەی چەم دیوانەکەی تۆ*
*بانەناو وە گڵ ئاسانەکەی تۆ*
*تکەش عاجز کەرد خەیاڵت تێشدا*
*ئازیز بۆ جارێ پابنیە پێشدا*[23] (د، ل538 – 539)

---

[23] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەم شێوەیە ئەم شیعرەی لێکداوەتەوە: باڵەخانەی سەرچەم، کە دیوانی تۆیەو بانەکەی بە خاکی بەردەرگاتان سواغدراوە، کەوتۆتە دڵۆپەکردن... تەشریفت بێنە پێیەکی پیا بنێ با دڵۆپە نەکاو بتوانین خەریکی بیرکردنەوەمان بین... ئەمە مانا ڕوواڵەتییەکەیەتی. بەڵام شاعیر مەبەستێکی تریشی هەبووە، کە ئەوەتا باڵەخانەی چاوی دڵدارەکەت کە دڵی دیوەخانی خۆتەو هەمیشە تۆی تیایت و بانەکەی بە خاکی بەردەرگات سواغ دراوە، مەبەست لەوەیە، کە گوایە هەموو جارێ پێی ئەنایە سەرچاوی – تك تك فرمێسکی لێ ئەڕژا، لەبەرئەوە وێنەت لە ناو چاوما عاجزبووە چونکە، کەچاو ئاو بکات وێنەی هیچ بە سافی وەرناگرێ، سا ئازیز پێ ناسکەکانت بنێ بەسەر چاوەکانما با دابمرکێن و فرمێسك نەڕێژن (د، ل539 –540)

هەروەها مەولەوی نامەیەکی فارسیشی هەیە، کە هەمان خۆشەویستی و سۆزی بۆ شێخی سیراجەددین لێ دەتکێ، دەڵێ:**"مخدوم مطاع مهربان، وقطب دائره حق شناسان، ضیابخش دل ناتوان، وروشنی دیدەء پیرو جوان، أعنی به شیخ عثمان که حدیث (الحیاء شعبة من الایمان) در شأن او جویان است، به قادر منان میسپارم تا مدید الزمان در أمان خود نگه دارد"** (109، ل424).

دیارە لە نێوان شاعیر و شێخەکانیدا نامەو پەیوەندیی بەهێز و بەردەوام هەبووە. شێخی بەهائەددین بەم چەند دێڕە شیعرە گلەیی لە *مەولەوی کردووە کە بۆ هیچ باس و خواسێکی نییە:*

*یا کاغەز بڕیان، یا مەڵا مەردەن*
*یاخۆ عارتەن دۆس وە یادکەردەن*
*غەمگین مەنیشە غەم بدەر وە باد*
*فەڵەك نمازۆ کەس وە خاتر شاد* (د، ل300)

دیوانەکەی مەولەوی هەژدە غەزەلی تێدایە، کە بۆ شێخی سیراجەدین و بەهائەدین و تاجەدین نووسراون. وا پێدەچێ بیست غەزەلی تریشی (کە لە پەراوێزی دیوانەکەدا نەنووسراوە بۆ کێن) هەر بۆ شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان نووسرابێتن. بێجگە لە شیعر هەندێ نامەی مەولەوی ماون، کە بۆ شێخی سیرادجەددین و بەهائەددین و زیائەددینن.

مەولەوی دۆستایەتیی لەگەڵ هەندێ لە شێخە قادرییەکانیشدا هەبووە، بۆ نموونە، دیدەنیی کاك ئەحمەدی شێخی کردووە و نامەیان بۆ یەك نووسیووە. هەروەها شیعرێکی لە پیاهەڵدان و لاواندنەوەی شێخ عەبدولڕەحمانی خالیسی تاڵەبانیدا هەیە:

*دنیا نه گێجاو تاریکه شەوبی*

*جەلاو ڕۆشنیش جە لا چون خەوبی*

*ناگا شۆڵەی خۆر صوب فەردا، فەرڕا*

*وەسەر بەرز هەرد وە دەشت و دەردا*

*تەکدا تاریکی ئەو لای تەریکی*

*ئاڵەم چەنی نوور کەرد هام شەریکی*

*دنیایێ مەویەرد وە عەیش شیرین*

*صاحیب دین دیدەش بی وە صاحیب دین*

*ئەو شوڵە دیسان مەیل ئاوەردەوە*

*ئەولای پەردەوە تەشریف بەردەوە*

*دڵ پەی تەئریخ وات وەدەم دەردەوە*

*ئەی وای*[24] *وەی دنیاش تاریك کەردەوە* (د، ل245-246)

دۆستایەتییەکی بەهێزیش لە نێوان مەولەوی و جافەکاندا هەبووە. هەموو ئەو زانایانەی لە ژیانی میللەتی کورد کۆڵیونەتەوە، باسیان لە ڕۆڵی گرنگی جافەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کورددا — کردووە. بۆ نموونە، س. ئەدمۆندز دەڵێ:"جافەکان کوردی ساغ و تەواون. ڕاستییەکەی ئەمە گەورەترین هۆزی خوارووی کوردستانە" (59، ل 141).

سەردەمانێکی زۆر بەگزادە جاف سەرکردایەتیی ئەم هۆزەیان دەکرد، کە کەسانی خاوەن موڵك بوون. لە سەرکردە ناسراوەکانی بەگزادەجاف، محەمەد پاشا، مەحموود پاشا،

---

24 دێڕی دوایی بە حسابی ئەبجەد دەکاتە 1277ك/1860ز، کە ساڵی لە دنیادەرچوونی شێخ عەبدوڕەحمانە.

کە لەقەبی پاشایەتیی لە ئەستەمبووڵەوە بۆ هاتۆتەوە هەروەها عەدلە خانم، کە گەلێ زاناو ڕۆژهەڵاتناسی بێگانەی وەکو مینۆرسکی ستایشیان کردووە... هتد.

هەر لەناو ئەم بەگزادانەدا شاعیری وەکو تاهیربەگی جاف (1875 – 1917) و ئەحمەد موختار جاف (1897 – 1935) و گەلێکی تر هەڵکەوتوون.

گەلێ زانا و ئەدیب و پیاوی ناودار، لەناو خەڵکە سادەکەی جافدا پەیدابوون و ناوبانگیان دەرکردووە، بۆ نموونە، مەولانا خالیدی مکایەڵی نەقشبەندی، کە تازەکەرەوەی تەریقەتی نەقشبەندی بووەو لە کوردستان و گەلێ ناوچەی تری جیهانی ئیسلامیدا دایمەزراندووە، نالی دامەزرێنەری قوتابخانەی شیعریی بابان، شاعیری تازەکەرەوەی گەورەمان عەبدوڵڵا گۆران (1904 – 1962) و دەیان نووسەر و زاناو ئەدیبی تر. بێگومان نووسین لەسەر جاف و ژیانی کولتوورییان بابەتی ڕاستەوخۆی ئەم باسە نییەو لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێ.

لێرەدا تەنیا ئەوەندە بە لایدا دەچین، کە پەیوەندیی بە هەڵسوکەوت و هەندێ لایەنی ژیانی مەولەوییەوە هەبێت.

شیعر و نامەکانی مەولەوی، بەڵگەو شایەتی دۆستایەتیی شاعیر و بەگزادە جافن. هەر چەند ئەم پەیوەندییە وەك دوایی باسی دەکەم جاروبار ساردوکزبووە.

مەولەوی ڕێزێکی زۆری بۆ محەمەد پاشای جاف هەبووە و گەلێ نامەو شیعری جوانی لەم بارەیەوە هەیە، هەرچەندە لەسەر مەسەلەیەك مەولەوی دڵی لە محەمەد پاشا یەشاوە، ئەویش لەبەر ئەوەی پاشا لە باتی شێخ عەلیی عەبابەیلێ، عوسمانی خاڵەی کردووە بە سەرکاری خۆی لە ناوچەی شەمیران و ئەمیش گیروگرفت و سەرقاڵەی زۆری تووشی خزمەکانی مەولەوی کردووە، تەنانەت مەولەوی هێندە دڵی ڕەنجاوە، کە ناوچەکەی

بەجێهێشتووە و ئەم چەند دێرە شیعرە فارسییەشی وەك هەڵوێستی ناڕەزایی دەربڕین بۆ محەمەد پاشا ناردووە:

*وزان سوی وطن هجرت نمودم*

*خلافت از علی دانسته بودم*

*بەتأثیر محمد میر اکمل*

*خلافت چون بە عثمان شد محول*

*دل خویشان مارا پر ز خون کرد*

*بە خویشاوند خود نعمت فزون کرد*[25] (د، ل — ل، م)

هەروەها شاعیر لەگەڵ مەحموود پاشاشدا دۆستایەتیی هەبووە. مەحموود پاشا تەنیا پیاوێکی ناوداری کۆمەڵ و سەرکردە و ئیدارییەکی لێهاتوو نەبووە، بەڵکو مرۆڤێکی زاناو رۆشنبیر بووە و شارەزاییەکی چاکی لە ئەدەب و زانستەکانی ئەو سەردەمەدا هەبووە. پیرەمێردی شاعیر لە وتارێکیدا دەڵێ:"لە نا ئەو کوردە ئاوارانەی ئەستەمبولدا، کەسێکیان تێدا نەبوو، ئەوەندەی مەحموود پاشا وڵات و زمان و ئەدەبی میللەتەکەی خۆش بوێ"[26] (77، ل1).

---

[25] لێرەدا مەولەوی بەراوردێکی جوانی نێوان پێغەمبەر و حەزرەتی عوسمان و عەلی، لەگەڵ محەمەد پاشا و عوسمانی خالە و شێخ عەلیی عەبابەیلێدا کردووە.

[26] وەختی خۆی فۆتۆکۆپیی ئەم ژمارەیەی (ژین)م هەبوو، بەڵام بەداخەوە ون بووە، بۆیە ناچاربووم لە رووسییەکەوە بیکەمەوە بە کوردی.

كەشكۆڵەكەی مەحمود پاشا، تا ئەم ڕۆژگارەش سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراوی ئـەدەبی و شیعرییە، دەڵێت مەولەوی بە خەتی خۆی شـیعری تێـدا نووسـیوەتەوە[27]. بـەڵام مەولـەوی لەگەڵ ئەمیشدا جاروبار ساردی و دڵ زیزبوون كەوتۆتە نێوانیان.

مەولەوی هەمیشە داكۆكیی لە ڕاستی و خەڵكی بێ دەرەتـان و نـەدارا و بەتایبـەتیش هی ناوچەكەی خۆی كردووە. هەر ئەم خۆشەویـستیەشی بـۆ زێـدو مرۆڤـی دەوروبـەری وای لێكـردووە ئـەو شـوێن و پایانـەی لـە شـارە گەورەكانـدا ئـەمیرو دەسـتەڵاتداران بۆیـان تەرخانكردووە ڕەتكاتەوە، هەر لەسـەر داكـۆكیی لـە خـەڵكی هـەژاریش نـاكۆكیی لەگـەڵ دەستەڵاتداراندا بۆ دروست بووە.

دەربارەی ئەم مەسەلەیە، كـاتی خۆی دەمەتەقێیـەك لـە نێـوان پیرەمێـردی شـاعیر و مێژوونووس حسەین حوزنی موكریانیدا دروست بووە. حوزنی نووسیویەتی:"محەمەد پاشای جاف نەنگەویستی مەولـەوی بـووە، بـەپێی نـەیاری و دڵگیری، كـە لـە نێوانیانـدا بـووە، ناچاركراوە دەست لە زید (وطن)ی خۆی هەڵگرێ..." (111، ل1).

پیرەمێردیش لە ڕۆژنامەی (ژین)دا وەڵامی داوەتەوەو دەڵـێ:"مەولـەوی بـە نـەوازش و دەستگیریی محەمەد پاشا و قادربەگ و مەحموو پاشای كوڕی هێناویانە و لەدەوری هەڵەبجـە دایاننداوەو ناشارێتەوە مەولەوی بەهۆی بەگزادە جافەوە ناسـراوە و سـەراپا ئەشعاریـشی بـۆ ئەوانە، مەولەوی هەمیشە مووچەخۆری بـەگزادەبووە... هـەر چـەندە لـە عـیلم و شـیعردا هەموو مووچەخۆری ڕێزەی سفرە و خوانی عیلمی ئەوین" (77، ل1).

---

[27] نامەیـەكی بـێ نوختـەی مەولـەوی هەیـە بـۆ مـەحموود پاشـا. لەسـەرێكەوە نیـشانەی توانـای شـاعیر و لەسەرێكی تریشەوە مانای ڕێزی بێ سنووریەتی بۆ پاشا. شایانی باسە، مەلا عەبدولكـەریمی مـودەڕیس لـە دیوانەكەی مەولەوی (د، ل396) و سەرەتای ئەو بەشەدا كە لە (یادی مەردان)دا بۆ مەولەوی تەرخانكراوە (109، ل381)، دەڵێ، ئەم نامەیە بۆ محەمەد پاشایە، بـەڵام لەسـەروو نامەكـە خۆیـەوە نووسـراوە بـۆ مەحموود پاشایە،ە بڕوانە: (109، ل465).

ئەوەی ڕاستی بێ، نەحوزنی و نە پیرەمێردیش نەیانتوانیوە هەڵوێستی شاعیر بە شێوەیەکی ڕاست و بابەتی ڕوون بکەنەوە. هەر دوو لا مەسەلەکەیان بە زیادەوە باسکردووە. حوزنی دەوری جافەکان سەرجەم بە باشی باس ناکات و پیرەمێردیش زیاد لە پێویست قەبەی دەکات. ناتوانرێ بوترێ، بەگزادە جاف نەنگەویستی مەولەوی بوون و ئەمیش ڕقی لێیان بووە، بە پێچەوانەوە نامەو شیعرەکانی نیشانەی دۆستایەتیی و ڕێزی هەر دوو لان بۆ یەکتری. ئەوەشی کە گوایە مەولەوی شاعیری دەربارییان بووبێ، یان مووچەخۆری بەگزادەبووبێ و سەرجەم ئەشعاری بۆ ئەوان بێ، لە ڕاستییەوە دوورە. پەیوەندییەکە دوو لایەنە بووە، جاربەجار بەتین و هەندێ جاریش ساردی کەوتۆتە نێوانیانەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی، شایەتییەکی حەسەن فەهمی بەگی نەوەی مەحموود پاشا بهێنمەوە، کە بۆ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسی گێڕاوەتەوە، وتویەتی:"پاش ئەوەی کە مەحموود پاشای جاف ڕوتبەی پاشایەتیی لە ئەستەمبووڵەوە بۆ دێ، ڕۆژێك مەولەوی لەسەر مەسەلەیەك دڵی لێی دێشێ، وە نامەیەکی بۆ ئەنێرێ تیا ئەنووسێ: پاشا ئەگەر تۆ بەوەوە ئەنازی لە مەحموود بەگییەوە بووی بە مەحموود پاشا، منیش بەوەوە ئەنازم کە هەر مەولەوی بووم و هەر مەولەویم" (د، ل — ل).

مەولەوی شاعیرێکی ڕاستگۆ و خاوەن هەڵوێست بووە، داکۆکیشی لە هەق و ڕاستی کردووە و هەرچی شتێکی پێ ڕاست نەبووبێت لە دژی وەستاوە و ژیانی دنیایشی بۆ خۆی ئەوەندە لا مەبەست نەبووە.

مەولەوی ئەم شیعرانەی بۆ بەگزادە جافەکان نووسیووە: بۆ محەمەد پاشای جاف:"مەیلت ئارەزووی ئەغیار کەردەبی" (د. ل155 — 156)، بۆ مەحموود پاشا:"ئەیاز هەمڕاز ناڵە و ئاخ و دوود" (د. ل23 — 25)، "جە دووریت دەروون مەوج دەریای هوون" (د، ل 155 — 156). هەروەها ئەم شیننامەو لاواندنەوانەشی بۆ

نووسیوون: بۆ پەریزاد خانمی ژنی یەكێ لە بەگزادەكان (د، ل 110 – 112)، بۆ مردنی ئەحمەد بەگی برای حەمە پاشا (د، ل 224-226)، بۆ كۆچی دوایی قادر بەگی كەیخەسرەو بەگ دوو لاواندنەوەی هەیە (د.، ل 357 – 358، ل371 – 385)، بۆ مەرگی ئەمنەخانی كچی قادربەگیش شیعرێكی وتووە (د.، ل383 – 385). ئەم تۆقە شیعرە نیشانە و بەڵگەی دۆستایەتی و پەیوەندیی مەولەوی و بەگزادە جافن، ئەمە نموونەیەكی ئەو شیعرانەیە بۆ مەحموود پاشای وتووە:

*چێش واچۆ (مەعدووم) خەستەی مەهجووریت*
*حاڵ دیدە و دڵ جە دەرد دووریت*
*بدیە بەو دەجلەی بێ كەنارەدا*
*ڕەوانەن وەبەین بەغد شارەدا*
*سەیركەر ئەو گەرماو شەرارەی تاوە*
*هوەیدان هامن جە لای بەغداوە*
*ئەو ئاخر وشكاو ئەسرین دیدەم*
*ئید دما نەفەس دڵەی خەم دیدەم*

*جەو گەرماو جەو ئاو بەر گوزیدەكەم*
*تەفتیش كەر حاڵات دڵە و دیدەكەم!* (د.، ل185 – 186)

چەردەیەكی زۆری ژیانی مەولەوی پەیوەندی قەڵەمڕەوی ئەردەڵانە. ئاشكرایە مەولەوی لە پایتەختی ئەمارەتدا خوێندوویەتی و دواتر وەك شاعیر و زانا ناوبانگی دەركردووە و پەیوەندیی لەگەڵ زانایان و ئەدیبان و میرەكانی ئەم هەرێمەدا هەبووە. شەخسیەت و زانایی و بەرهەمی مەولەوی بۆ ژیانی كۆمەڵایەتی و كولتووریی ئەمارەت گرنگ و پڕ بایەخ

بوون. شاعیر دۆستایەتیی لەگەڵ غولام شاخاندا کە خۆشی شاعیر و ئەدەب دۆست بووەو لە (1849 – 1867) فەرمانڕەوایی کردووە - هەبووە[28].

پاش ماوەیەك لە نێوان مەولەوی و غولام شاخاندا لەسەر هەندێ مەسەلەی ئاینزایی ناکۆکی پەیدابووە، چونکە غولام شاخان ویستویەتی شیعەگەرییەتی لە قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی خۆیدا بڵاوبکاتەوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئاژاوە و دووپروسکانێ لەناو خەڵکدا، یەکێك لەم ڕووداوە ناخۆشانە، هەراکەی (کاروانسەرا)یە (135، ل177).

شێخی سیراجەددین مەولەوی و کوڕەکەی خۆیی ناردووە بۆلای غولام شاخان، بۆ ئەوەی واز لە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی ئەم مەزەبە بهێنێ. لە ناو نامەکانی مەولەویدا نامەیەکی غولام شاخان هەیە، کە لە سەرێکەوە باسی جیاوازی بۆچوون و بیروڕای ئایینیانەو لەلایەکی تریشەوە بەڵگەی ئەو ڕێزە بێپایانەیە، کە ئەمیر بۆ شاعیر هەیبووەو پێشنیاری کردووە، کە مەولەوی بچێتە گوندی زەلان و لەوێ نیشتەجێ ببێ (109 ، ل390).

مەولەوی پەیوەندیی لەگەڵ حیسامولدەولە موراد میرزادا هەبووە، کە ساڵی (1876) فەرمانداری کرماشان بووە[29]. فەرهاد میرزای برای موراد میرزا داوای لە مەولەوی کردووە کە بچێتە یەکێ لە شارە گەورەکانی ژێر دەستەڵاتی ئەو و لەوێ مەلایەتی بکات، بەڵام

---

[28] وا زانراوە کە ساڵی (1858) غولام شاخان هەموو زاناو ناودارانی ئەمارەتی لە ئاهەنگێکی پڕ تەدارەکدا کۆکردۆتەوە و بەڕەسمی لەقەبی مەولەوی بە شاعیر داوە (92، ل 281).

[29] شایانی باسە موراد میرزا لە نامەیەکیدا چ بە شەخسییەت و چ بە شیعر مەولەویی تاوگۆزی بە مەولانا جەلالەدینی ڕومی (مەولەوی) دەچوێنی دەڵێ:

ای تو ذاتت همضو ذات مولوی

وی کلامت ضون کلام مثنوی (109، ل458)

شاعیر زێدی خۆی بەجێنەهێشتووەو مەفتەن و خەڵکی خۆیی بەهەموو کلووری دنیا نەگۆڕیوەتەوە.

هەروەها لە ماوەی ژیانی ئەو چەند ساڵەی سلێمانییدا، مەولەوی دۆستایەتیی لەگەڵ ئەمیرەکانی باباندا بەتایبەتیش لەگەڵ ئەحمەد پاشای باباندا هەبووە. ئەحمەد پاشا خۆشی زاناو شاعیر و ئەدەب دۆست بووە و کتێبی (تەفسیری بەیزاوی)ی پێشکەشی مەولەوی کردووەو ئاهەنگێکی گەورەی ئیجازەورەگرتنیشی بۆ سازکردووە (د.، ل4). زۆرسەیرە! بەپێچەوانەی پەیوەندیی مەولەوی لەگەڵ شێخەکانی و جاف و ئەردەڵانییەکاندا، ئاشنایەتیی مەولەوی لەگەڵ بابانەکاندا نە لە شیعرو نە لە نامەکانیدا هیچ ئاسارێکی دیارنییە.

بە نامە و شیعرەکانیدا دیارە مەولەوی پەیوەندییەکی بەربڵاوی هەبووەو لە هەموو لایەکی وڵاتەکەیدا هاوڕێ و دۆستی هەبوون. یەکێکی دی لەو دۆستانەی مەلا محەمەد ساڵحی فەخرولعولەمایە، کە لە بنەماڵەی بەناوبانگی مەردۆخی بووە. ساڵی لەدایك بوون و مردنی نەزانراوە، لە شاری سنە ژیاوە و سەرەڕای زانایەتییەکەی، شاعیریش بووە و شیعرەکانی جێ پەنجە و تەئسیری بەرهەمی مەولەوییان پێوە دیارە.

مەولەوی نامەیەکی بۆ نووسیووەو تیایدا نارەزایی لە شێخ یوسفی مودەڕیسی خزمی فەخرولعولەما دەربڕیوە. مەولەوی مەلا یوسف بە هەڵپەرست و کوڕی ڕۆژ ناودەبا و ڕەخنەیەکی توندوتیژی لێ دەگرێت (109، ل 429).

ناکۆکیی مەولەوی و شێخ یوسف لەسەر ڕووداوەکەی (کاروانسەرا)بووە. ئەم نامەیەی مەولەوی یەکێکە لەو بەڵگانەی کە کەسایەتی و باوەڕقایمیی شاعیرمان بە چاکی بۆ دەردەخات، کە چەند زاتێکی بوێر و چاونەترساوبووەو ئەگەر کار هاتبێتە سەر هەق و ڕاستی کۆی لە کەس نەکردووەو بیرو هەڵوێستی خۆیی بە ڕاشکاوی دەربڕیوە. نامەکە بە

**فارسییە و تیایدا دەڵێ:"اول سوء کە تقیەء مشؤومەرا بکنی و کتمان حق را بنمائی. حاکم ادبا موافق (وشاورهم في الأمر) مشورت بە شما میفرماید، وشما جرئت آن نداشتە باشید کە فتوای حق اظهار کنید. حاکم مشمول طعن و خودتان را مطابق حدیث مورد لعن نمائید... فقیر از سلسلەء رسولم و غایتش این است کە زهرم بدهند یا شهیدم بکنند و سرم بر سر نیزە نهند، از کس نترسم و از حق پرسم"**[30] (109، ل437)

هەروەها دۆستایەتییەکی بەهێز، لە نێوان مەولەوی و ئەحمەد بەگی کۆماسیی شاعیردا هەبووە. مەولەوی لە شیعرەکانیدا هەر بە (خاڵۆ) ناوی دەبات و گەلێ نامەی شیعریی جوانی بۆ کۆماسی هەیە. ئەمە شیعرێکی ئەحمەد بەگە بۆ مەولەوی:

*ئەر بۆپرووزێ وە مەلاڵەوە*
*یاوان وەلای تۆ جە شەماڵەوە*
*ئانە بۆپرووز سفتەی جەرگمەن*
*مالوومەن (مەعلووم) وادەی مەرگمەن* (109، ل410)
*مەولەویش ئاوا وەڵامی داوەتەوە:*
*ئارەزووی ئامای مەرگ وێت کەردەن*
*گۆیا خەلاسیت وە دڵ ئاوەردەن*
*ئەی پەی تۆ نەبۆ دۆسەکەی گیانی*

---

[30] سەرەتا ڕەوشتی خراپ ئەوەیە، کە ڕێز لە ناهەمواری بگری و هەق بکەی بە ژێر لێوەوە فەرماندار بە گوێرەی قەولی (پرس وڕایان پێ بکە!" ڕاوێژ بە ئێوە دەکات، بەڵام ئێوە زاتی ئەوەتان نییە، کە فتوای هەق بدەن. فەرماندار تووشی ڕەخنەو سەرزەنشت و خۆشتان بە گوێرەی حەدیس بە لەعنەت دەکەن. منی هەژار لە نەوەی پێغەمبەرم و... مەبەستم تەنیا ئەوەیە کە ئەگەر ژەهر خواردم بکەن، شەهیدم بکەن و سەرم بکەن بە سەری نێزەوە لە کەس ناترسم وداکۆکیی لە هەق دەکەم.

*چەند بۆپرووز بۆ تۆ هەر بمانی؟!* (109، ل410)

مەولەوی زۆرجار شیعری کۆماسیی تێهەڵکێشی هی خۆی کردووە، ئەمەش نیشانەی خۆشەویستی و ڕێزلێنانی مەولەوییە بۆ شیعر و لێهاتوویی ئەحمەد بەگ.

مەلا نیزامیش یەکێکی تر بووە لەو شاعیرانەی ئاشناو دۆستی مەولەوی بوون. لەگەڵ ئەمیشدا نامە و شیعر لە نێوانیاندا هەبووە. دەربارەی ئەم شاعیرە هیچێکی ئەوتۆ نەزانراوە، هەندێ پارچە شیعری ماون و پارێزراون. ئەم چەند دێڕەی بۆ مەولەوی نووسیوە:

*دڵەی دێوانەم هیممەتش واستەن*
*ئامان هەی ئامان، تەن وە جا ئاستەن*
*چون کەفتەکاران دڵ ئەو شۆن تۆن*
*بەند وەتای ڕشتەی وەی وە هون تۆن*
*تەن چون سیاسەنگ نە هەوارانەن*
*پاشکستەی دەرد دمای یارانەن* (109، ل411)

سەرەتای وەڵامە نۆ دێڕییەکەی مەولەویش ئەمەیە:

*هەی نیزام،نەزام نامەت تۆ لابەرد*
*ئای ئای سزاش داو قیامەتش کەرد!* (109، ل411)

هەرچی شێخ عەبدوڵڵای داخیشە، کە ناوی لە ناو دۆستەکانی مەولەویدا هاتووە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لای وایە، کە هەر شێخ عەبدوڵڵای موراد وەیسی خاڵۆزای مەولەوییە (109، ل412 – 413). دیوانەکەی مەولەوی چەند شیعرێکی بۆ داخی تێدایە.

شێخ حەسەنی سازانی، کە نازناوی شیعریی (بولبول) بووە، فەقێی مەولەوی بووە. گوایە دڵی بە کچی مەولەوییەوە بووە و ویستویەتی بیکا بە هاوسەری خۆی، بەڵام هیچ

دەنگی نەکردووە تا کچەکە دراوە بەشوو، دوایی بولبول شیعرێکی گازەندە ئامێزی بۆ مەولەوی ناردووە، کە تیایدا باسی ئەڤینی خۆیی کردووە و گلەیی ناهەقی لە مەولەوی کردووە (109، ل419). مەولەویش زۆری پێ ناخۆش بووەو بە شیعرێك ڕەخنەی لە بولبول گرتووە، کە بۆچ زووتر دەنگی نەکردووە و تاوان تاوانی خۆی بووە، دەڵێ:

*چێشەن پەشێویم، ماتەمیی دڵەن*

*یا کزەی ئامای نامەی بولبوڵەن؟* (د، ل172 – 178)

ئەم شیعرەی مەولەوی بۆ بولبول نیشانەی گەورەیی و دلڤراوانییەتی. لە وڵاتێکی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتووی وەك کوردستانی سەدەی نۆزدەیەمدا، مەلایەك بەم گیانە بەرزەوە لە مەسەلەیەکدا کە پەیوەندیی بەکچی خۆیەوە هەبووە، ئەمە هەڵوێستی بووە.

یەکێك لە دۆستانی تری مەولەوی، مەلا فەتاحی جەباری بووە، کە شیعری بە دیالێکتی گۆرانی نووسیووە شایانی باسە، شیعرەکانی تەئیسری هۆنراوەکانی مەولەوییان پێوە دیارە. ئەمە نموونەیەکی شیعریەتی:

*ساقی، سا (دەی) شی، وەهار ئاماوە*

*گوڵان سەرکێشان نەتۆی ساراوە*

*هەوای دڵ گوشای نە ڕووی بە هەشتەن*

*فەرِ وە ڕووی سەحرای گەرمەسێر وەشتەن*

*وادەی بادەی ناب سەیر وەهارەن*

*سەرزەمین مەزهەر لیقای دیدارەن*

*زەمزەمەی فیراق دڵ ئەفگارانەن*

*سەدای تەپڵ تیپ دەردەدارانەن*

---

*دەرەختەن، سەبزەن، شنۆی شەتاوەن*

*نەورۆزەن، گوڵەن، هەوای پای کاوەن*

*مەیەن، مەعشووقەن، مۆبەتەن، مەیلەن*

*خەمەن لەب ڕێزەن، پیاڵەن، کەیلەن* (109، ل421 – 422)

ناوهەڵدان و باسکردنی شاعیرانی هاوڕێ و ئاشنای مەولەوی هەر بە مەندە تەواونابێ و گەلێ شاعیری تری وەکو (شێخ مۆمنی سازانی، مەلا عەبدوڕەحمانی نەجاڕ، مەلا یونس، سەید عەبدولسەمەدی خانەگا... هتد). بەشداری ئەو ئەڵقە ئەدەبییەی دەوری مەولەوی بوون.

ئەم لێدوانە کورتە، پایەی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی مەولەویمان لە کوردستانی ئەردەڵان و بابانی ئەو سەردەمەدا بۆ دەردەخات. بەڵێ! بەڵام لێرەدا پرسیارێك لەبەردەماندا قووت دەبێتەوە، کە تائێستەش وەڵامێکی نییە، ئەویش ئەوەیە، چۆن مەولەوییەك کە هاتۆچۆی سلێمانیی کردووە و ئاشنای میرەکانی بابان بووەو واش زانراوە، کە نالیی شاعیریش لە پایتەختی بابانەکاندا ژیاوە و هاتووچۆکەری دەربایان بووە، کەچی بە هیچ کلۆجێك تاڵە دەزوویەکی پەیوەندی و دۆستایەتی لە نێوانیاندا نییە!! بڵێی مەسەلە هەر ئەوە بووبێت کە نالی بە دیالێکتی کرمانجیی خواروو قوتابخانەیەکی شیعریی تازەی دامەزراندووە و مەولەویش لەسەر شیعر بە دیالێکتی گۆرانیی وتن بەردەوام بووە؟! یان هۆی ئەوە بووبێ، کە نالی بە میزاج دژی دەروێشایەتی و سۆفییەت بووە؟! ئەگەرچی هەندێ لە شیعرەکانی خۆی، وەك هەموو شیعرێکی بەرز، ئاوازەیەکی سۆفییانەیان تێدا دەنگدەداتەوە. ئەمانە هەر قسەی ڕووتن و پرسیاری بێ فاکت و بەڵگەی بە خەیاڵدا هاتوون و لە دنیای واقیع و

کەلەپووری بەجێماودا هیچ پاڵپشتێکیان نییە، کە ئەم لاپەڕە تاریکەی دنیای ئەدەبی کوردیمان بۆ ڕوون کەنەوە.

جگە لەو خامە بە دەست و زانایانەی باسم کردن، کۆمەڵێ خەڵکی تریش هەن، کە دۆست و ئاشنای مەولەوی بوون، وەکو حاجی مەحموودی یارەویس، کە سەرکارو خەزنەداری محەمەد پاشاو مەحموود پاشای جاف بووە(109، ل 42). ئەم پیاوە لە تیرەی کلاّشی بووە، کە وەختی خۆی لە شارەزوور دانیشتوون. حاجی مەحموودیش لای بەگزادە جاف و شێخەکانی هەورامان ڕێزلێگیراوبووە.

مەولەوی پرسەنامەیەکی فارسیی بە بۆنەی کوژرانی کوڕەکەیەوە بۆ ناردووە، نووسیوویەتی: "**عریضهء این زخم زده هر طرف بخدمت سرکار محمود آقای مصرف امید است، که برسد، خامه بر روی نامهء ملالت علامت خواهد نوشت جراحت وفات فرزانه فرزنده سرکار ایشان چون زخم ممات جگرگوشهای این کمترین درویشان خطیر. نی نی چون آشنای معنوی ما بود، اثرش در دل خطرتر مینمود...**" (109، ل471).

مەولەوی چەند لاواندنەوەیەکیشی بەم بۆنەیەوە هەیە، ئەمە سەرەتای یەکێکیانە:

*بێ نازەن ئەسباب ئەسپ و سواریت*
*بێ کەیفەن ئەساس خاسەی شکاریت*
*یاوەران جەمەن، وادەی شکارەن*
*ئای لاڵ بام! سەدای تۆ نادیارەن*
*پەنهانەن سیمای سیمین وارەکەت*
*شێوەی کۆتەڵەن یادگارەکەت* (د، ل80)

شێخ عەزیزی جانەوەرەیش یەکێك لە هاوڕێ هەرە نزیکەکانی مەولەوی بووە. (گوندی جانەوەرە دەکەوێتە نێوان مەریوان و سنەوە). ئەمیش لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیربووە. شێخ عەزیز خەتی زۆر خۆش بووە، دەڵێن مەولەوی وتویەتی، شیعری من شایانی ئەوەیە شێخ عەزیز بە خەتە خۆشەکەی بینووسێتەوەو ناوی دەنگ خۆشێکی خەڵکی گوندی تووداریشی هێناوە... کە ئەویش بە گۆرانی بیڵێ (109، ل404).

مەولەوی چەند شیعرێکی بۆ شێخ عەزیز هەیە، بە ئەمیشی هەر وتووە (خاڵۆ). مەولەوی لە کاتی چوونی دووەمیدا بۆ سنە، ئاشنایەتیی لەگەڵ شێخ عەبدلقادری موهاجیری مەلای مزگەوتی سنەو براکانی: شێخ جاسم و وەسیم و نەسیمدا پەیداکردووە. شێخ عەبدولقادر و شێخ وەسیم کتێبی (**تهذیب الكلام**) یان داناوە. ساڵی (1854) پاش هەراکەی (کاروانسەرا)، ئەم برایانە هاتوونەتە هەورامان و دوایی چوونەتە شاری سلێمانی و بەردەوام خەریکی خزمەتی زانست و ئایین کردن بوون.

هەروەها مەولەوی هاوڕێیایەتییەکی زۆر بە هێزی لەگەڵ مەلا ئەحمەدی نۆتشیدا هەبووە. هەرچەندە مەولەوی، وەك وترا، چەند ساڵێك لەم گەورەتربووە، بەڵام بە مامۆستاو براگەورەی گیانیی خۆیی داناوە. لە کتێبە عەرەبییە بەناوبانگەکەیدا (**الفضيلة**) مەولەوی چەند شیعرێکی پێشکەشی مەلا ئەحمەد کردووە (109، ل402 – 403).

دەربارەی هەندێ لایەنی تری ژیانی مەولەوی زۆر کەم زانراوە. زۆر ساکار و خاکی ژیاوە، ئەوەی مەبەستی بووە، زیاتر دنیا فیکری و گیانییەکە بووە. هەرچەندە هەندێ پێشنیاری بۆ کراوە بچێتە شارە گەورەکان و مەڵبەندە کولتوورییەکانی ئەو سەردەمە، بەڵام کارێکی لایەق و شیاوی تەواو بۆ ژیان و گوزەرانی مەولەوی نەکراوە.

ئاشکرایە عەنبەر خاتوون خێزانی مەولەوی بووە، کە لە بنەماڵەیەکی ئەفغانی بووەو کەسوکاری هاتوونەتە کوردستانی بابان و لەناوچەی هەڵەبجە نیشتەجێ بوون.

مەولـەوی عەنبـەرخاتوونی ئێجگـار خۆشویـستووەو ژیـانێکی خێزانیـی بەختـەوەریان پێکەوە بەسەر بردووە. مردنی عەنبەر خاتوون یەکێك بووە لەو کارەساتە پـڕ ناسـۆرو خـەم هێنەرانەی، کە ژیانیان لە مەولەوی تاڵ و هەراسان کردووە. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەفەرموێ:"گەلێ پارچە شیعری ناسکی پڕ سۆزی لەلاواندنەوەیا (هـی عـەنبـەر خاتوونـدا) وتووە، کە بەرزترین نموونەی شیعری خۆشەویستی و لاواندنـەوەن لـە ئـەدەبی کوردیـدا"[31] (109، ل378).

مەولەوی منداڵ و نەوەی لەدوا جێماوە و تا ئێستەش خانەوادە و خزمی لە ناو خەڵکدا هەر خاوەن ڕێز و قەدرن.

شـاعیر سـەفەری زۆری کـردووە و شـارو دێهـاتی کوردسـتان و ئـەو ناوچـەو وڵاتانـەی دەوروبەر گـەڕاوە. نیـازی چـوونە حەجیـشی هـەبووە، بـەڵام تەگەرەیـەك کەوتۆتـە ڕێگـەی بەدیهێنانی ئەم نیازەی (92، ل303-304).

[31] مەولەوی ناسی ناسراو، مامۆستا سـەیید تـاهیری هـاشمی، وتـارێکی بـەم دواییـە دەربـارەی عەشـقێکی نائومێدی سەردەمی لاوێتیی مەولەوی بڵاوکردۆتـەوە دەڵـێ، مەولـەوی لـە سـەردەمی فەقێیەتییـدا لـە دێـی خانەگای ناوچەی هەورامان، دڵی بە کچی مامۆستاکەی، بە خاتوون ڕابیعەی کچی مامۆستا سەیید عومـەری خانـەگاوە بـووە. بـەڵام مەولـەوی لەبـەر دووریـی لـە زێـد و کەسـوکارەوە، هەلومـەرجی ژن هێنـانی بـۆ هەڵنەکـەوتووە. ئـەم عەشـقە نائومێـدە مەولـەوی هەژانـدووەو یەکـەم ئـاگری شـیعری لـەدڵ و دەروونیـدا داگیرسـاندووەو وای کـردووە، کـە عەشـقەکەی زیـاتر مەودایـەکی یـەزدانی پەیـدا بکـات و ببێتـە ئـەڤینی ڕاستەقینە. بڕوانە:"گۆڤاری سروە ساڵی یەکەم، ژ3، پاییزی 1364، ل 57-58".
ڕاسـتییەکەی مـن دوای نووسـینی باسـەکەم ئـەم وتـارەم بەرچـاوکەوت. لەبـەر ئـەوەش کـە ناتوانرێـت بـە شێوەیەکی ورد و ڕێك قۆناغەکانی شیعری مەولەوی دیاری بکرێت، چونکە مێژووی وتنی شـیعرەکان زۆریـان نەزانراون، بۆیە لە تواناادا نییە ڕەنگدانەوەی ئەم شکستەی تەمـەنیی لاویـی شـاعیر لـە شـیعرەکانیدا ڕوون بکرێتەوە. ئاشکرایە ئەم مەسەلەیە نەك هەر لە ئەدەبی ئێمەدا، بەڵکو لە هی زۆربەی میللەتانـدا، دەورێکـی کاریگەری لە داهێنانی ئەدەب و پارچەی هونەریی بەرزدا بینیوە.

مەولەوی قسەخۆش و حازربەدەست و نوکتەزان بووە، دەڵێن ڕۆژێك لە سنە دەیانەوێ بە گاڵتەوە تووڕەی بکەن، لێی دەپرسن، باشە تۆ دەڵێی لە ناوچەو زێدی خۆتدا ڕێزت زۆر لێ دەگرن، بەڵگەو مەدرەکت بۆ ئەمە چییە؟! مەولەویش بە گیانێکی گاڵتە بە هەموو کاروباری دنیایی هاتنەوە دەڵێ:" هەورامی کە لە (ئەوێهەنگ) کەرەکەی سەردەخا، دەڵێ: هەچە دەی! بەخوا ئەگەر وەکو مەولەویش بیت هەر سەرت ئەخەم" (92، ل 303 – 304).

لای خەڵكی تاوگۆزی هەر بە باوە مەولەوی بەناوبانگە و سوێندی گەورەش هەر بە گۆڕی ئەم دەخورێت. پیرۆزییەتی ناو و شەخسییەتی مەولەوی گەیشتۆتە ڕادەیەك، تەنانەت خەڵكی سەر بە ئایینی (ئەهلی حەق)یش کە چ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئایینی ئیسلامەوە نییە، بە پیاوی خواو چاوکراوە و ڕاستی بۆ دەرکەوتووی دەزانن.

هاوینی ساڵی (1972)، لە سەرشاتە، سەیید موحسینی نەوەی مەولەوی ئەوەی بۆ باسکردم کە لە دەوروبەری ئەو گۆڕستانەی مەولەویی لێ نێژراوە خەڵك ڕاوی باڵندەو حەیوانات ناکەن.

لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا مەولەوی گەلێ کارەساتی جگەربڕی تووش هاتووە. عەنبەر خاتوون کۆچی دوایی کردووە، کتێبخانەکەی سووتاوە، دەبێ چ شیعر و بەرهەمی ناوازەی تێدا سووتابێ! دەڵێ:

*بڕیان تای ڕوباب قافیە خوانیم*
*نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم*
*دەمەی هەناسەی گەرم تارەکەم*
*نە کوورەی دەروون پڕ جەخارەکەم*
*ئایردان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم*

*سۆچنان کتاو مەجموعەی فەردم* (د، ل194)

باسی دەردی پیری و گیروگرفتی ئەم قۆناغە خەمهێنەرەی تەمەن لە شیعرەکانی مەولەویدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەم شیعرانە پڕن لە خەمی قووڵی مرۆڤ لە ئاست ئەو تەلیسمە هەڵنەهاتووەی هەستیدا — مردن. هەرچەندە شاعیر پاساو و سەبووریی لە دنیای ئایدیالیی خۆیدا بۆ ئەم کارەساتە لا هەیە:

*وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین*
*شکۆفەی باغچەی پیری دڵگیرین*
*شکۆفەی باغچەی پیری سفیدەن*
*سەرمایەی میوەی عیرفان هەر ئیدەن*
*نە باغچەی سونبوڵ تار مووی تاردا*
*سپی شکۆفەی پیریم دیاردا*
*باقەی زویری و زاری و دڵگیریم*
*پەی پەی زیاد کەرد پەژارەی پیریم*
*ئاخر ڕۆی وەهار نەوجوانیمەن*
*ئەوەڵ ڕۆی پاییز زیندەگانیمەن*
*هەناسەم چون بای خەزان مەخێزۆ*
*پەی پەی بەرگ شاخ شادیم مەڕێزۆ*
*خەدەنگ باڵا م چەمان کەمان وەرد*
*ڕاست وە نیشانەی فەنا ڕوو ئاوەرد* (د، ل 457 – 458)

حەوت ساڵیش پێش لە دنیادەرچوون، دیدەکانی مەولەوی لێڵاییان داهاتووە. گەلێ شیعری ناسکی دەربارەی جاران و سەردەمی چاو ساغیی وتووە، کە هەمووی ئاخ

هەڵکێشانە بۆ شەنگیی سرووشت و دەوروبەر و چێژ لە جوانیی وەرگرتنی. لە شیعرێکدا باس لە عەشقی ئاگرینی دەکاو بە پیر دەڵێ، وەرە ناوچاومەوە ئێستە وادەی بەیەك گەیشتنە، چونکە جاران بینایی دەبووە ملۆزم. لێرەدا هەر مانایەکی تریشی هەیە، واتە تۆ وەرە چاوم ڕۆشن کەرەوە و جێی بینین بگرەوە:

*وەخت چەم نە چەم شێوەت دیاربی*

*جە لام فەصل وەصل بەزم ئەغیار بی*

*ئێستە لێلایی گرتەن دوو دیدە*

*خەڵوەتەن، سا بۆ ئەی بەرگوزیدە!* (د، ل 479)

مەولەوی ساڵی (1882) کۆچی دوایی کردووە. لە سەفەرێك دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی نابینابووە، کابرایەك وڵاخەکەیی ڕاکێشاوە، خۆی بە کابرای وتووە، کە گەیشتیتە دارەکەی لای (هانە سوورە) (گوندێك بوو نزیك هەڵەبجە) ئاگادارم بکە با سەر دانەوێنم. کابرا لە بیری دەچێ و مەولەوی سنگی دەدا بە دارەکەداو دەکەوێتە خوارەوە و پشتی دەشکێ و بۆ یەکجاری دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ و لە گۆڕستانی (ئەسحابە)ی نزیك (سەرشاتە) بە خاکی دەسپێرن.

مەلا حامیدی کاتبی شێخی سیراجەددین ئەم شیعرەی لە لاواندنەوەیدا داناوە:

*یێسمان گر خون ببارد بر وفات مولوی*

*زیبد از برگ سیە پوشند اهل دنیوی*

*مجمع علم و عبادت مخزن صدق وصفا*

***مظهر عقل و درایت میر ملك معنوی***

----

*فارسی نظم و قصاید در حقیقت در مجاز*

*ریزه چین خوان جودش صد امیر دهلوی*

*بهر تاریخ وفاتش انقدر کردیم فکر*

*کاسمان (غش) کرد بر مرگ جناب مولوی*[32] (109، ل366)

مەولەوی کۆمەڵێ بەرهەمی فەلسەفی و ئەدەبی و ئایینی بۆ بەجێ هێشتووین. لە خوارەوە زۆر بە کورتی لێیان دەدوێم:

1ـ (**الفضيلة**) ئەم بەرهەمەی بە عەرەبی و بە شیعر نووسیوە، (2031) بەیتە، ساڵی (1868) تەواوی کردووە، باسی زانستی ئوسوولی ئایینە. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیەکی قووڵ و زانستیانەوە کە (819) لاپەڕەی لێ دەرچووە، بڵاوی کردۆتەوە (176). دەسنووسەکە کۆمەڵێ سەرنج و لێکدانەوەی مەولەوی خۆیی لەسەرە. ئەم کتێبە لە حوجرەکاندا خوێندراوە. گەلێ لایەنی فەلسەفەی ئیسلامی — زانستی کەلامی، لەم بەرهەمەیدا باسکردووە. بۆ نموونە، ئەمانە هەندێکن لەسەر باسەکانی:"باسی زانستی کەلام و ڕوونکردنەوەی بابەت و مەبەستی ئەم زانستە" "ئایا زانست سنووری بۆ هەیە؟"، "بوون دانەبەر زەین"، بەشکردنی بوون (هەستی)"، "ماهییەت"، "قەدیم و حادث"، "هۆ و هۆکار"، "چەند و چوون"....هتد.

ڕاستییەکەی ئەم کتێبە هی خەڵکی پسپۆڕ و مەلای زاناو شارەزایە و بەبێ لێکدانەوە و شیکردنەوەکەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس تێگەیشتنی قورس و مەحاڵە.

2ـ (**العقيدة المرضية**). کتێبێکی کوردییە بە شیعر نووسیویەتی، (2452) بەیتە. دەربارەی بیروباوەڕی فیرقەی ئەشعەرییەیە. مەولەوی و حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخی سیراجەددین، پەراوێزیان لێ کردووە. لەم کتێبەدا مەولەوی لە هەندێ چەمکی، وەکو:

---

[32] بە حسابی ئەبجەد ساڵی مردنەکەیەتی کە 1300 کۆچییە

(باوەڕ)، (بوون و پێویستی)، (باوەڕ و یەزدان)، (زانست و ژیان)، (جوانی و ناشیرینی) و گەلێ مەسەلەی تر دواوە.

3ـ (الفوائح). کتێبێکە بە شیعرەو بەزمانی فارسی هۆنراوەتەوە لە (هەزار بەیت) زیاترە. لەمیاندا مەولەوی، لە هەندێ چەمکی وەکو سیفاتی خواو کرداری و نەزانینی ڕاستیی تەواو دەربارەی ئەوەی چۆن بوون و دنیای درووستکردووە — دواوە. (محێدین سەبری نەعیمی کانی مشکانی) ئەم کتێبەو (عەقیدەی مەرزیبیە)ی بەیەکەوە ساڵی (1932) لە قاهیرە لە چاپداوە.

4ـ (عەقیدەی مەولەوی) ئەم کتێبەی (110) بەیت شیعری کوردییە. دیارە ئەمەی بۆ سوختەو قوتابیی تازە دەست پێکردوو و بۆ ڕاهێنانیان لەسەر بیرو باوەڕە سەرەتاییەکانی ئیسلام — داناوە. شێخ عەلی قەرەداخی، لە بەغدا ساڵی (1977) لە چاپیداوە و بڵاویکردۆتەوە.

5ـــ نامەکانی مەولەوی سەرچاوەیەکی بەکەڵکی زانینی هەندێ لایەنی ژیانی مەولەوین. (38) نامەی بەدەست کەوتوون. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بۆ یەکەمجار ساڵی (1983)، لە بەرگی دووەمی (یادی مەردان) لەو بەشەدا کە بۆ ژیان و بەرهەمی مەولەوی تەرخان کراوە — بڵاوی کردوونەتەوە. بەپێی ئەو هەموو دۆست و ئاشنایانەی هەیبوون، دەبێ گەلێ لە نامەکانی لە ناوچووبن. ئەوانەی چاپکراون دیارە لەبەر ئەسڵی نامەکان نووسراونەتەوە. زۆریان کاتی نووسینیان لەسەر نییە. لە یەکێکیاندا بە شیعر ساڵی لە دایکبوونی نەوەیەکی تێدا دیاری کردووە، کە (1297ك/1879ز). هەروەها ڕایەکی وا هەیە، کە دوانیان ساڵی (1258ك/1868ز) نووسرابێتن (109، ل474). شانزەشیان ناوی کەسیان بە سەرەوە نییەو نازانرێت بۆ کێ نووسراون. ئەوانەی تریان بۆ ئەم کەسانەن: نامەیەکیان بۆ شێخی سیراجەددینە، دووانیان بۆ فەرهاد میرزا نووسراون،

دووانیان بۆ حاجی مەحموودی یارەویسن، دووانیان بۆ شێخ عەبدوڵڵای کوڕی مەولەوین، سەرو نامەشی بۆ فەخرولعولەما و کاك ئەحمەدی شێخ و خەڵکی تر نووسیووە.

نامەکانی باسی هەست و دڵسۆزیی شاعیرن بۆ ئەو کەسانەی بۆی نووسیوون. پڕن لە ڕێز و خۆشەویستی و سۆز و بە گەلێ زاراوەی سۆفییانەش ڕازاونەتەوە. یەکێ لەو نامانە سەرخۆشی لێکردن و دڵدانەوەی هاوڕێیەکییەتی. نامەیەکی تریان گلەیی و سەرزەنشت ئامێزە. هەر یەك لەم نامانە بۆ خۆیان، ئەگەر لێیان ورد ببینەوە و بتۆژینەوە گەلێ لاپەڕە و لایەنی ژیانی مەولەویمان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە. بۆ نموونە، ئەو نامانەی بۆ شێخی سیراجەددین، بەهائەددین و کاك ئەحمەدی شێخی نووسیون، ڕادەی خۆشەویستی و ڕێزی شاعیر بۆ ئەو زاتانە و بەهێزی و قەڵەم ڕەنگینی مەولەویمان بۆ دەردەخەن. ئەو نامەیەی بۆ حاجی مەحمودی یارەویس و ئەوەی بۆ عەبدوڵڵای کوڕی نووسیونی، باسی هەڵسووڕاندن و ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەن (109، ل472، 474، 469، 470).

لەو نامانەشدا کە بۆ مەحمود پاشای جافی نووسیوون، هەڵوێستی ڕاستەقینەی شاعیرمان بەرانبەر بە دەستەڵاتداران بۆ دەردەکەوێ. مەولەوی لەم نامانەدا بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە هەندێ هەڵسوکەوتی پاشاو دەور و پشتەکەی دەگرێت.

لەو دوو نامەیەدا، کە بۆ فەخرولعولەماو فەرهاد میرزای فەرمانداری کرماشانی ناردووە، مەنتیقی بەرز و توانای مەولەویمان لە گفتوگۆ و دەمەتەقێی ژیان و بیردا بۆ دەردەکەوێ. لێرەدا ڕادەی زانایەتی و بەرفراوانیی گۆشە نیگای مەولەوی بە ئاشکرا دیارن. ئەم نامانە زیاتر باسی هەراو ئاژاوەی (کاروانسەرا)ن، کە لەمەوبەر باسکرا.

نامەکان بە فارسی نووسراون و جاروبار شیعری کوردی و عەرەبییان تێهەڵکێش کراوە. لە ڕووی هونەرییشەوە چ وەك ژانری نامە نووسین و چ وەك ئاستی بەرزی پەخشانی مەولەوی نرخ و بایەخی خۆیان هەیە.

هەروەها نامیلکەیەکی لەبارەی سەلماندنی ڕاست و درووستیی (**رابطە**)وە، کە یەکێکە لە ئادابی تەریقەتی نەقشبەندی، بە فارسی نووسیووە، بەلام هێشتا لە چاپ نەدراوە. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەفەرموێ کە مەولەوی یادداشتی خۆی نووسیووەتەوە و هۆ و بۆنەی شیعرەکانی خۆیی لە نوسخەیەکدا ڕوون کردۆتەوە (109، ل368). بەڵام شوێنەواری ئەم دوو بەرهەمەی کە بەڕاستی ئەگەر لەبەردەستتدا بوایەن، پاڵپشت و دەسگرێکی گەورەی تۆژینەوەی ژیان و شیعرەکانی دەبوون — لە هیچ کۆییەك دیار نییە.

دیوانی شیعری — لیریکای مەولەوی بەهادارترین بەرهەمی ئەوە و بۆ سەرجەم ئەدەبی کوردیش پایە و جێگەی گرنگ و تایبەتیی خۆیی هەیە.

پیرەمێرد دیوانەکەی (ئەسڵ و ڕۆحەکە)ی بە گۆرانی و کرمانجیی خواروو لە دووو بەرگدا یەکەم ساڵی (1935)، بەگی دووەم ساڵی (1940) لە چاپ داوەو پێشەکیی بۆ نووسیوون. لەم چاپەدا تەنیا (88) غەزەلی بلاّوکراونەتەوە. کاکەی فەلاحیش ساڵی (1968) تەنیا ڕۆحەکەی لە چاپەکەی پیرەمێرد بلاّوکردۆتەوە.

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی زانستی و تا ڕادەیەکیش بە ڕەچاوکردنی تێکستۆلۆگییەوە ساڵی (1961) دیوانی مەولەویی لە بەغدا بلاّوکردۆتەوە.

پێشەکییەکی پێنج لاپەڕەیی و دووانزە لاپەڕەش ژینNامەی مەولەوی لە سەرەتای دیوانەکەدا نووسیووە. ئەم دیوانە (2426) بەیتە. بلاّوکردنەوەی ئەم دیوانە بەردی بناغەی پەیدابوونی زانستی تێکستۆلۆگییە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. نەك هەر لە لایەن ئەدیب و زانایانەوە، بەڵکو لە لایەن جەماوەری خوێنەرانیشەوە زۆر بەرز نرخێندرا[33].

[33] لە (یادی مەردان)دا باسی ئەوەکراوە، کە کۆمەڵێ شیعری چاپنەکراوی مەولەوییان لا هەیە و هەندێ نوسخەی جیاوازیشیان دەست کەوتووە و بەتەمان بەشێوەیەکی ڕێك و پێکتر و وەکو دیوانی نالی و مەحوی و ... هتد دیوانەکەی مەولەویش لە چاپ بدەنەوە (109، ل367).

دنیای بیرو بۆچوون و سیستێمی وێنەی شیعریی مەولـەوی، قـووڵ و قورسـن و هـەموو کەس دەرۆستیان نایە. هەر بۆیەشە کارێکی قورسی زانستیی وا گرانـی لـە عۆدەنـەهاتوو، تـەنیا بـە زانایـەکی دیـاری شـارەزای فەلـسەفەی ئیـسلام و سـەرجەم کولتـوور و ئـەدەبی رۆژهەلاتی وەکـو مـەلا عەبدولکـەریمی مـودەڕیس دەکـرا. خـۆی دەفـەرموێ:".. منـیش دەمێکە خەریکی کۆکردنەوەی شیعری مەولەویم و ئەیاننووسمەوە. تا لـەم دواییـەدا تـوانیم بەری ئەو ڕەنجی چەند ساڵەیەم بکەم بـەم کتێبـە، و بـۆ بـەجێهێنانی هەنـدێك لـە واجیبـی سەرشانم بەرامبەر ئەدەبی نەتەوایەتیمان پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بکەم..

لەم کتێبەدا بۆ ئاسانی هاتووم پارچە هەڵبەستەکانم بـە پێـی تیپـەکانی (ئـەلف و بـێ) ڕێکخستووە لەسەر بنچینەی تیپـی یەکـەمی یەکـەم شـیعری هـەر پارچـە شـیعرێك و بـە گوێرەی ئەوەی کە دیومە نووسراوە یـا لـە شـارەزایانم بیـستووە هـۆی دانـانی هەنـدێکیانم باسکردووە و مەعنای ئەو وشانەم لێداوەتەوە، کە بەئاسـانی نـازانرێن، یـا تـەنها هـەر لـە شێوەی شـیعری کۆنمانـا بـەکارهێنراون. ئەگـەر شـیعرێك تـەنها بـە لێکدانـەوەی مـەعنای وشەگرانەکانی نەزانرێ، پوختەی مەعنای ئەو شیعرەشم لێداوەتەوە. ئەگەر مەعنای چـەند شیعرێکیش بەسرابێ بە یەکەوە، مەعنای هەموویانم لە ئاخرا پێکـەوە لێکداوەتـەوە"(د.، ل، ج).

دواتر مودەڕیس دەڵێ، کە هەندێ زاناو کەسانی شارەزاو هەواداری شـیعری مەولـەویی وەکو سەیید تاهیری هاشمی و حەسـەن فـەهمی بـەگی جـاف و حـاجی حەیـدەری کـوڕەزای حاجی مـەحموودی یـارەیس و... هتـد یارمـەتییان داوە. ئەمـەش کەرەسـەیەکی چـاك و دەوڵەمەندی خستۆتە بەردەستی و ئەو کارە بەنرخەی لێ هاتۆتە ئەنجام.

ئەو مەڵبەندو شوێنەی (مەبەست هەورامانە) کە مودەڕیسی تیا هەڵکەوتووە لەبارترین و چاکترین جێگایەك بووە بۆ مەولەوی ناسین و ئەمەش یەکێکـە لـەو هۆیانـەی کـە کـەس

وەك ئەم زانایە نەیتوانیوە لە بەرهەمی مەولـەوی بگـات. مـودەڕیس وەکـو مەولـەوی لـە هەمان دەوروبەر و هەلومەرجدا، لە نزیك شێخەکانی هەورامانەوە پێگەیشتووەو خوێنـدنی تەواو کردووە. زانای مودەڕیس لە گۆشـەنیگای فەلـسەفی و سـەرەنجەوە بـۆ دنیـا و بـوون، سۆفی مەشـرەب و جـوانیی موتڵـەق ناسـە، بۆیـە هـەر لایـەق بـە ئـەوە دیـوان و شـیعری کلاسیکی کـوردی، بـە تایبـەتیش شـاعیرەە ئازیزەکـەی مەولـەوی لێکبداتـەوە و بیخاتـە بەردەست نەوەی تازەپێگەیشتووی دنیای ئەدەب و خوێنەرانەوە. ڕاستییەکی کـوت ومتـە، ئەگەر بوترێ بێ ئەو مانا لێکدانـەوەو پـەراوێز و شـەرحانەی مـودەڕیس، لـە توانـای هـیچ کەسێکی تازەکوورەدا نەبووە و نییـە، کـە دەم لـەوەوە بـدات لێکۆڵینـەوە لەسـەر شـیعری مەولەوی بنووسێت. دەست نیشان کردنـی هـۆ و بۆنـەی شـیعرەکان، ئاماژەکردنی ئایـەت وحـەدیس و هونـەری بـەلاغی و گـەلێ لایـەنی هونـەریی تـر، چـراوگن و هـۆش و زەینـی خۆخەریککەران بە دیوانی مەولەوییەوە ڕۆشن دەکەنەوە و ڕێگای ئـاڵۆز و سـەختی دنیـای شیعری مەولەویی نیشان دەدەن.

سەرنجێك ئەگەر دەربارەی ئـەم چاپە هـەبێت، ئەوەیـە، کـە وەك چـاپی دیـوانی نـالی، مەحوی... هتد زانستی تێکستۆلۆگییان تەواو تێدا ڕەچـاو نـەکراوە. دەبـێ ئـەوەش لەبـەر چاوبگرین، کە ئەم دیوانە ساڵی (1961) دەرچووە و بـۆ ئـەو ڕۆژگـارە و بـۆ ئێـستەش و هەتا ئـەو بنەماڵەیـە چـاپی دووەمیمـان بـۆ دەخەنـە کتێبخانـەی کەساسـی کوردییـەوە، بەنرخترین و تەنیا سەرچاوەی لە شیعری مەولەوی تۆژینەوەیە.

لێـرەدا ڕای هەنـدێ لـە ئـەدیب و نووسـەرانی کـورد، دەربـارەی چـاپی مـودەڕیس دەهێنمەوە، بۆ نموونە کاکەی فەلاح دەڵێت:"بەشـی ئەسـڵەکەمان (کـە هەورامییەکەیـەتی) نەك هـەر لەبەرئـەوە بڵاونـەکردەوە، کـە پیرەمێـرد لـە کـاتی خۆیـا بـە دوو بـەرگ لەگـەڵ ڕۆحەکەیا بڵاوی کردۆتەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کـە مامۆسـتای وێـژەوان و زانـای ناسـراوی

کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس هەموو بەشی هەورامییەکەی لە دیوانێکی گەورەدا بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیەکی ورد و شارەزایانە و تەواوەوە بەچاپ گەیاندو بڵاوی کردەوە (113، ل8)..

نووسەری کۆچکردوو ئە. ب. هەوری دەربارەی دەڵێ:"مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دیوانی مەولەویی کۆکردۆتەوە و بە شێوەیەکی جوانی زانایانە لەسەری نووسیوە و چاپی کردووە..." (127، ل14).

شێخ عەلی قەرەداخیش، ستایشی ئەم کارە سی ساڵەییەی مودەڕیسی کردووە و بە دیاردەیەکی ناوازەی زانستیی دنیای ئەدەبیاتی کوردی داناوە (101، ل265).

هەر بە پشت بەستن، بە چاپی مودەڕیسی دیوانی مەولەویش، من ئەم باسەم دەربارەی لیریکای مەولەوی نووسیووە.

# بەشی سێیەم

# دیوانی مەولەوی: ژانر، بابەتی لیریکی و لایەنە هونەری و ئیستێتیکییەکانی

دیوانەکەی مەولەوی لە ڕووی ژانرەوە دەکرێت بەسێ بەشی، لەڕووی زۆر و کەمییەوە – جیاوە: فەرد 31 بەیت، دووبەیت-39 (78 بەیت)، غەزەل -213 (2319)بەیت.

دیوانەکە بە گوێرەی پیتی یەکەمی سەرەتای شیعرەکانی ڕێکخراوە. غەزەل ژانرێکی بنەڕەتیی بەرهەمی لیریکیی مەولەوییە و ئەم بەشەی باسەکەش زیاتر بۆ ئەم ژانرە تەرخانکراوە. پێش لێکۆڵینەوەی غەزەلەکانی بە شێوەیەکی کورت، لە فەرد و دووبەیتەکانی مەولەوی دەدوێم.

## فەرد

ژانری فەرد – دوو نیوە دێڕە شیعرە، کە یەك قافیەیان هەیە. بابەتێکی مەوداکورتی شیعرییەو لە ئەدەبی کوردیشدا دیاردەیەکی باو نییە. لەو شیعرو بەرهەمانەی لەبەردەستدان و بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو نووسراون لە شیعرەکانی مەلای جزیری (1407 – 1481)، ئەحمەدی خانی (1650 – 1706)، فەقێی تەیران (1302 – 1376)... هتد دا فەرد نییە. شاعیرانی دیالێکتی گۆرانیش، ئەوانەی پێش مەولەوی فەردیان نەنووسیووە. مەولەوی یەکێکە لەو شاعیرانەی ئەم ژانرەی هێناوەتە شیعری کوردییەوە. وەك وترا، 31 فەردی هەیە.

فەرد لای مەولەوی – ژانرێکی لیریکییە و بە شێوەی هونەریی جۆراوجۆر دەربڕدراوە. بە شێوەیەکی گشتی، فەردەکانی مەولەوی لەم بابەتانەن: 18 (58٪) یان فەلسەفەی ژیان و پەندی شیعرین، 10 (32٪) یان هی خۆشەویستی و ئەڤینن، هەروەها 3 (10٪) فەردیشیان، نیگارکێشانی سرووشتن.

فەردەكانی مەولەوی، دەربڕی شەپۆلی یەك لە دوای یەكی بەردەوامی هەست و ئەندێشەی شاعیرن. باسی خەمی لە ناكاو پەیدابوون، لە ئالۆزی و سەختیی ژیانی مرۆڤ دەدوێن، جاروبار گلەیین لە چورتمی ڕۆژگار و چارەنووس، هەندێ جاریش چۆكدانەدان و خۆگرتنی شاعیرمان نیشان دەدەن:

*ئای چەن سەرچەنگ چەرخ چەپ وەردەم!*

*چەرخ چەن چەرخاو من مام نەمەردم!* (د، ل 59)

مرۆڤ لە كاتی تەنگانە و نیگەرانیدا، كە ڕووی دەمی كردۆتە كردگار، لەگەڵ هاناوپەنا بۆ بردنیشدا، هەمیشە لە گلەیی وگازندەی خۆی نەكەوتووە: هەموو بەرەو كۆتایی — سەرەتا دەگەڕێینەوە و ئەمەش كاری یەزدانە و دەبێ ڕۆژی دادگا سەختەكەش ببینین:

*هەرچیت دابوو پێم، یەك یەك دامەوە*

*حیساب حەشرت وا وە لامەوە* (د، ل533)

شاعیر باسی گوناهان دەكات، چارەنووسی خۆیی لە دوێتی گوناه هەڵكێشاوە و بەمەش دەرگاكانی بەهەشتی لەسەر خۆی داخستووە و ئەوانەی دۆزەخی بۆ خۆی خستۆتە سەرپشت:

*سفیدیم ئاوەرد، سیاییم پێ ڕەشت*

*هەفتم كەردەوە، گرێمدا لە هەشت* (د. ل295)

ئەو فەردانەی دەربارەی ئەڤینن، گەلێك تەڕ و پڕ جۆش و خرۆشن. زۆرتر نموونەی پەیمان و بەڵێنی دڵدارانانەن، باسی ئەمەك و وەفای خۆشەویستین:

*سەنگیی سەنگ و خاك نە سەر دۆشم بۆ*

*مەر ئەوسا مەیلت فەرامۆشم بۆ* (د.، ل296)

گەلێ جار، فەردەکانی مەولەوی پەندی خۆشەویستی و باسی سۆز و لە ئەڤیندا توانەوەن:

*تا وە زوڵف و ڕووی تۆ تەماشامەن*

*ئەدای نمای فەرز سوبح و عیشامەن* (د.، ل 137)

زۆرجار ئەم هەست و ئاگری ئەشقە بێ سنوورە، بە وشەی شیرین و پڕ ئاوازەو دەنگ و ڕەنگ نیگارکێش کراون:

*هەر یەند دڵ لەب ڕێز خەیاڵ خاڵەن*

*جە خەیاڵ خاڵ ماچی خاڵ خاڵەن* (د. ل533)

شاعیر بە مەودایەکی دوو لایەنەوە: سرووشت- مرۆڤ، بابەتی خۆشەویستی و دیمەنەکانی سرووشتی تێهەڵکێش کردووە، جاری وا هەیە، ئەم وێنە ورد و ئاڵۆزانەی بە تفاق و کەرەسەی کاری ڕۆژانەی ژیانی دێهات و گێرەو کێشەی خەرمان نەخشاندووە:

*خەرمانی خەمان ها وەکەل باوە*

*شەنکەر یەکێکە دووشەن وە لاوە* (د.، ل 203)

هەروەها شاعیر ئەو دیاردە سرووشتییانەی، کە لە ناو خەڵکدا پەندو تاقیکردنەوەو بیری وردیان لێ هەڵگوزراوە، دەکاتە کەرەسەی هەندێ لە فەردەکانی و بابەتی لیریکییان پێ دەردەبڕێ، بۆ نموونە بایەقوش، کە ڕەمزی ئاشووب و شملّی شەڕە:

*قوولەی بایەقوش سوب وە هەردەوە*

*زام کۆنە و نۆم تازەکەردەوە* (د.، ل353)

جارجار مەولەوی خۆی بە سرووشت دەچوێنێ:

*چون شەماڵەی نوور گرگرانمە*

*پەی پاس ماران زەنگ زرانمە* (د.، ل 187)

یەکێك لە خەسیەتە هەرە تایبەتییەکانی فەرد وەك بەرهەمێکی لیریکی ئەوەیە، کە زیاد لە هەموو شێوەیەکی شیعریی تر بۆ چڕکردنەوە و زووهاتنەدەم و پەندوتن دەست دەدات. لە ڕۆژهەڵات، هەمیشە شیعری لە ناکاو و دەمودەست بۆ هاتووی شاعیریان دەربارەی ئەم بابەت و ئەو ڕووداو — زۆر بەرز نرخاندووە. لەم ڕووەوە، فەردەکانی مەولەویش نموونەی دەستەڵات و توانای هونەریی لەبن نەهاتووی شاعیرن. هەندێ لە فەردەکانی بەڵگەی ئەوەن، کە شاعیر لە یەکەم نیگاو سەرنجیدا بیرێکی بۆ هاتووەو لە دێڕە شیعرێکدا دایڕشتووە:

*پیری و فەقیری و کەثیفی، هەر سێ*

*نەبۆ وە هیجران بار هیچ کەسێ* (د.، ل113)

مەولەوی هەندێ لە فەردەکانی بۆ کێبڕکێ لەگەڵ شاعیرانی تردا بەکارهێناوە. ئاشکرایە ئەم جۆرە شیعرەش، لە ڕۆژگاری کۆندا، لەو ڕۆژهەڵاتە بایەخێکی زۆری پێدراوە. زیبا خانم، کە ژنە شاعیرێکی سنەیی بووە، بەم فەردە ڕووی دەمی لە مەولەوی کردووە:

*هەر کاتیت زانا، چەم دا وەهەمدا*

*باڵەخانەی چەم دا وە ڕووی چەمدا* (د.، ل203)

زیبا خانم لەم فەردەدا یاریی بە وشەی (چەم) کردووە. چەم دوو مانای هەیە: چاو و چەم. هەروەها شیعرەکەش بە دوو جۆر لێکدەدرێتەوە، یەکێکیان مەبەست ئەوەیە، کە خودا ئەگەر لە بەندەی خۆی تووڕەببێ و چاوبدا بەیەکدا لافاو هەڵدەستێ و باڵەخانەی سەرچەم دەدا بە ڕووی چەمەکەدا، واتە، نوغرۆی دەکات. مانا شاراوەکەشی ئەوەیە، کە یەزدان چاوی ڕقی دا بەیەکدا، چاومان پێ لێکدەنێ و لە ناومان دەبا (د.،، ل203).

مەولەویش یەکسەر بەم شیعرە وەڵامی داوەتەوە:

*خاست فەرماوان ئەربابەکەی خەم*

*ساکن نە گۆشەی باڵەخانەی چەم* (د.، ل203)

باڵەخانەی چەمیش دیسان مەبەست لە باڵەخانەی گوێی چەمە لە سەرێکەوەو لەسەرێکی تریشەوە، واتە نیشتەی چاوەکانی.

مەولەوی لەم فەردانەدا، کێشی دەپەنجەیی — کە لە ناوەڕاستیدا ئیستێکی تێ دەکەوێ — بەکارهێناوە. ئاشکرایە ئەم کێشە لە شیعری فۆلکلۆریی کوردیدا زۆر باوە. بەڵام قافیەکانی هەمە چەشنەن: یەك پەنجەیی، دوو یان سێ پەنجەیین.

شایانی باسە، لە فۆلکلۆری کوردیدا فەرد هەیە و پەندو قسەی نەستەق و هەندێ بابەتی تری پێ وتراوە. لەم ڕووەشەوە، فۆلکلۆری کوردی بۆتە هەوێن و یەکێك لە سەرچاوەکانی فەرد لای مەولەوی. بۆ نموونە، فەردێکی مەولەوی، تەئسیرێکی ئاشکرای ئەم دێڕە فۆلکلۆرییەی پێوە دیارە:

*ئەگەر مەیلەکەت فەرامۆشم (بۆ) بێ*

*سفیدی کفن باڵا پۆشم (بۆ) بێ* (93، ل 105)

فەرد لە شیعری کلاسیکیی فارسیدا، ژانر و دیاردەیەکی پێڕەوکراو و باوی لیریکی بووە، بێگومان ناشێ کاری لە مەولەویش نەکردبێ و وا پێدەچێ لە دوای فۆلکلۆر، مەولەوی ڕێچکەیەکی تایبەتی و تازەی لەو شارێیانەوە بۆ خۆی گرتبێ...

ئەم هەنگاوەی مەولەوی نوێخوازانە بووە و بەمەش شیعری کوردیی دەوڵەمەند کردووە. ئەم شاعیرانەی قوتابخانەی بابان، کە دوای مەولەوی هاتوون و بە کرمانجیی خواروو شیعریان وتووە، شاعیرانی وەکو نالی، مەحوی (1830 – 1904)..هتد. شوێن پێی مەولەوییان هەڵگرتووە و ئەوانیش ئەم ژانرە بەبایەخەیان بۆ بەپێزکردنی شیعرەکانیان و فراوان کردنی چوارچێوەی بەرهەمیان بە ناوەرۆکی تازەوە بەکارهێناوە.

## دوو بەیت

ژانری دووبەیت — چوارینەیەکە، کە لیریکی خۆشەویستی و ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئایینی دەگرێتەخۆ، ئەمیش لە شیعری کوردیدا، دیاردەیەکی زۆر باو و بەربڵاو و گەشەسەندوو نییە.

دووبەیت لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە. جاروبار گۆرانیی فۆلکلۆری بە دووبەیت و قافیەیەکی جیاواز کۆتایی دێت. دووبەیتە فۆلکلۆرییەکان چەند فۆرمێکی جیاوازیان هەیە. بۆ نموونە چوارینەیان هەیە. کە قافیەکەی aaba یە:

Henar, henar, henare
Derd u dermanim yare
Em cejnem be bê to kird
Taie wek jehrî mare (85)، ل68

یان دووبەیتی باو کە قافیەکەیان بەم شێوەیە، a a b b:

Name enûsim be xuêni diĺim
Eydem be şemaĺ bîba bo gûĺim
Naydem be şemaĺ pêç u penaye
Bo xom boy de bem daxim le diĺaye (85)، ل68

بنەوانی دووبەیتی شیعری نووسراوی کوردی، چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانییە (935-1010)، کە بە دیالێکتی لوڕین. بێگومان چوارینەکانی باباتاهیر کارێکی زۆریان کردۆتە سەر ئەو شاعیرە کوردانەی دوای خۆی بەم فۆرمە شیعریان وتوە. کەمێ دووبەیت و چوارینە لە بەرهەمی ئەو شاعیرانەدا هەن، کە بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو نووسیویانە بۆ نموونە، لە دیوانە چاپکراوەکەی مەلای جزیریدا (17) چوارینە هەیە.

هەروەها شاعیرانی قوتابخانەی بابان، بەم فۆرمە، شیعریان وتووە. دیوانەکەی نالی (2) دووبەیت و ئەوەی مەحوی (45) چوارینە و (3) دووبەیتیان تێدایە.

لە ئەدەبی دیالێکتی گۆرانیشدا، دووبەیت دیاردەیەکی زۆر بێ نموود و لاوازە. لە دیوانەکەی سەیدیی هەورامیدا سێ دووبەیت و لای ئەحمەد بەگی کۆماسیش تاك و تەرایەك دووبەیت هەن. بەڵام شاعیرێکی جێگە دیاری وەکو بێسارانی، لەو بەرهەمانەیدا کە لە بەردەستدان دوو بەیتیان تێدا نییە. کەچی مەولەوی لەچاو شاعیرەکانی تری دیالێکتی گۆرانیدا بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دووبەیتی نووسیووە. 39 دووبەیت لە دیوانەکەیدا هەیە.

مەولەوی دووبەیتەکانی وەك سەرجەم شیعری لیریکی تری، هەر بەکێشی دە پەنجەیی نووسیووە، کە ئیستیان تێدەکەوێ، بەڵام قافیەکانی هەمە جۆرن، قافیەی aaba, ababی هەیە، زۆربەشیانی بەم جۆرە قافیەیە: aabb نوسیوە.

بابەتی دووبەیتەکانیش هەمە ڕەنگن: 12 دووبەیتی (30.7٪)ی نامەو قسە لەگەڵ بەرانبەردا کردنە، 10 دووبەیتی (25.25٪) شیعری خۆشەویستین، 12 (30.7٪) تریان سکاڵای زاتی و هەستی دەروون دەربڕینن، 3 (7٪) دووبەیتیان وەسپی سرووشتن، 2 (5٪) دووبەیتیان بابەتی فەلسەفی و سۆفییانەن.

ئەم شیعرە کورتانەی مەولەوی ئاڵۆز و نیگارئامێز و لە ڕووی دەروونییەوە هەمەمەودان. لە یەك کاتدا، لە تەوەرەیەکدا کۆمەڵێ بیر و ئەندێشەی قووڵ و جەوهەری بە دەوری یەکدا کۆدەکاتەوە، کە شیعرەکان سێبەر چڕوپڕ دەکەن. مەولەوی لە بابەتی نامە و ڕووی دەم لەبەرانبەر کردندا، باسی سەختیی باری دەروونیی مرۆڤ، لە کاتی لە کۆڕی هاوڕێ و یاران دابڕاندا — دەکات. شاعیر لە هەندێ وێنەی سەرکەوتوودا، گەلێ شتی بە ڕواڵەت ناکۆکمان بۆ کۆدەکاتەوە:

*ئاخ، پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم*
*سیوای تۆ دیدەم، کەس نەدیام وە چەم*
*دڵ پەی دیدەنت کام خەڵوەت سازۆ؟*
*تۆی دیدەیچم بێ مەردم نمازۆ* (د.، ل57 – 58)

هەرچەندە مەولەوی لە هەندێ دووبەیتیدا پەیڕەوی شیعری تەقلیدی کردووە، بەڵام شتی نوێی خۆیی خستۆتە سەر. هەندێ فۆرم و شێوەی هونەریی وای دایهێناوە، کە کەس پێش ئەم لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بۆ ئەو لایەنانە نەچووە و نەیوتووە. بۆ نموونە، لە دووبەیتێکدا باسی ئەوە دەکات، کە (بای دووری) گەڵای لاشەی (مەعدووم)ی بە ڕێگاو بانەکاندا، بەو جێگایانەدا، کە ئازیزانی گیانیی شاعیر پێیدا گوزەردەکەن، وەراندووە و بڵاوکردۆتەوە (د.، ل136).

مەولەوی بە دووبەیت نامەی بۆ ئاشناو ناسیاوانی خۆی نووسیووە. جاری وا هەیە، هەست دەکرێ، دووبەیتەکە لە وەڵامی هەواڵ پرسین، یان گلەیی هاوڕێیەکیدا نووسیووە، یان بەپێچەوانەوە ئەم ڕاستەوخۆ نامەی بۆ ناردوون و بە شیعر لەگەڵیان دواوە. ئەحمەد پریسی سەدەی (XIX)، دووبەیتێکی بۆ مەولەوی ناردووە و لەوە دواوە، کە لەیلێی خوشکی نەخۆشە، وتوویەتی:

*لەیلێ شیفای زام مەجنوون بەختانەن*
*شیرینیش دەوای فەردهاد ڕەختانەن*
*حەیف نییەن فەلەك چەواشەی چەپگەرد*
*شیفا وە ئازار، دەوایی وەدەرد؟* (د.، ل368)

*مەولەویش ئاوای وەرام دەداتەوە:*

*گەرمیی کوورەی مەیل قەیس چۆڵ گەردەن*

*تەئسیر نە تۆی دڵ لەیلێ ئاوەردەن*

*بەڵ نە تاو ڕەقیب وە دەرد مەشهوورەن*

*وەرنە دەرد و لەیل هەی نەیەك دوورەن* (د.، ل 368)

نامەو دیالۆگی شیعری، دیاردەی دیاری سەرجەم بابەتی لیریكای مەولەوین. ئەم دوو بەیتانەشی لەم بارەیەوە هەیە:

"بۆ ئاشنایەكی گیانیی ناردووە". (د.، ل 57 – 58). لە (یادی مەردان)دا وتراوە بۆ ئەحمەد بەگی كۆماسییە (109، ل 410)، دووانیان بۆ شێخی بەهائەددینن (د، ل84، 479)، دووبەیتێكی تری بە تەئسیری ڕووداوێكەوە، كە پەیوەندیی بە شێخی زیائەددینەوە هەیە، نووسیووە (د.، ل 450)، دوو دوو بەیتیان سەرزەنشتی دۆستی بێكارەن (د. ل 112 – 158)، هەروەها لە دووبەیتێكیشدا بە نزاوە ڕووی لە یەزدان كردووە (د.، ل530 – 531)...هتد.

خۆشەویستی هەر وەك بابەتێكی باوی غەزەلەكانی مەولەوییە، ئاوەهاش هی دووبەیتەكانییەتی، ئەم دووبەیتانە دەربڕی سۆزی ئەڤینی شاعیرن، بۆ نموونە (باڵای ئاڵای شەنگ سەد بەڵا پێوەن)، (خاڵۆ خاڵۆتەن كەم واچە خاڵۆ)، (گۆشەی سیماڵ هۆرداو دیاوۆ) (د.، ل 83، 202، 369).

لە لیریكای مەولەویدا دڵشادیی بەیارگەیشتن، یان سووتان لە دووریدا، مەودایەكی ئەشقی سۆفییانەشی هەیە، كە شەیداییەتی سۆفییەكانە بۆ لە مۆتڵەقدا توانەوە. خوێنەر بە گوێرەی چێژو ئاوەزای دەتوانێ سوود لە شیعرەكان بە هەر دوو پلانەكەوە چ وەك مەسەلەی ئەشقە تەقلیدییەكەو چ وەك لایەنە سۆفییەكەی وەربگرێ. ئەم شیعرانە سۆز و هەستی مرۆڤیان بە وێنەی تازەو ناوازەی بزۆزی پڕ هێز و جۆشی ژیانەوە، دەربڕیوە.

لە پێشدا باس لەو دوو بەیتانەی مەولەوی دەکەم، کە لە پەراوێزی دیوانەکەیدا وتراوە بۆ بابەتی خۆشەویستییە واقیعییەکەن. مەولەوی دیمەنێکی دڵداریی ئەفسانە ئامێزی تەقلیدیی وەك (شیرین و فەرهاد)ی لە دووبەیتێکدا بە شێوەیەکی زۆر تازەو هونەرمەندانە داڕشتۆتەوە. لە هەموو فۆلکلۆر و شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەلاتدا، فەرهاد سیمبۆلی وەفاو ئەمەك و خۆبەختکردنە لە دلداریدا، تەنانەت لە هەندێ بەرهەمی تازە و هاوچەرخیشدا، مەودایەکی گەلێ فراوانتر و قوولتری بە بەردا کراوە، کەچی مەولەوی لەمەشدا هونەرکارییە بەرزەکەی خۆیی بەکارهێناوە و ئاوەژووی کردۆتەوە، بەشێوەیەك کە خۆشەویستی لە فۆرمێکی هونەریی گەلێ ناسك و ناوازەدا و بە مانایەکی تازەتر و شکۆدارتر بەکارهێناوە، دەڵێ:

*هیچ کەس نەواچۆ وە فەرهاد ڕەندەن*
*نەقش شیرینیش نە ڕووی سەنگ کەندەن*
*دەك ڕێزان دەس با، وەر جە گیان سەندەن*
*کێ ئەڵماس نە ڕووی دیدەی وێش شەندەن؟* (د.، ل531)

شاعیر لای وایە، هەر وەك چۆن مرۆڤ ئەڵماس بە چاوی خۆدا ناهێنێ، دڵداریش نابێ ڕووخساری دڵدارەکەی بە ئەڵماس (یان تیشە) لەسەر ڕووی تاوێرەکانی (بێستوون) هەڵکەنێ. ئەم چوارچێوەی وێنەی تەقلیدیی شکاندن و هۆشە ئیستێتیکییە خەسیەتێکی بنەڕەتی و دیاری سیستێمی وێنەی شیعریی مەولەوییە.

پاڵەوانی لیریکی، لە شیعرەکانی مەولەویدا بە شێوەی جیاجیا، لە ژیاندا بەرجەستەدەبن. لێرەدا بۆ نموونە، یەکێکیان دەهێنمەوە: "شاعیری خەم لە لا بار، خۆی لەگەڵ تاوێر و زنارەکانی چیای (قولەی قەزاڵە)دا بەراورد دەکا، کە تاوی بارانی خەم

بەسەریاندا دایکردووە و حاڵیان بەد حاڵە و کەچی هێشتا ئاوازەی دەنگی یاریان لێ نەبڕاوە" (د.، ل532).

بڵێی ئەمە ئاماژەیەك نەبێ بۆ ئەو عەشقە نائومێدەی، کە مامۆستا سەیید تاهیر هاشمی لەو وتارەدا وا لەمەوبەر باسمان کرد — ئاماژەی کردووە. زۆر ڕێی تێدەچێ، چونکە (قولەی قەزاڵە) دەکەوێتە پشتی (خانەگا)وە، لەو شوێنەی مەولەوی بۆ یەکەم جار زامێکی قووڵی شکستی خۆشەویستی کەوتە دڵییەوە.. دوور نییە، ئەو باران بەسەر زناردا بارین و لە کەژەوە بەرەو گوند ڕوانینە، حاڵەتێکی هەژان و بیرەوەری تەقینەوەیان بە یادی شاعیردا هێنابێ.! لە ڕاستیدا مەولەوی چەند جارێك ناوی (قەزاڵە) دێنێ و لەو شیعرانەشدا بە ئاشکرا دیارە کە زامی هاتۆتەوە سۆ، بڕوانە: (د.، ل 490، 303 – 307).

لە هەندێ لەو دوو بەیتانەدا، کە شاعیر لە هەستی دەروونی و ئەندێشەی خۆی دەدوێ، وێنەی زۆر سەرنج ڕاکێش و بیری وردمان بۆ دەنەخشێنی.

مەولەوی هەندێ جار دەربارەی مرۆڤ و شوێنی لە کاروانسەرای ژیاندا و لە چارەنووسی خۆی دەدوێ. بە پەنجەی نیگارکێشێکی مەزن، هەندێ تابلۆی ڕەنگینی بەخشیوە. بەڵام باری ئاڵۆزی دەروونیی شاعیر و بێ ئارامیی دوایی نەهاتووی، لە هەموودێڕ و وێنەیەکدا هەست پێکراوە و بەرجەستەن، دەڵێ:

*پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیر باخ*
*ماسیوای مەعشووق نەبۆش ئاخ و داخ*
*من جفت مەعشووق دەرد هەمرازمەن*
*چون باز سەرچڵ وادەی بازمەن* (د.، ل112 – 113)

شاعیر لە شیعرەکانیدا گوناهی سزا و ژیانی پڕ ناسۆری خۆی دەخاتە ئەستۆی ڕەقیبێکەوە، کە لە شیعرەکانیدا سیمبۆلی شەڕ و خراپەیە، دەڵێ:"دەترسم ئەگەر چەرخی

چەپگەرد تەنانەت لاشەی ڕەقیب بکا بە تۆزیش، بەو حاڵەشەوە هەر دەست بەردارم نەبێ و لە کاتی نیگاکردنی یاردا، شەماڵ هەڵکاو گەردی لەشی ئەویش بپرژێتە ناو چاومەوە (د.، ل136).

جاروبار مەولەوی یاری بە وشە دەکا و سەرەڕای سازدانی هارمۆنیایەك، دووبەیتەکانی مانایەکی قوڵیش دەگرنە خۆ، بۆ نموونە دەڵێ:

*سەر وە بان عەین عەینم خەم وەردەن*

*هوون چون چەشمەی عەین نە عەین سەرکەردەن*

*یەند دەرد و ئاهم عەین کەردەن بێ نوور*

*وەختەن هەشت کەم بۆ نە پەنجەی مەشهوور* (د.، ل295)

لێرەدا یاریی بە وشەی (عەین)کردووە، کە ئەم مانایانە دەگەیەنێ: گیان، ئەژنۆ، سەرچاوە، چاو. گەلێ ئیستیعارەی تازەی، بەهێزی هونەریی تایبەتیی داهێناوە دەڵێ:

*دڵ بییەن وە دار سەرکەل لای وەشت*

*لافاوان ئامان ریشەش وست وە دەشت* (د.، ل 252)

یان: "*وەختێ شۆڵەی ڕووت ناگا دا دیار...*" (د.، ل449)

لەو دووبەیتانەشدا، کەبۆ سرووشت و دەوروبەری وتوون، هەمو ڕێگەیەکی هونەریی دەگرێتەبەر و ڕەنگ و سێبەر دەداتە شیعرەکانی، لە هەمان کاتیشدا خەسیەتێکی باوی سیستێمی شیعری ڕۆژهەلات، واتە: هەست و ئەندێشەی پاڵەوان بە هۆی سرووشت و دەوربەر دەربڕینەوە — پشت گوێ ناخات. شاعیر بەراوردی باری ژیانی خۆی، دنیای گیانیی ئاڵۆز و ناکۆکی خۆی لەگەڵ گوزەیەکی شکاوا دەکات.

بەپێچەوانەشەوە کە جۆش و خرۆشی ژیانی لاویی بیردەکەوێتەوەو بە گۆزەیەکی ساغ و تازەی دەچوێنێ. پێش ئەوەی گوزەکە بشکێت، لە دەستی ئەم نازدارەوە دەچووە هی ئەوی ترەوە و بە ناز پێدراوی ماڵەومالی دەکرد. دەڵێ:

*داخۆ چەند وەدەس نازك نەوهاڵان*

*ئامۆشۆت کەردەن پەی دڵی ماڵان*

*ئیسە ها چون من پەشێوت بێ حاڵ*

*کەفتەنی نەخاك مەکەرات پامال* (د.، ل 252)

وێنەکانی مەولەوی دینامیکین، لەو نموونەیەی پێشوودا، باس لە لەدایکبوون و پەیدابوون و گەشەسەندن و کوژاندنەوەی ژیانی مرۆڤ دەکات، مەولەوی دیمەنێکی بزواو و نەوەستاوی بەکارهێناوە: گۆزەی تازە و ساغ — پەیدابوونی مرۆڤ (شاعیر) نازی نازداران — سەردەمی لاویی مرۆڤە، شکانی گۆزەکە — پیرییەتی مرۆڤە. هەروەها لێرەدا ئیستیعارەیەکی سەیری بەکارهێناوە: "دڵی مالان".

هەندێکیشیان فەلسەفە ئامێز و پڕ پەندن، لەم ژانرە مەودا تەسکەدا، شاعیر لە مەسەلەی ژیان و مردن دەدوێ و ئەو پرسیارە ئەبەدییە خەریك و تووشی تێڕامانی دەکا. هەرچەندە گۆشەنیگا و ڕوانگەی بۆچوونی فەلسەفیی خەیام و مەولەوی لە یەك دوورن، بەڵام لە دووبەیتیکیدا هەست بە کارتێکردنی خەیام دەکرێت. مەولەوی دەربارەی نهێنی و گەوهەری بوون (هەستی) دەدوێ:

*هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا*

*هەرچی موینی ها نە گوزەردا*

*کەس حاڵی نەبی وە هیچ نەفاما*

*ئەو پەی چیش ویەرد، ئید پەی چیش ئاما؟* (د.، ل 532 – 533)

ئەمە هەر ئەم چوارینەی (خەیام)مان بیردەخاتەوە، کە دەڵێ:

*در دایرهء که آمد و رفتن ماست*

*آنرا نه بدایت نه نهایت پیداست*

*کسی می نزند در این جهان یکدم راست*

*کین آمدن از کجاو رفتن بکجاست؟* (38، ل12)

ڕاستە دووبەیتەکانی مەولەوی بە ژمارە کەمن، بەڵام بە خوێندنەوەو لێوردبوونەوەیان، دنیای گیانیی شاعیر و توانای دەستەڵاتی هونەریی لەڕادەبەدەریمان بۆ دەردەکەوێ.

## غەزەل

هەرچەندە ئەدەبی کوردی بە چەند دیالێکتو بە شێوەیەکی ناوچەیی سەربەخۆی لە یەك جیا پەیدابووەو گەشەی سەندووە، بەڵام چ لە ڕووی ناوەڕۆكو چ لە ڕووی ژانرو تەعبیری هونەرییەوە، زۆر شت بە یەکیانەوە گرێ دەداو زۆر لایەنی چون یەكو هاوبەشیان هەیە. لە بەراوردکردنیاندا لەسەرێکەوە دەوڵەمەندیو هەمەچەشنیمان بۆ دەردەکەوێو لەلایەیەکی تریشەوە هەندێ جیاوازیی لە نێوانیاندا قووت دەبنەوە. ئەم جیاوازییەش زیاتر لە نێوان ئەدەبی گۆرانیو ئەوانی تردایەو بەتایبەتیش لە ژانری غەزەلدا بەدی دەکرێ.

غەزەل- شیعرێکی لیریکیی کورتە، لە ئەدەبی بەسێ دیالێکتی زمانی کوردی نووسراودا هەبووەو پەرەی سەندووە. ئاشکرایە غەزەل بە کرمانجیی ژووروو و خواروو بنەوانی لە غەزەلو قەسیدەی فارسیی- عەرەبییەوە هەڵگرتووەو هەموو خەسیەتە هونەرییەکانی ئەم ژانرە- کێشو قافیەو ردیف و تەخەلوسو تەرجیع بەندو تەرکیب بەندو موستەزادو...هتد هاتوونەتە ناو شیعری کوردییەوە.

یەكەمین شاعیری كورد، كە غـەزەلی كـوردیی نووسـیووە، مـەلای جزیـری بـووە، ئـەم فۆرمی كلاسیكیی غەزەلی عەرەبی- فارسیی بە ناوەرۆكی لیریكیی سـۆفیی تەقلیدییـەوە هێناوەتە ئەدەبی كوردییەوە. شاعیرێكی تری دیالێكتی كرمانجیی ژووروو ئەحمەدی خـانیی مەزن بووە، غەزەلەكانیشی بە وتەی ئەوانەی لە ئەدەبی كوردی كۆڵیونەتەوە، پڕن لە مانای فەلسەفیی قووڵ و گیانی نیشتمان پەروەری.

ژانری غەزەل بە شێوەیەكی ڕەسیوو كـامڵبوو، لەسـەر دەسـتی شـاعیرانی قوتابخانـەی بابان: نالی، سالم، كوردیو نەوەی دوای ئەمان حاجی قـادری كـۆیی (1816- 1894)، مەحویو شێخ ڕەزای تاڵەبانی (1832- 1909)و شاعیرانی تردا، گەیشتۆتە ئاسـتێكی هونەریی بەرز و گەشەسەندوو.

بەڵام غەزەل بە دیـالێكتی گـۆرانی، بـەگوێرەی هەنـدێ یاسـای هونـەریی تایبـەتی پـەرەی سـەندووە. بنـەوانی غـەزەلی گـۆرانی ناچـێتەوە سـەر شـیعری فارسـیی — عـەرەبی، بـەڵكو سەرچاوەكەی ئەم، ئـەدەبی فۆلكلـۆری كوردییـە. ئـەم شـیعرانە لـە بـاتی عـەرووز بـە كێـشی پەنجەیی، بەتایبـەتیش هـی دە پەنجـەیی، كـە خەسـیەتییەكی گـۆرانیی فۆلكلۆرییـە، وتـراون. هەروەها قافیەی شیعری گۆرانی، بەپێچەوانەی یەك قافیەیی غەزەلی عەرەبییەوە مەسنەوییە.

لە ناو ئـەو شـاعیرانەدا، كـە بـەدیالێكتی گـۆرانی شـیعریان نووسـیوە، شـاعیرانی بـۆ ڕۆژگاری خۆیان و ئێستەش هەڵكەوتووی وەكو بێسارانی، سەیدی، ئەحمەد بەگی كۆماسی، میرزا شەفیعی جامەرێزی و گەلێكی تر هەبوون.

مەولـەوی دەورێكـی بـاڵای لـە پەرەپێـدانی غـەزەلی كوردیـدا بینییـوە، چـونكە لـە بەرهەمـەكانی مەولەویـدا غـەزەل چوارچـێوەی بابەتـەكانی فـراوان و هەمـە جـۆر بـووە و شەقڵێكی فەلسەفی و گەلێ لایەنی هونەری و ئیستێتیكیی تازەی گرتۆتە خۆ.

لە دیوانەکەی مەولەویدا 213 غەزەل هەن. ئەم غەزەلانە زۆربەیان لە پێنجەوە تا 11 بەیتن، غەزەلی سێ بەیتی و هی 30 بەیتی و زیاتریشیان تێدا هەن[34].

[34] ئەمەش خشتەی کورت و درێژیی غەزەلەکانی مەولەوییە:

| ژمارەی بەیت | ژمارەی غەزەل |
| --- | --- |
| 3 | 13 |
| 4 | 13 |
| 5 | 15 |
| 6 | 20 |
| 7 | 19 |
| 8 | 16 |
| 9 | 13 |
| 10 | 14 |
| 11 | 13 |
| 12 | 6 |
| 13 | 14 |
| 14 | 6 |
| 15 | 8 |
| 16 | 5 |
| 17 | 6 |
| 18 | 5 |
| 19 | 2 |
| 20 | 6 |
| 21 | 4 |
| 22 | 3 |
| 25 | 2 |
| 27 | 1 |
| 28 | 2 |
| 29 | 1 |
| 30 | 2 |
| 34 | 1 |
| **هەمووی:** | 2319 بەیتە. |

بەشی زۆری غەزەلەکانی مەولەوی نامەی شیعرین -88، بابەتی غەزەلەکانی تری بەم جۆرەن:

1ـ وەسپی لیریکی – 24 غەزەل

2ـ لاواندنەوەو شین - 28 غەزەل

3ـ لیریکای شەخسی – 36 غەزەل

4ـ شیعری بۆنە (موناسەبەت) – 31 غەزەل

5ـ شیعری ئایینی – 5 غەزەل

6ـ هی مەی – 1 غەزەل

لەبەر ئەوەی وەسپی سرووشت و ڕەگەز و دیمەنەکانی سرووشت بۆ وێنەو نیگار بە وشە کێشان لە (175 شیعری مەولەویدا کە لە 88٪ شیعرەکانییەتی)دا هەن، وام بە چاك زانی لە وەسپی لیریکییەوە دەست پێ بکەم.

## وەسپی لیریکی

خۆشەویستیی بێ سنووری مەولەوی بۆ سرووشتی نیشتمانەکەی، لە شیعرەکانیدا بە شێوەیەکی دیار و کاریگەر ڕەنگی داوەتەوە و بڕبڕەی سیستێمی وێنەی شیعریی شاعیرن.

کۆمەڵێ غەزەلی بۆ کەش و وەرزی سرووشتی کوردستان وتووە. شاعیر مرۆڤ بە هەموو خەم و کول وکەسەر و هیوایەکییەوە لە سرووشتەکە جیاناکاتەوە.

سرووشت دەربڕی بیر و ئەندێشە و ژانی مرۆڤی سەردەمەکەیەتی. مەولەوی تابلۆی سرووشت بە شێوەیەکی بزواو و دینامیکی و هارمۆنی نیگارکێش دەکا، بە دوای پێکەوەگرێدانی دیاردە جیاجیاکانی دەوروبەر و واقیعەکەیدا دەگەڕێ، ژان و خولیایەکی نەسرەوتووە و هەڵێکی دوای پرسیارە ئەزەلییەکەیە: ژیان و مردن چین؟

لە پێشدا باسی ئەو شیعرانەی مەولەوی دەکەم، کە تایبەتن بە سرووشتی وڵاتی کورد و هەوڵ دەدەم ئەو کەرەسە و تفاقە هونەرییانەی لە نەخشاندنی ئەم تابلۆیانەدا بەکاری هێناون — دەست نیشان بکەم و لە ستورکتووره و مۆتیفی غەزەلەکان بکۆڵمەوە.

لە دیوانەکەی مەولەویدا 24 غەزەل هەن، کە بۆ سرووشتی کوردستان و هەڵسوکەوتی ژیانی مرۆڤی کورد و دەوروبەری وتراون. حەوتیان بەهارین: (ئاماوە وەهار، وەهار شادی...)، (بەرزان هیلال تار وروان قەراردا...)، (سوبحەن بۆی گوڵاو میاونۆم نەسیم...)، (نازك تەدارەك فەسڵ وەهارن...)، (وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران...)، (وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن...)، (وەهارەن تەشریف خاڵ خاسان پەی هەرد...) (د.، ل38 – 39، 68 -70، 327 – 329، 431 – 432، 467 – 469، 472 – 473، 474 – 475). دووانیان پایزە غەزەلن:"چون وەڵگ شادیی مەن وای دووریی لەیل..."، "فەسڵ نەوپایز تازەکەردەن مەیل..." (د.، ل160 – 166، 338 – 340). مەولەوی تەنیا شیعرێکی بۆ وەسپی زستان هەیە "زووسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان" (د.، ل278 – 280). تەنیا غەزەلێکی بۆ هاوینیش هەیە "هامن، ها، مەن وارن گەرمیش جۆش ئاوەرد" (د.، ل522 – 523). چوار غەزەلیشی لە وەسپی شەماڵ — بادا هەیە:"شەماڵ ئەرجووم هەن هەی وە فیدات بام.."، "شەماڵ دارانەن.. شەماڵ دارانەن"، "شەماڵ داخان... شەماڵ داخان"، "نەسیم مەحرەم مابەین یاران" (د.،، ل303 – 307، 307 – 310، 310 – 313، 406 – 410). هەروەها پێنج غەزەلی بۆ جەژنە ئایینییەکانی ئیسلام هەیە:"ڕەمەزان تلووع سویح شادیشەن..."، "سەدای های هیلال هام فەردان مەیۆ..."، " منارە سەدای سەلاش سەد تەرزەن"، "قوربان، قوربانەن، جەژنەن، شادییەن..."، "نەهات و نەهات دڵ ماتەن

ئیمـــــــــــشەو..." (د.، ل268 – 269، 329 – 331، 393 – 395، 348 – 350، 424 – 425).

بەشێوەیەکی ئۆرگانی وەسپی سرووشت و هی جوانیی مرۆڤ تێکەڵاو بوون. غـەزەلێکی هەیە وەسپی کوڕێکی ئاسنگەرە "نە ئاهین گـەرێ، نـە ئـاهین گـەرێ..." (د.، ل444 – 445)، سیانیان لە وەسپی جوانیی ئافرەتدا وتراون: "چون چیهرەی خـەیاڵ ڕووخـسارەکەی وێش.."، "خەرامان ئاما نە تۆی پەردەوە..."، "نەواتم عەرعەر سـەهەند پـەروەردە...." (د.،ل 182 – 183، 198 – 199، 445 – 446).

یـەکێك لـە شـێوازە هونەرییـەکانی ئـەو شـیعرانەی مەولـەوی دەربـارەی سرووشـت وتـوونی:"دووالیزمێکـی تایبـەتی و دەگمەنـە"، کـە خەسـیـەتی لیریکـای سـۆفییانەیە، واتە:"وێنەیەکی پۆزێتیڤ هەمیشە لەگەڵ یەکێکی نێگێتیڤی دژ بـە خۆیـدا دەبـێ" (6، ل111).

هەروەك ئەکادیمیك و ڕۆژهەڵاتناسی دیاری سۆڤیەتیی کۆچکردوو ئیێ. بێ. بیرتلس زۆر کارامانە و بابەتییانە وتوویەتی:"ئەم ناکۆکییە دوو لایەنییە، چەمکی سەرجەم سـۆفیزمە، لە دژایەتیی دنیای گیانییەوە دەسـتپێدەکات و بـە ئەندێـشەی دەروونـی باسـکراو کۆتـایی دێت" (6، ل111). ئەم خەسیەتە لە لیریکای مەولەویـدا زۆر بەرچـاو و دیـارە و لەسـەر بناغەی هەندێ چەمکی دژ بە یەك دامەزراوە، بۆ نموونە: ژێر – ژوور، نشێو، دۆڵ – شاخ، دۆسـت – ڕەقیـب هـەروەها ڕەگێکـی قـووڵ داکوتراویـشی لـە زەمینـەی هەنـدێ بـیری ئەفسانەییدا هەیە.

بۆ نموونە لە شیعری "وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران..."دا کە ئاشکرایە مەولـەوی لەسەر سەرچاوەی چەمی زەڵم نووسیوویەتی. لێرەدا شاعیر دووشتی دژ بە یەکدی دەبینـێ. شاخەی شەتاوی شاخەکان، کە لەو پەڕی دەماخ و جۆش و هەڕەتدان، بە پێـچەوانەی ئـاوی

زەڵمەوە، کە شاعیر بە ناشاد دێتە پێش چاوی و لەگەڵ خۆیدا بەراوردی دەکات و بەخۆیی دەچوێنێ.

بێجگە لە هێز و لاوازی هەر لەم شیعرەدا دووانەیەکی دژبەیەکی تر "شادی — خەم"ی کۆکردۆتەوە. شاعیر کە لە گومان و دڵەڕاوکە و بێئارامییەکی بێ ساماندایە، بەرانبەر بە خۆی دڵدارانێك دەبینێت، وا شاد و مەستی دەس لە ملانی یارن هەروەها بەپێی ستروکتوورەی بنیاتنانی وێنەی سۆفییانە، کە پێویستی بە (تەوحید) هەیە، (واتە: پێویستی بە تەوەرەیەك هەیە، کە ڕەگەزێکی بەراوردی ناوەندییە و دەبێتە بناغەی دروستکردنی وێنەکە و هەموو مەرجەکانی شیعری سۆفییانەی تێدا بەدیدێت). مەولەویش ئەم ڕەگەز — تەوەرەیە دەدۆزێتەوە، کە هەموو شتە دژ بە یەکەکانی تێدا دەتوێنێتەوە. ئەینا خەمی شاعیر و شادیی دڵداران لە چیدا یەکدەگرنەوە؟! شاعیر ئەندێشە و هەستی دەروونیی خۆی بەو چەمە دەچوێنێ، کە خەریکی کەف چەراندن و هاژەهاژەو ناسرەوێ و شەپۆلەکانی دەدا بە زنارو تاشە بەردەکاندا. ئە ئاوا شاعیر هاوکێشێکی بابەتی بۆ ئەندێشەو ژانی خۆی — پاڵەوانەکە دەدۆزێتەوە.

لە غەزەلی "فەسڵی نەوپارێز تازەکەردەن مەیل...." و "نەوای کەژاوەی لەیلێ نازانەن..."دا مەولەوی تابلۆی کۆچ و باری کۆچەرانی کوردمان بە خامەیەکی ڕەنگین و وێنەی بزۆز و دانسقە بۆ دەنەخشێنێ. لەم غەزەلانەشدا دیسانەوە شتە دژبەیەکەکان دەبینین: شاخ — نشێو، بەرزی — نزمی، ژوان — دووری و لێکدابڕان، خەم — شادی....

کاتێ کۆچ بەرەو پێدەشت دێتەوە، تەنیا ماڵی ئازیزی شاعیر لەگەڵ ئەو خەڵکەدا نایەنەوە، بۆ؟! هیچ وەڵامێکی مەنتیقیمان بۆ ئەم نەهاتنەخوارەوە سەیرەی ماڵی ئازیزی شاعیر لە دنیای واقیعدا پێ نییە. هەموو دڵدارانی پێدەشت سەرمەستی گەڕانەوەی

یاریانن، تەنیا شاعیر گلەیی لە بەختی ناهەمواری خۆی دەکات و لە چارەنووسی ڕەشی دڕدۆنگە.

بە هاوینیش کە گەلە و ئاژەڵ بەرەو لەوەڕگاکانی لاپاڵ و بەرزایی هەرد و چیاکانی ڕادەدرێن و ڕووخساری لاوانی دڵدار گرژ و مۆنی کۆچی یار دەبن و هاواری فەرهادانە و مەجنوونانە تەختی گەردوون دەهەژێنێ، بەڵێ! لەم گەڕانەوەی خەڵکەشدا، شاعیر ئەگەرچی ماڵی یارەکەی لە چیا ماوەتەوە، بەڵام توانای کۆچ کردنی نییە و لە ئازاری دووریی خۆیدا گینگڵ دەخوا و ڕایەڵە دەکات، شاعیر بە وێنەی ورد و هاوار و دەنگ و زایەڵە دنیایەکی وای لە شیعرەکەیدا بنیادناوە، کە مرۆڤ ئەم کۆچەی بە تەواوی لا بەرجەستەدەبێت.

دڵداران ماتی کۆچی یارن، شاعیریش خەمباری دووریی یارە.

ئەگەر جەوهەری بیری سۆفییەکان توانەوە بێ لە زاتی خوادا، ئەوا لە لیریکای سۆفییانەدا (گەیشتن بە دوا ئامانج، تەنیا ئومێدێك بووە بەس و لە پراکتیکدا مەودای بەدیهاتنی زۆر سەخت و بە هیچ کلۆجێك نەبووە.." (6، ل112).

لە لیریکای مەولەویشدا ئەم چەمکی سۆفییانەیە بە شێوەیەکی دیار ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتیش لە وەسپەکانیدا، پاڵەوانی لیریکی بەگیرماوی ئەندێشە و ژانی گیانی و دەروونی و خەمی هاوڕێیانی کۆچکردوو و تەمەنی لاویی بەسەرچووە و بە دەگمەن دەیبینین، کە بە شادی و ئاوات گەیشتبێ. جێی خۆیەتی لێرەدا ڕای ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی تاجیکیی سۆڤیەتی م.ن. عوسمانۆف بهێنینەوە، کە دەڵێ:"لە لیریکدا بۆ شیکردنەوە و تۆژینەوەی سرووشت و خەسیەتی میتۆدی هونەری، دەوری جەوهەری هی پاڵەوانی لیریکی و هەڵسوکەوت پەیوەندییەتی لەگەڵ کەسانی تردا"" (39، ل42).

ئەوەندەی بەرچاو و زەینـی مـن کـەوتبێ، لـەم غـەزەلانـەدا مەولـەوی تـەنیا لـە چـەند غـەزەلێکیدا، کە لە پەنجەی دەست کەمترن، باسی شادبوونی گەیشتن بـە یـار دەکـات. بـۆ نموونە، لە غـەزەلی "ئاماوە وەهار، وەهار شادی...". لیرەدا شاعیر یان پاڵەوانەکەی لەگەڵ سرووشتدا ڕێکن و باری هەردوولا هاوئاهەنگییەکی تەبای تێدایە:

*ئاماوە وەهار، وەهار شادی*

*بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی*

*خێڵخانەی خەفەت باربەنیش کەردەن*

*مەینەت ڕوونیان وە ماوای مەردەن*

*خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بییەن*

*هەوارگەی قەیم نە دەسش شییەن*

*بەزم شەوق و عەیش نە دەروون جەمەن*

*ئانە هیچ نەبۆ نە دەروون خەمەن*

*ئینە نەتیجەی دیای باڵای تۆن*

*نیشانەی ویساڵ خاڵ ئاڵای تۆن*

*سروور نەشئەی بادەی وەسڵ تۆن*

*تەئسیری بۆی عەتر موشك زوڵف تۆن* (د.، ل38 – 39)

لـەم غەزەلـەدا هەنـدێ وشـەو زاراوەی تێدایـە، کـە ڕەمـزی لیریکـای سـۆفییانەن. بـۆ نموونە:"نەشئەی بادەی وەسڵ..." "خاڵی ئاڵا"... هتد ئەم زاراوانە لـە لیریکـای ئاسـاییدا بۆ وەسپی ئافرەت و یار بەکاردەهێنرێن.

بەڵام سۆفییەکان بۆ دەربرین، یا شاردنەوەی بیروبۆچوونی خۆیـان، لـە کـاتی ڕووی دەم کردنە (پیر)دا، بەکاری دێنن.

مەولەوی لە کۆتایی ئەم غەزەلەیدا دەڵێ:

*سا پێم دەر، دەی دەی، پەی پەی، نەو مەی، مەی*
*لەتایف[35] مەردەم یەکسەر بکە حەی*
*تا پەی یارانیچ وەئیتمینان بۆ*
*سەرمایەی نیشات دڵ حەزێنان بۆ* (د.، ل39)

مەولەوی لە شیعرە لیریکییەکانیدا بە شێوەیەکی دیار و بەربڵاو شێوازی هونەریی شیعری سۆفیی وەکو دیمەنی دژبەیەك، چەمکی دژبەیەك، یان لەیەك نزیك و چونیەکی بەکارهێناوە.

ئەمە تەنیا دیو و لایەنێکی شیعری مەولەوییە، شاعیر گەلێکیش بە جوانی و ڕیالیستانە بە سرووشتی وڵاتەکەیدا هەڵداوە و بەشێوەیەکی بزواو و ڕەنگین پیشانی داوە و بە هۆیەوە دنیای گیانی و ئینسانیی مرۆڤی کوردی (وەك تۆمار کردۆتەوە...).

لەسەر دەستی مەولەویدا غەزەل بە بەراورد بە بەرهەمی شاعیرانی پێشوو و سەردەمی خۆیدا گەیشتۆتە ئاستێکی هونەریی گەلێك بەرزتر. مەولەوی سرووشتی کوردستان و دیاردەکانی تەنیا وەك سیمبۆلی فەلسەفی و سۆفی بەکارنەهیناوە، بەڵکو لەدنیا واقیعییەکەشدا جوانیی ئەو سرووشت و دەوروبەرەی بەشێوەیەکی تازە و گیانێکی تازەخوازانەوە نەخشاندووە.

د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ زۆر چاك بۆی چووە، کە دەڵێ:"مەولەوی یەکەم شاعیری کوردە، کە سرووشتی کوردستانی بە شێوەیەکی دینامیکی دەربڕیوە" (152، ل76).

---

[35] مەلا عەوبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێ:"لەتایف بە چەمکی تەریقەتی نەقشبەندی لە پێنج شوێنی سینگی مرۆڤدایە:"قلب، روح، سر، خفی، أخفا" و ئەم شوێنانە نووری خوایان بەسەردا دەڕژێ. (د.، ل39).

هەر لەم ڕووەوە، دەربارەی تەئسیری هۆکارە بابەتییەکانی دەورووپشت و هۆکارە زاتییەکانی چۆنیەتیی بۆچوونی شاعیر بۆ گەشەپێدانی شیعری تازە کلاسیکی عەرەبی، ئەکادیمیك یی. یو. کراچۆڤسکی وتوویەتی:"تۆمارکردنی هەندێ ڕووداوی ژیان و کارتێکردنی باری کۆمەڵایەتی، پایەندبوونی ئەم یا ئەو قوتابخانەی ئەدەبی، یارمەتیمان دەدەن، کە سنووری نێوان تەقلیدو داهێنانی شەخسیی شاعیر دیاری بکەین. جاری وا هەیە، هەندێ دیمەنمان بەشێوەیەکی وا لێزانانە و ڕەنگین بۆ باس دەکات، کە تەنانەت لە بەرهەمی زاناکانی سرووشت و لە سەرچاوە مێژوویەکانیشدا وەها بە سەرکەوتوویی باس نەکراون" (24، ل525 – 526).

مەولەوی جار و بار ماریفەت و داب و ڕەوشتی تەریقەتی نەقشبەندی و چەمکی خۆشەویستیی سۆفییانەی وەکو یەکگرتن و توانەوە لە جوانیی نەمردا، بەشێوەیەکی تر پەرەپێدەدا و لایەن و بیری سۆفییەتییەکەی دەخاتە چوارچێوەیەکی ترەوە و ناوەرۆکێکی دیاریکراوی ژیانمان بۆ بە بەردادەکات.

بناغەی غەزەلەکانی مەولەوی لە لایەکەوە بە کەلەپووری ناوازەی فۆلکلۆری کوردی و شیعری کلاسیکیی کوردی و لەلایەکی تریشەوە بە بیری ئینسانیی شیعری فارسی — عەرەبی پتەو و دەوڵەمەند بوون و خوێنەریش وەك بەرهەمێکی هونەریی بەرزی لیریکای خۆشەویستی چێژی لێ وەردەگرێت.

وەسپی سرووشت لای مەولەوی، لە چوارچێوەی بابەت و ژانری غەزەلی تەقلیدیدا زۆر هەمە چەشن و تازە و دانسقە و نایابە. دیارە ئەمەش بە هۆی ئامێری هونەریی بەرز و جەوهەری شارەزایانەی شاعیرییەتی مەولەوییەوەیە.

مۆتیڤە بنەڕەتییەکانی وەسپی سرووشت لای مەولەوی ئەمانەن:

- باسی جوانیی ئازیز – دلّدارە

ـ باسی ئەندێشەو هەستی پاڵەوانی لیریکییە.

ـ باسی دووری ئازیز و یارانە.

ـ وەسپی دەوروبەرە.

ـ باسی جوانیی سرووشت و چۆنیەتیی تێڕوانینی پاڵەوان و سەرەنجدانییەتی لە سرووشت.

ـ بابەتی مەی و ساقییە..

ـ دەربڕینی چەمکی فەلسەفی و گۆشەنیگای کۆمەڵایەتیی شاعیرە.

مۆتیڤە بنەڕەتییەکانی بەهارە غەزەلەکانی مەولەوی، زیاتر باسی ئەندێشەو هەستی دەروونیی پاڵەوانی لیریکی و هەوڵ و تەقەلای بە یار گەیشتنی و هەڵوێستی لە دەوروبەرو جوانیی سرووشتی کوردستانە.

بابەتی ئەندێشە و هەست و ئازاری دەروونیی پاڵەوانی لیریکی ئەمانەن:

ـ شاعیر پاڵەوانی لیریکی — لەگەڵ جوانیی سرووشتدا ناکۆکن.

کاتێ هەموو دڵدارەکان خەریکی چێژ لە جوانیی سرووشت وەرگرتن ومەستی بەیار شادبوونن، لە یەك دوو غەزەلدا نەبێ، لەوانی تردا شاعیر پاڵەوان — لەو خەڵکەی تر جیان.

ـ ئازاری دووری و لەیار دابڕان.

ئەم مۆتیڤەش زیاتر بە وەسپی سرووشتەوە بەندە و زیاتر لە دووا بەیتەکانی بەهارە غەزەلەکاندا ئاوازدەداتەوە. بۆ نموونە لە شیعری (بەرزان هیلال تار ...)دا شاعیر جامی تووڕەیی دەڕێژێ و سکاڵای ناڕەزایی لە ژیان دەردەبڕێ و دەڵێ:

*فەریاد! جە شۆرەی ئەرز چارەی من*

*هەر سەوزەی مراد من نادیارەن*

*داد! جە هەوای شووم بەد ستارەی من*

*هەر نەوگوڵاڵەی مىن نەپێوارەن....* (د.ل69)

لـە شـیعرێکی تـردا (سـوبحەن بـۆی گـوڵان میـاونۆم نەسـیم...) ئـەم ئـاخ و ئـازارە دەردەبڕێ:"دڵ دوو زنجیرەی زولف نیگـارەن... وە سـەیر سـەوزەو سـەحراش چ کـارەن!..." (د.، ل329).

کاتێ شاعیر سەیری دەوروبەری خۆی دەکات و تابلۆ شیرینە بێهاوتاکانی شاخ و هـەرد و دەشتی کوردستان دەبینێ، هاوڕێ و کەسـە نزیکـە کۆچـکردووەکانی دەکەوێتـەوە یـاد و دێنە بەرچاوی. بلاچەی ئەو شادییە کەم خایەنە دەکوژێتەوە و وندەبێ و شاعیر دەکەوێتەوە نیگەرانی و ئازاری گیانی... لەم کاتانەشدا دیسانەوە پەنا بۆ ساقی و مەی دەبا و دەیـەوێ ئەمیش دوا جامی شەراب بنێ بەسەرەوە و بە کاروانی ئاوابووی ئەواندا بگات..

مەولەوی هەندێ جار دیاردەکانی سرووشت بە ئارەزووی خـۆی بـەکاردێنێ و دەیانخاتـە ژێر ڕکێفی خۆیـەوە و دەیانکاتـە هـاودەمی خـەم و ئـازار و هیـوا و ئـەڤینی، جاروبـاریش خۆییان پێدەچوێنێ". مەولەوی خۆی بەو چەمە بچکۆلەیە دەچوێنێ، کە خۆی ئاسا ناشاد و بێنموودە". هەر وەك شاعیر لە دەوروپشت و کۆمەڵەکەی بێزارە، ئاوەهـاش ئـەو چـەمە بچکۆلەیە کەوتۆتە بەر شالاوی شاخەی شەتاوی سەهۆڵاوی بـەهاران و ڕووبـارە گـەورەکان. شاعیر هەروەك نۆدڵدارێکی شەرمن، کە لە ڕووی هەڵنایە بە دەنگی بـەرز داد لـە دەسـتی چەرخی چەپگەرد و گیروگرفتی ئەڤینی دەربڕێ... ئەمیش ئاوا ئازارەکانی خۆی دەخواتەوە و لە قوڵایی دڵیدا لێیان دەگەڕێ، بەبێدەنگی بگرین.

مۆتیڤی وەسپی سرووشت لە شیعرەکانی مەولەویدا هەمیشە بناغـەیەکی ڕیالیـستانەی هەیە. سرووشتی ئەو ناوچەیەی مەولەوی و گۆرانەکانی لێ دەژیـن، ئێجگـار شـیرین و لـە جوانیدا بێ وێنەیە.

ڕەنگدانەوەی سرووشت و نیگارکێشانی، لە بەرهەمی شاعیرەکانی دیالێکتی گۆرانیدا، دیاردەیەکی بەرچاو و دیارە. خامەی مەولەویش، بە هەق، ئەم دیاردەیەی گەیاندۆتە ئاستێکی هونەریی بەرز و لووتکەی داهێنان.

لە غەزەلی (وەهارەن، سەیرەن...)، (نازك تەدارەك فەسڵ وەهاران)...هتد مەولەوی کەژە بەرز و لووتکە بەفرینە سەرکەشەکان، شینایی و مێرگە بە نێرگز و گوڵاڵە و گژوگیا و بە هاڕەی جۆگەو شەتاو.... هتدەوە نیگارکێشاوە، کە لەگەڵ مرۆڤدا تێك ئاڵاونو تواونەتەوە...دەڵێ:

*وەهارەن سەیرەن، سەوزەی دیاران*
*نم کەوت نە دیدەش چون شەوبێداران*
*پەی دڵەی مانیای دەروون مەلاڵان*
*سایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان*
*بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ*
*مانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ*
*چون دێوانەی شۆڕ ئازیز نە سەردا*
*شەتاو سەرهۆرگرت وە دەشت و دەردا*
*تووڵانی چون هیجر خاتر پڕ دەردان*
*ڕەوان وێنەی وەسڵ گەردن بێگەردان* (د.، ل 467)

شاعیر دەڵێی لەگەڵ سرووشتدا تواوەتەوە و گیانی بە بەردا کردووە:

*های جە شنۆی وەش ڕۆح ئەفزای کاوان!*
*ئای جە شاخەی تاف ساف سەراوان!*
*نەك چون تاف چەم پڕ ئەسرین چەرخ*

*(بارەکەڵڵا) چەرخ، هەی ئافەرین چەرخ!*

*چەنی جە هەستی وێت تەواسایيت*

*چەنی جۆش عەشق مەجنوون ئاسايیت*

*بدیە چون هوردان وە نام و نەنگدا*

*بێ پەروا ملۆ وێش وە ڕووی سەنگدا*

*های ساقی هەڵای سەرمایەی خامی*

*نمەدۆم وە دەس ڕای نێکنامی*

*با وەرە وەش وەش سادەی هەی پەی کەی*

*تاف تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی*

*مەرج بنچینەم بدۆ وە هەمدا*

*هەستێم دۆ وە بەرد هەرد عەدەمدا* (د. ل468 – 469)

شاعیر زۆرجار لەو کاتانەدا، کە گینگڵ بە دەست ئازاری دەروون و ئەندێشەی گەڕانەوە بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی بووندا دەخوات، هانا بۆ سرووشت دەبات، دەیەوێ تەمی بەرچاوگرتووی ژیان و گیروگرفتەکانی بە وەسپی سرووشت بڕەوێنێتەوە:

*نازک تەدارەك فەسڵ وەهاران*

*شیرین ئارایش هەردە و کۆساران*

*گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان*

*وەفراون چون سەیل دیدەی من جۆشان*

*مدیان گوڵاڵا ن نە پای دەربەندان*

*ئەو یەکتەر وێنەی ئارەزوومەندان*

*چ خاس خاس شنیۆ نە ئێوارەندا*

*سەوزە وە ڕووی خاك جەرگ یاراندا*

*بووین ڕەعشەی وەجد دڵەی پاکشان*

*عەیان نەشنیای سەوزەی خاکشان*

*جەی گۆشە خاستەر نییەن مەسکەنێ!*

*ساقی گیان، ئامان خومار ئەشکەنێ!*

*هۆرێزە، سوبحەن، دڵ تازە خاوەن*

*شنۆی پای کاوەن، گۆشەی سەراوەن*

*سەوزەی خاك پاك یاران هام فەرد*

*فرەمان وە فەرش بەزم وێمان کەرد*

*کەو سەوزەی ئیمەیچ نەکام هەردێ بۆ؟*

*وە فەرش مەجلیس کام هام فەردێ بۆ؟* (د.، ل431 – 432)

مۆتیڤی دنیای بێبنیاد و تەلیسمی هەڵنەهێنراوی بوون لە شیعرێکی تردا هەیە:

*تۆ دیای وە شۆن چەند سوبح نۆدا*

*کەو چەند سوبح بدێو وەشۆن تۆدا؟* (د.، ل248)

نیگارکێشانی سەرکەوتوو و هێزی هونەری و ئیستێتیکیی غەزەلەکانی مەولەوی لەوەدان، کە شاعیر لە بری مۆتیڤە تەقلیدییە سواوەکان هی تازە دێنێت و لە چوارچێوەیەکی شیعریی بەرزدا بیری بەرزی فەلسەفی و سۆفییانەیان تێدا دەردەبڕێ.

وەسپی جوانیی سرووشتی کوردەواری و جوامێریی مرۆڤی کورد بە شێوەیەکی دیار لە پایزە غەزەلەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. بە پێچەوانەی زۆر لە شاعیرەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، کە حەزیان لە چارەی پایز نەبووە و ئەو بایەخەیان نەداوەتێ و دەرکیان بە جوانیی تایبەتیی ئەو وەرزە نەکردووە، مەولەوی هەندێ تابلۆی سەرکەوتووی لەم مەیدانەدا هەن. لەو غەزەلانەدا

پایزی کوردەواری: دارستانی گەڵا زەرد هەڵگەڕاو، چیا، بای پایزەی گەشت و گێلکەری هەرد و لاپاڵەکانی، فەرشی ئاڵتوونیی گەڵای وەریوی... نیشانداوە. هەروەها بە خامەیەکی هونەرمەندانە و نیگارکێشانەو بە زمانێکی هونەریی بەرز کۆچی لە کەژەوە بەرەو پێدەشت بووەوەی کۆچەرانی کورد یان بەرەو کوێستان رێگا گرتوویانی نەخشاندووە.

یەکێك لە خەسیەتە هونەرییە تایبەتییە دیارەکانی شیعری مەولەوی، لە پایزە غەزەلەکانیدا دەردەکەوێ، کە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو، کەلەپووری شیعری میللی کوردیی بەکارهێناوە. شاعیر گەلێ وشە و زاراوەی ژیانی رۆژانەی کۆچەرییەکان و گەرمیان و کوێستان کردنیانی بە زمانێکی شیعری دارشتۆتەوە.

ئەو پایزە شیعرانە، دەگمەن و دانسقە و نەوتراون و بوونەتە ئاوێنەی تیشکدەرەوەی هەست و ئەندێشەی شاعیر. لێرەدا مۆتیڤە باوەکەی شیعری مەولەوی: سکاڵای پاڵەوانی لیریکی لە دەست دلڕەقیی یار و تینویەتیی پێگەیشتنی، یا بەیەك نەگەیشتنی ئەبەدیی لەگەڵ دلداردا هەیە (د.، ل 338 – 340).

پاڵەوانی شاعیر لای روونە، تا هەتایە دەبێ تینووی بە یارگەیشتن بێ، هەروەك ئەوە وایە، کەوتبێتە دنیایەکی تاریك و ژێر باری نەهامەتییەکی گەورەوە، بەڵام ئەم هەستەی زۆر ئاشکرا و راستەوخۆ نادرکێنێ. پاڵەوان دیسانەوە پەنادەباتەوە بەر مەیگێڕ بۆ ئەوەی ئاهێکی بە بەردا بهێنێتەوە و چاوی تیژبین بکات و کۆت و پێوەندیی ئەم دارمانە گیانییەی بشکێنێ.

لەم پایزە غەزەلانەدا ئەم تەعبیرانە بەکاردێنێ: ئەستێرەی سیوەیل، نەوپایز، گەڵاڕێزان، رەوەی ئاسك، چاوەڕوانیی یار، تەمی تازە لووتکە گرتوو،.... هتد گەلێ چەمکی دژبەیەکیش بەکاردێنێ، کە رەگێکی قوڵی پێش ئیسلامی لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە.

یەكێك لەو ڕووالّەتانەی تر كە زمانی ئەم غەزەلانە لە هی لیریكای عەرەبی — فارسیی جیادەكاتەوە، ڕەوانیی زمانەكە و ساكارییەتی. مەولەوی نەهاتووە بنووسێ بە وشەی زەق و قەبە و حازری ناو فەرهەنگی ئەو كەلەپووره شیعرییەوە، نەء! بەڵكو سڵی نەكردۆتەوە، كە لە ژیانی هەڕەمەی خەڵك و زمانیان ئەم تابلۆ هونەرییانە دروست بكات. لە ڕاستیشدا ئەمە خەسیەتێكی هونەری و تازەخوازانەی ئەدەبی هەموو میللەتانە. بۆ نموونە نازداران بە گەلە ئاسك دەچوێنێ یان ئەم وێنانە: مالاّت شادی، سیامالّ عەیش، خێڵخانەی مەینەت، كۆزسۆچیا...هتد.

یان زۆرجار وشە و زاراوەی بێچودەیالێكتە جیاكانی ئەو ناوچانەی تیایاندا ژیاوە و گەلێ ناوی كۆنكرێتی جوگرافیایی وەكو:: چەمی زەڵم (چەرخ)، سیروان، سەراو، ئێڵی بەگی، ... هتد بەكاردێنێ.

گەلێ جار لە بابەتە گشتی و باوەكان لادەدا و بە شێوەیەكی هونەریی بەرز تابلۆی هەندێ داب و نەریتی ژیانی دێهاتی كوردستانمان بۆ دەنەخشێنێ. بەیتەكانی ئەم جۆرە بابەتانەی بە شێوەیەكی توندو تۆڵ پێكەوە گرێدراون و بیری شیعرەكەیان بە شێوەیەكی ڕوون دەربڕیوە.

كەمپازیسیای غەزەلەكانی مەولەوی بە شێوەیەكی كارامەو هونەرمەندانە كەشوهەوای دنیای بیرو بۆچوونیمان نیشان دەدەن.

شاعیر بە تابلۆی پڕ وێنە، بیری غەزەلەكان دادەڕێژێ و بە كاملّی دەریان دەبڕێ، بۆ نموونە:

*كۆز سۆچیای دەروون پڕ دەرد*
*مالاّت شادیم یەكسەر قڕان كەرد*
*كزەی ڕەشەبای هەناسان سەرد*

*سیامالّ عەیش تەختە تەختە کەرد*

*هاومالاّن یاوان بە وارگەی جاران*

*من بیّ بارەبەر مەندەی هەواران*

*جەورەکەی سەرئیّلّ خەم بیّ شومارەن*

*خیّلّخانەم بەرپیّچ تا خیّلّ ئەو خوارەن* (د.، ل419-420)

لە هەندیّ لە غەزەلەکانی مەولەویدا، تەئسیری بیری فەلسەفیی — سۆفیی نیوپلاتونیزم دیارە، بەلاّم زیاتر ئەمە لە ڕووپووشێك دەچێت، کە شاعیر ویستویەتی لە پشتییەوە هەلّوێستی خۆی لە دەوروپشتی دەربڕیّ، ئەو دەوروپشتەی زۆرکات لەگەلّ شاعیردا لە ناکۆکییەکی بەردەوامدان. با غەزەلی (فەسلّ نەوپایز تازەکەردەن مەیل...) و (نەوای کەژاوەی لەیلیّ نازانەن...) بە نموونە بهێنینەوە. لەم غەزەلانەدا هەموو خەلّك لە چیاوە بەرەو پێدەشت دادەبەزن، تەنیا ئازیزی مەولەوی نەبیّ، لەویّ گیری خواردووە و نایەتە خوارەوە. کاتیّ بەهاریش دیّ، هەموو ملی ڕێگا بەرەو کوێستان دەگرن، بەلاّم مەولەوی توانای لەگەلّ کۆچ کەوتنی نییە. ئەمە بەرهەلّستیی شاعیرە لەو باروهەل و مەرجەی تێیدایە (د.، ل338 – 340، 416 – 420).

مۆتیڤی بیرو ئەندێشەی پالّەوانەکەی مەولەوی بەدەوری مەیدا دەسووڕێتەوە، هەر کاتیّ ئەم جامی مەیی نۆشی حالّەتی نالەبار باش دەبیّ. لەم غەزەلانەدا زاراوەی (جەمال و جەلال) کە دوو زاراوەی سۆفییانەن بەکاردێنیّ. ئەمانە تەعبیر لە دووسیفەتی خودا دەکەن، جەمال سیفەتی جوانی و نەرمییە، جەلالیش هی هەیبەت و تووڕەبوونە، هەر لێرەدا مەولەوی زاراوەی (سەفا)یشی بەکارهێناوە، کە مەبەستی لێی پاکبوونەوەیە، سەفا گەوهەری زاتەکەیە، کە بەشێوەیەکی ڕاست و ورد ئەو ڕووداوانە دەبینیّ، وا هەموو ساتیّ لە دەوروبەری ئێمە ڕوودەدەن. لێرەدا پرسیارێك قووت دەبێتەوە، ئەو (سەفا)یەی مەولەوی

لەگەڵ زاراوەی سۆفییانەددا وەك یەکە؟ بەڵێ، چونکە شاعیر خۆی دەڵێ: ڕاستییەکەی، نەزانی دەوری داوم، بۆیە سەفاو جەفای ئازیزم لا یەکسانە. لەبەر ئەوە داوا لە مەیگێڕ دەکات، کە تێر مەیی بکات تا (جەفا) و (جەلال)ی لاببێ بە (سەفا) و (جەمال).

مەولەوی ڕەنگە یەکەم شاعیری کوردبێ، کە تابلۆی زستانی کوردستانی بەو شێوە هونەرییە بەرزە نەخشاندبێ، شاخە بەرزە بەفرینەکان تا ئاسمان هەڵچوون، لاپاڵ و نزارەکان بەفریان تێدا کەوتووە، (بەناباشیی بورج بەرزە دیارانیش) دەرگای ئەشکەوتەکانی سپیکاری کردووە. لێرەشدا میتۆدەکەی مەولەوی بەرچاوە، سرووشت و مرۆڤ بەشێوەیەکی ئۆرگانی تێکەڵکردن. هەر دووحاڵەتەکەی ژیان و مردن، جۆش و خرۆش و شادی و هیوا، یان دڵساردی و خەم و پەژارە، دۆستایەتی و دوژمنایەتی پیشان دەدا. چەمکی شیعرەکانی مەولەوی عەشقە، خۆشەویستییە لە بەرزترین شێوەیدا: خۆشەویستیی مرۆڤ بۆ مرۆڤ، خۆشەویستیی سرووشت و جوانی و خێر و دادپەرستی، خۆشەویستیی هەمووشتێکی پاك و شیرینی سەر ئەم زەوییە. (مەی) تەنیا چەکی شاعیرە، کە لە کاتی نیگەرانی و شکستی گیانیدا پەنای بۆ دەبا... یادی هاوڕێ و یارانی کۆچکردوو، یادی ئازیزانی گیانی، دەکاتە گوڵوکی ئیدیالیی بەرهەم و ژیانی و زۆرجار غەزەلەکانی بە پەنا بۆ مەی و ساقی کۆتاییان دێت.

*چۆن نە دڵ شنۆی مەزەی مەی داران،*

*بدیە چۆن وە تۆی لۆنگێ مەویاران!* (د.، ل279)

ئەمەش نموونەیەکی زستانە غەزەلی مەولەوییە:

*زووسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان*

*گێجیای لوول گێج کڵێڵەی کاوان*

*بەناباشیی بورج بەرزە دیاران*

*سفید کاری کەرد تاقچەی موغاران*

*چ شیرین زەرگەر تۆف هەوای سەرد،*

*گۆشوارە نەگۆش نەونەمامان کەرد!*

*پەی نیگای باڵای مەحبوب بێگەرد*

*یەخ ئایینە گرت، تەم چارشێو ئاوەرد*

*ئەی مەحبووب خاس، وەی بینای تەمام*

*مناڵۆ پەی بەزم، ساقی و شیشە وجام* (د.، ل278 – 279)

لەم شیعرەدا گەلێ وێنە و ئیستیعارەی وەکو: (بەناباشیی بورج، زەرگەر تۆف هەوای سارد، گوشوارە و نەمام... یەخ – ئایینە، تەم – چارشێو...) هەن، کە ناوازە و نوێن و وێنەی لە ژیان هەڵقوڵاون و بە شێوەیەکی هونەری و خامەی نیگارکێشێك کێشراون. ئەم وێنانە لەبەر چاوماندا قووت دەبنەوە و بەرجەستەدەبن و زیاتریش لە باسی سرووشت و دیاردەکانیدا دەردەکەون و وەك وترا، خەسیەتێکی باڵادەستانەی هونەریی شاعیرن.

لەم غەزەلانەدا، جاروبار هەندێ خەسیەتی باوی غەزەلی تەقلیدی و هونەری ریتۆریکی بەرچاودەکەون، بۆ نموونە، مەولەوی هەندێ جار (لەف و نەشر) (پێچ و لوول دان و بڵاوکردنەوە) بەکاردێنێ، بەڵام دیسانەوە شتێکی تایبەت بە خۆی دەخاتە سەر ئەم هونەرانەش، دەڵێ:

*زوانەکەی سۆز، دەسەکەی ناڵە*

*بکیانۆ، رێزۆ، رەحمەت، پیاڵە!*

*رەحمەت وە رووی خاك رستگاراندا*

*پیاڵە وە دەم ئینتیزاراندا!* (د.، ل279 – 280)

مەولەوی لێرەدا ئاڵوگۆڕێكی لە مەسەلەكەدا كردووە، زوانی ناڵە و دەستی سۆزی ئاوەژووكردۆتەوە.

شاعیر غەزەلێكی هەیە لە وەسپی هاویندا وتوویەتی. هەڵوێستی مەولەوی لە هاوین بە پێچەوانەی وەرزەكانی ترەوەیە. دوور نییە ئەمە زادەی هاوینی گەرمی (تاوەگۆز) بێت، كە پرزە لە مرۆڤ دەبڕێ. لێرەشدا شاعیر ئەم هەستی لە گەرما بێزارییەی بە گەلێ وێنە و ئیستیعارەی جوان دەربڕیوە، دەڵێ:

*هامن، ها، من وار، گەرمیش جۆش ئاوەرد*
*فەزای نەزم بەزم نەوگوڵاڵان بەرد*
*بووڵ وە یانەی جەم نەوگوڵاڵان شەند*
*چەمەن بێ نەوای ناڵەی بوڵبوڵ مەند*
*تای بەرەزای شەنگ نە سای موغاران*
*شێونا چون زوڵف تەعزیەداران*
*ها، كاوان دڵ چون دڵ ڕێشان*
*هەر دان وە سەردا هەردان پەی وێشان*
*دووریت ئایر وست وە یانەكەی من*
*یانێ یانەی دڵ وێرانەكەی من*
*هەوا ئایرین، سەروەخت ئایرین*
*دڵە ئایرین، بەدبەخت ئایرین*
*وەی گشت ئایرەوە خەیاڵم خامەن*
*بەختم ناپوختەن فامم نەفامەن*
*وەی بڵێسەوە گەردێم باقییەن*

*وادەی ئایرین بادەی ساقییەن* (د.، ل522 – 523)

هەروەك لە وەسپەكانی تریدا، لە وەسپی هاوینیشدا، كەرەسە و ئامێری هونەریی بەراوردی مرۆڤ و سرووشت بەكاردێنێ: لە گیای وشكدا مەولەوی قژی ژاكاوی ژنی كۆستكەوتوو و لە زەوی قلێشاودا دڵی دڵداری بەدەست ئەوینەوە بریندار بوو دەبینێ.

وێنەی لەم بابەتە لای بێسارانیش هەیە، بۆ نموونە (گیای بەرەزا)ی بە (پرچی نازداران) چواندووە (75، ل47). بەڵام مەولەوی ئەم وێنەی بەرفراوانتر و شیرینتر كردووە.

هەندێ غەزەلیشی دەربارەی جەژنەكانی ئایینی ئیسلام هەیە، لە باسی ڕەمەزاندا ئەم غەزەلانە:"ڕەمەزان تلووع سوبح شادیشەن"، "سەدای های هیلال هام فەردان مەیۆ" (د.، ل268 – 269، 329 – 331). بۆ جەژنی قوربانن غەزەلی:"قوربان، قوربانەن...." و بۆ جەژنی بەراتیش:"نەهات و نەهات دڵ ماتەن ئیمشەوی "هەیە (د.،ل 348 – 350) (د.، ل424 – 426).

شاعیر، كە بە جەژنی ڕەمەزان دەڵێ"بەربەیانی شادی"یەتی، خۆی بە مانگی شەوال دەچوێنێ، كە بە دوای ڕەمەزاندا دێ و ڕۆژەكانی جەژن دەكەونە شەوالەوە، كەچی ناویشی جەژنی ڕەمەزانە، لێرەدا مەولەوی بەراوردێكی نێوان خۆی و شەوال، لەگەڵ ڕەمەزان و یاردا دەكات:

*ڕەمەزان تلووع سوبح شادیشەن*
*شەوال شام شووم نامرادیشەن*
*دەردینە شەوال، ئای زام سەختە من*
*تاڵە شووم شەوال، ئای بەدبەختە من*
*غورە، غورەی ئەو، سەفاش پەی غەیرێ*
*ئازیز قیبلەی من، وەفاش پەی غەیرێ* (د.، ل 268)

لە کۆتایی غەزەلەکەشدا، شاعیر داوا لە گۆرانیبێژ دەکات، گۆرانییەك بڵێت، چونکە بیرەوەریی هاورێ و ئاشنایانی کۆچکردوو، یادیان لیوان لێو کردووە و ئارامیان لێ هەڵگرتووە. مەولەوی (ردیف)یشی لێرەدا بەکارهێناوە:

*سەختە من — بەختە من*

*سەفاش پەی غەیرێ*

*وەفاش پەی غەیرێ* (د، ل268)

لەوەیاندا، کە باسی جەژنی ڕەمەزانە، شاعیر لە یەك بەیتدا چوار وێنەی لە دیاردە لەیەك نزیکەکانی سرووشت دروست کردووە و ئەندێشەو ئازاری خۆیی لەم بەیتەدا چڕکردۆتەوە:

*شەوم تاڵەی شووم، هیلالم قامەت*

*شەفەق هوون دڵ، مەنزڵگە زامەت* (د.، ل329)

شاعیر بە وردی و شارەزایانە باسی ئەم داب و نەریتە ئیسلامییە دەکات و لە لادیمەنەکانی تابلۆیەکی بەرجەستە و تەواوی جەژنکردنمان بۆ دەکێشێ. لە تەنیایدا بەراوردێکی خۆی و سوراحی شەرابی ڕۆژی جەژن دەکات. لەبەر پیرۆزی و ڕێزی ڕەمەزان، کەس شەراب ناخواتەوە و وەك چۆن شاعیر تەنیایە، ئاوەهاش سوراحیی شەراب بێ نازکەوتووە، لێرەدا مەی بە مانا ساکار و سادەکەی بەکارهاتووە و هیچ هێما و ڕەمزێکی پێوە نییە. لە کۆتایی ئەم غەزەلەدا، مەولەوی ئاوڕ لە ساقی دەداتەوە، وەك دادگا و پایەیەکی بەرز پەنای بۆ دەبات، بۆ ئەوەی تاواندار و بێ تاوان لێك جیا بکاتەوە.

ئاماژەی هەندێ ئایەتی قورئانیشی تێداکراوە، کە هەموو گوناهکاران دەبێ بە سزای خۆیان بگەن. هەندێ زاراوە و وشەی وەکو مزگی، منارە، ڕەمەزان.... هتدیشی بەکارهێناوە.

غەزەلی (قوربان، قوربانەن...)، کە بۆ جەژنی قوربانی وتوە، زمانێکی زۆرچڕ و پڕ ئاوازە و خەست کراوەی هەیە، شاعیر یاریی بە پیت و وشەکان دەکات و ئاوازە و سەدایەکی وای سازکردووە، کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیدا ئەو قەرەباڵغی و هەراوزنایەی ڕۆژی جەژنی دێتە پێش چاو و لە گوێیدا دەزرنگێتەوە. شاعیر بەراوردی خۆی و قوربانیی ڕۆژی جەژن دەکات.

لەو وێنانەدا داب و تەدارەکی قوربانیکردنی، هونەرمەندانە بەرجەستە کردووە و پەیوەندییەکی پڕاوپڕی لەگەڵ باری دەروونیی خۆیدا بۆ دۆزیوەتەوە. هەرچەندە لە پێناوی ئەڤیندا، پاڵەوانی لیریکی ئامادەیە خۆی بکاتە قوربانی، بەڵام ئەمەی پێ ڕەوا نابینرێ:

*خەیاڵیت کەردەن جە ڕووی نادانی*

*چ لایق وە تۆن ڕوتبەی قوربانی!* (د.، ل350)

بە ئاوازە و هەناسەیەکی درامییەوە، شیعرێکیشی بۆ جەژنی بەرات نووسیووە، کە هاوار و ناڵەی دڵداریان تێدا دەگاتە ئاسمان.

شاعیر لێرەشدا دیسانەوە ئیرەییەك بە دڵدارانی تر دەبا و باسی ناشادیی خۆی دەکات و بۆ گوێ بەم نیگەرانی نەدانە، ناچار پەنا دەباتە بەر مەی و دەیەوێ لە دنیای یادگاری ڕابووردووو هاوڕێ و ئاشنا گیانییە نزیکەکانیدا مەستییەکی سۆفییانە بیگرێ.

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کلاسیکیی ڕۆژهەلات بە گشتی و لیریکای عەرەبی — فارسیی سەدەکانی ناوەڕاست بە تایبەتیی ئەوەی سەلماندووە، کە غەزەل لەسەر بناغەی (ئیپۆسی لیریکی) دامەزراوە، بەڵام بنەوانی لە ئەدەبی کوردیدا گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانە.

سەرچاوەی وێنەی شیعریی تەقلیدی (بە شێوەیەکی بەرفراوانیش لە ژانری غەزەلدا)، لە لیریکای عەرەب و میللەتانی موسوڵماندا، سرووشت و کەلەپووری گیانیی ئەو

میللەتانەیە. یەکێك لە ڕەگەزە بەهێز و دیارەکانی دنیای شیعریی غەزەل و بابەتێکی بەرچاوی، ئافرەت و خۆشەویستیی ئافرەتە.

لە لیریکای مەولەویدا سێ غەزەلی سەربەخۆی لەم بابەتە هەن:"چون چیهرەی خەیاڵ ڕووخسارەکەی ویش"، "خەرامان ئاما نە تۆی پەردەوە"، "نەواتم عەر عەر سەهەند پەروەردە" ، (د.، ل182 – 183، 198 – 199، 445 – 446).

هەروەها نیگاری جوانیی ئافرەت کێشان، لە گەلێ لە شیعرەکانی تری مەولەویشدا، تەنانەت لەوانەشدا، کە بۆ هاوڕێ و دۆستانی خۆیی نووسیووە — هەیە و شیعرەکانی بەپێز و پڕمانا و بەرفراوان کردووە. زۆر جار لە شیعری مەولەویدا، لە ڕوانگە سۆفییەکەیەوە، جوانیی ئافرەت، سیمبۆل و ئاوێنەی تیشکدەرەوەی جوانیی موتڵەق — کردگارە. زانای ئێرانیی ناسراو د. قاسم غەنی دەڵێ" کە سۆفییەکان بە باوەڕی جوانی پەرستی، چەمکی فەلسەفی و سۆفییانەی خۆیان و بناغەی تەریقەتیان دامەزراندووە. حەزیان لە هەموو شتێکی جوان، بە تایبەتیش ڕووخساری جوان بووە.

هەروەها بیر و زاراوە سۆفییەکانی خۆیان بە هەندێ تەعبیری نێوان دڵداران دەربڕیوە. ئەمەش لە سەرجەم شیعری سۆفی و بە تایبەتیش لە غەزەلدا ڕەنگی داوەتەوە." (171، ل567)

دەتوانرێ بە شێوەیەکی گشتی ئەمە دەربارەی لیریکای مەولەویش بوترێ. تەنیا جیاوازییەك ئەگەر لە نێوان هەندێ شیعری سۆفی و ئەوانەی مەولەویدا هەبێت، ئەوەیە کە مەولەوی بە شێوازێکی ڕیالیستانە بە جوانیی ئافرەتیدا هەڵداوە و شیعرەکانی دەربڕی هەست و بۆچوونی مرۆڤی کوردن لەم بارەیەوە، بۆ نموونە، لە شیعری (چون چیهرەی خەیاڵ...)دا شاعیر بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و بەرز باسی جوانیی کچە جافێك دەکات. مەولەوی لەم شیعرەدا دوو خەسیەتی ئیستێتیکی زۆر کارامانە، لە یەکدا

تواندۆتەوە. لەلایەکەوە بە چاوێکی نیگارکێشانەوە ئەم وێنەیەی بەرجەستە کردووە و لەلایەکی تریشەوە هەستێکی ئەبستراکتیی تیکەڵکردووە. شاعیر بەراوردی وێنەی هەست پێکراوی شەنگی و شیرینی ڕووخساری کچەکە لە واقیعدا و چونیەتیی ڕەنگدانەوەی ئایدیالیانەی لە دڵی خۆیدا دەکات. یان بەراوردی ڕووخساری کچە و گۆشەی سیاماڵ لەگەڵ دەرکەوتنی خەیاڵیان لە دڵیدا دەکات:

*چون چیهرەی خەیاڵ ڕووخسارەکەی وێش*

*نە تۆی پەردەی دڵ (مەعدوومی)ی دڵ ڕێش*

*نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵا ن*

*کەم کەم جە گۆشەی لای سیاماڵا ن*

*زەمین منەت بار پامنیا و مەویەرد*

*جار جار وە ڕووی ناز باوەشێن مەکەرد*

*باوەشێن مەکەرد ئەو سەفحەی بێگەرد*

*نازکیش جەباد ئیحتیات مەکەرد*

*نەتۆی تاریکیی تای شەدەی بێگەرد*

*لەتافەت چون ئاو حەیات مەوج مەوەرد*

*غەریب بیم چەنیم کەرەم نمانا:*

*وە سەوقات پەرێم خەدەنگێ شانا*

*ئەر سەد چون یاران گیان تەسلیم کەردەم*

*خاس بی پەی یادگار خەدەنگێ بەردەم* (د.، ل182 – 183)

ئیستیعارە و بەراوردەکانی مەولەوی زۆریان هەر خۆی دایهێناون و تایبەتن بە دنیای هونەریی ئەو، تەنانەت لەو کاتانەشدا هەندێ مۆتیڤ و وێنەی باو بەکاردێنی،

مەولەوییاتێکی تێدا دەکا. مەولەوی لەم غەزەلەدا، بەراوردێکی لە نێوان ئەفسانەی ئـاوی زینـدەگی و بـوونی لەتاریکیـدای لەگـەڵ ڕووی کـچە کـوردێکی تـوێی لەچـکێکی ڕەشـدا کردووە. لەم مۆتیڤە تەقلیدییە، ئـەم وێنـە دەگمـەن و تازەیـەی داڕشـتووە. هەرچـەندە لـە هەمان غەزەلدا، هەندێ ڕەمز و کەرەسەی تەقلیدیی وەکو خەدەنگ و تیری بەکارهێناوە.

زوو هاتنەدەم و وەڵامی دەستبەجێ، کە هونەرێکی بەلاغـەی تەقلیدییـە، یەکێکـە لـە خەسیەتەکانی شیعری مەولەویش، بەڵام لە چوارچێوەی ئـەم بابەتـەدا، مەولـەوی زۆرجـار وێنەی تازە دادەهێنێ. شاعیر لە وەرزی گەڵاڕێزانی سرووشتیدا، کە دیاردەیـەکی واقیعیـە، ئەم دیمەن و وێنە فانتازیایەی خولْقاندووە:

*نەواتم عەر عەر سەهەند پەروەردە*

*باخەوانان داخ وە تۆی گڵ بەردە*

*خودنومایی لای باڵا نەمامان*

*وێت لادەر ئامان، پەرێ تۆ نامان*

*دیت شنۆی غیرەت دیدەکەم خێزا*

*وەڵگەکەی سەرشاخ زیندەگیم ڕێزا*

*خاس بی دەرگای خەم پەی وێت کەردەوە*

*دوو لەتیمان بۆ هەرچیت بەردەوە* (د.، ل445 – 446)

لێرەدا بـە ڕیزکردنـی هەنـدێ وشـەی وەك: "نـەمامان، ئامـان، نامـان..." ئـاوازێکی شیرینی سازکردووە.

ئاشکرایە مەولەوی لـە سـەدەی نۆزدەیەمـدا ژیـاوە، ئـەو سـەردەمەی کـە لـە ئـەدەبی جیهانیـــدا زۆرانبـــازی وململانێـــی ڕێبـــازی ڕۆمانتیکییـــەت و ڕیـــالیزم هێـــشتا هـــەر لەبەیەکداچوون و کێشەدا بووە. لـە ڕاسـتیدا بـەم شـێوە ئـەکادیمی و ڕاسـتەوخۆیە، ڕەنگـە

مەولەوی ئاگای لەم باسە نەبووبێت، بەڵام تواناو وزەی داهێنەرانەی هونەرمەند زۆرجار پێش ڕۆژگاری خۆیی دەخات و بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر هونەرێکی بەرزی لە داهاتوودا ژیاوی پێ دەخولقێنێ، شیعری مەولەویش نموونەیەکی ئەم هونەرە بەرزەیە.

خەسیەتی لیریکای مەولەوی ئەو دوو مەودایی و دوو پلانییەیەتی: لیریکای سوفیی تێکەڵ بە بابەتی دنیایی و ژیانی کۆمەڵ و دەوروبەرەکەیەتی. مەولەویش ڕێچکەهەڵگری شاعیران و فەیلەسووفانی وەکو ئیبنوعەرەبی[36] و جەلالەدینی ڕۆمی و جامییە. لە شیعرەکانی مەولەویدا بیری (ئولوهیەتی کەون) ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەم بیرە تەنیا بیرێکی وشکوبرینگی فەلسەفی نییە، بەڵکو بە چەمکی خۆشەویستیی ژیانی واقیعیشەوە دەربڕیوە.

ئایینی دڵ و خۆشەویستی، یەکێکە لە چەمکی تەریقەتی نەقشبەندی، مەولەوی لەم ڕوانگەیەشەوە شیعری وتووە، نموونەی ئەمەی ئەو شیعرەیە، کە بۆ کوڕە ئاسنگەرێکی وتووە (د.، ل 444 – 445). لەم غەزەلەدا مەولەوی ویستویەتی لە ڕێگەی جوانییەکی ڕوواڵەتییەوە، تەعبیر لە جوانیی موتڵەق بکات. سۆفی و فەیلەسووفی ناسراو ئەلسالیبی، لە کتێبی (**الكناية**)دا دەڵێ:"ڕاستییەکەی سۆفییەکان، کە دەڵێن (شاهید) مەبەستیان لە کوڕی جوانە و ئەمەش ڕەمزی جوانیی دەستی کردگارە (171، ل576). بۆ ئەوەی جوانیی گیانیی بگاتە ڕادەی توانەوە لە موتڵەقدا، دەبێ بە قۆناغی (**فناء**)- لەناوچووندا بڕوا، چونکە بوونی ئەبەدی دوای فەنا پەیدا دەبێ" (5، ل385 – 388).

بەپێی ئەم بۆچوونە مەولەوی بەراوردی کوڕە ئاسنگەر لەگەڵ کانی گەوهەر و قژی لەگەڵ عەنبەردا دەکات:

[36] ئیبنوعەرەبی: سۆفی و فەیلەسووفێکی ناوداری سەدەی سیانزەهەمە، مەزهەبی یەزدانییەتی دنیاو گەردوون و نیوپلاتونیزم، (یەکێتی بوون)ی هێناوەتە ناو سۆفیزمەوە.

*نە ئاهین گەرێ، نە ئاهین گەرێ*

*ئارۆ ڕاگەم کەفت نە ئاهین گەرێ*

*دیم کە نیشتەبی کان گەوهەرێ*

*پادام مەدەمنا زوڵف عەنبەرێ*

*فیدات بام، ئۆسای پادەمەدەمەن!*

*دەست وەدەم بۆ، دەم بدەر وەمەن*

*هەی موسڵمانان ئینە چ دەردەن؟*

*دەمە دەمانش دەم دەمین کەردەن*

*دەمەو کوورەو نار هەرسێ بین نووره*

*نۆبەی مەعدوومەن وزاش نە کووره* (د.، ل 444 – 445)

شاعیر بە دووبارەکردنەوەی هەندێ لەو وشانەی دەنگی (د) و (م) یان زۆر تێدایە، جۆرە ئاوازێکی دروست کردووە، کە زیاتر وێنەی کوورەدەماندن و دەنگی ئەو پرۆسێسەمان لە گوێدا دەزرنگێتەوە. هەروەها لە ڕووی ڕەنگەوە، لێرەدا هونەرکارییەکی بەتیشکدانەوەی ڕەنگی ئاگر و جوانیی ئاسنگەرەکە کردووە. شاعیری دەیەوێ ئەویش لەو کوورەیەدا، کە هیمایە بۆ سوتانی سۆفییانە لە عەشقی یەزدانیدا، بسوتێ و پاکبێتەوە، چونکە ئاشکرایە ئاگریش یەکێکە لە سەرەتاکانی هەوەڵ دروست بوون و هەستی (وجود).

وێنەی سروشت لە 175 شیعری مەولەویدا، واتە لە 88٪ی غەزەلەکانیدا هەیە. مەولەوی وێنە گەردونییەکان، خۆر، مانگ، ئەستێرە،... هەروەها دیاردەکانی تری سروشت: با، باران، تەم، هەور، بروسکە، لافاو، دیمەنی سروشتی: دۆڵ و نشێو، شاخ، ڕووبار، کانی، ڕووەك: درەخت، گوڵ، گیا...هتدی کردۆتە کەرەسەی شیعریی خۆی و وێنە و ئیستیعارە و ڕەمزی لێ خوڵقاندوون.

مەولەوی لە شیعرەکانی دیوانەکەیدا (با)ی لە هەموو دیاردەکانی تری سروشت زیاتر بەکارهێناوە و ئەمەش یەکێکە لە وێنە بنەڕەتی و تەوەرەییەکانی هونەرەکەی.

هاوجووتبوونی تەقلید و نوێخوازی، فۆلکلۆر و ئەدەبی نووسراو لە شیعرەکانی مەولەویدا، بە شێوەیەکی دیار دوای توژینەوەی ئەو وێنانە دەردەکەوێ، کە شاعیر بە هۆی (با)وە دایڕشتوون و ئەمەش یەکێکە لە خەسیەتە دیارەکانی ئامێری هونەریی ئەو...

مەولەوی، لە شاعیرەکانی پێش خۆی، سەرکەوتووتر و کارامەتر و بەرفراوانتر ئەم دیمەنەی بەکارهێناوە. لە ئەدەبی کوردیدا (با) ڕەمزی دەربڕی ئەندێشەو ئازاری مرۆڤ بووە، نامە و ڕاسپێربەر بووە. ئەمیش لەم ڕووەوە لێکچواندنی تەقلیدیی سرووشتی ئاوەژووکردۆتەوە. شاعیر گیانی مرۆڤانە بە بەر سرووشتدا دەکات و وێنە هونەرییەکانی دوو مەوداو قووڵن، دەڵێ:

*نەسیم پەنجەی پات ئەر سەردی کێشان*

*بدارەش نە تۆی دڵ دەروون ڕێشان*

ئە ئاوا، با قاسیدە، نامەبەرە و شاعیر لە کاتی دووریی لە یاردا پەنای بۆ دەبا، ئەمەش وێنەیەکی تەقلیدیی فۆلکلۆر و شیعری کلاسیکیی کوردییە. مەولەوی ئەمە بە شێوەیەکی نوێ دادەڕێژێتەوە و تابلۆی شیعریی لێ دەنەخشێنێ. هانای بۆ دەبا، کە لێزمەی فرمێسکی بۆ بەفراوی شاخەکان، تەمی دڵی بۆ لووتکەکان و زەردیی ڕەنگی ڕووخساری بۆ گەڵای داران بەرێ، تا ئازیز بزانێ، وا نەوپایزە و ئەگەر لە شەماڵی پرسی:

*"واچە، پڕ جە تۆ جە وێ فەرامۆش*

*مـن دیـم تۆ حاڵش نەژنەوی وە گۆش"* (د.، ل164).

پەیوەندیی هەست و ئەندێشەی مرۆڤ لەگەڵ دیاردەکانی سرووشتدا — بیری بنەڕەتیی لیریکای مەولەوییە، ئەم شیعرانە چڕن، بەراورد و لێکچواندنی زۆر دیار و درەوشاوەیان تێدایە:

*چون وەڵگ شادیی من وای دووریی لەیل*

*وەیشووم بەرد ئەو هەرد نەوڕشتەی سوەیل* (د.، ل160)

وێنەکانی ڕیالیستین، زۆرجار وردەکاریی ناسك و دەربڕی هەستی دۆستایەتیی و پێوەندیی گیانی و پڕ مانای ژیانن:

*وێت ئاسا وە نەرم وێت نە ڕووی نم دەر*

*بەو شنۆی فینك دڵش بێدارکەر*

*بەلام شنیای تای سەر سوورمەی بێگەرد*

*ئازار نەدۆ هیچ وە سای گەردن زەرد*

شاعیر سرووشت بە شێوەیەکی دینامیکی پیشان دەدا. لێرەدا (با)ش هەڵگری بیری بزێوی و نەوەستاوییە.

لەو تابلۆی سرووشتانەی کە مەولەوی نیگاری کێشاون، وێنەی (با) یان زۆر تێدایە. ئەم تابلۆیانە زۆر ڕەنگینن و درەوشاوەن، لەبەرچاودا وەك نیگارێکی بە وشە، ورد چنراو دەردەکەون و بەرجەستەدەبن، دەڵێی سرووشتێکی زیندوون:

*چ شیرین زەرگەر تۆف هەوای سارد،*

*گۆشوارە نە گۆش نەونەمامان کەرد!* (د.، ل278)

*ئاماوە وەهار، وەهار شادی*

*بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی* (د. ل38)

*نەسیم وە بۆی چین چنووری ڕووی هەرد*

*سوب (صباح الخیر) دەماخ دڵ کەرد* (د.، ل68)

---

*تۆ بۆی شنۆی بای ئێلاخ نە دەماخ* (د.، ل141)

*نەسیم وەس بویەر وە کۆسارانذا*

*وەسەن شانای وەڵگ وە دیارانذا* (د.،ل142)

*فەسڵ نەوپایز تازەکەردەن مەیل*

*شەماڵ هەرزان کەرد ڕشتەی نەو سوەیل* (د. ل338)

(با) لە ژیان و گوزەرانی مرۆڤی کوردی شاخ نشیندا هۆکارێکی گرنگ بووە، بۆیە چەندین ناوی جیاجیای هەیە:

با، شەماڵ، نەسیم، شنۆی کاوان، ڕەشەبا، سەبوون، گەردەلوول، بای بەیان، دیوەڵوول، بای خەزان[37]... هتد.

لە شیعرەکانی مەولەویشدا (با) ئەرکی جۆراوجۆری هەیە، هەندێ جار سیمبۆلی خێرە و جارجارەش هی شەڕە، بۆ نموونە:

*کزەی ڕەشەبای هەناسان سەرد*

*سیاماڵ عەیش تەختە تەختە کەرد* (د.، ل 420)

یان گەردەلوول ڕەمزی ڕۆژی قیامەتە:

*رجام هەن فەردا نەو گەردەلوولدا*

---

[37] زانای ناسراو محەمەد موکری، بە زمانی فەرەنسی و کوردی باسێکی لەم ڕووەوە نووسیووە بڕوانە: (66، ل233 – 257).

*بویەری نە ژێر سای ئەو ڕەسوولدا* (د.، ل 99)

یان سەبوونی دەربڕی نیگەرانییە:

*گێج مەدا سەبوون شارەزوور دڵ*

*سیروان هووناو دەروونش گوڵ گوڵ* (د.، ل418)

هەندێ جاریش تەواوکەری جوانیی یارە و شەنگیی ژیانی لێ دەتکێ:

*بەڕەزا بەو چین توغرەی تاتاوە*

*شەماڵ مشانۆش، یانی وەی لاوە* (د.، ل474)

یان بای بەیانە و بۆنی یەخەی یاری لێ دێ:

*بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ*

*مانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ* (د.، ل467)

دوای سەیرکردن و وردبوونەوەی غەزەلەکانی مەولەوی، ئەم ڕەگەزانەی سرووشت بەم شێوەیەی خوارەوە دووبارە دەبنەوە (دوور نییە هەندێکی بەر زەین نەکەوتبن):

گوڵ -81 جار، شاخ -44جار، نەمام -41 جار، دۆڵ و نشێو – 40 جار، ئاگر – 33 جار، دەشت – 32 جار، جۆگەلە – 28 جار، گەرداو – 14 جار، گەلا - 13 جار، دڕك -11 جار، برووسکە و هەورەتریشقە – 15 جار، خۆر – 9 جار، هەور – 8 جار، شەپۆل -4 جار.

بەم شێوەیە ڕوون دەبێتەوە، کە مەولەوی جگە لەو غەزەلە تایبەتییانەی بۆ سرووشتی کوردستانی وتوون، هەمیشە ڕەگەزی سرووشتی بۆ درووستکردنی وێنە و نەخشاندنی غەزەلەکانی بەکارهێناوە.

مەولەوی چۆن گوڵی لە شیعرەکانیدا باسکردووە و وێنەی لێ دروستکردوون؟ هەر وەك ڕەگەزێکی ڕووتی سرووشت و هیچی تر، یان بە شێوەی نیگارین و جۆراوجۆر؟ مەولەوی بە

هەر دوو شێوەکە خستوویەتە گەڕ. زۆرجار ڕووخساری یاری لەگەڵ گوڵدا بەراوردکردووە. شایانی باسە، مەولەوی زۆربەی گوڵانی سرووشتی کوردستانی بەکارهێناوە، 26 جار گوڵی بەم شێوانە باسکردووە:-

عەرەق چون شەونم نیشتەن نە ڕووی گوڵ، بۆی گوڵان کەردەن جە بەرزان هەرزان (د.، ل11)، سوبحەن، بۆی گوڵان میاونۆم نەسیم (د.، ل 327)، ئیمساڵ نەووەهار چون خەزان سەرد، بەرگ وەرد باغ (مەعدووم) بەرد پەی هەرد (د.، ل45)، بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن (د.، ل43)، ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعاریف وە گڵ (د.، ل67)، حوسنش وە گوڵگوون وەش ئیستیغناوە (د.، ل91)، تۆ وێنەی بوڵبوڵ مەستی هەوای گوڵ (د.، ل119)،، گا چون گوڵ نە پای چوڕەی وەفراودا (د.، ل146)، مەر گوڵشەن حوسن شای گوڵ ئەندامان (د. ل384) تۆمەی سەرو و گوڵ وەنەوشەو سونبوڵ (د.، ل389)، گوڵاڵەم چون وێم فەرامۆش کەردەن (د.، ل318)، هەندێ جار هەر بە مانا قامووسییەکەی بەکاری هێناوە:

گوڵان جام وەدەس بوڵبوڵان سەرمەس (د.، ل69)، سەفای گوڵاڵان سەد تەرزان لەرزان (د.، ل147)، هەوای گوڵاڵان سەرکاوان زاخان (317)، گوڵان بوڵبوڵان ملاونانێ (د.، 409)، بوڵبوڵ جە دەوری گوڵان ئازادەن (د.، ل473)، شاعیر 12 جار تەوێڵ و ڕووی یار بە گوڵ دەچوێنێ: جەمین پەڕەی گوڵ (د.، ل212)، جەمین پەڕەی گوڵ (د.، ل218، ل308، 439، 467)، فیدای شێوەت بام جەمین پەڕەی گوڵ (د.، ل346)، کون کوشتی و باردیی گوڵ جەمنیانەن (د.، ل348)، جە ئیستیغنای گوڵ (د.، ل 408).

هەروەها مەولەوی شکۆفە – غونچەشی بە شێوەی جۆراوجۆر بۆ وێنە دروستکردن بەکارهێناوە:

شکۆفەی وەش بۆی ڕەیحانەی رەسول (د.، ل289)، غونچەی نەشکوفتەم زام کارییەن (د. ل 409)، وادەی سفیدیی شکۆفەی پیرین — شکۆفەی باغچەی پیری و دڵگیرین (د.،457)، خەندەی شکۆفەی نەمامان داران (د.، ل492)... هتد هەروەها ئەو گوڵانەش، کە لە کەژ و دەشت و دەری کوردستاندا هەن بەکاردێنێ، بۆ نموونە: هەڵاڵە — شنیای هەڵاڵان وەکوهـ — نووردا (شاخێکە لای پاوە) (د.، ل492)... نێرگز -5 جار، بە چاوی یار دەچوێنێ: نەرگس مەس مەس چەم وڵاوکەردەوە (د.، ل68)، یان شمشاد و نەرگس وەنەوشەی چەمەن (د.، ل235)، باڵ چەم هۆردا نەرگس نەی دەمدا (د.،ل385)، نەرگس وە مەس مەس مدێو کێن ئەو کەس (د.، ل474)، بدیە نەرگسان جە شەونم بین کەیل (د.، ل497). جاروباریش جوانی و یار بە گولزار دەچوێنێ: جە هەر تەرەفدا مەوینۆن گولزار ڕەنگ ڕەنگ مەدرەوشۆ بە وێنەی دڵدار (د.، ل327) بولبوڵ گوڵشەن بێ نام و نەنگی (د.، ل73)، پەی من ئار نە تۆی گوڵشەن وەشتەربۆ (د.، ل328)، مەر گوڵشەن حوسن شای گوڵ ئەندامان (د.، ل384). گوڵی وەنەوشەشی بەکارهێناوە: سەودای وەنەوشەی پەل دێز باخان (د.، ل317)، تۆمەی سەرو و گوڵ وەنەوشەو سونبوڵ (د.،ل389). جگە لەمانە گوڵ و گیای تری وەکو سۆسەن و گوڵاڵەو بەڕەزا و چنووریشی بەکارهێناوە.

وێنەی گوڵ لای مەولەوی ڕەمزی جوانی و خێریشە. شاعیر شەیدای سەرجەم سرووشتی کوردستانی بووەو وەك گلێنەی خۆشی ویستووە و بە خامەی هونەرمەندیی نیگاری کێشاوە:

*گا چون بۆی نەسیم وە ڕووی شەتاودا*

*گا چون گوڵ نە پای چوڕەی بەفراودا* (د.، ل146)

مەولەوی وا لە خوێنەر دەکا، کە هەست بەو بەرامەی گوڵە بکات وا شنەی با دەیهێنێ، هەست بەو هەموو جوانیی سرووشتە بکات و چێژی لێ وەربگرێت، ئەمەش تام

و کامی ژیانی زیاتر بۆ دەرخات و زیاتر شەیدای ببێ. لێکدانەوەی ئەو کۆمەڵـە هـۆنراوە و هەموو وێنەیەی لەم ڕوانگەیەوە دەبێ لێکبدرێتەوە. بە واتایـەکی تـر، لیریکـای مەولـەوی ڕەنگدانەوەیەکی داهێنەرانەی شیعریی ژیانی کولتوری و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ و سەردەمەکەیەتی.

شاخ یەکێکە لەو ڕەگەزانـەی سرووشـت، کـە مەولـەوی وێنـە و تـابلۆی هونـەریی لـێ خولْقاندوون. زێدی شاعیر لە هەر چوار لاوە بە چیای بەرز و دیمەن شیرین دەورەدراوە.

مەولەوی زۆربـەی ئـەو نـاوە جیاجیانـەی پەیوەنـدییان بـە چیاوە هەیـە بـەکارهێناوە: کۆساران، کۆ، سەرکەل، بەرزان، سەرکۆ، سەردیاران، کاوان... هتد.

(کلێڵەی کاوان)، (تاقچەی موغاران) (د.، ل278). هەروەها هەندێ نـاوی جـوگرافیی چیای هێناوە: (کـۆی ئاتەشـگاه) (د.، ل304)، (قولـەی قەزاڵـە) (د.، ل304، 305)، (کۆی شاهۆ) (د.، ل309)... کە لە ناوچەی هەورامانن.. نـاوی هەنـدێ لـەو چیایانەشـی هێناوە، کە لە ئەفسانە و ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتدا هاتوون، وەکو: کـۆی دوجـەیل، یـان کـۆی توور... .

شـاعیر 40 جـار (هـەرد)ی لـە شـیعرەکانیدا بـەکارهێناوە و گـەلێ ئیـستیعارە و لێکچوواندنی جوانی لێدروست کـردووە:"ئـەو وەخـت پـای کـاو هـەرد دڵ تـەم بـۆ" (د..، ل13)، "فەڕ وستەن ئەو زێد پای هەردەی دوجەیل" (د.، ل163)، "پـای هـەردەی بـەقا یاتاغگە کەردە" (د.، ل298)، " تـۆ پاشکـستەی بـەرد هـەردەی دەرد" (د.، ل350)، "وەرد هەرد دەرد دەروون خاڵ خاڵەن" (د.، ل513).

یەکێك لە ڕەگەزەکانی تری سیستێمی وێنەی شیعریی لیریکـای مەولـەوی (ئـاگر)ە بـە هـەموو مانـاو چـەمکە جۆراوجۆرەکانییـەوە. شـاعیر 33 جـار لـە ئـاگر ئیـستیعارەو لێکچواندنی بەکارهێناوە. بەپێچەوانەی (هەرد)ەوە کە مەولەوی زیاتر مانا قاموسییەکەی

مەبەست بووە. بۆ نموونە:"ئاهیر دووریی بالآی تۆ" (د.، ل25)، "شەرارەی گرپەی نار مەهجووری" (د.، ل44)، ""دڵ یەند وە ئایر دووریی تۆ تاوان" (د.، ل251)، "وە دڵەی سۆچیای نار مەهجووی" (د.،ل 542)، لەم وێنەیەدا وشەی (نار)ی عەرەبیی بەگەڕخستووە، لە وێنەیەکی تردا: "کەردەن کڵپەی نار ئیبراهیمی بەرز" (د.، ل216) ئاماژەی ئایەتێکی قورئان "یانار کونی بردا و سلاما علی إبراهیم"ی کردووە (144، ل433).

ئەو تابلۆ شیعرییانەی مەولەوی بە هۆی ئاگرەوە دایڕشتوون هەمەڕەنگن:

"ئایردان بەی تەور مۆبەت سەرای دڵ"، "نە هەردەی دەروون ئایر وەرداوە" (د.، ل42)، "بەڵکم شەرارەی نائیرەی فیراق" (د.، ل 234)، "دڵەی ئاهیرین دا وە نەفتەوە" (د.، ل436)، "نە نەی خانەی تەن ئایر هۆڕێزان" (د.، ل442)، "هەوا ئایرین، سەروەخت ئایرین، دڵە ئایرین، بەدبەخت ئایرین، وەی گشت ئایرەوە خەیاڵم خامەن" (د.، ل523).

دوای ئاگر (دەشت)دێت، مەولەوی هەندێ سینۆنیمی تری ئەم وشەیەی بەکارهێناوە، کە زیاتر لە شیعری عەرەبی — فارسیی کلاسیکیدا هەن، بۆ نموونە: (بەیدا)، (سەحرا)، (سارا)...هتد. لە (دەشت) وێنەی لەم بابەتەی داهێناوە: "ڕووی دەشت سەفای ئەهل دڵ تەمەن" (د.، ل67)، "من زیندەی مەردەی دەشتی خەمناکی" (د.، ل133)، "خەیمەش هۆربدا نە پای دەشت دڵ" (د.، ل 212)، "سارای هیدایەت تاریك مەوینوون" (د.، ل214)، "ڕا جەعفەرئاباد سارای گەرم مەیل" (د.، ل260)، "نە بەیدای هیجران رەه نومامەنی" (د.، ل266)، "سارای دڵ بییەن وە هووناوی چەم"" (د.، ل267)، "بەیدا پێو گێڵ دوور وڵاتەنان" (د.، ل304)، "نەو دەشت" (د.، ل312) "نە پای دەشت دڵ" (د.، ل514).

جاروبار مەولەوی لەگەڵ ئەم وشەیەدا ناوی شوێنە بەناوبانگەکان دێنێ: دەشتی مەریوان، سارای کەربەلا، سارای بەغدا....هتد.

لە شیعرەکانی مەولەویدا وشەی (سێلاو)یش هەیە، هەرسێ جار بە مانا ئاساییەکەی بەکاری هێناوە، ئەوانی تری بۆ وێنەو ئیستیعارە پیادەکردووە: "سێلاوی هوون" (د.، ل4)، "سەیل دیدەم" (د.، ل6، ل164، 241، 282، 332...)، "مەوج مدۆ لافاو هوون دجلەی دڵ"، "نە فوارەی چەم هۆرمشانۆ گڵ" (د.، ل26) "لافاو دەردان دڵ وێران کەردە" (د.، ل318)، "سێلاوی دووری" (د.، ل41، 131)، "لافاو کووچەی جەستەی زووخاڵی" (د.، ل134)، "قەڵای ویرم سەیل هووناو بەردەبی" (د.، ل152) "ئەو وێنەی لافاو باڵای تۆ ڕەوان" (د.، ل283)، "لافاوی ئەسرین"، "سەیل هەرس" (د.، ل337، 387، 516)، "سێلاو ئەسرین" (د.، ل512، 526)، "پلووسکەی سێلاو..." "خاشاك هەستیم لافاو بەردەوە" (د.، ل509).

زۆرجار مەولەوی "لافاو، سێلاو" بۆ دەربڕینی ئەندێشەی گیانیی پاڵەوانە لیریکییەکەی بەکاردێنێ، هەندێ جاریش دەربڕی فرمێسکی ئازار و ژانی پاڵەوانەکەیەتی، لە کاتێکدا دەزانێ یار بە ئارەزوو و ئەنقەست ئازاری دەداو لایەکی بە لادا ناکاتەوە و لەم خۆشەویستییە گەورەی ناکات.

هەروەها شاعیر (گەرداو، گێجاو) 19 جار و (بەفراوان) 14 جار (شەپۆل)ی 4 جار بەکارهێناوە. (گەرداو)ی دوو جارو (بەفراوان)ی 9 جار بەمانا ئاساییەکە بەکارهێناوە.

ئەم وێنانەشی لەو وشانەی سەرەوە نەخشاندووە:" گێجاو بەحر مەهجووری" (د.، ل18)، ""دەماخم نەگێج بێ دەماخییەن" (د.، ل39)،"دڵ خەریك مەوج گیجاو دەردەن" (د.، ل170)، "وستش نەگێجاو تەنوورەکەی دەرد) (د.، ل 241)، "خەریکم نە گێج بەحر مووشکولڵدا" (د.، ل322)، "سەرگەردان نە گێج بەحرەینی دیدەم" (د.،

ل360)، "گێج بدەی نە گێج" "بنیش نە گێجاو دەریای بێ پەیدا" (د.، ل197، 364)، "مـن وسـت وە گێجاو قەلەنـدەریی وێـم" (د.، ل448)، "مـەوج فـەنا" (د.، ل26)، "خالۆت گێج مەوج دەریای هەواش کەرد" (د.، ل197).

لە (شەتاوان)یش هەندێ وێنەی دروست کردووە:"شەتاوان چون سەیل دیدەمەن جاری" (د.، ل398)، "وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشـان" (د.، ل431)، "چون دیوانـەی شۆر ئـازیز نـە سـەردا شـەتاو سـەرهۆرگرت وە دەشـت و دەردا" (د.، ل467)، "هـاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن" (د.، ل472).

وشەی (چەم)یشی کە بـەکارهێناوە زیـاتر مانـا قاموسـییەکەی مەبـەس بـووە و نـاوی هەندێ چەم و ڕووبـاری ناوچـەکەی خـۆیی هێنـاوە: سیروان، تانجـەرۆ، چـەرخ ، زەڵـم (د.، ل418). زیاتر وێنـەی پـۆزەتیڤی لـە وشـەی چـەم دروسـتکردووە:"سـەرجۆی بـادە" (د.، ل181)، "سەرجۆی بادەی لـەیل" (د.، ل265)، "جـۆی مـەیل" (د.،ل302)، "جـۆی چەمەی شەوقم هەم یەخ کەردەوە" (د.،، ل437).

مەولەوی "نـەمام"ی 41 جـار، "وەڵـگ – گـەڵا"ی 13 جـار و "درِك"ی 11 جـار بەکارهێناوە.

باڵای یار زۆر بە نەونەمام یان هـەر بـە نەونـەمام ناودەبـات:"قاسـید شـۆ وە لای ئـەو نەونەمامە" (د.، ل12)، "بەڵام هەی سـەرخێڵ نـەوتووڵ نـەمامان" (د.، ل14)، دیـدەم نەونـەمام نـەوتووڵ سـاوا" (د.، ل246)، "جـەفای نەونـەمام سـەفات هۆرکێـشۆ" (د.، ل250)، "گۆشوارە نـە گـۆش نەونـەمامان کـەرد" (د.، ل278)، "شـای نەونـەمامان" (د.، ل260).

هەندێ جاریش ئەو درەختانەی باسکردووە، کە لە شیعری کلاسیکیی ڕۆژهەڵاتدا هەن: "باڵای عەرعەر تەرز" (د.،ل78، 190، 445)، "سەرو" (د.، ل79)، "وی کـۆڵ وەی وە کۆڵ" (د.، ل161)، "سنەوبەر" (د.، ل507).

مەولەوی لە وێنەکانیـدا وەڵـگ – "گـەڵا" و "خـار – دڕك"یـشی بـەکارهێناوە، بـۆ نموونە:"بەرگ وەرد باغ (مەعـدووم) بـەرد پـەی هـەرد" (د.، ل45)، "جـەی وەهـار چـون وەڵگ پایزان ڕەنگ زەرد" (د.، ل147)، "چون وەڵگ شـادیی مـن وای دووریـی لـەیل" (د.، ل160)، وەڵـگ زینـدەگیم هـا وە هـەواوە" (د.، ل 425)، "وەڵگەکـەی شـادیی سەرتەڵ ڕێـزاوە" (د.، ل436)، "وەڵگەکـەی سەرشـاخ زینـدەگیم ڕێـزا" (د.، ل 446)، "پەی پەی بەرگ شاخ شادیم مەڕێزۆ" (د.، ل 458).

خار – دڕك ڕەمزە بۆ گل و ژانی پاڵەوانەکانی شـیعری مەولـەوی"کـەف پـات وە خـار دیدەم ئیـشابۆ" (د.، ل7)، "وەخـار و خاشـاك مـوژەی چەسـپیدە" (د.، ل156)، "بـەو فەسڵ فیراق خاتر پڕ خاران" (د.، ل228)، خاترم یەنـد خـار مەینـەت هـا تێـشدا" (د.، ل262)، "پەردەی دڵ وە نێش مـەودای خـەم پـارە" (د. ل 282) ، "نـە دیـدەی شـادی دیدەنیش خاربی" (د.، ل418).

تـەم و هـەور جیهـانێکی تـەعبیریی بـەرفراوانیان بـۆ فـەنتازیای هونـەریی مەولـەوی ڕەخساندووە. زۆرتر شاعیر بۆ سازدانی کەش و هەوای پڕخەم و ماتـەمی حاڵـەتی پاڵەوانـە لیریکییـەکانی بـەکاریان دێنـێ، کـە هـەموو دەمـێ بـە دەسـت ئـازاری خۆشەویـستییەوە دەناڵێنن. هەندێ جار (تەم) لەگەڵ هەندێ وشەی تردا ڕاسـتەوخۆ بـەکاردێنێ، جاروبـاریش بەپێچەوانەوە، بۆ کێشانی وێنەی قووڵ و سێبەردار وەکاری دەخا.

19 جار (تەم) و 6 جاریش (هەور)ی بەکارهێناوە، بۆ نموونە:"مەگیلۆ ماچۆ نەو گـێج و تەمدا" (د.، ل148)، "ئەو تەم و ئەو خەم" (د.، ل309)، "سزان ئەر گیرۆ تەم دڵـەی

کاوان" (د.، ل331)، "چون تەمام نە تەم غەفلەتەنان گـوم" (د.، ل340)، "دڵ هـا نـە تەمدا" (د.، ل443)، ئەم ئیـستیعارانەشی لێ پێکهێنـاوە:"چارشـێوی هـەی تـەم" (د.، ل276)، "تەم چارشێو ئاوەرد" (د.، ل 278)، "تا جە هەر کۆ بـۆ تـەمان مـوان جـەم" (د.، ل305)، "کام تەم نە سەر هەرد قەزا دیاردا" (د.، ل383)، "بـەرق و برووسـکە و تەم داش وە هەمدا" (د.، ل509).

لەگەڵ "هـەور"دا شـاعیر بـۆ دەربڕینـی بـاری دەروونیـی خـۆی، زۆرجـار برووسـکەو هەورەتریشقەی بـەکارهێناوە:"دەك بـەرق غـەزەب وە جەسـەم وارۆ"(د.، ل17، 428)، "شریخە و گرمەی هەوری دووریی دۆس" (د.، ل44)، "بـەرق و برووسـکە و تـەم داش وە هەمدا" (د.، ل509).

جارجار هەور لە وێنەکانی مەولەویـدا دەربـڕی میزاجـی باشـی پاڵـەوانی لیریکـین، بـۆ نموونە:"بـاری ئەگـەر هـەور ئـەلتاف بـاری"، "چـەمەڕای وارای هـەور لوتـف تـۆم" (د.، ل123، 303). "هـەوری نـۆ" زۆرجـار بادانەوەیـەکی چارەنووسـە لـە ژیـانی شـاعیر و پاڵەوانی شیعرەکانیدا:"هەور نۆ زار زار کڵاو ئەو کڵاو مـەگێڵۆ ئەسـرین مـەڕێزۆ وە تـاو" (د.، ل161)، "هەور نەو وە جان ڕێزۆ هەناوان" (د.، ل331).

هەروەها (مانگ)ی 15 جار و (خۆر)ی 9 جار بەکارهێناوە. مانگ بە ڕووخساری یار دەچوێنێ، یان سکاڵای دەروونیی خۆیی لەگەڵدا دەکات. بێجگە لە مانگ، ماه، (بەدر) و (قەمەر) و (هیلال)یشی بەکارهێناوە:"بەرگەشتی وە بەخت بەدر کەماڵدا" (د.، ل207)، "هەر ماهێ نەوبۆ حاڵم پەشێوەن چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێـوەن" (د.، ل235)، "بێ ئەبرۆی هیلال نەونیهال وێم" (د.، ل331)، "هـیلالم قامـەت" (د.، ل329)، "بـەو هیلال ناڵ کومەیت خۆش دەو" (د.، ل373)..

شاعیر زۆر کەم "خۆر — ڕۆژ" و "ئەستێرە"ی بەکارهێناوە: "خورشید سەمای شیرین جەمالآن" (د.، ل189)، "چون ستارەی سوبح مەدرەوشامەوە" (د.، ل421)، "ستارەی ڕجات هەردەم دارۆ سوو" (د.،، ل230).

ئەم ڕەگەزانەی سرووشت کەرەسە و تفاقی بنیادنانی دنیای شیعریی مەولەوی بوون و نیشاندەری هێزی داهێنەرانی هونەریی ئەون.

## لاواندنەوە و شین

ئەم بابەتە لای مەولەوی دەچێتە چوارچێوەی لیریکای فەلسەفییەوە. شاعیر لەم دێرە شیعرانەیدا، دەیەوێ بە هۆی هێزی عەقڵەوە، پەی بە تەلیسمی ژیان و مردن ببات و سنووری نێوانیان بکێشێ و لە بە یارنەگەیشتنی ئەبەدی بگات. هەندێ چەمکی تەقلیدیی وەکو گۆشەنیگای "یەزدانییەتی گەردوون"، کە تیایدا ئازیز — تیۆس لە سرووشتدا دەتوێتەوە — لەم بابەتەی شیعری مەولەوی و هەندێکی تریدا، ڕەنگیداوەتەوە.

بەپێچەوانەی لاواندنەوە و شیننامەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، کە زیاتر بۆ پیاوی گەورە و دەستەڵاتداران دەوتران، لە ڕۆژگاری دواتردا، پیاهەڵدان و لاواندنەوەی کەسوکار و هاوڕێ و دۆست بووبوونە بابەتی لیریکی.

مەولەوی 28 لاواندنەوەی هەیە، کەبۆ ئەم کەسانەی نووسیووە:

عەنبەرخاتوونی خێزانی -8 غەزەل-.

عەبدوڕەحمانی کوڕی حاجی مەحموودی یاروەیس-7 غەزەل.

بەگزادە جاف — 5 غەزەل.

سەرو لاواندنەوەشی بۆ ئەم کەسانەی تر وتووە:

شێخ سەمەدی خانەگا، شێخ عەبدوڕەحمانی تاڵەبانی، شێخ عەلیی تەوێڵە، محەمەدی کوڕی خۆی، زانایەکی گەورە، ئەحمەد بەگی کۆماسی، شێخێکی گوندی پەنجە.

مەولەوی فەردێك و 8 غەزەلی لە لاواندنەوەی عەنبەرخاتووندا نووسیووە، مەرگی عەنبەرخاتوون یەکێك بووە لەو کارەساتە سەختانەی، کە لە ژیاندا بەسەر مەولەویدا هاتوون. سێ یەکی لاواندنەوەکانی (لە 9.28 یان) بۆ خێزانێتی. ساتی مردنەکەیی لە فەردێکدا جێکردۆتەوە:

*قازان قەتاران، قوڵنگەن حەوایی*

*حەیفەن باڵاکەت، شەو وە تەنیایی!* (127، ل36)

زوو دوای مردنەکەشی دوو غەزەلی نووسیووە. غەزەلی "ئیمساڵ نەووەهار چون خەزان سەرد" (7) بەیتە و "دڵەی دڵ وە مەی مەیلی لەیلێ کەیل" (26) بەیتە. ئەم دوو شیعرە بە چونیەتیی ستروکتورە و کەش و هەوایان لەیەك دەچن. دوو بابەتن، کە سەرەتاکانیان بێ ئارامی و هەست بە کۆست کەوتوویی کردن و لاواندنەوەی گلکۆی یارە. مەولەوی ئەم خەم و کارەساتە گەورەیە بە وێنە و تەعبیری هۆش و هەست هەژێن دەربڕیوە:

*دڵەی دڵ وە مەی مەیلی لەیلێ کەیل*

*مەحرەم وە رازان خەڵوەتخانەی لەیل*

*لانە حەلقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەوڕەنگ*

*هام دەم جای تەنگ ئەلحەدسەرای سەنگ*

*پەروانە مەزار ئەو ئاوات واستەم*

*تەرجەمەی حاڵات پەشێویی جەستەم* (د.، ل205)

*ئیمساڵ نەو وەهار چون خەزان سەرد*
*بەرگ وەرد باغ (مەعدووم) بەرد پەی هەرد*
*مشێو تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ*
*وەرنە، کەی، کێ دی، وەهار گوڵ رێز بۆ* (د.، ل45)

لە بەشی دووەمی هەر دوو غەزەلەکەدا شاعیر دەیەوێ پاساوێکی یاسای سرووشت و ژیانی مرۆڤ بداتەوە و بەوەش سەبوورییەك بە دڵی بریـنداری خـۆی بـدات، بۆیـە ڕووی دەم دەکاتە خۆی و دەڵێ:

*عیرفانەکەت کۆن، فامت کۆ شییەن؟*
*ئای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نییەن*
*ئارۆ یەك جیلوەش ها نە ڕووی کاردا*
*فەردا چێش ئەو یەك جیلوەش دیاردا* (د.، ل209)

لەوە دەچێ، هەندێ لە لاواندنەوەکانی دیی دواتر نووسیبێ، چونکە ئەم بابەتە فـراوان و گەشەسەندووتر دەردەکەوێ و ئەو زمانە هەڵـچووەی سـاتی کارەسـاتەکە هێمـنتر و قـووڵتر خۆی دەنوێنێ. شیعرەکان دووبارەکردنەوە نین، بیری تیژ و ئاسۆی بەرینی هەستی شاعیریان ڕوونتر تیادا دیارە، ئەمەش یەکێکە لەو نموونانە:

*دووریت دیارەن چەند ساحێب نێشەن*
*تۆی دەروون وەخار نێشێ و تەر رێشەن*
*هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن*
*دڵ وە هەتیتەی حەسرەتدا کێشەن*
*هەر ماهێ نەبۆ حاڵم پەشێوەن*
*چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن*

*نە شەو ڕاحەتم، نە ڕۆ دڵشادم*

*شەو زوڵف و ڕۆ ڕووت مەوزۆ ئەو یادم*

*شمشادو نەرگس وەنەوشەی چەمەن*

*سەیرشان ئازار بینایی چەمەن*

*ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵات*

*ئەو دیدەی مەستت، ئید خاڵ ئاڵات*

*سۆچنۆم حەسرەت دەرد جیاییت*

*نەك چون بڵێسەی یاد تەنیاییت*

*وە مەرگت دیدەم، هام نە گوزەردا*

*منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا*

*موتریب مەقامێ دەردم ناچارەن*

*ساقییا جامێ دۆس ئینتیزارەن* (د.ل 234 – 236)

بە خامەی ئەم هونەرمەندە مەزنە، بۆچوونی سۆفییانە و ئایینیی باوی ئەو سەردەمە لە وێنەی زیندووی پڕ مانای ژیان و قووڵ و ڕیالیستانەدا دەربڕاون. شاعیر ژیانمان لە جموجووڵ و گۆڕانێکی بەردەوامدا پیشان دەدا: لە هەموو مردن و ونبوونێکی مادیدا، ژیانەوە و دەرکەوتنێکی دی دەبینێ. بیری بنەڕەتیی ئەم لاواندنەوانە، دەبێتە کاکڵەی چەمکی نەمری. یار با کۆچیشی کردبێ، بەڵام جیلوەی جوانیی گیانیی ئەو لە سرووشتدا تواوەتەوە و تیشکدەداتەوە و هەمیشە لەبەرچاوی دڵدارەکەیەتی:

*ئای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نییەن!*

*ئەمەش کۆتایی غەزەلی (مەرگت دیوەڵوڵ خەمان دیونان)ە:*

*چێش بی هام دەردان دەروون جە خەم کەیل؟*

*ئەو باڵا و چیهرە و خاڵ و زوڵف لەیل*

*تۆمەی سەرو و گوڵ وەنەوشەو سونبوڵ*

*شاناش باخەوان ئەجەل وە تۆی گڵ*

*تا دیسان ئەر قەیس وە مودارا بۆ*

*نە کام وەهارا چەمەن ئارا بۆ* (د.، ل389)

وێنە هونەرییەکانی شاعیر لەم لاواندنەوانەدا تەقلیدی نین. وێنەی تایبەتیی واقیعیی تازەداهێنراوی خامەی شاعیر خۆین، بۆ نموونە:

*ئیسە دیدەی دڵ دێوانەکەی وێت*

*نە بێخ ئاودا مەگێڵۆ پەرێت* (د.، ل56)

*خێڵخانەی مەینەت یەند ئاما و شییەن*

*وە سەفحەی دڵدا سۆهان ساو بییەن*

*هیچ بەند نمەبۆ پای بەڵاش پێوە...* (د.، ل388)

ئەم شیعرانە مێلۆدیایەکی ئاواز شیرینیان هەیە، کە بە شێوەیەکی هارمۆنیی رێکوپێك دابەشکراون و رێکخراون. بۆ نموونە لە غەزەلی "دڵەی دڵ وە مەی..."دا یاریی بە پیتەکان کردووە و بۆ هەستی پڕ تەم و خەمی خۆیی خستوونەتە کار(د.، ل205).

بەم تۆقە غەزەلە، مەولەوی لە شیعری کوردیدا دیاردەیەکی نوێی هێناوەتە ئاراوە. خۆشەویستی شتێکی ڕووت و ئەبستراکت نییە، ئافرەتێکی بە خەیاڵی شاعیر خولقێنراو نییە، هاوسەری شاعیرە, ناوی عەنبەرخاتوون بۆتە ڕەمزی وەفاو خۆشەویستی و تەنانەت نیشتمانیش. هەندێ لە شاعیرانی ئەمرۆ لە شیعرەکانیاندا ئەم ڕەمزەیان وەك ئاوێنەی تیشکدەرەوەی کوردستان و خۆشەویستیی بەرز بەکارهێناوە.

مەولەوی چەند لاواندنەوەیەکیشی بۆ تراژیدیای مەرگی لە ناکاو و سەختی عەبدورەحمانی کوڕی حاجی مەحموودی یارەوەیس، کە دۆست و ئاشنای بووە، وتووە. ئەم شیعرانەی بە دڵێکی هەژاو و خەمناك و هەست و سۆزێکی ڕاستگۆیانەوە نووسیووە. زامەکە زیاتر کاری بووە، لەبەرئەوەی عەبدورەحمان بە گوللەی لەدەست دەرچووی شێخ هیدایەتی تەوێڵە، کە کوڕی شێخی مەولەوی و باوکی جوانەمەرگیش بووە لەناوچووە.

لەم حەوت شیعرەدا مەولەوی دەیەوێ چارەیەك بۆ ئەم کارەساتە جگەربڕو ئاڵۆزە بدۆزێتەوە و هێمنی بکاتەوە و ئاوێك بە سەر کڵپەی ئەم ئاگرە جۆش سەندووەدا بکات. شاعیر دەیەوێ هەم سەبووری بە دڵی باوکی جوانەمەرگ بداوماڵی شێخیشی لەبیرنەچێ.

کەلەپووورناس محەمەد عەلی قەرەداخی، لای وایە، ئەمە حەوت پارچە شیعر نییە و هونراوەیەکی درێژە (101، ل265). هەروەها دەڵێ، کە مەولەوی تەنیا لە مەرگی کەسانی زۆر نزیکی وەکو عەنبەرخاتوونـدا ئەوەنـدەی شیعر نووسیووە. شایانی باسە، قەرەداخی خۆشی باسی دۆستایەتی و ئاشنایەتیی نێوان شاعیر و باوکی کوژراوەکەی کردووە، بەڵام هەر بۆچوونەکەی خۆشی بەلاوە ڕاسترە(101، ل266).

پێشەکی دەمەوێ چەند دێڕێکی نامەیەکی مەولەوی بە بەڵگە بهێنمەوە، کە بۆ حاجی مەحموودی یاروەیسی بە هەمان بۆنەو ناردووە، تیایدا دەڵێ:"از بدل امدن برای تعزیه چند غزلی را در تاریخ و فات و مرثیه روانه خدمت کردیم و ... " (109، ل471).

کە مەولەوی خۆی دەڵێ:"بۆ پرسەنامە چەند غەزەل و مەرسییە ڕەوانە دەکەم" لام وایە ئیتر پێویستی بە بەڵگە هێنانەوەی تر نامێنێ. من ئەوانەی ناو دیوانەکە بەڕاست دەزانم، چونکە زانای مودەڕیس لەسەر بناغەی چەندین دەسنووس، بەراورد و چاپی کردوون. ئەوەی ئەم شیعرانە بخوێنێتەوە، بە ئاشکرا هەست بە هارمۆنیای دەست پێکردن و بەرەوپێشەوەچوون و کۆتاییان وەك غەزەلی سەربەخۆ دەکات. هەر یەك لەم شیعرانە

ستروکتوورەی تایبەتیی خۆی سەرەتا و کۆتایی هەیە. لە کۆتایی هەموویاندا مەولەوی بە دەستوورەکەی خۆی، یان هاوار بۆ ساقی و مەی دەبا، یان باسی مردن و ڕۆژی قیامەت دەکات.

کاتێ بە وردی ئەم لاواندنەوانە دەخوێنینەوە، لە سەرەتای دوانیاندا مەولەوی باسی بلاچەی گڕو تفەنگ دەکات:"پزیسکەی چەخماخ کافیی کارمەن..." (د.، ل99) و "نە نەی خانەی تەن ئایرهۆرێزان. پزیسکەی چەخماخ کام شەش خان خێزان" (د.، ل442). ئەم دووبارەبوونەوەیە زیادە، خەسیەتی شیعرەکانی مەولەوی نین. دواتر ناوی باوکی جوانەمەرگەکە دووبارەدەبێتەوە، کە ئەگەر لە شیعرێکی 56 دێڕیدا بوایە، هیچ پێویستی نەدەکرد[38].

شایانی باسە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خۆشی دەڵێ، ئەم چەند غەزەلە وەك قەسیدەیەکی درێژ وایە.

لەم شیعرانەشدا مەولەوی بە تەکنیکێکی شیعری و تەعبیری هونەریی زۆر سەرکەوتوو هاتۆتە مەیدان. هەرچەندە باس لە هەندێ کەسی دیاریکراو دەکات، بەڵام پاڵەوانی لیریکییان لێ دەخولقێنێ و بیری فەلسەفی دەکا بەبەر ئەم شیعرانەیدا.

بابەتی چەپۆکی چارەنووس لە چوارچێوەی تراژیدیای مەرگی شەخسێکی دیاریکراوەوە دەبێتە مەسەلەیەکی ئینسانی و جەوهەری بۆ دەربڕینی ئازاری مرۆڤ، لەم شیعرانەدا زاراوە و وشەی فەرهەنگیی سۆفییانە بەکارهاتوون. لە دڵدانەوەی باوکی کوژراوەکەدا، مەولەوی

---

[38] مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس باسی جیاوازی و تێکەڵبوونی دوو لاواندنەوەی کردووە: (د.، ل99 – 101) و (د.، ل442 – 443). لەم مەسەلەیەدا دەسنووسەکەی سەیید تاهیر لە چەند دەسنووسێکی تر جیاوازە. مودەڕیس پشتی بە دەسنووسەکانی تر بە ستووە نەك ئەوەی سەیید تاهیر. لە دێڕی "پەردەی سەبووریم دڕیا..."وە لە دیوانەکەی مەولەویدا لە لاواندنەوەی لاپەڕە 99 – 101 دایە، بەڵام لە دەسنووسەکەی سەیید تاهیردا لە هی لاپەڕە 443 – 444 دایە.

دەڵێ، کە کوڕەکەی دڵدارێکی ڕاستەقینەبووە و (ویستویەتی لە خۆشەویستیی موتڵەقەوە نزیك بێتەوە و بگاتە ئامانج و لە ڕاستیی یەزدانیدا بتوێتەوە)، هەر بۆیەشە لە تەنیشت خانەقاوە دەنێژرێت. مەولەوی ئەم غەزەلەی ئاوا کۆتایی پێدێنێ:"گۆشەی مەیخانە وە زاویە کەرد" (د.، ل53)[39].

مەولەوی پەرە بەم بابەتە دەدا و لە شیعری "تۆ نەی کۆچدا کار وێت مەحکەم کەردەن" (د.، ل133 – 134)دا چەمکێکی دیی سۆفییانە لە چوارچێوەیەکی شیعریی بەرزدا دەردەبڕێ، شاعیر دەڵێ، کە عەبدوڕەحمان بە بێ تاوان کوژراوە، بۆیە شەهیدە و بەهەشتییە. ئەمە هەر توێژاڵێکی شیعرەکەیە. شاعیر ئەو ئازار و خەمی مرۆڤانەیەی لەیادنەچووە، کە بە مەرگی ئەم بۆ کەسوکاری ماوەتەوە. یەکێك لە خەسیەتە شیعرییەکانی تری ئەم لاواندنەوانە ئەوەیە، مەولەوی بە زمانی خەڵکی ترەوە ئەم شتانە دەردەبڕێ، واتە کارەساتەکان هێندە هەژاندوویانە، تا ئەو ڕادەیەی چۆتە ناو دڵی کوڕکوژراوەوە و بە زمانی ناسۆر و خەمی گەورەی باوکییەوە دێتەزمان، بۆ نموونە لە شیعری "بێ نازەن ئەسباب ئەسپ و سواریت..."دا (د.، ل80)

هەروەها "نە نەی خانەی تەن ئایر هۆڕێزان..." کە بۆ عەبدوڕەحمان وتراون، مرۆڤ وا هەست دەکات، کە باوکی کوژراوەکە خۆی نووسیونی. مەولەوی لێرەدا نەهاتووە، وەك لە شیعری تەقلیدیدا باوە، وەك بێ لایەنێك و لە دەری ڕووداوەکانەوە بکەوێتە پیاهەڵدان و لاواندنەوەی ڕەسمی. ئەمەش بەڵگەی فراوانیی ئەو مەودا و غەزەل چڕ و خەست کردنەوەیە، کە شاعیر لە شیعری کوردیدا دایهێناون و گەیاندویەتە لووتکەی جۆش و خرۆشی هەستی ئینسانی و زۆر بە وردی و ناسکی ئالۆزییەتی ئەم تراژیدیایەی بۆ باسکردووین (چونکە

---

[39] مەولەوی لێرەدا ئاماژەی شیعرێکی حافزی شیرازی دەکات. ئەم ڕستەیە بە حسابی ئەبجەدیش دەکاتە 1296 کە ساڵی مردنی عەبدوڕەحمانە.

باوکی کوژراو ناتوانێ تۆڵەی بسێنێ، لەبەرئەوەی تفەنگ لەدەست دەرچوو، کوڕی پیری گیانییەتی).

مەولەوی لە بینۆگەیەکی فەلسەفییەوە سەیری ئەم دیمەنە دڵتەزێنە دەکات. لەم شیعرانەدا هاوبەشی خەم و کارەساتەکەیەو ڕایەڵە لە ناو ئازاردا دەکات و کلیلی بیری شیعرەکانیشی بەرجەستەکردنی لە دەست مردن دەرباز نەبوونە.

وەنەبێ، تەنیا لەم لاواندنەوانەدا مەولەوی وێڵی دوای وەڵامی پرسیاری مردن و ژیان و خەریکی گەڕان بۆ ڕاستی دۆزینەوەبێ. ئەمە خەسیەتی سەرجەم شیعری مەولەوییە. لە زۆربەی کاتیشدا، شاعیر هەر هونەرمەندە هەڵکەوتوو و خامە ڕەنگینەکەیە و وێنەی تازەو ناوازەمان نیشان دەدا.

لەیەکێك لەم شیعرانەدا، بە زمانی حاجی مەحموودەوە دەڵێ:

*دڵەی کۆس کەفتەم هەم تەم کەردەوە*
*پەردەی سەبووریش تەمام دڕدەوە*
*ناڵا و گرەواو خولیاوە و خول وەرد*
*جەو بووڵ دەردا وێش سامان سا کەرد*
*ئێستە بووڵ دەرد کەرۆ وە سەردا*
*دەك سلامەت بی چیت ئی خەبەردا* (د.، ل99 – 100)

لێرەدا مەولەوی ئیستیعارەیەکی جوانی داهێناوە، دڵی کردووە بە مرۆڤێك و هەست و هۆشی تەواوی ئەوی داوەتێ. دڵ وەك مرۆڤ لە تاواندا خۆڵەمێش بەسەر خۆیدا دەکا. ئەمەش وەنەبێ شیعری مەولەویی لە ژیان و واقیع دوورخستبێتەوە و کردبێتی بە فانتازیایەکی ڕووت. شاعیر باسی ژیانی جوانەمەرگە دەکا و هەندێ بەڵگەی لێوە هەڵدەگۆزێ، باسی شێواز و باڵا و ڕواڵەتی دەرەوەی عەبدوڕەحمان دەکات، قەتیش لایەنە

کۆمەڵایەتییەکە و دەوری ئەو کەسانەی شیعری بۆ نووسیوون لە کۆمەڵدا لەبیر ناکات. هەموو ئەم هەست و ئەندێشەو ئازارانەش، بە هۆی کەرەسە و ڕەگەزی سرووشتی کوردەوارییەوە دەردەبڕدرێن، دەڵێی سرووشتەکە بەشدارێکی چالاکی هەموو ئەم کارەسات و ڕووداوە تراژیدییانەی مرۆڤی کوردە:

*هەوای وەر کاوان چەنی تۆ وەش بی*
*سەدای شەتاوان چەنی تۆ وەش بی*
*تای چین چنوور پای تاف بەفراو*
*هەر وە تۆ مەکەفت نە دەوری کڵاو*
*هەرگوڵ پەی دەماخ بۆ عەنبەرین بی*
*دەستش هەروە دەست تۆوە شیرین بی*
*ئێستە کێن پەی سەیر دڵ نە ئاهەنگ بۆ*
*وە بێ تۆ دیدەم مەر دڵ جە سەنگ بۆ*
*کاڵای ماتەمیت پەی ئاڵەم سەندەن*
*دەشتان گشت زیندان هەر بەندان بەندەن*
*هەوارگە ماتەم، گوزەرگە بێ ڕەنگ*
*شۆنەکەم پڕ خەم، سەیرانگە دڵ تەنگ*
*خوێشان پەرێشان پەلاس نە گەردەن*
*تۆخوا بازەشان چون تۆشا مەردەن* (د.، ل355 – 356)

مەولەوی تەنیا لە سرووشتی کوردستانەوە شتی بۆ سکێچ و نەخشی تابلۆ پڕ وێنەکانی هەڵنەگۆزتووە، بەڵکو ئاوڕی لە داب و نەریتی تری ژیانی کوردەواری داوەتەوە و گەلێ دیمەن و بابەتی ئەمانیشی بەکارهێناوە، بۆ نموونە دابی (کۆتەڵ)، کە وەختی خۆی لە

کوردەوارییدا، لە زۆر ناوچە بۆ لاواندنەوەی مردوو دەکرا، هەروەها هەندێ وردەکاریی تری لە دیمەنی شین و شەپۆڕی وڵاتەکەی خستۆتە ناو شیعرەکانییەوە، بۆ وێنە وشەی (ڕۆ!)ی دووبارە کردۆتەوە، یان ئەو ئیستیعارانەی لە غەزەلی "پزیسکەی چەخماخ کافیی کارمەن.."دا هەن و باسم کردن. شاعیر بە چاوێکی تیژەوە بە دوای ئەو ساتە ناسك و گرنگانەدا دەگەڕێ، کە هەستی خوێنەر یەکسە دەهەژێنێ، وەکو پزیسکەی چەخماخەی تفەنگەکە... ساقی و شەراب، لێرەدا فریشتەی مەرگ و دەرمانی مردنن...

سۆفییەکان دوو شت زۆر بەیەکەوە کۆدەکەنەوە: نزاو پاڕانەوەی زاهیدانە لە خواو تێکەڵکردنی بە کۆڕی ساقی و مەی و مەیخۆران. زۆر جاریش ساقی دەبێتە ڕەمزی هێزی پەروەردگار و شەرابی مەرگ بە خەڵك دەنۆشێ.

مەولەوی بە وێنەی پڕ ئیستیعارە و بەراورد و میلۆدیایەکی خەمبارەوە، کەش و هەوای کۆڕی پرسەمان لە شیعرەکانیدا نیشان دەدا، کە دەیانخوێنینەوە گوێمان بەدەنگی "ڕۆ! ڕۆ! داد!" و شین و شەپۆڕ دەزرنگێتەوە و دەچینە دنیای پرسە و کۆڕی ماتەمەوە و دەبینە هاوبەشی خەم و پەژارەی کۆست کەوتووان:

*پەردەی سەبووریم دڕیا، ڕۆڵە ڕۆ!*
*ڕیشەی جەرگەکەم بڕیا، ڕۆڵە ڕۆ!*
*وەناکام هیجرەت کەردەم، ڕۆڵە ڕۆ!*
*داخان گشت وە خاك بەردەم، ڕۆڵە ڕۆ!*
*خان و مان خامۆش بێ تۆ، ڕۆڵە ڕۆ!*
*ئەتفالان مەدهۆش بێ تۆ، ڕۆڵە ڕۆ!*
*تەڵمیت سیاپۆش بێ تۆ، ڕۆڵە ڕۆ!*
*خاتوونان مەدهۆش بێ تۆ، ڕۆڵە ڕۆ!*

*کام وەسفت خەیاڵ، کام شێوەت یادکەم؟*

*پەی کام خەسڵەتت دادو فەریاد کەم؟*

*پەی عەقیدەو دین موسوڵمانیت داد!*

*پەی شێوەی شیرین نەوجەوانیت داد!* (د.، ل100 – 101)

لە کۆتایی غەزەلەکەدا مەولەوی گلەیی لە چەرخی چەپگەرد دەکات، کە ئەم گەنجەی جوانەمەرگ کردووە و باوك و کەسوکاریشی تووشی ئەم کۆست و نەهامەتییە کردووە. هەندێ تەعبیری لە دوو وشە پێکهێناوە یان وێنەی:"ئاینەی چەم، مەنزڵگەی چەم، یان مەردەی شەهید، زیندەی مەردە...." (د.، ل 80، 133، 134)

بۆ نەمرکردنی یادی کۆچکردوو دەڵێ:

*خەیاڵ باڵات نە ئاینەی چەم*

*سەبتەن چون یادت نە دڵەی پڕخەم*

*دڵ گوم بوو یاگەش مەنزڵگەی چەمەن*

*چەم گوم بوو یاگەش دڵەی پڕ خەمەن* (د.،، ل80)

جێگەی خۆیەتی، بیروڕای شاعیری گەورەمان گۆران لە بارەی ئەم شیعرەوە بهێنمەوە، کە دەڵێ:".... هیچ گومانم نییە، لە هەڵبەستە هەڵبژاردەکانی ئەوە، هەر وەك لە نموونە هەرە بەرزەکانی شیوەننامەیە لە سەرپاکی ئەدەبی کوردیا" (105، ل75).

لاواندنەوەکانی مەولەوی چ لە ڕووی هەست و سۆز و چ لە ڕووی هونەرییەوە جۆراوجۆرن، بۆ نموونە ئەم شیعرانەی جیاوازییان هەیە لەوەی بۆ مەرگی زانایەك، یان ئەوانەی بۆ عەنبەرخاتوونی نووسیون.

کۆمەڵێ لاواندنەوەشی بۆ بەگزادە جافەکان هەیە، لەمەوبەر باسی پەیوەندیی ئەمان و شاعیرمان کرد. دوو لاواندنەوەی بۆ قادربەگی کەیخەسرەو بەگ و یەکێکی بۆ کچی

قادربەگ – کە خوشکی شیریی شاعیر بووە، هەیە و شینی بۆ ئەحمەد بەگی مەحموود پاشا و ئەمنەخان ناوێك، کە ژنی بەگزادەیەکی جاف بووە، نووسیووە.

یەکێ لەو شیعرانەی بۆ قادربەگی نووسیوون، 27 بەیتە (د.، ل371 – 377). کەشوهەوای لاواندنەوەکە شەخسییەتی قادربەگمان وەك سەرهۆز و سەرکردەیەکی جەنگیی ئازا بۆ دەردەخات. زۆر لە دڵەوە ماتەمیی بۆ دەردەبڕێ و باسی ئەو خەمە گەورەیە دەکات، کە بە هۆی کۆچی ئەمەوە عەشرەتی داگرتووە. بە پێی خەسیەتی لاواندنەوەی تەقلیدی، مەولەوی پەنادەباتە بەر موبالەغەی هونەری و بە تەدارەك و شکۆوە مەرگی قادربەگ باس دەکات.

مەرگی قادربەگ، کە لەشێکی پتەو و پۆڵایین و گیان و ورەیەکی بەرزی هەبووە، لە جەنگاوەرانی لەشکری عەشرەت کاریگەر بووە و مەولەوی بەبینایی دەروێشان و ئازیزی دڵی نازداران و پەنای هەژارانی دەزانێ و تەنانەت دەڵێ، مەرگی ئەم کاری لە ئاسکی توونکەکانیش کردووە. شاعیر بە کۆکردنەوەی ئەم وێنانە و گەلێکی تر، توانیویەتی پۆرترێتی قادربەگمان بۆ بکێشێ و بەهۆی دیمەن و خەسیەتە ڕواڵەتییەکانەوە، شۆڕەسواری و جوامێری و گەوهەری شەخسییەتی ئەومان بۆ دەرخات[40].

چونییەتی ستروکتوورەی لاواندنەوەکانی مەولەوی، بە شێوەیەکی گشتی تەقلیدییە. لە کۆتایی شیعرەکاندا، شاعیر بە چاوێکی سۆفییانەوە سەیری مردن دەکاو لێی دەدوێ، مەولەوی ئاوا ڕووی دەم دەکاتە قادربەگ:

---

[40] ئەم لاواندنەوەیەی قادربەگ، زیاتر لە بابەتی پیاهەڵدانەوە نزیکە. شایانی باسە، ژانر، بابەتی پیاهەڵدان بە بەمانا کلاسیکی و تەقلیدییەکەی وەك لە سەرجەم شیعری کوردیدا دەگمەنە، لای مەولەویش بەرچاوناکەوێ.

*نازداران پڕ داخ تۆ تەشریفت بەرد*

*حووران وە پەرداخ تۆ تەشریفت بەرد* (د.، ل375)

بەڵام لاواندنەوەی دووەم لە کەشوهەوایەکی واقیعییانەتردا، دیارە لە کاتی ناشتنی قادربەگدا، لە گۆڕستانی (سەید خەلیل)[41] وتراوە. لە سەرەتادا دەم بە نزاوە شاعیر ڕوودەکاتە (سەید خەلیل) و دوایی دێتە سەر مردنی قادربەگ. شاعیر تکاکاری لە قادربەگ بووردنە و دەیەوێ یەزدان لەوە خۆشببێ کە قادر بەگ ئەرکەکانی ئایینی بە ڕێکوپێکی جێبەجێ نەکردووە:

*یاخەلیل! دەخیل کێ عادەت کەردەن*

*تۆشە وە دەرگەی کەریمان بەردەن؟* (د.، ل358)

لەغەزەلی (لوای بینایی دیدەی دەرویشان...)دا (د.، ل 371 – 375)، بۆ درووستکردنی پۆرترێتی قادربەگ و نیشاندانی وەك سوپاسالارێك، هەندێ زاراوەی جەنگی و باسی شەڕ و سەرکەوتنەکانی دەکات، ئەم وشانە بەکاردێنێ:

لەشکر، مەیدان، سوپایی، شێری داودی، بەیداخ[42]، فەوج، کڵاوی ئاسن، نەی، ڕم...هتد.

*ناپەیدای تەوەن دوور بێ سەفەرەن*

*سەفەر بێ لەشکر، لەشکر بێ سەرەن*

---

[41] سەید خەلیل پیاوێکی ئایینیی ناودار بووە، لای قەڵای شیروانەوە لەسەر ڕێگای دەربەندیخان – بەغدا نێژراوە. گۆڕستانەکەش هەر بەناوی ئەمەوە بەناوبانگە.

[42] لێرەدا ئاماژەیەکی ئەوەی کردووە، کە وەختی خۆی ئاڵای لەشکری جافەکان شێرێکی پێوەبووە. لە ڕاستیدا وێنەیەکی وا لای مەولانای ڕۆمیش هەیە. لە (کلیات شمس تبریزی)دا زۆر بۆی گەڕام، بەرچاوم نەکەوتەوە.

*مەیدان نە دیدەی سوپایی تارەن*

*شۆڵەی تاس کڵاو تۆ نە پێوارەن*

*تا فەلەك مەودای نەی تۆ شاردەوە*

*داوودی ڕەواج پەیداکەردەوە*

*تا شێر بەیداخ تۆ ئاما وەبەر*

*نە گۆشەی بێشەی نەی فەوج لەشکەر*

*دلێران (یاشێر ئامان!) موانان*

*شێران وێنەی شێر بەیداخ منمانان*

*ئێستە عام کەردەن مەرگت دلێری*

*شێر بەیداخان منمانان شێری* (د.، ل371 – 372)

تەنانەت شاعیر لای وایە، سرووشتیش لە مەرگی قادربەگدا خەریکی شین و ڕۆڕۆیە، ئەم شیعرانە لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مەرگ و کارەساتێکی دڵتەزێن وتراون. بەڵام شاعیر بەو هێز و توانا هونەرییەی خۆی، بە گەلێ وێنەی لیریکی وا دەری بڕیوە، کە تەدارەك و بەرزییەکی داوەتە مردنەکە و مرۆڤ لە خوێندنەوەیدا پاساو و سەبوورییەکی لا پەیدا دەبێ:

*بەو هیلال ناڵ کومەیت خۆش دەو*

*مانگی شادی و زەوق هەردان بکەر نەو*

*حەلق جەیرانان تەشنەگی بێ شۆن*

*ئینتیزار ئاو ساف تیغ تۆن*

*تاریك بی شەوگار شەو زیندەداران*

*گیریا تەمام بەدر ڕووخساران*

*شێویا یانەی دەروون پڕ خاران*

*کنیا دەستەی زوڵف شیرین نیگاران* (د.، ل373)

یان لە غەزەلێکی تردا:

*یەکێ جە دۆسان بەو زام نۆوە*

*سەرنییان وە خاك ئاسانەی تۆوە*

*میهمان غەریو کەرەم سەرای تۆن*

*موحتاج وە ڕێزەی سفرەی رجای تۆن*

*درێغی مەکەر! ئامان سەد ئامان!*

*مەفەرما میهمان بێ تۆشە ئامان*

*یا خەلیل، دەخیل کێ عادەت کەردەن*

*تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن؟* (د.، ل358)

بە هەمان خۆشەویستی و ڕێزەوە، مەولەوی ئەمنەخانی کچی قادربەگ دەلاوێنێتەوە، هونەرمەندانە و بە وێنەی جوان ئەم تابلۆ خەمناکەشی کێشاوە. ئەگەر لە شیعرەکەی قادربەگدا دەنگی دلێری و جوامێریی پیاوان لە ئارادابوو، ئەوا لە میاندا هەمان ڕێز و تەدارەکی بەرز بۆ شیرینی و ناسکی و شاژنییەتی ئەمنەخانە. مەرگی ئەمنەخان کچانی کوردی هەموو خەمبار و نیگەران کردووە. هەروەك هەموو جارێك سرووشتیش دیسانەوە ڕەگەزی باو و زاڵی لیریکای مەولەوییە و لێرەدا هاوبەشی شین و شەپۆرە. شاعیر لە فۆلکلۆری کوردییەوە میتۆدی شتە دژبەیەکەکان بۆ وێنە و تابلۆنەخشاندن بەکاردێنێ:

ماتەمی — وەهار

بێ شەوقی — نەوگوڵ

ئەم شێوازە لە لاواندنەوەی عەنبەرخاتوونیشدا وەك لەم شیعرەدا هەیە:

*ماتەمی و وەهار؟ بێ شەوقی و نەوگوڵ؟*

مەلوولی و گوڵزار؟ بێ زەوقی و بولبوڵ؟
سوب بۆی وەش نەسیم چون هەردە جاران
نمەدۆ نە کاخ دەروون یاران
داخۆ نەی سەروەخت فەزای وەهاردا
کام تەم نەسەر هەرد قەزا دیاردا؟ (د.، ل383)

شاعیر هەرخۆی وەڵامدەداتەوە:

سەدای (های دیبای خەمان) هەرزانەن
سەڵای واوەیلای بادام تەرزانەن
مەر گوڵشەن حوسن شای گوڵ ئەندامان
جە وەیشوومەی مەرگ خەزانش ئامان
ئەو باڵای ئاڵای تەرز سەهی سەروو
پێوە هێلانەی دڵا ن چون تەزەروو
کنیاو خەمیاوە وە دەم ڕێشەوە
تەزەروو ئاسا نیشت وە سای وێشەوە
تای بەڕەزای شەنگ، عەنبەر بۆی شەوڕەنگ
پەخش بی نە ڕووی تاش ئەڵحەد سەرای سەنگ
ئەو کۆی نەزاکەت وە ناز پەروەردە
لەتافەت جە بەرگ حەریر رەم کەردە
نە تۆی جامەی خاك حاڵاتش چۆن بۆ
دەك چەرخە بەختت هەر نیل گوون بۆ!
باڵ چەم هۆردا نەرگس نەی دەمدا

*چ خێربی تۆ چەم نیبای وە هەمدا؟*

*چێش بی خێڵخانەی وێت جە یاد بەردی*

*ڕووی تەڵمیت ئەو خێڵ حۆربیان کەردی؟* (د.، ل384 – 385)

مەولـەوی لـە لاواندنـەوەی ژنانـدا، تـەنیا ئـەم دیمـەن و ئـەو دیمەنۆکـەی سرووشـتی بەکارنەهێناوە، بەڵکو گیانی مرۆڤانەی بە بەردا کردوون و هۆشێکی بەهێزی وای داونەتێ، وا دەردەکەون، کە ئەوانیش هاوبەشی خەم و کۆست و ئازاری مرۆڤن.

ئەم شێوازە هونەرییەی مەولـەوی، لـەو شـیعرەدا، کـە بـۆ پـەریزادخانمی وتـووە زیـاتر پەردەسێنی و قووڵتردەبێتەوە و بەرفراوان ترو خەملاوتر دەبێ. لە شیعرەکەدا دیمـەنی پـۆلی نازدارانی پیشان داوە، کە خەریکی لاواندنەوە و پیاهەڵدانی جوانی و شـیرینی و سـیفەتە چـاکەکانی پـەریزاد خـانن. زمـانی شـیعرەکە زۆر ڕەنگـن و سـفت و سـۆڵە و گەیـشتۆتە مەودایەکی هونەریی بەرز:

*پەشێویی وە نەزم لوولووی ئەسرین دا*

*پەروین دائیرەی خورشید تەزیین دا*

*جای ناخوون وە خوون ئەو گۆنای بێگەرد*

*ئیشارەت وە مانگ مەینەت دڵ کەرد*

*شیرینی قامەت قیامەت نەوەرد*

*سەڵای فەرز بەرگ ئازیەتی ئاوەرد*

*هەنی فتوای شەرع بادە نۆشان بۆ*

*حەڵاڵیی کاڵای ماتەم پۆشان بۆ*

*وەشەن ئەو باڵا چون بەو کاڵاوە*

*بازش ئەو کاڵا هەر بەو باڵاوە* (د.، ل 110 – 112)

ئەم ڕووداوە خەمناکە — مەرگی پەریزاد خانی، بە وێنە و ئیستیعارەی بەهێز، بە دیاردەی سرووشتیی زەردبوون و کزهەڵگەڕانی ڕۆژ بۆ دەربڕیوین. خۆرگیران خۆی ڕەمزە بۆ ناهەمواریو باری دنیا تێکچوون، هەروەها مەولەوی دیاردەیەکی تریشی هێناوە، کە تەواوکەری ئەوەی پێشووە. ڕەنگی مانگی یەکشەوە سووربوونیش، هەر نیشانەیەکی شوومە. جا لە کاتی کزبوونی ڕۆژیشدا ئەستێرە دەردەکەوێ، هەر وەك ڕەنگ زەردبوونی نازداران و فرمێسك بارانیشیان بە هۆی کۆچی پەریزاد خانمەوە پەیدابوون. شاعیر ئەم دیاردانەی سرووشت لەگەڵ نازداراندا بەراورد دەکات و هەموو بەشداری ئەم خەم و کۆستەن:"پەشێویی وە نەزم لوولووی ئەسریندا"، "پەروین دائیرەی خورشید تەزییندا"... مەولەوی لێرەدا داوا لە موفتی دەکا، کە فتوای حەڵاڵ بوونی بادە — شەراب بدات، بۆ ئەوەی خەڵکەکە تۆزێ سوکنایی و سەبووریيەکیان بە خواردنەوە بۆ بێت. لێرەدا بادە، بە واتا فەرهەنگییە ئاساییەکەی بەکارهاتووە و هیچ هەست بە هێماو ڕەمز ناکەین تێیدا. ئەم لاواندنەوەیە بە شێوەیەکی تەقلیدی، بە باسی مردن و بێ بنیادیی دنیا کۆتایی هاتووە:

*حەیات جە زوڵمات جیا نمە بۆ*

*کاوە وە بێ بەرگ سیا نمە بۆ* (د.، ل112)

لێرەدا مەولەوی ئاماژەی ئەفسانەی بوونی ئاوی ژیان و زیندەگانی لە مەملەکەتی تاریکیی ئەبەدیدا دەکا و بە جوانی و شیرینیی نازداران و بەرگی ڕەشیانەوەی بەراورد دەکا، یان چۆن میشك لە توێکڵێکی ڕەشدایە.

شاعیر لەم لاواندنەوەیەدا هونەری ریتۆریکیی جۆراوجۆری وەکو: جیناس، تیباق، لەف و نەشر...ی بەکارهێناوە کە ئاشکرایە خەسیەتێکی شیعری کلاسیکیی گەلانی ڕۆژهەڵاتن..

## لیریکای شەخسی

مەولەوی 36 غەزەلی هەیە، کە بابەتی لیریکای شەخسین، 14 غەزەلیان باسی دووریی یارن، 10 غەزەلیان باسی پیرین، لەم شیعرانەدا نزا و تکا لە یەزدان دەکا، کە لە گوناهەکانی خۆشببێ، 12 غەزەلیان سکالاّن لە دەست چەرخی چەپگەرد و تەگەرەی ڕۆژگار.

شاعیر باسی باری ئالۆزی دەروونی خۆی دەکات. غەزەلەکان بەو خەم و ئەندێشە قووڵ و بەرفراوانەوە کە هەیانە، زۆرجار لە چوارچێوەی ئەو ڕووداو و بۆنانەی بۆیان وتراون، دەردەچن.

شاعیر لە سیمای هاوڕێ و یاراندا — ڕزگارکەر و فریادڕەسێك دەبینێت، کە لە دەست ئەندێشەی ناخ و دەروون ئازادی دەکات و چارەیەکی بۆ دەدۆزێتەوە. وەك هەموو لیریکای سۆفی، ئەم شیعرانەش دوو ڕوویان هەیە و بیری ژیانی واقیعییان تێکەڵە. دوو پاڵەوانی هەرە دیار و بزێوی ئەم غەزەلانە، شاعیر و دلّدارەکەین. تەوەرەی باسەکانیش — دووری و بێ مەیلیی یارە، زۆر جاریش کەسی سێیەم — ڕەقیب، کە ڕەگەزێکی شیعریی تەقلیدییە پەیدادەبێت. جاروباریش ڕۆژگار و چارەنووس دەورێکی ڕەقیب ئاسا دەبینن. ئەم غەزەلانەش زۆریان هاوار بۆ موتریب و نەیچی و مەی و ساقی بردینان تێدایە (د.، ل2 — 5، 9 — 10، 19 — 21، 21 — 23، 39 — 41، 129 — 130، 389 — 391).

لە غەزەلی "ئیمشەو هەم دیسان دەروون پڕ خەمەن...." (د.، ل44 — 45) شاعیر ڕووی دەم لە هاوڕێیەکی دەکات و لە هی "شەرارەی کوورەی دەروون پڕ جۆش" (د.،

ل313 – 315)دا، هاوار بۆ "شـای نەونـەمامان" دەبـات. بـە خوێندنـەوەی وردی ئـەم غـەزەلانە ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر لە وەختی خەڵوەت و بەرچاو ڕوونبوونەوەدا نووسیونی، زۆرجاریش بە "ئیمشەو..." دەست پێدەکەن (د.، ل 2، 19، 21، 37، 39، 44....) هتد. شاعیر لەگەڵ خۆیدا دەدوێ و دەڵێ:

*هەی پەشێویی هۆش، هەی شێویای فام!*

*هەی عەقڵ عەبەس، هەی خەیاڵ خام!*

*مـن و دڵ وەشی و سەفایی کەردەن*

*هوونیی یەکترین تا وە ڕۆی مەردەن* (د.، ل 23)

هەمان بیر لە غەزەلێکی تردا هەیە:

*شەرارەی گریەی نار مەهجووری*

*کەردەن وە غوبار کۆگای سەبووری* (د.، ل44)

زۆرجـار لـەم غـەزەلانـەدا، بـە عـادەتی سـۆفییان، مەبەسـت لـە یـار، شـێخ و پـیرە و عەشقەکەشی هی یەزدانییە، هەر چەندە دەربڕین و وشەکان ئەوانەن لە مەیانی دوو دڵداردا بەکاردێن:

*ئازیزم! گوڵا و بۆی خۆی کوڵم تۆن*

*ئەر بۆی تۆ نەبۆ بۆی گوڵا و جە کۆن؟* (د.، ل11)

هەندێ لە مۆتیڤەکانی تری، باسـی سـەختیی ژیـان و دەردی غـەریبایـەتی و ئـاوارەیی شاعیرن، کە دڵیان بێ ئـارام و نەسـرەوتوو کـردووە، کەچـی هـەر وازیـشی لێ نـاهێنن:"چ داواییوەن مـەکەردێم چەنی؟ بازدێم نـیم ڕەمـەق پـەی جـارێو هـەنی؟" (د.، ل52). هـۆی نووسینی ئەم غەزەلە دیارنییە و تەماوییە. بەڵام زیاتر ڕەنگە سەرچاوەیان، ئـەو نـاکۆکی و

گێروگرفتانەبێ، كە شاعیر بۆ داكۆكی لە زۆرلێكراوان، لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ناوچەكەیدا تووشی بووە.

بابەتی 12 غەزەلی تری سكاڵایە لە دەست ستەمی ڕۆژگار و لە ناو ئەم كۆمەڵە شیعرەشدا شەشیان زیاتر باسی ناهەمواریی چەپگەرد دەكەن، چونكە دڵداران لە یەك دەكات. بۆ نموونە لە غەزەلی :"تەن، وە ئێش دەرد زامەتان خەستەن" (د.، ل135). وێنەی تەورەیی ئەم غەزەلە ئەوەیە، كە ڕۆژگار شاعیری كۆت كردووە و ناهێڵێ بڕوا بۆ دیداری یارەكەی، شاعیر دەڵێ، كە ئەم و شادی دوژمنی باوەكوشتە و خوێنەخۆی هەمیشەیی یەكن، هەمان ناوەڕۆك و باس لە غەزەلی "چەمان هەم قامەت كەیفم خەمبارەن زەردیی نە ڕووی دڵ زەوقم دیارەن"دا هەیە (د.، ل184 – 185). شاعیر بە سكاڵاوە پەنادەباتە بەر ساقی و دەروێش و گلەیی لە ڕۆژگار دەكا، كە بۆتە دڕكی نێوانی ئەم و یار. مەولەوی گەڵاڵەی ئەم باسە دەكات و زیاتر پەرەی پێ دەدات و دەڵێ:

*خەمە فرسەتێ ساتێ! وە بێ خەم*

*گەرد پاڵاكەش بگێروون وە چەم*

*چەرخ چەپ چەنیم ڕاس بەستەن كەڵەك*

*مەر من سەنگم دان وە مینای فەلەك؟* (د.، ل199)

یان:

*چەپگەرد نمازۆ ساتێ فەراغەت*

*ئەی خوا! یا وەسڵ، یا مەرگ، یا تاقەت!* (د.، ل200)

شاعیر دەست لە گلەیی و بناشت و سكاڵا هەڵناگرێ و هەر خەریكی سەرزەنشت كردنی ڕۆژگارە و دەڵێ:

*ئەی ڕا، ڕای خەتەر ڕاویارانەن*

*سفیدیش غوبار کەللەی یارانەن*

*بورکەش چای دیدەی پڕ هووناو دڵ*

*میل، باڵای بێ گیان وامەندەی خجڵ*

*های سەف پیکان پۆش کەللەی هام دەمان*

*کەلله بڕ پەی پۆس کەللەمان تەمان* (د.، ل326)

لێرەدا هەندێ دێڕی تر دەهێنمەوە، کە باسی وەڕسی و دەردە دڵی شاعیرە و باری ناهەمواری دەروونیی خۆی بەم وێنانە دەربڕیوە:

*ئازیز کام هوون بی دیدەم پێ نەڕشت؟*

*یا کام زووخاوبی دەروونم نەچەشت؟*

*یا دڵ کام مەینەت زامت نەکێشا؟*

*وە کام قیمەی دەرد جەرگم نەئێشا؟*

*وەسەن کوون تاقەت، بڕیان سەبووری*

*مەتاوەن کەروون گفتۆگۆی دووری*

*ئاخر ئازیزم تەوانام چۆنەن*

*تەوەن نییەنان دڵ گۆشت و هوونەن*

*ئایر دان بەو تەور مۆیەت سەرای دڵ*

*مەیلەکەت مەندەن بێ مەسکەن خجڵ* (د.، ل 341)

لە شەش غەزەلەکەی تریشدا، هەر سکاڵای لە دەست ڕۆژگارە، بەڵام مۆتیڤەکەی تۆزێ جیایە. لەمانەشدا شاعیر باسی بێ باریی ڕۆژگار دەکات، کە چۆن هەموو دەم لە مەڵاسدایە بۆی و هەمیشەش شاعیر تارمایی مردنی لە بەرچاوەو بیری لای دۆست و ئاشنا کۆچکردووەکانییەتی. لە غەزەلی (وەفای چەرخ چەپ، ڕاس بێ تان و پۆن) (د.، ل469

– 471)، شاعیر "سارای هیدایەت تاریك مەوینوون"... بۆیە دەیەوێ بە هێزی مەی خۆی ڕابگرێ و سەرکەشانەتر بەرگەی پاشقول و ستەمی ڕۆژگار بگرێت. لەوە دەدوێ، کە زەمانە وەفای بۆ چەندەها پاشا و خونکار نەبووە و هەموویانی بە ڕێگای نەهات و مردندا بەرێکردووە و دەڵێ، ئەگەر ئەو وەفای بۆ پێغەمبەر خۆی نەبووبێ، دەبێ ئیتر چی لێ چاوەڕێ بکرێت:

*چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوەرد و بەرد*
*دەس ئەو دەس نگین تا خاتەم ئاوەرد*
*دا بەزم خوسرەو شیرین وە هەمدا*
*جام دا وەسەر جەم جام وەسەر جەمدا*
*شۆرەت نامەی نام حاتەمش کەردتەی*
*کەرد وە کاسەی کەل کاسەی کەللەی کەی*
*ساقی گەرد ئارد یاران هام فەرد*
*مدۆ نە دەماخ ئاسیای چەپگەرد*
*سەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیا پەی*
*ئاسیاو خاڵییەن نەوبەتەن سادەی!*
*هەر کاتیت زانا چەرخێ وەردەوە*
*چون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە* (د.، ل178 – 180)

لەبەر ئەمە شاعیر لای وایە تەنیا ڕێگایەك بۆ ئازادبوون، خۆپاککردنەوە و نزیکبوونەوەیە لە ڕاستیی یەزدانی و لەو دنیایەدا ئەوەی بەم گیانەوە ئەنجام نەدرابێت، بێ نرخ و بایەخە:

*نە هەر سەردەشتێ کشتی کریا بۆ*

*وە جۆی چەمەی چەم ئاو نەدریا بۆ*

*نەیاوا بۆ خاس دانەش بەو ئاوە*

*لایق نین بەردێش بەو ئاسیاوە*

*فیدات بوون ئامان ساھۆرکەر با بەی!*

*وەسەر کشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی* (د.، ل180)

شاعیر ئەو ڕاستییە ئاساییە ئەزەلییەی هەمیشە لە یادە، کە مرۆڤ هەر لە لەدایك بوونییەوە مەرگی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە.

مەولەوی چوار غەزەلی هەیە، دەربارەی پیری و نیگەرانیی ئەم سەردەمەی تەمەنە. غەزەلێکی لە لاواندنەوەی چاوی خۆیدا، کە چەند ساڵێك پێش مەرگ نا بینابووە هەیە و زۆر بە سۆزەوە ئەم شیعرەی وتووە. دیارە ئەم غەزەلانەی هی وەختی بەساڵاچوونن. هەستیش بە هونەری بەرز و تەواو کامڵبووی شاعیر دەکرێت. ئەم غەزەلانەن:"پیشانیم هەوەس زانووش جازەمەن" (د.، ل105 – 106)، "وادەی سفیدیی شکۆفەی پیرین" (د.، ل457)، "تەئسیر خەیاڵ کردەی من سەردا..." (د.، ل127 – 129)...هتد.

شاعیر باسی قیافەت و باڵای چەماوە و بە یەکجاری داهاتووی خۆی دەکات. بابەتی پیری و داخ و خەفەت لە دەس پیری دەربڕین دیاردەیەکی تەقلیدیی شیعری ڕۆژهەڵاتەو شاعیری ناودار نیزامی گەنجەویش شیعری وای وتووە[43].

مەولەوی لە لەپیری دووانیشدا بۆچوونی خۆی هەیە. عەیبی پیری و تەمەن بە شێوەیەکی تر لێکدەداتەوە، دەیخاتە بەر تیشکی لێکدانەوەیەکی ئیدیالی و دەڵێ: "ئەمە

---

[43] ئەکادیمیك ئی. بی. بیرتلس دەربارەی دەڵێ:".... ئەم قەسیدەیە – لاواندنەوەی پیرییە و زۆر بەرز و جوانە، باس لە بێ ئارامی و بێ دەستەڵاتیی مرۆڤ بەرانبەر ڕۆژگار دەکا. جگە لەو هەموو ڕاستگۆییەی تێدایە، پڕیەتی لە بەراوردی جوان و تەکنیکێکی بەرزی هەیە (8، ل 236).

مەسەلەی تەمەن و بەساڵاچوون نییە، بەڵکو لە ئەنجامی گوناه و بێ ئەمریی خودا کردنەوەیە. ئەم بیرو بۆچوونانەشی بە وێنەی کاریگەری و سەرکەوتوو دەربڕیوە":

*پووس کووس گوش نم کێشان کەم کەم*

*ئەم سەرە و سەرەن دووربینەکەی چەم* (د.، ل477)

شاعیر لەم غەزەلەدا ئایەتێکی قورئان و حەدیسێکی پێغەمبەری بەکارهێناوە "ومن نعمره ننکسه فی الخلق"، **"النظرة سهمة مسمومة من سهام ابلیس"**[44]. بە نموونە ئەم چەند دێڕە دەهێنمەوە:

*پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن*

*تەعزیمی جەناب پیری لازمەن*

*باڵا کەردەن مەیل ئەولای پەستی*

*وردیکاڵانەن دەروازەی هەستی*

*مەعدوومی! کردەی بەدیی هەزار تەرز*

*زانووی ئومێدت ناوەرۆ ئەو لەرز*

*ئەو کەس مزانوو ستارەن ئارۆ*

*جەو بوزەرگتر من شەو ئەوڕۆت نارۆ*

*سفیدیت قەڵغان پەی ڕووی سیات بۆ*

*کەمانیت شەفیع تیر دیات بۆ* (د.، ل106)

مەولەوی لەم غەزەلەیدا سێ دێڕی بێسارانیی تێهەڵکێش کردووە:

---

[44] ڕۆژهەڵاتناسی سۆفییەتیی ناسراو ئا. ب. کودلین لەم بارەیەوە دەڵێ:"مۆتیف تەنیا لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تر ناگوێزرێتەوە، بەڵکو جاروبار لە هەندێ دیمەن و دەقی ناشیعرییەوە بۆ شیعری، وەکو سوود لە قورئان و حەدیس وەرگرتن لەم بارەیەوە" (27، ل11).

*نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا*

*چەنی بەستەی فەرد (بێساران) ماوا:*

*"ئینە گرد جە وەخت نادانیم بییەن*

*فەسڵ سەرمەستیی جوانیم بییەن*

*ئێسە ها جە گشت پەشیمانیم بەرد*

*وادەی پیریمەن جوانیم ویەرد*

*کۆچ دوابیمەن، یاوانم نۆبە*

*نۆبەی تۆبەمەن، کەرەمدار تۆبە!"* (د.، ل107 – 108)

شاعیر لە غەزەلی "بینایی دیدەم تۆ وە سلامەت..." (د.، ل65)دا چاوی نابینـابووی خۆیی لاواندۆتەوە، هەر دەڵێی مردوویەك دەلاوێنێتەوە. شاعیر لە پێشدا لەگەڵ دۆسـتێکدا وتووێژدەکات و دوایی دێتە سەر هەڵڕشتنی داخ و دەردی قووڵایی دڵی:

*ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعاریف وە گڵ*

*چۆڵ بییەن چەمەن جە سۆزەی بوڵبوڵ*

*نیگای ئیلتیفات گۆشەی چەم کەمەن*

*ڕووی دەشت سەفای ئەهلی دڵ تەمەن*

*حەڵقەی خەفیەی زیکر ناڵەی هەزار ڕەنگ*

*چون حەڵقەی دەرگای وێرانان دڵ تەنگ*

*مەشێو جە گرد لا زاری وشیوەن بۆ*

*جە کام لا؟ لای دۆس، کام دۆس؟ وێنەی تۆ*

*کەی؟ ئێستە، پەی کێ؟ پەی دیدەی (مەعدووم)*

*چێش بییەن؟ بییەن جە دیدە مەحرووم*

*یانی هەی راسەن، یا قسەی ناسەن*

*دیارەن کردەی چەپگەرد هەر پاسەن* (د.، ل67 – 68)

شیعرەکان پڕن لە وێنەی لەبەر چاوی خوێنەردا بەرجەستەبوو، یارییەکی ناسك بە وشە و پیتەکان کراوە، لێرەشدا وشەی (چەم)ی بە دوو مانا بەکارهێناوە، هەم بۆ چاو و هەم بۆ چەمیش. هەروەها وێنەیەکی بە ئیستیعارەی لەم بابەتەشی تێدایە:

*نیگای ئیلتیفات گۆشەی چەم کەمەن*

*ڕووی دەشت سەفای ئەهل دڵ تەمەن*

تەم لێرەدا خەمە، هەروەها بەراوردێکی سەرکەوتوو و جوانی لە نێوان ئەڵقەی ماڵی وێرانە و ئەڵقەی کۆڕی زیکری نەماوی سۆفییاندا کردووە.

## شیعری بۆنە و موناسەبەت

یەکێك لە خەسیەتە تایبەتییەکانی شیعری مەولەوی، جۆراوجۆری و هەمە چەشنیی بابەتەکانییەتی. مەولەوی 31 شیعری هەیە، کە بۆ ڕووداوەکانی ژیان و بۆنە و موناسەبەتە شەخسی و کۆمەڵایەتییەکان وتوونی.

شیعری موناسەبەت لە ئەدەبی هەموو میللەتاندا هەیە، بەڵام تا ئەو سەردەمەی مەولەوی، لە ئەدەبی کوردیدا زۆر ئەوەندە باوی نەبووە. ئەم جۆرە شیعرە، لە ڕووی هونەری و بەرزیی ماناوە، بە چاوێکی ئەوتۆوە، لە دنیای ئیستێتیێکدا تەماشا نەکراوە و بە ئەدەبێکی بەرز دانەنراوە.

بەڵام خامەی ڕەنگینی مەولەوی، لـەم مەیدانەشـدا هونـەرێكی بـەرز و كارامەییـەكی باڵادەستانەی نواندووە و گیانێكی نەمری بە بـەر ئـەم بابەتـەدا كـردووە. گـۆرانی شـاعیری تازەكەرەوەی شیعری كوردی، لەم ڕووەوە دەڵێ:"... بەشی زۆری شـێوە هونەرییـەكانی لـە دایكـی موناسـەبەت زاون، گـەلێ جـار موناسـەبەتی بـێ ڕەنـگ و ڕوواڵـەتیش زۆر دوور نەڕۆین، مردنی كوڕی كوێخایەكی عەشیرەتی جاف، وەرگرتنی تەسبیحێك... بەڵام بۆتـەی وەستاكارانەی مەولەوی هەرگیز شتێكی تیا نەتواوەتەوە، كە ڕەوانەبێ لە قاڵبی بێگـەرد و سافی شیعری ڕاستەقینەدا دابڕێژرێ... (105، ل74 – 75). ڕاستیەكەشی هەر وایـە و مەولەوی لەو ڕووداو و بۆنانە گەلێ تابلۆی هونەریی بەنرخی بۆ كێشاوین.

ئەم غەزەلانـەی دەتـوانرێ بـەم شـێوەیە دابەشـبكرێن:"15 یـان هـەر بابـەتی نامـەی شیعرین، بۆ نموونە یەكێكیان بۆ دۆستێ نووسراوە، كە لەسەر سـەفەر بـووە (د.، ل 331-332)، یەكێكی تریـان وەڵامـی نامـەی دۆسـتێكە (د.، ل443 – 444)، غـەزەلێكی تریان وەڵامی برادەرێكییەتی، كە داوای لێكردووە پێكـەوە بـچن بـۆ ڕاو" (د.، ل365 – 367).

هەندێكی تـری ئـەم غەزەلانـە، وەڵامـی سوپاسـگوزاریی ئـەو كەسـانەن دیارییـان بـۆ ناردووە. بۆنەی 10 شیعریان زانراون: دووانیان وەسـپی دوو شـایی كـوردین كـە زیـاتر لـە ژانری وەسپەوە نزیك دەبنەوە، 15 غەزەلی تریـان بابـەتی دۆسـتایەتی و ئاشـنایەتین و لـە ئەنجامی هەندێ ڕووداوی ژیانەوە وتراون. بـۆ نموونـە ئـەم پارچـە هەڵبەسـتەی لـە وەرامـی برادەرێكدا نووسیووە، كە ئەم ئیزنی دۆستێكی خۆی و مەولـەویی داوە، پێكـەوە بـڕۆن بـۆ سەفەرێك، شاعیر دەڵێ:

*مەعلووم بی وە نەم حەسرەتت كێشان*

*پەی سەیرو سوحبەت سەفای دڵ ڕێشان*

*هام رەفیقم دەرد، هام سوحبەتم کۆس*

*وێم جە وێم خاڵی، مەوج مدەو جە دۆس*

*تا ئەو بەو جەماڵ دڵ دەسە پاڵەن*

*من سەیرم مەحاڵ، سەفام بەتاڵەن*

*جەو بۆنۆ فەردم ئیستیفابێزەن*

*دامەنش لایق ئەی پەراوێزەن:*

*شێوە ئەر ئێدەن من کەردەنم سەیر*

*فام، خودا حافیز! دین بنیش وە خەیر*

*تۆ سەروەش وەی سەیر سەفاو بەختەوە*

*من وێڵ وێڵ وەی زام سزای سەختەوە* (د.، ل118)

جاروبار هەندێ ڕووداوی ژیانی خۆیی کردۆتە شیعر، بۆ نموونە سووتانی کتێبخانەکەی (د. ل 192 – 194). یان کاتێ نامەیەکی ڕەخنەیی بە شیعر دەربارەی شیعرێکی (مەحرووم)[45] نووسیوە و هەڵیسەنگاندووە و نرخاندوویەتی.

مەحرووم لاسایی شیعرێکی خانای قوبادیی کردۆتەوە و داوای کردووە لە مەولەوی، کە لە ڕووی هونەرییەوە بەراوردیان بکات. کاتێ بە وردی بیروڕاکانی مەولەوی دەخوێنینەوە، هەندێ لە ڕووانین و چێژی ئیستێتیکیی مەولەوی و ڕوانگەی ئەومان بۆ شیعر لا ڕووندەبێتەوە. مەولەوی ئەم زاراوانەی بەکارهێناوە: نەوباوەی خەیاڵ، رەدیف لەتیف، پەیڕەوی ئەسڵ، فەرع، زادەی تەبع بۆ عەنبەرنیت، فکر بیکر شیرینت...هتد. یان ئەم غەزەلەی کە بەهۆی ئاگر بەربوونە ماڵ و کتێبخانەکەیەوە وتوویەتی:

[45] مەحرووم، شاعیرێکە بە دیالێکتی گۆرانی شیعری نووسیووە و هیچ دەربارەی ژیان و بەرهەمی نەزانراوە.

*خامەی سەراوێز نە چای سیایی*

*مەرێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی*

*نامەی سەد شکەنج، وەهەم پێچ وەردەن*

*چون من سەرتاپاش شکستەی دەردەن*

*دەوات دووی سیاش جە دەم مەخێزۆ*

*نامە سیاخاك وە سەر مەرێزۆ*

---

*خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە* (د.، ل192 – 193)

---

ئەم سەرەتایەی لە پێشدا بۆ باسی دووری وتووە، دوایی هاتۆتە سەر باسی سووتانی[46] کتێبخانەکەی و لەو کۆپلێتەشدا لە بەشی دووەمدا هێنامەوە ئەم هەواڵەی ڕاگەیاندووە.

6 غەزەلیشی سوپاسی ئەو کەسانەن – وەك وترا- کە دیارییان بۆ ناردووە. دوانیان بۆ خولکی کەباب وتراون (د.، ل81 – 82، 446 – 447)، هەروەها غەزەلێکی سوپاسی عەبایەکە، کە بۆیان ناردووە (د.، ل82 – 83).

*بەتیەی کارخانەی ئۆسای بەغدایی*

*دروومان وە تای نەی ئاشنایی*

*سفیدتەر جە مەرگ مەینەت گازەکەم*

*نازکتر جە ناز جای نیازەکەم*

*چون لۆنگ مەجنوون بدەوش وە کۆڵدا*

---

[46] سەیر لەوەدایە، لە کاتی چاپکردنی دیوانی مەولەویدا، چاپخانەی (نەجاح) لە بەغدا، پێش چاپکردنی ئەم فۆرمەیە ئاگری تێ بەربووە و هەندێ لە دیوانەکەی مەولەویشی تێدا سووتاوە، بڕوانە (د.، 194).

*بگێڵۆ وە دەشت پای سارای چۆڵدا*

*جارجار بەو گشت دەرد نەدامەتەوە*

*بەو قامەت وشك پڕ دامەتەوە*

*شنۆی هەناسان نە سەر دیاران*

*شانۆش چون بەیداخ نە سەر مەزاران* (د.، ل82 – 83)

هەروەها مەولەوی دوو تابلۆی شایی کوردی زۆر کارامانە بۆ کێشاوین کە هەموو جوانیی سرووشت و مرۆڤ و دەنگ و ڕەنگ و بۆن و بەرامەیان تێدا دەدرەوشێتەوە و لەبەر چاوی خوێنەردا شاییەکی ڕاستەقینە سازدەبێ. سەیر لەوەدایە، کە مەولەوی لەو دوو شاییەدا نەبووە و هەر بە نامە ئاگاداریان کردووە. یەکێکیان شایی مەحموود پاشای جاف بووە و هەر لە وەڵامی ئەمیشدا ئەم شیعرەی نووسیووە (د.، ل391 – 393). مەولەوی وەك ئەو شاییەی تر، کە کۆماسی شاعیری تێدا بەشداربووە، نەیتوانیوە ئامادەبێ. لێرەدا شاعیر لەم ڕووەوە باس لە بەختی نەیاری خۆی دەکات، دەڵێ، کە ئەم و شادی دوورن لەیەك. باسی هۆنراوەکەی دی، لە شوێنێکی تردا دێ و وەسپ و وێنەکانی، لەمەشیان، چڕوپڕو بە ئاهەنگ و ئاڵ و واڵاترە، هەندێ وێنەش لە هەردووکیاندا دووبارە دەبنەوە:"هاتوچۆی نازداران و هەڵپەرکێ و سەمایان، گرمەی نەقارە و خشەی شەرواڵ و زرنگەی خرخاڵ تێکەڵ بە چریکەی سوڕنا و پریکەی خەندە دەبێ. زولفی نازداران لە هەڵبەز و دابەزی هەڵپەرکێدا پەخشبۆتەوە و سەرچۆپی کێش دەستەسڕ ڕادەوشێنێ و بریسکەی موورو و ملوانکە و لەرەی مەمك دێت... هتد".

مەولەوی وێنەیەکی زۆر شیرینی بە بەراوردێك درووستکردووە، ڕووخساری نازدارانی بە پەلکەڕەنگینە چواندووە:

*ورشەی ستارە نەو زوڵف بووم زەڕ*

*چون قەوس و قەزەح گرتەن دەورو بەر* (د.، ل393)

شاعیر لێرەشدا مەودای هەستی جوانیی پەرستیی خۆیی ئازاد کردووە و باسی جوانیی هەست پێکراوی ئافرەتمان بۆ دەکات، ئەمەش دوورکەوتنەوەیەکە لە وشکییەتی ئاییني ڕەسمی و خەسیەتییەکی تایبەتیی چێژو میزاجی سۆفی و شیعری سۆفییانەیە. چونکە ئەو دیمەنانە بەڵگەو لادیمەنی جوانیی بەرز و ئاسمانین.

## شیعری ئاییني

سەرجەم لیریکای مەولەوی بە شێوەیەکی ئۆرگانیی تونودتۆڵ تێک ئاڵاوە و یەکیەتییەکی تەواوی هەیە. شاعیر لە ڕوانگەی ئاییني و سۆفیی خۆیەوە، سەیری دیاردە و ڕووداوی کەسانی دەوروبەری خۆی دەکات. هەرچەندە تەنیا پێنج غەزەلی سەربەخۆی ئاییني هەیە، بەڵام فەلسەفە و بیری ئاییني لەسەرلەبەری شیعرەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە.

لە هەندێ غەزەلی وەکو:"ئەی گرد مەوجوودێ جە تۆ گرت مایە"، "باعیس وجوود جە ماھ تا ماھی" (د.، ل31 – 33، 61 – 63)دا، شاعیر ڕووی لە بارەگای یەزدان کردووە و نزای لێ دەکات، کە لە هەڵە و سەرپێچی و گوناهەکانی خۆش ببێت. مۆتیڤی ئەم شیعرانە، نزاو پاڕانەوە لە یەزدان و ترس لە ڕۆژی حساب و قیامەتن:

*یاگێو تەر نییەن داد وێم کەروون*

*جە دەس تۆ بێداد وە لای کێ بەروون؟*

*واوەیلام بێ حەد، زاریم بێ شۆمەن*

*جە لای تۆ فەریاد، جە دەس تۆمەن* (د.، ل33)

شاعیر بیری لای ئەوەیە، ئاخۆ پێغەمبەر شفاعەتی بۆ دەکات یان نەء؟ دوایی دڵی خۆی دەداتەوە و دەڵێ، خەمم نییە، ڕووی زەردم لە ڕۆژی ئاخیرەتدا دەبێتە هۆی بزواندن و نیگەرانیی پێغەمبەر (د.، ل213 – 216).

مەولەوی غەزەلێکی لەسەر مەزاری (باوە یادگار) وتووە، کەیەکێك بووە لە ئیمام زادەکان – دیارە ئەم شیعرەی لە وەختی پیری و نابینایی خۆیدا وتووە:

*وە رەوەزتانا هەر نوور باران بۆ*

*تا دەفع زوڵمەت دیدەی یاران بۆ*

*ئامام سەرنیام وە بارەگاوە*

*غەریو، موو سفید وە رووی سیاوە*

*تەن مەعسییەت بار، دەروون پڕ جە دەرد*

*دیدە تەڕ، لەب خوشك، دڵ گەرم، نەفەس سەرد* (د.، ل288 – 291)

مەولەوی ئایەت و حەدیس تێهەڵکێشی ئەم شیعرانەی دەکات و بە شێوەیەکی هونەری دایان دەڕێژێتەوە و بەکاریان دێنێ. لە یەکێك لە غەزەلەکانیدا ئاماژەی ئەم حەدیسە دەکات:"قد كنت كنزا مخفيا خلقت الخلق لكى أعرف" (د.، ل31). لە غەزەلی "سەرشار سەهبای بەزم موناجات" (د.، ل288 – 291)دا، ئاماژە بە ئایەتێکی قورئان **"كشجرة طيبة اصلها ثابت وفرعها في السماء"**دەکات. هەروەها حەدیسی تریشی بەکارهێناوە، بۆ نموونە:**"انا مدينة العلم و على بابها من كنت مولاه فهذا على مولاه"** (د.، ل290). مەولەوی وەنەبێ بە شێوەیەکی میکانیکی ئەم ئایەت و حەدیسانەی گواستبێتەوە دنیای شیعرەکانی، بەڵکو بە شێوەیەکی هونەری ئامێتەی شیعرەکانی کردوون و بەیەکەوە چنیونی و وێنەی تازەی لێ دروست کردوون. هەروەها لە شیعرەکانیدا هەندێ لە چیرۆك و

بەسەرهاتی پێغەمبەرانی بەشێوەیەکی هونەریی خۆی ئاسا دارِشتۆتەوە، وەکو: "یا نار کونی بردا و سلاما علی ابراهیم".

شاعیر گەلێ زاراوەی ئایینی و سۆفیی وەکو: مناجات، مەعسییەت، لوتف، نەجات، خەوف، رِەجا... هتدی بەکارهێناوە.

خەوف لە فەرهەنگی سۆفییەکاندا، مەبەست ترس و شەرمەزارییە لەو گوناهانەی مرۆڤ کردوونی. پێغەمبەر فەرموویەتی:"ئەو کەسەی لە خودا بترسێ، لە هەموو شتێ سڵدەکاتەوە و دەترسێ، ئەوەی بێجگە لە خودا لە کەسێکی تر بترسێ، لە هەموو کەس دەترسێ". زاناو سۆفیی ناودار ئەبولقاسم ئەلحەکیم دەڵێ:"ترس دوو جۆرە: (رِەهبەت) و (خەشییەت)، یەکەمیان مرۆڤ لە ترساندا هەڵدێ، دووەمیان هانا بۆ یەزدان دەبات" (146، ل2). هەندێ لە سۆفییەکان زاراوەی (رەجا)ش بەم شێوەیە لێکدەدەنەوە:

"ئارام کردنەوەی دڵ بە بەڵێنی باش". سێ جۆری هەیە: چاکە و خێر. کە خوواش ئەمری پێکردووە، دووەم تکای لە گوناه دوورکەوتنەوەیە، سێیەم نزای لە گوناه خۆش بوونە. (خەوف) و (رەجا) وەکو دوو باڵی باڵندەیەك وان، ئەگەر هاوتا بوون، ئەوا فرِین دەگاتە عەشق. دەبێ لە رەجاکردندا مام ناوەندو هێمن بن (146، ل110).

ئەم شیعرانەی مەولەوی پرِن لە هەستی بێبنیادی دنیاو یادی قیامەت وەبیر دێننەوە. زۆرجار زاراوەی زمانی میللەتانی تری موسوڵمان تێکەڵ ئەم غەزەلانەی دەکات بەڵام زمانە کوردییەکەی مەولەوی، هەر کوردانە و پاك و دەوڵەمەندە.

هەندێ دیمەنی ژیانی کوردەواریی بۆ مەسەلە ئایینیەکان بەکارهێناوە، بۆ نموونە:

*باوەرە وە دەس زادێ پەی سەفەر*

*وێت نەو سەفەردا بێ تۆشە مەکەر* (د.، ل64)

یان:

*دڵە ڕاگەکەت خەیلێ تاریکەن*

*پردەکە سەختەن، خەیلێ باریکەن*

*سارای هیدایەت تاریك مەوینوون*

*رای نەجات یەکجار باریك مەوینوون*

*چۆڵەچراوێ پەرێ وێت سازدەر*

*وە قەد توانای وێت باربەندی کەر*

*ئەر گونا رای راس بەردەنی جە ویر*

*شۆن پای کردار هام فەردان هۆرگیر* (د.ل 213 – 214)

بە ڕای زۆر لەو زانایانەی، کە لە سۆفیزمیان کۆڵیوەتەوە، بنەڕەتی سۆفییەتی ئیسلامی دەبەنەوە سەر دیاردەیەکی قۆناغی یەکەمی پەیدابوونی ئەم ئایینە — زوهد. لەو ڕۆژگارەدا تەرکی دنیا کردن و ڕووی تەواو لە یەزدان کردن، بەسەر بەشێکی زۆری موسوڵمانانندا زاڵ بووە. ئەم بیرو بۆچوونانە، بە شێوەیەکی ئاشکرا لە شیعرەکانی مەولەویدا ڕەنگیان داوەتەوە.

## بابەتی مەی

مەی لە سەرجەم شیعری ڕۆژهەڵاتدا دیاردەیەکی باوبووە. شاعیرە سۆفییەکان ئەم بابەتەیان بە شێوەیەکی فراوان پەرەپێداوە و لە کۆڕی مەی و مەیخواردنەوە گەلێ ڕەمز و وێنەیان بۆ دەربڕینی بیری فەلسەفیی خۆیان نەخشاندووە[47].

[47] زۆرجار خوێنەر و تەنانەت هەندێ لە توێژەرەوەکانیش، بە هەڵە لەم مەسەلەیە گەیشتوون. هەرچەندە شاعیرە سۆفییەکان تامی مەییان نەکردووە، بەڵام بە شێوەیەکی هونەریی زۆر بەرز ئەو کۆڕ و

بابەتی مەی لە بەرهەمی شاعیرانی کورددا هەیە. لای مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی بە مانا سۆفییەکەی هەیە. د. عیززەدین مستەفا ڕەسوول لەم ڕووەوە دەڵێ:"خانی بە باسی مەی سەرەتای شیعرەکانی دەکاتەوە، ڕەنگە بیر بۆ ئەوە بچێ، ئەمە شێوە تەقلیدییەکەی باسکردنی مەیە، بەڵام شاعیر هەر بەوەوە ناوەستێ و تەعبیر و چەمکی سۆفییانەیان تێهەڵکێش دەکات (151، ل 459). هەر بە هەمان گیان و بیرکردنەوەوە شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی: بیسارانی، سەیدی، ...هتد باسیان لە مەی کردووە.

مەولەوی بابەتی مەیی زۆر بەرفراوان کردووە و پەرەی پێداوە. لە 56 غەزەلی مەولەویدا باسی مەی و وێنەی شیعریی هەیە. زیاتریش هەر لە کۆتایی غەزەلەکانیدا پەنا بۆ مەی دەبات، هەندێ جاریش لە ناوەڕاستی شیعرەکانیدا هانا بۆ ساقی دەبات (د.، ل4، 10، 20، 47، 95... هتد).

هەرچەندە غەزەلی سەربەخۆ بۆ مەی، وەك بابەتێکی بەرچاو و دیار لای مەولەوی نییە. بەڵام لە زۆربەی بابەتەکانی تریدا مەی و وێنەی ساقی دیاردەیەکی بەرچاون، بۆ نموونە: 22 جار لە نامە شیعرییەکانیدا، 14 جار لە لیریکای شەخسی و 9 جار لە لاواندنەوە و 7 جار لە وەسپدا هەیە. جارێکیش لە سەرەتای غەزەلێکیدا پەنا بۆ ساقی دەبات.

مۆتیڤی مەی و ساقی بە مانا سۆفییەکەی و لە کاتی باری ئاڵۆزی دەروونیی خۆیدا بەکاردێنێ و بە هیوایە، کە مەی کول و کەسەری گیانو دڵی سارێژ بکات و مەست و دڵخۆشی بکات. ساقی بە مانای فریشتەی مەرگ و هێزی یەزدانیی هاتووە.

---

دانیشتنانەیان لە شیعرەکانیاندا وێنەکێشاوە. ڕۆژهەڵاتناس و ئیسلامناسی بەناوبانگ نیکلسون زۆر بابەتانە و بە وردی بەرپەرچی ڕای هەڵەی ئەو کەسانەی داوەتەوە، کە بە هەڵە لەم باسە گەیشتوون (183، ل102).

بە شێوەیەکی هونەریی و نیگارکێشان کۆڕی مەیخۆرانمان بۆ دەنەخشێنێ: جام، قەڕابە، پیاڵە، سوراحی، مەیی گەڕاوە و هی ساف، خڵتەی مەی... هتد هەروەها شاعیر زۆرجار بۆ ئەوەی تابلۆکەی تەواوبکات، گۆرانیبێژ و دەروێش و نەیچیش کۆدەکاتەوە. تابلۆکان زیاتر وردەکاریی ڕەنگینی میناتۆری هونەری نیگارکێشانی ڕۆژهەلاتمان پیشان دەدەن، پەنا بۆ ساقی دەبات و دەڵێ:

*مایل کەر بالا، وەی لادا چون نەی*

*دەسێوت دەف بۆ، ئەو دەس جام مەی*

*با بێدار کەرۆ تا کەی بۆ غافڵ*

*دەف وە سەدا گیان، جام وە ڕەشحەی دڵ*

---

*چون دەف، بەرگ پۆش ئیرادەت پۆشم*

*غولا م بەردەس حەڵقە نە گۆشم*

*خوم ئاسا خەیلین وەتەن مەیخانەم*

*چون پیاڵەی واق شیشەی پەیمانەم* (د.، ل28)

لەم شیعرەشدا گەلێ وێنەی بەرجەستەو ڕەنگنی نەخشاندووە:

*های ساقی! هەلای سەرمایەی خامی*

*نمەدۆم وە دەس ڕای نیکنامی*

*با وەرە وەش وەش سادەی هەی پەی کەی*

*تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی*

*مەوجش بنچینەم بدۆ وە هەمدا*

*هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدەمدا* (د.، ل468 – 469)

# نامەی شیعری

به شیعر نامەنووسین له ئەدەبی کوردیدا زۆر باونەبووە، کەچی ئـەم بابەتـە لـە شـیعری مەولەویدا زۆر بەرفراوان گەشەی سـەندووە. 88 غـەزەلی وای هـەن، کـە دەکەنـە 41٪ی سەرجەمی غەزەلەکانی و 850 بەیتن.

له پەرەپێدان و خولْقاندنی ئەم دیاردە — ژانری نامەی شیعریدا، دەتـوانرێ ڕێبـازی بـاو وزاڵی هونەرەکەی مەولەوی دەست نیـشان بکرێـت، ئـەویش پەیوەنـدیی پتـەو و بـەربلاو و کۆنکرێتیی ئەوە، لەگەڵ دەوروپشت و مرۆڤی ڕۆژگارەکەیدا، ئەمـەش بەڵگەیـەکی بـەهێزی هەڵوێستی بزۆز و ژیانی کۆمەڵایەتیی شاعیرن.

40 نامەی شیعرییان زانراوە بۆ کێی نووسیوون: 18 یان بۆ شـێخە نەقـشبەندییەکانی هەورامانن، سێ غەزەلیان بۆ شێخی سیراجەددینن، 10 غەزەلیان بۆ شـێخی بەهائـەددین و چواریان بۆ زیائەددین و یەکێکیشیان بۆ تاجەددینە.

ئـەم غەزەلانـە پـڕن لـە ڕێـزو خۆشەویـستی و سـۆزی شـاعیر بەرانبـەر شـێخەکانی و بەرهەمێکی هونەریی پڕ لە وشە و تەعبیری شیعریی بەرزن و هەرچەندەش بۆ یـەك بابـەت وتراون، بەڵام یەك جۆر و دووبارەبوونەوەی یەکدی نین. هەڵوێستی شـاعیریان بـە ڕاشـکاوی دەربارەی ئەو کەسەی بۆی نێردراوە ڕوونە. ئەوانەی بۆ شێخی سیراجەددینن، خۆشەویـستی و دڵسۆزییەکی بێ سنووریان بـۆ شـێخ تێدایـە. غەزەلـەکانی شـێخی بەهائـەددین هـەمان خۆشەویستی و ڕێزیـان تێـدا دەدرەوشـێتەوە، بـەڵام بـە هەناسـە و شـێوەیەکی تـر، ئەگـەر مەولەوی لەوانەی شێخی سیراجەددیندا زۆر بە تەوازعەوە دوابێت و ماوەی ڕێزو قەدری لـە نێوان خۆی و شێخدا هێشتبێتەوە، ئەوا لەوانەی شێخی بەهائەددیندا بە هـۆی پەیوەنـدیی هاوڕێیاتی و هاوتەمەنییەوە، شاعیر ئازادتر ئەندێشەو هەستی خۆیی دەربڕیوە.

جارێ شێخی سیراجەددین گلەیی لە مەولەوی کردووە، کە وەك جاران دۆستایەتییەکەی گەرمو گوڕنییە و بـێ مـەیل بـووە. شـاعیریش بەوپـەڕی جـۆش و خرۆشـەوە وەرامـی ئـەم گلەییەی داوەتەوە و شیعرەکەی بە ئایەت و حەدیس ڕازاندۆتەوە و بە زمانی سۆفییەکانەوە لەگەڵ شێخدا دەدوێ:

*وە خیلافەوەن یاران سەرمەس*
*تەقازای زاتیی تەبعم هەرچی هەس*
*جەزبەی ئاهینم دەماخ دان پەرداخ*
*میقناتیز تۆی جام کەردەن وە یاتاخ*

---

*ئازیز! یەقین عەکس وەش نامەکەی تۆن*
*سایەکەی سیفەت کەلامەکەی تۆن*
*نازوون وەی مەزهەر، های های یە چێشەن*

*نەشئەی ئەو سیفەت زاتیی تۆ پێشەن*

*جە نامای جواو، جەبێ وەفاییم*

*هەرچیت فەرماوان، راسەن بیناییم*

*ئەر وەفام مەبی پەی تۆ مەمەردم*

*خەیر مەبڕیابێ پەنجەی پای فەردم*

*ئازیزم! نامە پێچ مدۆ چون مار*

*خامەی چەم یەکێ، ئەسرینان هەزار*

---

*وە خوا نە دووریت کۆتاییش ئاوەرد*

*نە گیان ئیختیار ماوای بەدەن کەرد*

*بەلاّ م یادەکەت ناستەنش وێم پێم*

*وێم بەرکەرد، نیشتەن وێش جە یاگەی وێم* (د.، ل 452 - 457)

وێنە شیعرییەکانی بەهێز و زیندوون و پڕن لە جۆش و بێ ئارامی. وەك دۆست و ئاشنایەکی گیانی، شیعری بۆ شێخی بەهائەددین نووسیووە. هەندێ لەم غەزەلانەی کورتن، دووانیشیان درێژن، یەکێکیان 30 بەیتە (د.، ل298 – 303)، ئەوی تریان 22 بەیتە (د.، ل451 – 457). لەگەڵ دەربڕینی ئەم هەست و سۆزی دۆستایەتییەدا، هەست دەکرێ، کە شاعیر چەندین قۆناغی بڕیوە و زیاتر لە ڕاستیی یەزدانییەوە نزیکبۆتەوە.

کاتێ شێخی زیائەددین چەپکێ وەنەوشەی بە دیاری بۆ ناردووە، شاعیر بە مانای بەرز و پڕ بەهای خۆشەویستی وەڵامی داوەتەوە، لە هەمان کاتدا ئەم شیعرەی باوەڕ بەخۆبوونێکی زۆری تێدایە:

*سەودای وەنەوشەی پەل دێزیاخان*
*هەوای گوڵاڵان سەرکاوان زاخان*
*پەی کەسێ خاسەن ئەوەڵ دەردەش بۆ*
*ئیبتیدای خێزیای دوود سەردش بۆ*
*کەرۆ مەشق عەشق وێنەی مناڵان*
*گا سەیر کاوان، گا بۆی گوڵاڵان*
*نەك چون من سەرعی سادارمەردە*
*لافاو دەردان دڵ وێران کەردە*
*کوورەی عەشق دڵ هەریەند جۆش وەردەن*
*گوڵاڵەم چون وێم فەرامۆش کەردەن* (د.، ل317 – 318)

لە بەشی دووەمدا باسی بەگزادە جاف و مەولەویمان کرد و لە دوو لایەنییەتی ئەم پەیوەندییە دواین: لەسەرێکەوە دۆستانە بووە و جاروباریش گیروگرفت و دڵساردی کەوتۆتە نێوانیانەوە. لە کاتی گیروگرفتدا مەولەوی هەمیشە پشتی هاوزێد و هەژارانی گرتووە و داکۆکیی لێ کردوون. پێشتر دەربارەی ئەو دەمەتەقێیەی شاعیر ومەحموود پاشا دواین. محەمەدی مەلا کەریم لەم ڕووەوە بۆچوونێکی ڕاستی هەیە، کە دەڵێ:"هەم بۆ ئەو زەغتەی لەلایەن بەگزادە جاف و سەرکارەکانیانەوە لە شاعیر کراوە و هەم بۆ دۆستایەتیی بەهێزی نێوانیشیان فاکت و بەڵگە هەن، کە نامە و شیعرەکانی شاعیرن" (179، ل145).

مەولەوی شەش غەزەلی هەیە، کە لە وەڵامی نامەی بەگزادە جافەکاندا نووسیوونی، بۆ نموونە "ئەیاز هامڕاز ناڵە و ئاخ و دوود..." یان "جە دووریت دەروون مەوج دەریای هوون" (د.، ل23 – 25، 155 – 156). پاشا لە نامەکانیدا داوای دۆعای خێری لە

مەولەوی کردووە. ئەم غەزەلانەی کورتن و 5 – 11 دێڕ دەبن. تەنیا بۆ غەزەلێکیان مەولەوی دەست پێشکەربووە. لە هەندێ لەو غەزەلانەدا کە بۆ جافەکانی نووسیوون، بە گیانێکی ڕەسمی و وشکەوە دواوە، بەپێچەوانەی ئەو غەزەلانەوە، کە بۆ شێخە نەقشبەندییەکانن و لێوان لێوی جۆش و خرۆش و هەست و سۆزی شاعیرن. کاتێ محەمەد پاشا بۆ کارێك پیاوێ ڕادەسپێرێتە لای مەولەوی، شاعیر دەڵێ:

*مەیلت ئارەزووی ئەغیار کەردەبی*

*چێش خامەکەت نام (مەعدووم) بەردەبی*

*بێ منەت جە مەیل ئامای نامەتم*

*مەمنوون جە وەفای ڕەشحەی خامەتم* (د.، ل396)

هەروەها دەبێ باسی ئەو غەزەلانەش بکەین، کە مەولەوی بۆ دوو هاوڕێی دڵسۆزی: ئەحمەد بەگی کۆماسیی شاعیر و شێخ عەزیزی جانەوەرەیی نووسیون. پێنج نامەی بە شیعر بۆ کۆماسیی نووسیوە لەوانە:"پەشێو وێنەی وێم نیشتەبیم خەجڵ"، "نامەکەت پەی چێش؟ پەرێ دەوای دەرد" (د.، ل87 – 94، ل 403- 406). لەم غەزەلانەدا مەولەوی، کۆماسی هەر بەخاڵۆ ناو دەبات. لەم شیعرانەوە ڕووندەبێتەوە کە هەر لە گەنجییەوە هاوڕێی نزیکی یەك بوون و دۆستایەتیشیان هەربەردەوام بووە. چونکە پێم وایە، هەندێ لەم غەزەلانەی لە تەمەنێکی کامڵدا نووسیووە، ئەمەش یەکێکە لەو غەزەلانە:

*پەشێو وێنەی وێم نیشتەبێم خەجڵ*

*دیم شادی دەس دا نە دەروازەی دڵ*

*واتم نامانی هەرگیز های چێشەن؟*

*لەب بەردەوە چێش نامەیێ پێشەن*

*نە تاریکیی خەت مەعناش مەجۆشا*

*چون ئاو حەیات دڵ خاس خاس نۆشا*

*ئاخ! قووەی زەمین دەروونم كەم بی*

*بووڵەكەی سفتەم سەرەڕای خەم بی*

*وەرنە ئەو شەونم جە سەردا مەوەشت*

*مەشییا كەردایش وە رەوزەی بەهەشت*

---

*ئارێ تا پەی ئەو من ڕۆمەن چون شەو*

*شەوقەن پەی خەندەی سوبح جەبهەی ئەو* (د.، ل87 – 89)

ئەم غەزەلە بە ئەفسانە و هەندێ وێنەی هونەریی تر خوڵقێنراوە. لێرەشدا هەر ڕەمزی ئاوی زیندەگانیی بەكارهێناوە و باسی خولیای ئادەمیزادی لە گەڕان لە تاریكیدا بەدوای ئەم نهێنییەدا كردووە. هەروەها چیرۆكی حەزرەتی ئیبراهیمیشی تێهەڵكێش كردووە، كە چۆن لە سەرەتادا بە دوای درووستكەری گەردوون و دنیادا گەڕاوە، جگە لەمانەش بەسەرهاتی "شیرین و فەرهاد"ی كردۆتە كەرەسەیەكی تری ئەم شیعرەی. بە شێوەیەكی وردیش لە بیرۆكەی فەلسەفیی "هۆ و سەرئەنجام" دەدوێ و لە ڕوانگەیەكی ئایدیالیستانەوە، لە خۆشەویستیی یەزدانیدا سەرچاوەی بنەڕەتیی هەموو دیاردەیەك دەبینێت:

*زام تەن وە تیر بەڵاش زیاتەر*

*ڕای ئامۆشۆی دڵ وەلاش زیاتەر* (د.، ل94)

لەو غەزەلانەدا، كە بۆ شێخ عەزیزن، چۆنیەتیی دۆستایەتیی گەرم و بەهێزیان دەردەخات. گەلێ وشە و زاراوەی وەكو: "جوانی یار"، "دووریی یار"، "دنیای بێ بنیاد"... هتد یان تێدایە، كە میتۆدێكی شاعیری فارس (ئەنوەری)مان بیردەخاتەوە، كە

خۆشەویستیی بەشێوەی جۆراوجۆر و لە کەشوهەوای دژ بەیەکدا دەربڕیوە... خۆشەویستی، خەم، نەهامەتی، چارە و سەبووری لە یەك کاتدا. ئەڤین ڕێژەنی یەزدانی و نـەمریی ژیانـە. ئەشق، پاڵەوانـەکانی (ئـەنوەری)ی خستۆتە ئـازاری گیانییـەوە، بـەڵام شـادن بـەم ئـازاری خۆشەویـستییە، چـونکە باوەڕیـان بـە بـەیار گەیـشتن و شـادبوون هەیـە" (45، ل15). مەولەوی دەربارەی نەخۆشیی شێخ عەزیز شیعرێکی نووسیووە: "های شەماڵ! چـەندجار ڕا تەیکەردەنی" (د.، ل493 – 499). هەروەها بۆ نەخۆشکەوتنی کـچەکەشی شـیعرێکی دیی نووسیووە. هەرچەندە بە ڕوواڵەت ساکار دێنە پێش چـاو، بـەڵام بـە وێنـەی لیریکـی و بریسکەداری تازەو دانسقە دەرەوشاوەن، شاعیر دەڵێ:

*مـن شەوێ ناڵەم جوش ئاوەردە بۆ*

*سەگی ئاسانەت بێدارکەردە بۆ* (د.، ل6)

جاروبار جێ پەنجەی شیعرەکانی بێسارانی لـە شـیعرەکانی مەولەویـدا بـەدی دەکـەین، مەولەوی دەڵێ:

*جەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ*

*کەف پات وەخار دیدەم ئێشابۆ* (د.، ل7)

بێسارانی دەڵێ:

*مەواچە موژەت، تیژ تەرەن جەخار*

*پای گوڵ ئەندامم مەدەرۆ ئازار* (75، ل83)

لـە شـیعرێکی تریـشدا، کـە هـەر بـۆ شـێخ عـەزیز نووسـراوە، تێهەڵکێـشی نیـودێڕی بێسارانیی کردووە:

*بێسارانییەن نە تۆی فەردی مـن:*

*"خەم چەنی خەمان زوو مبۆ ساکن"* (د.، ل436)

مەولەوی هەندێ وێنەی تەقلیدیش بەکاردێنێ و، بەڵام بەشێوەی جیاجیا بەپێز و دەوڵەمەندیان دەکا. لە غەزەلی "های شەماڵ!..." (د.، ل493 – 499)دا، کە هەندێ زاراوەی ئەستێرەناسیی تێدایە: ئاسمان، بورج، ستارە، ئەوج، خورشید، سەعدی ئەکبەر[48].... هتد شێخ عەزیز بە خۆر و فەقێکان بە ئەستێرەی دەوری دەچوێنێ هەر لەم شیعرەدا دەڵێ:

*ها نە گۆشەی ئەوج خانەی شەرەفدا*[49]

*نوور ئەفشانیشەن وە هەر تەرەفدا* (د.، ل 495)

ئەو وێنانەی، کە باسی سەختی و ئازاری نەخۆشییەکەی شێخ عەزیزن، زۆر کاریگەر و بەهێزن:

*یانێ ئەو باڵای تووڵ عەرعەر تەرز*

*مەشنیۆ وە باد سوب سەحەری لەرز*

*چین کەفتەن نە ڕووی پێشانیش چون سیم*

*چون زنجیرەی ئاو وە شنۆی نەسیم*

*نیم نیگاش هەوەس دڵ دۆزیش نییەن*

*نازش دڵبەریش جە خاتر شییەن*

*ئاوڵەش هۆردان لاڵ یەمانی*

*وێنەی گۆی حوباب ئاو حەیوانی*

*باغ مەحبووبیش جە سەر تا دامان*

*جە وەیشومەی دەرد خەزانش ئامان*

---

[48] مەبەست ئەستێرەی موشتەرییە.

[49] شەرەف لای ڕیازییەکان نمرەی نۆزدەیەمی بورجی حەمەلە.

*دەخیلم، شەماڵ! وەی گشت دەردەوە*

*شۆ وە خزمەتش وەی دووی سەردەوە*

*دڵ جە "دەماوەند" گرەو بەردەبی*

*دیدە دانەی ڕوب ڕیوەند وەردەبی*

*واچە، کەفارەت بەژن باڵات بۆ*

*نەسیب رەقیب خاڵ ئاڵات بۆ* (د.، ل496 – 497)

نامە شیعرییەکانی مەولەوی نموونەی لیریکای بەرز و نەمرن. (40) غەزەلی تری لەم بابەتەی هەن، کە نە لە پەراوێزی دیوانەکەو، نە لەو سەرچاوانەدا، کە لەبەردەستی مندا هەن، نەنووسراوە بۆ کێن و بەمنیش ساغ نەکرانەوە. مۆتیڤی ئەم غەزەلانە و شێوازی هونەرییان هەر لەو نموونانەوە نزیکن، کە باسم کردن، باسی دووریی لە یارو برژانگی چاوی نێرگس و لاشەی وەك پووش لێهاتووی دەم بای شاعیرن (د.، ل17 – 19). دڵی لە نێوان شەپۆلی فەناو (خەوف) و (رەجا)دا بەگیرماوە و لەشی بە دەست ئازاری دووریی لە یارەوە بووە بە خۆڵەمێش، خۆی بەو پیرەژنە دەچووێنێ، کە بە گلۆڵەیەك پەتکەوە دەیویست (یوسف) بکڕێت، ئەمیش پێی وایە سەرمایەی بەیارگەیشتنی، لەوەی پیرەژن زۆرتر نییە (د.، ل 27 – 28).

ئەم غەزەلانە بەرهەمێکی دەگمەن و تایبەتیی شاعیرن. هەندێ ڕەمزی تەقلیدیی وەکو ڕەقیب و قاسیدیان تێدایە. شیعری بێسارانیی تێهەڵکێشی ئەوانەی خۆی کردووە و بەڵام هێز و پێز و گیانێکی هونەریی بەرزی بە بەردا کردوون.

# هەندێ لە خەسیەتە هونەرییە تایبەتییەکانی لیریکای مەولەوی

غەزەلەکانی مەولەوی ستروکتوورەی تایبەتیی خۆیانیان هەیە و جیایە لە هەندێ نموونەی غەزەلی کلاسیکیی کوردی، کە هەر بەیتەی زۆربەیان مانای سەربەخۆی هەیە. لە شیعری مەولەویدا بەیتەکان بەیەکەوە بەستراون و یەك یەکتری تەواو دەکەن. هەموو غەزەلێکی کۆمپازیسیای خۆی: سەرەتا، ناوەند و کۆتایی هەیە.

لە سەرەتای غەزەلەکاندا شاعیر ڕووی لە خوێنەر دەکات و وریای دەکاتەوە و سەرنجی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و سۆز و هەستێکی تێدا دەورووژێنێ. زۆرجار بۆ ئەوەی کاتی شیعرەکە بە شێوەیەکی دیاریکراو دەست پێ بکات دەڵێ:"ئێمشەو، ئیمساڵ... هتد" بەپێچەوانەی گەلێ لە شاعیرانی دیالێکتی گۆرانییەوە، مەولەوی تەعبیری یەکەمی نیوبەیتی یەکەم زۆر دووبارەناکاتەوە[50].

هەندێ جار لە کۆتایی غەزەلەکانیدا، وەکو شیعری تەقلیدی پەنا بۆ ساقی دەبا. مەولەوی کەم لە دوا بەیتی شیعرەکانیدا، نازناوی شیعریی خۆی (مەعدووم) دێنێ، جاروباریش لە شوێنی تری غەزەلەکانیدا دێ.

---

[50] بۆ نموونە ئەم دێڕە شیعرەی بێسارانی دەهێنمەوە:

Payiz amawe, payiz amawe
ʾEwdî new payiz, ce no amawe

(75، ل48).

هونەری تێهەڵکێش و ئاماژەی شیعری شاعیرانی تر، هەروەها ئایەت و حەدیسی بە دەستووری شیعری کلاسیکی بەکارهێناوە.

شاعیر بە شێوەیەکی بنەڕەتی کێشی دەپەنجەیی، کە کێشێکی تایبەتە بە گۆرانیی فۆلکلۆریی کوردی، بەکارهێناوە. خەسیەتییەکی هونەریی زۆر بەرزی شیعری مەولەوی ئەو هارمۆنیایەیە، کە لە مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانەوە، لە یاری بە پیت و وشەکردنەوە درووست دەبێ.

مەولەوی بۆ هەر بابەت ومۆتیڤە ئاوازی شیعریی تایبەتیی هەیە، لەم تاکە وەزنەشدا، ئەو گەلێ وەستاکاری نوواندووە و ڕەنگاوڕەنگی کردوون:

1ـ کێشی دەپەنجەیی، کە ئیستێك لە ناوەڕاستیدا هەیە، 5 + 5:

Hamderdan êşê, hamderdan êşê
Pêmewen êşê, çi terze êşê (د.، ل482)

2ـ جارجار هەر پێنج پەنجەیە و واتایەکی سەربەخۆی هەیە:

Leyl asa nazê, şîrîn cemaĺê
Mecûn niyazê, Farhad ehwaĺê (د.، ل482)

3ـ ئەمەش جۆرێکی دوو ئیستیی بەم شێوەیە:

5+2+3 5+2+3
Xan u man xamoş, bê to, ŕoĺê ŕo
Etfalan medhoş, be to, ŕoĺê ŕo (د.، ل100)

4ـ ئەوەی پێشوو بە شێوەیەکی تر:

5+3+2 5+3+2

Gûzergey cîlwey, Leyl bêhed bew terz
Zayeĺey Macnûn, je êd red bew terz (د.، ل208)

5ـ زۆر جاریش دوو ئیستییەکی لەم جۆرەی هەیە:

5+4+1 5+4+1

Pey êqîdew dîn, musûĺmanît, dad!
Pey şêwey şîrîn, newcewanît, dad! (د.، ل101)

6ـ جاروبار هەر ئەم کێشە، سێ ئیستی بەم شێوەیە تێدا درووست کردووە:

3+2+2+3 3+2+2+3

Weheren sawzen awen serkawen
Hajey wefrawen, şaxey şetawen (د.، ل472)

7ـ یان ئەم چەشنە:

2+3+2+3 2+3+2+3

Bezmen, şadîyen, êysen, nîşaten
Keyfen, şoxîyen, şewqen, heyaten (د.، ل473)

8ـ ئەمەش شێوەیەکی ترە:

2+3+3+2 2+3+3+2

Sengen, kosaren, serkowen, herden

(د.، ل473) Xemen, meyneten, zuxawen, derden

مەولەوی قافیەی شیعرەکانیشی جۆراوجۆر کردووە:

1ـ سەرجەم قافیەکانی ئاوان: a-a, b-b, c-c

Saqî, mey hey dad! Muxenî çengê!
Neyçî, hey fryad, mutrîb ahengê!
Germî mey, newa w kizey def u ney
Têkei bo çenî zayelew wey wey
Waçdê çi wadey nişîngey tengen
Yaran çemeŕa bira dirangen (د.، ل95)

2ـ هەندێ جار بەیتەکانی تەنیشت یەك لە غەزەلێکدا بە قافیەی aaaa نووسراون:

Cay naxûn we xûn ew gonay bêgerd
Îşaret we mang meynetî diĺ kerd
Şîrînî qamet qîyamet ne werd
Seĺay ferzî berg azîyatî awerd (د.، ل110 – 111)

3ـ هەندێ جار ئەم پارچانە تا هەشت دێر یەك قافیەیان دەبێتaaaaaaaa:

Semaĺ daranen, Semaĺ daranen,
Zerdî rêng ne rûy weĺgî daranen,
Temen gerdelûl, baden, baranen,
Bêzîyay wargey ser kosaranen,
Heway sîyamal wêney caranen,
Pey semtî Zehaw zerdew yaranen,
Hew hew u bew bew teĺmît baranen,
Germî bezmî nezim ser hewaranen, (د.، ل307)

4ـ هەندێ جار قافیەی a-b-a-b ی هەیە:

Feryad ce şorey erzî çarey min
Her sewzey mürad min nadîyaren
Dad ce heway şüm bed sitarey min
Her newguĺaĺey min ne pêwaren (د.، ل69)

5ـ مەولەوی لە سەرەتا و ناوەندی دێڕەکانیشدا قافیەی درووست کردووە:

Bezmen, şadîyen, êyşen, nîşaten
Keyfen, şoxîyen, şewqen, heyaten (د.، ل 473)

6ـ مەولەوی ردیفی سادە و ئاڵۆزیشی هەیە:

Perdey sebûrîm diŕya, ŕoĺe ŕo!
Rîşey cergekem biŕya, ŕoĺe ŕo! (د.، ل100)

یان ردیفی درێژ:

Teĺmît sîyapoş bê to ŕoĺe ŕo!
Xatûnan medhoş bê to ŕoĺe ŕo! (د.، ل101)

لیریکای مەولەوی پڕە لە وێنەی بەرچاوی پلاستیکی کە لە ناسکترین و وردترین دیمەنەکانی ژیانەوە داهێنراون و بە شێوەیەکی ئۆرگانی لەگەڵ هەست و ئەندێشەی مرۆڤدا تێکەڵ بوون. ئەمەش خەسیەتییەکی زیاتر تایبەتیی نامە شیعرییەکانی مەولەوین. هەندێ وێنەی هەست پێکراو و مەعنەویی تێکەڵ:"مـن وە دار کۆڵەك خەمان مزانی" (د.، ل125)، "دەرگای مەینەتان جای نەدامەتەن" (د.، ل239)

*"نیشتەی گۆشەی تار نمازخانەی دەرد*

*ڕوو نە پای میحراو هەناسان سەرد"* (د.، ل154)

*"چون دوو نە ڕووی دڵ پەریٚ خاوێران*

*تەم جەم بی نە ڕووی ئاوان تاوێران"* (د.، ل488)

*"ئەر هەڵای ڕەمەق مەندەن وە تەنش*

*بیٚ مەیلیت لیباس کەردەن بەدەنش"* (د.، ل276)

*"چەمان هەم قامەت کەیفم خەمبارەن*

*زەردی نە ڕووی دڵ زەوقم دیارەن"* (د.، ل184)

*"گۆشەی ئاتەشخان دڵەی پڕ جە ئێش*

*پزیسکەی داخان ئایر وەردا تێش"* (د.، ل365)

*"جوراب چون من زامان نەسرەفتە*

*وەسەرپەنجەی پای ئیستیغنا کەفتە"* (د.، ل157)

لەمەوبەر لە سیستێمی وێنەکانی وەسپی سرووشت دواین، بەڵام وەك وترا سرووشتی کوردەواری لە هەموو بابەت و ژانرەکانی غەزەلی مەولەویدا ڕەنگی داوەتەوە. زۆرجار وەسپی سرووشت دەبێتە ڕێگاخۆشکەری غەزەلەکانی، یان چوارچێوە و سکێچیان بۆ دەنەخشێنیٚ.

ئەندێشە و باری دەروونیی مرۆڤ و دەربڕینی بە هۆی دیاردەکانی سرووشتەوە، شێوازی هونەریی باوی شیعرەکانی مەولەوین و چڕیان دەکاتەوەو تابلۆی ئەلیگۆریمان بۆ درووست دەکات:

*"شنۆی ڕەشەبای زووسان هیجران*

*سەرچڵەی عەیشم کەردەن وە بوریان"* (د.، ل129)

*"باریٚ ئەگەر هەور ئەلتاف باری*

*پەی مەدەد کاری وە دڵدا باری"* (د.، ل123)

*"کڵێڵەی خەفەت نەسەر کاوەی دڵ*

*مەزرەعەی شادیم کەردەن بێ حاسڵ"* (د.، ل130)

"کای دڵم نە گێج مەوج فەنادا" (د.، ل26)، "بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن" (د.، ل 43) "گا نیش دووری مدۆم ژار مار" (د.، ل390)، "سپیی شکۆفەی پیریم دیاریدا"، "باقەی زویری و زاری و دڵگیریم" (د.، ل458)، "لەرزەی سەد تەرزەی سەوزەی دیاران خەندەی شکۆفەی نەمامان داران" "شنیای هەڵاڵان وە کۆهـ نووردا" (د.، ل 492)، "وەر نە من لافاو تاوانان بەردەم" (د.، ل24). چەم، شەتاو، وەفراو، نەمام، گوڵ، دەریاچە... هتد. ئەرکی هونەریی جیاجیا دەگرنە ئەستۆ و بەهۆی ئەمانەوە شاعیر وێنەی بەراوردکارانە درووست دەکات:

*"خەم نە سەرجۆی هوون سارای دڵ جەم جەم*

*بارچنی چون فەوج قافڵەکەی عەجەم"* (د.، ل43).

*"گەرمیم تاف ساف وە سەر ئەندەردا*

*بەستەن وە ڕووی تاش نیمە کەمەردا"* (د.، ل 453)،

"جۆی چەمەی شەوقم هەم یەخ کەردەوە مەزرەعەی هەستیم شەڵتەبەردەوە" (د.، ل437)، "تازە بسانۆ و زوو جە جۆی مەیل" (د.، ل302). "قەڵای ویرم سەیل هووناو بەردەبێ بورج ئاگاییم وێران کەردەبێ" (د...، ل152)، "غەواس دانەی دەریاچەی موشکوڵ" (د.، ل237)، "لوخت سای کۆڵەی سارای دەرد لەیل" (د.، ل 376)، "دڵ نە گەردەلوول بێ پەرداخییەن" (د.، ل39)، شاعیر تەنانەت ئەو وێنە

وەستاوانەی دەخاتە گەڕو جموجووڵ، بە تایبەتیش بە هۆی با، چەم، لافاو، مەل، کە بزێوو نەسرەوتوون:"جەستەم کەرد وە بووڵ، شەماڵ بەرد پەی کۆ" (د.، ل25)،

*"باڵ نمەدۆ تەیر تەحریر وە هەمدا*
*گا وە ڕووی ڕۆمدا، گاوە عەجەمدا"* (د.، ل122).

ڕەمز و زاراوی سۆفییەکان لە وێنەکانی مەولەویدا، گیانێکی مەولەوییانەیان بە بەردا دەکرێ و بە شێوەیەکی گەشەسەندوو هۆنراوەکانی قووڵ و بەرفراوان دەکەن. ئەو ئیستیعارانەی بە هۆی مەیەوە دروستی کردوون جۆراوجۆرن، بۆ نموونە:

*"چۆن نە دڵ شنۆی مەزەی مەی داران*
*بدیە چۆن وە تۆی لۆنگێ مەویاران*
*زوانەکەی سۆز، دەسەکەی ناڵە*
*بکیانۆ، ڕێزۆ، ڕەحمەت پیاڵە"* (د.، ل279)
*"یاران وێنەی ساف مەی، وە کامەوە*
*ویەردەن، چون دورد هەر من مامەوە"* (د.، ل302)

لە لیریکای مەولەویدا هەندێ غەزەل هەن، کە لەسەر تەوەرەی وێنەی بەرجەستە و بەرچاو دامەزراون، کە هونەرمەند لە سەرنجدان و نیگاکردنی دیمەنەکانی سرووشتەوە قۆزتوونییەتەوە و وێنەی لێ دروستکردوون:

*بەناباشیی بورج بەرزە دیاران*
*سفیدکاری کەرد تاقچەی موغاران* (د.، ل278)،
*چ شیرین زەرگەر تۆف هەوای سەرد*
*گۆشوارە نە گۆش نەونەمامان کەرد*
*پەی نیگای باڵای مەحبووب بێگەرد*

*یەخ ئاینەگرت، تەم چارشێو ئاوەرد* (د.، ل278)

*قافڵە کۆچ کەردەن، بەرزەن دەنگ زەنگ*

*وڕان حوجرەی خان و جوود سەنگ بە سەنگ* (د.، 292)،

ئەم هەوڵدان و کۆشش و گەڕانەی شاعیر بۆ دروستکردنی ئیستیعارە و لێکچوواندنی تازەو نائاسایی سیستێمە و ڕێچکەیەکی تایبەتییان پێکهێناوە:

*ئێستە ها فەلەك کەڵەك بەستەوە*

*تۆرداو دووریش ها وە دەستەوە* (د.، ل170)

*چون ئارەزووی وەسڵ نە تۆی مەحرورمی*

*تەندە بێت وە تان فەرد مەعدوومی* (د.، ل 102)

*تەن چون تای نەیەن نە تۆی جامەدا"* (د.، ل360)

یەکێك لە خەسیەتەکانی تری سیستێمی وێنەی لیریکای مەولەوی، ئەو جۆرانەیە، کە کار لە هەست و هۆشی خوێنەر دەکەن، بۆ نموونە:

"دینت تۆشەی چەم، مەیلت تۆشەی دڵ،

ڕازت تۆشەی گۆش، مەنزڵ وە مەنزڵ" (د.، ل6)،"نەیچی! مـن پەنجەی پـای ناڵـەم سفتەن" (د.، ل24)

*"هەوای زمستان خەمان بە تاڵەن*

*وەرو هەرد دەرد دەروون خاڵ خاڵەن،*

*هاژەی تاف ساف شەتاوگەی شادی*

*سوب مەیۆ نە گۆش هۆش ئازادی،*

*بۆی شنۆی شنیای تای چنوور شەوق*

*مدۆ نە دەماخ پڕ پەرداخ زەوق،*

*کەیفمدا وەش وەش دەستەوستەی گوڵ*

*نە گۆشەی کڵاو، نە پای دەشت دڵ"* (د.، ل513 – 514).

یەکێك لە سەرچاوەکانی تری وێنەی شیعریی مەولەوی ئەفسانەی ڕۆژهەڵات، ڕەمز و مۆتیڤی فۆلکلۆری کوردییە:

*تۆ وێنەی بولبوڵ مەست هەوای گوڵ*

*من چون بایەقوش چۆڵ نەوای دڵ* (د.، ل119)،

هەندێ وێنەی تری هەن، کە لە ژیانی ڕۆژانەوە هەڵقولاون:

*هەنارەکەی دڵ پڕ جە دانەی ئێش*

*پیشییای کوورەی نار عەشق وێش*

*بە مەوادی موژگان سۆراخش کەرۆ*

*وە گەرمیی نیشان دەماخیش دەرۆ*[51] (د.، ل322)

یان: *پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن*

*دووریت ڕیشەی دڵ خەیمەکەن کەردەن* (د.، ل108)

*مەینەت چون تەوجار وە مەتای سەد تەرز* (د.، ل149)

*وەستش نە گێجاو تەنوورەکەی دەرد* (د.، ل241)

جاروبار لە هەندێ دیمەن کەرەسە و تفاقی لێك نزیکی دەوروپشت و ژیان "سوژێتی ئەلیگۆریمان" بۆ درووست دەکات و ئەمەش یەکێك لە خەسیەتە باوەکانی لیریکای مەولەوییە:

*کۆچ کەردەن خاسان، چیهرەی ئێلاخان*

*داوۆ وە هەمدا دیسان نە داخان*

---

[51] گوایە بە هەناری پێشاو هەڵامەتیان چارەسەرکردووە.

*ڕۆی حەشر دووریی گەردن بێگەردان*

*بێ وادە پیر کەرد کاوان سەر هەردان*

*هەور نەو زارزار کاڵاو ئەو کاڵاو*

*مەگێڵۆ ئەسرین مەڕێژۆ وە تاو*

*ماچی ئەویش دەرد هیجرانیش وەردەن*

*یا چون من باڵای ئازیز گوم کەردەن* (د.، ل161 – 162)

*پەری تۆ خاسەن هەر شام تا سەحەر*

*هەر ژمارەی وەسڵ باڵای دڵبەرکەر*

*نەك چون من وزوو وە هووناو ئەستە*

*خەم سیواك، نمای مەینەتان بەستە*

*نیشتەی گۆشەی تار نمازخانەی دەرد*

*ڕوو نە پای میحراو هەناسان سەرد*

*وەی وزوو و نما و وەی سیواکەوە*

*جەی گۆشەی میحراو مزگیی پاکەوە*

*دانەی مەرجانیی هەرس مەهجووری*

*هۆنیای تای کرژ ڕشتەکەی دووری*

*پەی ژمارەی زیکر کزەی ئێش و نێش*

*کافییەن دیدەم تەزبیحم پەی چێش* *(د.، ل154 – 155)*

*هامڕاز ئاخ و داخ، ناڵەی نەوای نەی*

*دڵ کەباب، چەم جام، خەم ساقی، هوون مەی*

*تۆ ئالوودەی بەزم جەرگەی هام فەردان*

*کەیف مەی، سوحبەت گرۆی هام دەردان*

*ئەو سەبوون سفتەی پڕ داخ بێ پەرداخ*

*تۆ بۆ شنۆی بای ئیلاخ نە دەماخ*

*ئەو تەشنەی رای چۆڵ سای گەردەن پڕ گەرد*

*تۆ سیراو نە پای وەفراوان سەرد* (د.، ل140 – 141)

*هام فەرد ناڵەی دڵ، سەیرانگە ستەم*

*هام دەرد دووی دەروون، خەم بەرکەر کۆی خەم*

*تۆ خاسەن نەوتووڵ سەرو سەراوان*

*خەم مدەی وە باد شنۆی سەرکاوان*

*گا چون بۆی نەسیم وە ڕووی شەتاودا*

*گا چون گوڵ نە پای چوڕەی وەفراودا* (د.، ل146)

لە لیریکای مەولەویدا زاراوە و وشەی جۆراوجۆر هەن: هی تەقلیدی، ژیانی، فەلسەفی و سۆفی، هەروەها گەلێك وشەی عەرەبی.

لە نامە شیعرییەکان و غەزەلە شەخسییەکان و ئەوانەی بۆ بۆنە و موناسەبەت وتوونی، زیاتر زاراوەی تەقلیدیی بەکارهێناوە: چاوی مەس، زولف، برژانگ، سنەوبەر، دڵ، بەژن، جوانی، یار، دووری، قاسید، ڕەقیب، هەناسە، فرمێسك، ئازار، زام، غیرەت، بێ ئارامی، سکاڵا، دوژمنایەتی، گوناه، ئارەزوو، ئومێد، زەردەخەنە، ژوان... هتد.

شاعیر بە شێوەیەکی فراوان وشە و زاراوی لە دەوروپشت و ژیانی کوردەواری بەکارهێناوە و بناغەی فەرهەنگیی شیعری کوردیی پێ دەوڵەمەندکردووە، بۆ نموونە:

شەتاو، شەپۆل، وەفراو، چەم، كانی، گەرداو، دەشت، هەرد، كاوان، كێو، دۆڵ، نشێو، گیا، پووش، نەمام، درەخت، چڵ، نەرگس، گوڵاڵە، وەنەوشە... هتد ئـاگر، بڵێـسە، چـەخماخە، بڵاچە، باران ، تەم، هەور، بەفر، زوقم، سەهۆڵ، پەلكەڕەنگینـە، ڕەشـەبا، سـەدا، تیـشك، ڕۆشنایی، خۆر، ئەستێرە، مانگ... هتد.

هەندێ وشەی تری وەكو: كۆشك، جادە، مزگەوت، منارە، میحراب، خەیمـە، سـیامالْ، كەژاوە یان نامە، فەرد، قافیە، كیتاب، دەفتەر، زانست، مـەعاریف... هتـد. یـاخود هـی فەلسەفەی و سۆفیی وەكو: بیر، لوتف باری، ئەبـەد، خـەوف، رجـا، حـاڵات، سـەرحەڵقەی زیكر، باوەڕ، ئایین، گومان، بینایی، سەفا، ساقی، مەی... هتد.

جگە لە مانەش گەلێ زاراوەی عـەرەبیی وەكو: فیكری بكـر، ماسـواك، قـدیم، نـور... هتدو گەلێكی تری بەكارهێناوە.

لە ژیانی دیهات و كۆچەرانیش گـەلێ وشـەی هەڵبـژاردووە و گیـانی شـیعریی بەبـەردا كردوون.

بە كورتی ئەمە هەندێك لە بابەت و ناوەرۆك و خەسیەتە ئیستێتیكی و هونەرییـەكانی شیعری مەولەوی بوون، كە گەواهیی دەنگی تایبەتی و ئەو دنیا هونەرییەن، كە لە شیعری كوردیدا خوڵقاندوویەتی. ئاشكرایە مەولەوی زاناو ڕووناكبیرێكی گەورەی سـەردەمی خـۆی بووە و ئاگاداری بـاری كولتـووری و زانـستی ئـەو سـەردەمەی نـەك وڵاتـی خـۆی، بـەڵكو سەرجەم كولتوری ئیسلامیی ڕۆژهەڵات بووە. گەلێ ڕێچكە و جۆگەلەی هونەری و ئەدەبی ڕژاونەتە ڕووباری شیعرییەوە و كردوونی بە یاریـدەری داهێنـانی ئـەم بەرهەمـە بـەرزە، بـە ڕاگـوزاری لـە هەنـدێكیان دوام، بـەڵام لـە بەشـی داهـاتوو — چـوارەمدا دەمـەوێ هەنـدێ دەربارەی تەئـسیری شـیعری گـۆرانی و فارسـی و سـۆفی لەسـەر مەولـەوی و كـارتێكردنی بەرهەمی ئەم لە بەرهەمی شاعیرانی دیالێكتی گۆرانی و كرمانجیی خواروو بدوێم.

# بەشی چوارەم

# سەرچاوەکانی شیعری مەولەوی و

# کارتێکردنی لیریکای لە شیعری کوردی

## مەولەوی و شیعری بە دیالێکتی گۆرانی نووسراو

بەرهەمی مەولەوی، کە لووتکەی شیعری گۆرانی و دوا قۆناغیشییەتی، دیاردەیەکی لە خۆوەبوو نییە، چەندین سەدە پێش مەولەوی شیعر بەم دیالێکتە هەبووە و پەرەی سەندووە، بەڵام زیاتر لەسەر دەستی ئەمدا گەییوەتە ئەو ئاستە بەرزە. مەولەوی گۆش و پەروەردەی شیعری گۆرانی بووە، بۆیە توانیویەتی بە وردی و قووڵی لێی تێ بگات و بە بەهرە و توانای داهێنانی تایبەتیی خۆی دنیایەکی بەرین و ڕەنگینی لێ بخولقێنێ.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، پێم وایە، ئەم ڕایەی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، کە دەڵێ:"ئێمە ناتوانین بڵێین مەولەوی دیدەنیی لە مەڵکە جوانڕۆیی و ئەحمەد بەگی کۆماسی کردووە، یاخود گوێچکەی بە شیعری مەلا مستەفای بێسارانی ئاشنابووە، ئیتر لەمەوە سەرەوژوور بۆتەوە بۆ گومەزی بەرزی بارەگای شیعر، چونکە خەیاڵی مەولەوی، پارێزی مەولەوی بۆ وردەکاریی شیعر گەلێ بەرزتر بووە، لەوە کە ئەمانە پێشەنگی خەیاڵی شیعریی مەولەوی بووبێتن" (92، ل282) – لەگەڵ واقیعدا یەك ناکەونەوە. ڕاستە شیعری مەولەوی لە چاو شاعیرانی پێش خۆیدا لە ئاستێکی هونەریی گەلێ بەزترداییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە، کە گوێی ئاشنای بەرهەمی شاعیرانی پێش خۆی نەبووە و ئەم پەرەپێدەرێکی هەڵکەوتووی بەرهەمی ئەوان نەبووە و شیعری ئەوان نەبۆتە سەرچاوەی سرووش و دەوڵەمەندکردنی پاشخانی کولتووریی شاعیر. چونکە ئەو ڕایەی سەجادی هەر لەگەڵ ڕەوتی مێژووی ئەدەبی و کولتووریدا ناگونجێ و ئەگەر هەر بەسەرپێیش سەرنجێکی شیعری مەولەوی بدەین ڕایەکی پێچەوانەمان لا گەڵاڵە دەبێ. من لێرەدا لە مەسەلەی

شیعری گۆرانی و تەئسیری لەسەر مەولەوی و جێ پەنجەی ئەمیش لەسەر شاعیرانی سەردەمی خۆی و دواتریش دەدوێم.

ئەگەر سەیری دیوانەکەی مەولەوی بکەین دەبینین چەندین جار شیعری بێسارانیی تێهەڵکێش کردووە، بۆ نموونە (د.، ل71، 107، 300، 522...هتد)، ناوی ئەحمەد بەگی کۆماسیی هێناوە و شیعری بۆ وتووە، باسی ئەڤینی وەلی دێوانەی کردووە. هەروەها مەحروومی شاعیر، شیعرێکی خۆیی لەگەڵ هۆنراوەیەکی خانای قوبادیدا بۆ بەراورد بۆ ناردووە. نامەی بە شیعر بۆ شاعیران، بولبول ومەلا نیزام ناردووە. ئەم قسانە بەڵگەی ئەوەن، کە مەولەوی بەشێوەیەکی بزۆزو نەسرەوتوو لەگەڵ دەوروبەرە ئەدەبییەکەی سەردەمی خۆیدا جووڵاوەتەوە.

لە خوێندنەوەی دیوانی شاعیرانی گۆراندا، شیعری بێسارانی لای مەولەوی لە هەموویان ئازیز و کاریگەرتر بووە. گەلێ جار شیعری ئەمی تێهەڵکێش کردووە و هەندێ وێنە و زاراوەی لێ وەرگرتووە و بە خامەیەکی مەولەوییانە گیانێکی تری بە بەرداکردوون. هەندێ غەزەلی مەولەوی، کاریگەریی ستروکتورەی شیعرەکانی بێسارانییان پێوە دیارە، بۆ نموونە جاروبار بێسارانی لە سەرەتای غەزەلەکانیدا (ئیمشەو)ی بەکارهێناوە (75، ل17، 19، 21... هتد)، مەولەویش هەمان کاری کردووە: (د. ل19، 21، 37، 39، 44....) یان "ئارۆ – ئیرۆ" لای بێسارانی لەم شیعرانەدا هەن (75، ل31، 33، 34)... مەولەوی "ئیمساڵ"ی بەکارهێناوە، (د.، ل45). مەولەوی لە چاو شاعیرانی ئەم دیالێکتەدا، کەمتر تەعبیری سەرەتای شیعرەکانی دووبارەدەکاتەوە، هەر چەندە لە چەند غەزەلێکیدا هەیە، بۆ نموونە (د.، ل307، 310، 342، 346...).

لێرەدا بەراوردی هەندێ لە شیعری بێسارانی و مەولەوی دەکەم:

بێسارانی:

*ئێستە لێلاوی ئەو نەدینمەن*

*جەو پەی ئاهێ سەرد زاری و شینمەن*

*ئێستە پەی دووریی قیبلەم مەناڵوو*

*گەرد پاو پالاش وەمژە ماڵوو*

*یە خەیلێ وەختەن، لێم نادیارەن*

*نە شەو خاوم هەن، نەڕۆم قەرارەن* (75، ل18)

مەولەوی:

*خادمیی توربەت نازك ئەندامان*

*پەی دیدەو موژگان مەعدوومی ئامان* (د.، ل363)

*نەشەو ڕاحەتم، نە ڕۆ دڵشادم*

*شەو زوڵف و ڕۆ ڕووت مەوزۆ ئەو یادم* (د.، ل235)

*وەش ئامای وە خەیر هەی بەرگوزیدە*

*بۆ نە جای مەردوم جاگر نە دیدە*

*خەیلێن بینایی جە دیدەم ڕەمان*

*بەڵ سوڵحشابۆ بینایی و چەمان* (د. ل475)

هەر دوو شاعیر وێنەی لێلایی داهاتنی دیدە و خاکی بەرپێ مالێنیان بەکارهێناوە. بێسارانی لە تاو دەردی دووری لێلایی دایەت، بەلام مەولەوی دلشادە بەوەی دوای ئەوەی بینایی نەما یار بە تەنیا لە چاویدا دەبێت و ڕەقیبێکی لێ پەیدانابێت. هەروەها لەماخولیا و بێ ئارامیی شەو و ڕۆژ بە دەست ئەڤینەوە دواون.

هەندێ بابەتی تری وەك یەك لای هەر دوو شاعیر هەن، بۆ نموونە جەژنی قوربان.

بێسارانی دەڵێ:

*چراغ قوربانەن....*

*ئینە عیدی نۆ جەژنی قوربانەن*

*زەمزەمەی تەوحید رای حاجیانەن*

*قوربانیی قوربان ئەمرێ سبحانەن*

*دارا و نەدارا مسكێن و دەروێش*

*مەكەرۆ هەركەس قوربانیی پەی وێش*

*تۆچ ئەمن بەرە بە قوربانیی گاه*

*بە قوربانیم كە، چون خەلیلوڵاه*52 (75، ل97)

مەولەوی:

*قوربان! قوربانەن، جەژنەن، شادییەن*

*دەس نە گەردەنەن، ڕۆی ئازادییەن*

*هەی دەس بۆس، دەس بۆس وەش نیگارانەن*

*خەیر، پابۆس، پا بۆس خاتردارانەن*

*كون كوشتی و بار دێی گوڵ جەمینانەن*

*هەی سەر، هەی ئەرواح، دڵ خەمینانەن*

---

52 ئاشكرایە مەبەست لە مەسەلەكەی حەزرەتی ئیسماعیل و ئیبراهیمە.

*هەرکەس گیان وە کەف پای نێگاریوەن*

*هەر یەك قوربانیی وەفادارێوەن*

*پەی قوربان کەردەی نالەنەی ڕەنگ بەی*

*چێش مبۆ ئەر بەی؟ وەی پەی من ئەر نەی*

*ساتویچ من وەرە، وە قوربانی کە*

*من وە قوربانیی رای ڕەببانی کە* (د.، ل348 – 349)

ئەمە هەریەك مۆتیڤە لە هەر دوو شیعرەکەدا، بەلاّم لە ڕووی ناوەڕۆك و چ لە ڕووی شێوازی شیعرییەوە، دێڕەکانی مەولەوی قووڵ و چڕو پڕماناترن، بە ئاواز و سەداترنو لەگەڵ خوێندنەوەیاندا هەراوزناو ژاوەژاوی ڕۆژانی جەژن و قەرەباڵغیمان بەیاددێتەوە، وێنە بە دوای وێنەدا دێ و تابلۆیەکی نەخشاومان لەبەر چاودا قووت دەبێتەوە و هەست بە تەدارەك، شادیی ڕۆژی جەژن دەکەین. لە دواییشدا بە چەند وێنە و ئیستیعارەی تایبەتیی وەکو:"پا شکستەی بەرد هەرد دەرد، چەم کۆر مەینەت..." غەزەلەکەی کۆتایی دێنێت لە پێشدا خۆی ئامادەکردووە، قوربانیی ڕێی ئەشقی یار، بەلاّم دوایی دەکەوێتە سەرزەنشتی خۆی و تەوازعێکی زۆر دەنوێنێ و دەلێ:

*مەعدوومیی بەدبەخت ناتەمامەنی*

*ڕاسەن بێ دەوڵەت خەیاڵ خامەنی*

....

*قوربانی مشێو جە عەیب بەری بۆ*

*فیدایی پەسند ڕای دڵبەری بۆ*

*تۆ پا شکستەی بەرد هەرد دەرد*

*چەم کۆر مەینەت، تەن زایف، ڕەنگ زەرد*

*خەیاڵیت کەردەن، جە ڕووی نادانی*

*چ لایق وە تۆن ڕوتبەی قوربانی* (د.، ل 350)

یەكێك لەو بابەتانەی لای هەر دوو شاعیر هەیە، وەسپی سرووشتە، بە تایبەتی وەسپی پایز، بێسارانی دەڵێ:

*پایز نمانا....*

*نیشانەش بە باد ستەم نمانا*

*خەتێ غەزەبناك خەزانان وانا*

*پەل پەل و زارزار ڕووی خاك شانا*

*چن سەرتاپا سەوز وێنەی سەییدان*

*چن بەرگ هوونین وێنەی شەهیدان*

*چن بیمارەكەی بەرگ وە هوونەوە*

*مدرابێ چون كۆی بێستوونەوە* (75، ل49)

لێرەدا بێسارانی گیانی مرۆڤی بە بەر سرووشتدا كردووە، درەخت و گیاو گوڵی سەوز بە سەیید و وەختی خەزان و گەڵاڕێزانی سوورباو بە شەهیدانی سەركەشی كێوی "بێستوون" ئاسا دەچوێنێ. هەروەها هەست بە هیمایەكی مەسەلەی شەهیدبوونی حسەینیشی لە دوو دێڕدا جێگە كردۆتەوە، ئەم بەراورد و ئیستیعارە دینامیكییانە دانسقەییەك بە شیعرەكە دەدەن. مەولەوی لە وەسپی پایزدا دەڵێ:

*چون وەڵگ شادیی من وای دووریی لەیل*

*وەیشووم بەرد ئەو هەرد نەورێشتەی سوەیل*

*گێج سەرکاوان جە سەردی بێن کەیل*

*بۆ مەدان چون بۆی بێ وەفایی لەیل*

*بێ دەس بێ چنار زیز خاتر ڕیش*

*بەڵ خاکیش کەرۆ وە سەردا پەی وێش*

----

*کۆچ کەردەن خاسان، چیهرەی ئێلاخان*

*داوو وە هەمدا دیسان نە داخان*

*ڕۆی حەشر دووریی گەردەن بێگەردان*

*بێ وادە پیر کەرد، کاوان سەر هەردان*

*هەور نەو زار زار، کڵاو ئەو کڵاۆ*

*مەگێڵۆ ئەسرین مەڕێزۆ وە تاو*

*ماچی ئەویش دەرد هیجرانش وەردەن*

*یا چون من باڵای ئازیز گوم کەردەن* (د.، ل160 – 162)

غەزەلەکەی مەولەوی سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دوو مەودای هەیە و سرووشت، ژیان و میتافیزیکا بە شێوەیەکی ئۆرگانیی تێیدا تێکەڵاوبوون، لە ڕووی شێوازی هونەرییشەوە تابلۆیەکی تەواو کامڵە و بەراورد و ئیستیعارەکانی مەولەوی بەشێوەیەکی هارمۆنی و گونجاو، لە ستروکتوورەیەکی داڕژاو و چەسپاودا سەرجەم غەزەلەکەیان پێکهێناوە. مەولەویش دەستێکی باڵای هەیە، لە گیان بەبەر سرووشت کردندا، دیمەنەکانی سرووشت دەهێنێتە سەر ڕای هاوبەشیی مرۆڤ کردن، بای دووریی لەیل و خەزان، ساردیی شێوەکان وەی لەیل، چنار خۆڵ بەسەرخۆیدا دەکا... هتد بە کورتییەکەی پایزی کوردەوارییی بە شیرینی و هونەرمەندانە نیشانداوین.

هەردوو شاعیر کێوی "دەمانەوەند" یان وەك سیمبۆلی دلدارێکی کۆڵنەدەر و بە ئارام و سەر بە تەم و خەم بەکارهێناوە، بێسارانی دەڵێ:

*ئارۆ خەمانم چون "دەماوەند" بێ*

*دیدەی قیبلەم دیم، بەندێ شەو بەندینم بێ*[53] (75، ل31)

مەولەوی دەڵێ:

*من و "دەماوەند"، شەرتمان كەردەن*

*ئاد تەم و من خەم تا وە رۆی مەردەن* (75، ل31)

جگەلەمانەش، لای هەردوو شاعیر، مۆتیڤی هانا بۆ شەماڵ بردن، یان دووریی لە یارەوە و گەلێ بابەتی تر هەن. بەڵام ئەوی ڕاستی بێ لای مەولەوی گەیشتوونەتە ئاستێكی هونەریی زۆر بەرزتر و لە زۆربەیاندا تەدارەك و گیانی جوانیی هونەری نەمری تێدا داگیرساندوون.

ئەگەر چاوێكیش بە بەرهەمی بولبول و مەلا نیزام و فەخرولعولەماو مەلای جەباری و شاعیرانی تری دیالێكتی گۆرانیدا بخشێنین هەرچەندە زۆر كەمیشیان لێ بڵاوبۆتەوە، بەڵام بە ئاشكرا، لە ڕووی وێنەو هەندێ لایەنی هونەری و وشەو زاراوەوە جێ پەنجەی مەولەوییان پێوە دیارە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، كە بەرهەمی مەولەوی لە سەردەمی ژیانی خۆشیدا كاریگەربووە و پایەی شایانی وەرگرتووە. بێگومان لێكۆڵینەوە لەم باسەش دەرفەت و شوێنی خۆی هەیە و لە چوارچێوەی ئەم كارەدا ئەو مەودایەی نییە.

---

[53] ڕاستییەكەی وەزنی نیو دێڕی دووەم لەنگ بووە؟! ڕەنگە (ینم)ەكە زیادبێ!

# مەولەوی و شیعری کلاسیکیی فارسی

ئاشکرایە شیعری کلاسیکیی فارسی لە خوێندنگا و مەڵبەندە کولتوورییەکانی کوردەواریدا یەکێك بووە، لەو سەرچاوانەی، کە بایەخێکی زۆری پێ دراوە و خوێندراوە. زۆرجار شاعیرانی کورد ئەو کێشە عەرووزییانەیان بەکارهێناوە، کە فارسەکان لە شیعری عەرەبییان خواستووە. تەئسیری شیعری فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی لە هی عەرەبی و تورکی زیاتر بووە.

تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی بەراوردکارانەی شیعری فارسی و کوردی نەکراوە، بەڵام هەندێ هەوڵی بچووك دراوە. عەلائەدین سەجادی لە کتێبی "مێژووی ئەدەبی کوردی"دا، چەند لاپەڕەیەکی بۆ ئەم باسە تەرخان کردووە. (92، ل640 – 650)، هەروەها د. ئەمین موتابچی لە وتاری "شاعیرانی کورد و ئەدەبی فارسیدا"، باسێکی لە کاریگەریی شیعری فارسی لە بەرهەمەکانی مەلای جزیری کردووە (110، ل5 – 30).

بێگومان یەکێك لە سەرچاوەکانی شیعری مەولەویش، کلاسیکی فارسییە. لێرەدا هەوڵێکی سەرەتایی و ساکار دەدەم، کە بەراوردی هەندێ لە شیعرەکانی حافزی شیرازی (1325 – 1389) و مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی (1207 – 1273) لەگەڵ شیعرەکانی مەولەویدا بکەم و جێ پەنجەی بەرهەمی ئەم دوو شاعیرە و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی مەولەوی لەگەڵیاندا نیشان بدەم.

مەولەوی ناوی حافزی چەند جارێك لە دیوانەکەیدا هێناوە و دیوانەکەی حافزی گرتۆتەوە، بۆ ئەوەی ئەم شیعرەی بۆ بێتەوە:

*مژده أی دل که مسیحا نفسی می اید*

*که از انفاس خوشش بوی کسی می اید* (د.، ل263)

هەروەها ئاوا گفتوگۆ لەگەڵ حافزدا دەکات:

*را "جەعفەر ئاباد"[54] سارای گەرم مەیل*

*مەنزڵ شیراز شار سەودای عەشق لەیل*

----

*خواجەی سەرحەڵقەی بەزمەکەی ئەلەست*[55]

*دەماخ وە نەشئەی بادەی فەنا مەست* (د.، ل260)

لە یەکێك لە لاواندنەوەکانیدا مەولەوی ئاوا ڕوو دەکاتە کۆچکردووەکە:

*عارفان چ خاس پەی وە هەق بەردەن*

*وەسیەت (**حافظ**) وە جا ئاوەردەن*

*دەفنت نە پەهلووی مەیخانە کەردەن*

*وەسەر خاکتدا سەبووی مەی مەڕدەن* (د.، ل53)

سێبەری گەلێ مۆتیف و وێنەی شیعری حافز لە دیوانەکەی مەولەویدا هەن، بەڵام بە شێوەیەکی میکانیکی دووبارەی نەکردوونەتەوە و شیعرەکانی مەولەوی تایبەتییەتی خۆیانیان لە دەست نەداوە. زمانی شیعرەکانی مەولەوی لە ڕووی بەکارهێنانی وشە و زاراوی عەرەبییەوە پاکترن. هەر دوو شاعیر لە کاتی بێ ئارامی و سزاو خەمدا پەنایان بۆ ساقی و مەی بردووە و شەرابی سۆفییانەیان بە تەنیا چارەسەر زانیوە. هەر شاعیرە و ئامێری هونەریی خۆیی هەیە، مەولەوی وەك حافز لە سەرەتای غەزەلەکانیدا پەنای بۆ

[54] گەڕەکێك بووە لە شیراز.

[55] ئاماژەیە بۆ ئەو ئایەتەی قورئان:"ألست بربكم؟".

ساقی نەبردووە. لێرەدا هەندێ لەو بەیتانەی هەردوو شاعیر دێنمەوە، کە نزیکن لە یەکەوە و لێکچوونیان تێدا بەدی دەکرێت.

حافز:

*ساقی بنور باد برا فروز جام ما*

*مطرب بگو که کار جهان شد بکام ما* (131، ل85)

می بیاور که ننازد بگل باغ جهان هر که غارتگری باد خزانی است

(131، ل330)

*ساقیا جام میم ده، که نگار نده‌ء غیب*

*کسی ندانست که‌در گردش پرکارچه کرد* (131، ل857)

مەولەوی دەڵێ:

*ساقی، ئینە بەزم وەسڵ یارانەن*

*چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەردە جارانەن*

*دەورێ دەر وە بەزم وە پیاڵەوە*

*ژەنگ دڵ وە زاخ مەی بماڵەوە*

*جامێمان جە دەس تۆ هەم سەندەبۆ*

*فرسەتەن، نسیو نەك نماندە بۆ* (د.، ل47 – 48)

یان

*جەی گۆشە خاستەر نییەن مەسکەنێ*

*ساقی گیان! ئامان خومار ئەشکەنێ*

----

*سەوزەی خاك پاك یاران هام فەرد*

*فرەمان وە فەرش بەزم وێمان کەرد*

*کەو سەوزەی ئیمەیچ نە کام هەردی بۆ؟*

*وە فەرش مەجلیس کام هام فەردێ بۆ؟* (د.، ل432)

نزیکیی مۆتیڤەکان دیارن، بەڵام هەر شاعیرە و بە شێوەی تایبەتیی خۆی دەریبڕیون. لە بەیتی یەکەمدا حافز دەیەوێ مەی دڵی ڕۆشن بکاتەوە و ژیان بۆی پێبکەنێ. مەولەویش دەیەوێ چێژ لە ساتی خۆشیی هەڵدانی پیاڵەی مەیەکە وەربگرێت، چونکە ڕەنگە جارێکی تر ئاوا بەخت میوانی نەبێ. هەر دوو شاعیریش دەیانەوێ نەکەونە داوی ڕۆژگارەوە.

حافز و مەولەوی قەڵەمیان لە شیعردا وەك ڕەمزی بەهرەی شیعری بەکارهێناوە. حافز شانازی بە قەڵەمەکەیەوە دەکات، کە بەهرە و کارامەیی لێ دەتکێ، مەولەویش گیانی مرۆڤ بەبەر خامەکەیدا دەکات.

حافز دەڵێ:

*اب حیاتش ز منقار بلاغت میچکد*

*زاغ کلك من بنامیز چ عال مشرب است* (131، ل 236)

مەولەوی دەڵێ:

*خامەی سەراویز نە چای سیایی*

*مەرێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی* (د. ل192)

یان

*خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە*

*زارزار مەنالۆ وە دەم دەردەوە* (د.، ل193)

نزیکی و لەیەکچوون لەگەڵیَ وێنەی شیعریی تری حافز ومەولەویدا هەن، بۆ نموونە، وێنەی کەشتی و دەریا. حافز خۆی بە کەشتیی ناو دەریا دەچوێنێ، هەر وێنەی کەشتیی مەییشی لا هەیە. مەولەویش لە وێنەیەکی وادا مادی و مەعنەویی تێکەڵکردووە. هەردووك چاوەڕوانی هەڵکردنی بای وادە و ئومێدن، بەڵام هەر شاعیرەو بە شێوازی خۆی ئەم وێنەیەی کێشاوە. حافز دەڵێ:

*کشتی نشستگانیم ای باد شرطه برخیز!*

*باشد که باز ببینم ان روی اشنارا* (131، ل33 – 34)

مەولەوی دەڵێ:

*بنیش نە گێجاو دەریای بیَ پەیدا*

*نە گۆشەی حوجرەی سەفینەی مەیدا*

*ڕووت ڕووت ئەو جیلوەی ستارەکەر راس*

*با خودا وە ئیخلاس، ناخودا مەناس*

*تا باد مراد نە پێوارەوە*

*کەی بدۆت ئاخر ئەو کەنارەوە* (د.، ل364 – 365)

هەردوو شاعیر ئاوڕیان لە ژیانی دەورانشینی داوەتەوە و وێنەیان لیَ دروست کردووە.

حافز دەڵێ:

*مگر بتیغ اجل خیمه برکنم ورنی*

*رمیدن از در دولت نەرسم و راه من است* (131، ل357)

مەولەوی دەڵێ:

*پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن*

*دووریت ریشەی دڵ خەیمەکەن کەردەن* (د.، ل108)

مەولەویش ڕێچکەی حافزی لە باسی پیریدا هەڵگرتووە، حافز بە شەرابی ماچ دەیـەوێ گەنج ببێتەوە، بەڵام مەولەوی داوای شەرابی یەزدانی دەکات.

حافز دەڵێ:

*گفتم از لعل نوش لبان پیررا چه سود*

*گفت ببوسه‌ء شکرینش جوان کنند* (131، ل 1156)

مەولەوی دەڵێ:

*مەستی وە پیران جوانی مدۆ*

*هێز دووبارەی زرانی مدۆ* (د.، ل459)

دوو وێنەی زۆر لە یەکچووی تری هەر دوو شاعیر پیشان دەدەین. هـەر دوو لا چـاو بـە شایانترین و پیرۆزترین جیگای یار دەزانن. پێم وایە، مەولەوی گەلێ شیرینتر و قـووڵتر ئـەم وێنەیـەی نەخـشاندووە "چـاو – مـاڵ"ەکـەی حـافزی بەرزکردۆتـەوە تـا ئاسـتی "چـاو – نیشتمان"و دووریی لێوە. حافز:

*رواق منظر چشم من اشیانه تو است*

*کرم نما و فرود ا که خانه خانه‌ء تو است* (131 – 251)

مەولەوی:

*مەوتەنەکەی چەم دیدەش ها نە ڕێت*

*غەریبیی تا کەی بۆ وە ماوای وێت!* (د.، ل27)

هەندێ لەو وێنانەی مەولەوی بەکاریهێناون تەقلیـدین و تایبـەتن بـە سـەرجەم شـیعری ڕۆژهەڵات، شاعیر جاروبار هەر لە قاڵبـە تەقلیدییەکـەدا دووبـارەی کردوونەتـەوە، هەنـدێ جاریش قوڵپێکی تازەی داوە بە خوێنیان و جۆشێکی بەبەردا کـردوون، بـۆ نموونـە، وێنـەی

سولڵتان مەحموودی غەزنەوی و ئەیازی گزیری، پێغەمبەر و ئەبولەهەب، یان ئەفسانەی مارو خەزنە و جەمشیدی شای ئێران... هتد.

حافز دەڵێ:

*بار دل مجنون و خم طره لیلی*

*رخساره محمود و کف پای ایاز است* (131، ل287)

ئەم وێنەیە چەند جارێك لە دیوانەکەی مەولەویدا هەیە. شیعرێکیان بۆ مەحموود پاشای نووسیووە و بەراوردێکی وای کردووە:

*ئەیاز هامراز ناڵە و ئاخ و دوود*

*عەرزش هەن وە خاك ئاسانەی مەحموود* (د.، ل23)

وێنەی ئەژدیهای پەپکەخواردووی سەرخەزێنە، یان گوڵ ودڕك، کە تەقلیدین و زۆر بەکارهاتوون مەولەوی وێنەیەکی شیعریی تازە و بیری نیشاندانی هەردوو ڕووەکەی ژیان: شادی و خەمی لێ دروست کردوون:

حافز دەڵێ:

*درین چمن گل بی خار کس نچید اری*

*چراغ مصطفوی با شرار بولهب است* (131، ل553)

مەولەوی دەڵێ:

*تۆ نەو گوڵ باغ مستەفەوی بی*

*گەنج خەزانەی مرتەزوی بی*

*گوڵ عادەتشەن بێ خار نمە بۆ*

*گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمەبۆ* (د.، ل98)

هەردوو شاعیر جەمشیدیان بەکارهێناوە:

حافز:

*قدح بشرط ادب گیر ز ان که ترکیبش*

*زکاسەء سر جمشید و بهمنست وقباد* (131، ل661 – 662)

مەولەوی دەڵێ:

*دا بەزم خوسرەو شیرین وە هەمدا*

*جام دا وە سەرجەم، جەم وە سەر جەمدا* (د.، ل179)

مەولـەوی یـاریی بـە وشـەی (جـەم) کـردووە، چـوار جـاری بـەکارهێناوە، دوو جاریـان مەبەستی جەمشیدە، جارێکیـان مەبەسـت – جـامی مـەی و جـارێکی تـر مەبەسـت لـە کۆمـەڵ و تـۆقی خەڵکـە. حـافز "سـەنەم" و "سـەمەد" و "جـەمال" و "جـەلال"ی بەکارهێناوە، (سەنەمەکەی لێ دەرچێ ئەوانی تر سیفاتی خوان) جەمال بۆ نەرمی و جوانی و جەلال بۆ هێز و شکۆی خوایە. مەولەویش ئەمانەی بەکارهێناوە.

حافز دەڵێ:

*گفتم صنم مشو با صمد نشین*

*گفتا بکوی عاشق همین وهمان کنند* (131، ل1155)

مەولەوی دەڵێ:

*سەنەم پەرست نیم، سەمەد ناسەنان*

*دووی کوورەی دەروون شێوەن ڕاسەنان* (د.، ل94)

حافز دەڵێ:

*خوش میدهد نشان جمال و جلال یار*

*خوش میکند عزووقار دوست* (131، ل392)

مەولەوی دەڵێ:

*سەروەشم بەی وەسف جەمالیتەوە*

*باز هەم بەی جیلوەی جەلالیتەوە* (د.، ل32)

جگە لە مانەش، گەلێ وێنەو بەیتی حافز هەن، کە لە شیعری مەولەویدا ڕەنگیان داوەتەوە و مەولەوی بە شێوازی خۆی بەکاریهێناون، بۆنموونە، خاکی بەرپێ و ڕێگای یار بە برژانگی چاو مالێن، یان داواکردنی تیری دەستی دۆست، کە ڕەمزە بۆ خۆشەویستی و ئەشق بە هەر دوو مەوداکەیەوە، چ هی دنیایی و چ هی یەزدانی. مەولەویش حافز ئاسا ناوی مەقامی حیجازی هێناوە و مەسەلەی ئایەتی:"ألست بربكم"ی لە شیعری خۆیدا بە وێنە تێهەڵکێش کردووە:

حافز دەڵێ:

*از براى شرف بنوك مژه*

*خاك راه تو رفتنم هوسست* (131، ل297)

مەولەوی دەڵێ:

*چەم پەی فەرش پات موژەش چون خارەن*

*بەڵام چێش کەرۆ چارش ناچارەن* (د.، ل186)

ئەم مۆتیڤە چەندین جار لای مەولەوی دووبارەدەبێتەوە.

حافز دەڵێ:

*تيرى كه زدى بر دلم از غمزهء خطا رفت*

*تا باز چه انديشه كند راى صوابت* (131، ل144)

مەولەوی دەڵێ:

*ئازیز وە مەرگت دڵ نە خرۆشەن*

*ئارەزووی خەدەنگ پەنجەکەی تۆشەن*

*خەیلێوەن نامان تیرەکەت ئامان*

*نامان وە سەروەخت بیمار زامان* (د.، ل54)

*دەربارەی مەقامی (حیجازی و عیراقی) حافز دەڵێ:*

*این مطرب کجا است که ساز عراق ساخت*

*واهنگ بازگشت ز راه حجاز کرد*

مەولەوی دەڵێ:

*موتریب بەو نەغمەی (شانازی) تەوە*

*یا بەو پەردەی پاك (حیجازی) تەوە*

*بوڵەندکەر دڵسۆز سەدای دڵتەنگی!*

*بەڵکم بێداربۆ جەی خاو سەنگی* (د.، ل460)

یان مەسەلەی ئەوەی، کە یەزدان لە گیانی مەخلووقاتی خۆیی پرسیوە، ئایا ئەو خوای ئەوانە یان نەء؟! حافز دەڵێ:

*شودمست وحدت ز جام ألست*

*هر ان کو چو (حافظ) می صاف خورد* (131، ل 1389)

مەولەوی دەڵێ:

*خۆ مـن هەر جە زوو وە مەیلت مەستم*

*هەر جان فیداکەی رۆکەی (الست)م* (د.، ل302)

یان هەر وەك حافز مەولەویش هەندێ لە دیمەنەکانی سرووشتی بۆ دەربڕینی خۆشەویستی و جوانیی یار خستۆتە کار. زۆرجار لە ناسکی و شیرینی یار دەدوێن،

ئەندێشە و هەستی خۆیان بە بەکارهێنانی دیاردەکانی سرووشت دەردەبڕن... بـا بەرامـەی یار دێنێ،... لالە و دلّدار بەراوردەکرێن هەندێ وێنەی تری لەم بابەتە.

حافز دەڵێ:

*صبا وقت سحر بوئی زولف یار می اورد*

*دل دیوانه مارا ز نو در کار می امد* (131، ل 892)

*از رهگـذر خاك سرکوی شما بود*

*هرنامه که دردست نسیم سحر افتاد* (131، ل701)

*مگر تو شانەزدی زولف عنبر فشان را*

*که باد غالیەسا گشت و خاك عنبر بواست* (131، ل381 – 382)

*بوی مشك از ختن باد صبا می اید*

*این چه باداست کز و بوی شما می اید* (131، ل 1398)

مەولەوی دەڵێ:

*بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخ دڵ*

*مانۆ وە نەسیم جێب جەمین گوڵ* (د.، ل467)

*نامەی عەنبەربۆت باد سویح ئاوەرد*

*عەترش زامەکەی کۆنم تازەکەرد* (د.، ل437)

*جەو سەردەشتەوە گوڵا و ڕێزان کەرد*

*سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد* (د.، ل207)

*سوب بۆی وەش نەسیم چون هەردەجاران*

*نمەدۆ نە کاخ دەروون یاران* (د.، ل383)

یان لە باسی لالە و بەکارهێنانی ئەم گوڵەدا بۆ وێنە و ئیستیعارە درووست کردن.

حافز دەڵێ:

*نه این زمان دل (**حافظ**) در اتش طلب است*

*که داغدار ازل همچو لاله خود روست* (131، ل383 – 384)

مەولەوی وێنەی (لالە)ی لەو مەودا تەقلیدییەی حافزەوە گواستۆتەوە بۆ دنیایەکی لیریکی و ڕیالیستی و بەراوردێکی زیندووی لێ درووست کردووە، دەڵێ:

*لالە گەردەن کەچ تۆی دیدە ڕەشتەن*

*گۆیا عەکس یار وە ڕووشدا وەشتەن* (د.، ل328)

هەروەها مەولەوی وەك حافز موبالەغەیەکی هونەریی لە باسکردنی نازکیی یاردا کردووە، حافز دەڵێ:

*من چه گویم که ترا نازکی **طبع لطیف***

*تا بحدیست که اهسته دی نتوان کرد* (131، ل837 – 838)

مەولەوی دەڵێ:

*باوەشین مەکەرد ئەو سەفحەی بێگەرد*

*نازکیش جە باد ئیحتیات مەکەرد* (د.، ل183)

یان:

*نازکیش چون ناز جە حەد بەرشییەن*

*خاترداریش کەر وێنەی کەس نییەن*

*وێش چون حەوسەڵەی وەشت و تەم دارۆ*

*یادش نە دڵدا زەحمەت مویارۆ* (د.، ل332)

وەك باسكرا، مەولەويی تاوگۆزییان، وەك مرۆڤ و شاعیر لەگەڵ مەولانای ڕۆمیدا بەراوردكردووە. ڕاستییەكەی وێنە و زاراوەی لێكچوو، لە بەرهەمی ئەم دوو شاعیرەدا هەن، بەڵام كەمترن لەوەی كە لە نێوان بەرهەمی مەولەوی و حافزدا هەن. بۆ نموونە بەكارهێنانی زاراوەی "خەوف" و "ڕەجا" مەولانا دەڵێ:

*بود عارف را خوف ورجا*

*سابقه دانیش خورد ان هردورا* (133، ل 215)

مەولەوی دەڵێ:

*كای دڵم نه گێج مەوج فەنادا*

*مۆلەقەن نه بەین خەوف و ڕەجادا* (د.، ل26)

دەربارەی دەوری گرنگیی شێخ — پیر لە ژیانی موردیدا، بیری وەك یەكیان دەربڕیوە.

مەولانا دەڵێ:

*ما كه باشیم ای تو مارا جان جان*

*تا كه ما باشیم با تو در میان* (133، ل122)

*برمن از هستی من جز نام نیست*

*در وجودم جز تو ای خوش كام نیست* (133، ل215)

*پیرمن و مرید من، درد من و دوای من*

*فاش بگفتم این سخن (شمس)*[56] *من و خدای من* (133، ل528)

مەولەوی دەڵێ:

---

[56] ئاشكرایە مەبەست لە شەمسی تەبریزیی، پیری مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییە.

*ئەوەڵ مـن کـێنان وجوودم جە کۆن*

*واچوون دۆسەنان شەرت قەبووڵ تۆن؟* (د.، ل300)

*ئەر وە بێگانە وەر خویشم زانی*

*تۆ حەساوەنی وە هەر چیم وانی!* (د.، ل301)

*ڕەفیق سەرحەد ئەقلیم دەردان*

*ناخودای کەشتیی بەحرەکەی هیجران!*

*ئوستاد تەعلیم دەرس مەجنوونیم*

*دەسگیر ڕاگەی سەختی و زەبوونیم* (د.، ل237)

ئـەم بـەراورده دەیـسەلمێنێ، کـە هـەر چـەندە مەولـەوی سـوودی لـە شـیعری فارسـی وەرگرتووە، بەڵام بە گیانێکی داهێنەرانەوە ئەم کارەی کـردووە و وزەی ئیبـداعیی خامـەی خۆیی بە شێوەیەکی بەرز پیشان داوە.

# مەولەوی و سۆفیزم

لەمەوپێش چەندین جار لە هەندێ بیری سۆفیی شیعرەکانی مەولەوی، وەك توێـژاڵێکی ڕەنگینی هونەریی دوام. مەولەوی سەر بـە تەریقـەتی نەقـشبەندی و موریـدی شـێخەکانی هەورامان بووە. ژیننامە و شیعر و بەرهەم و نامەکانی پڕن لە بەڵگـەو فـاکتی ئـەم باسـە. لێرەدا دەمەوێ لە ڕووی تیۆری و هەندێ دابی پراکتیکیی سـۆفیزم بـە گـشتی و تەریقـەتی نەقشبەندیش بە تایبەتی، ئەوەندەی پەیوەندیی بە شیعرەکانی مەولەوییەوە هەبێ کـەمێك بدوێم.

وەك زۆربەی ڕێبـازە سـۆفییەکانی تـر، بـوونی شـێخ لـە دابـی تەریقـەتی نەقـشبەندیدا ڕەگەزێکی جەوهەرییە، چونکە لایـان وایـە موریـد — سـۆفی بـەبێ ڕێ نیـشاندەر- پـیری کامڵ، ناتوانێ ڕێگای سەخت و ئاڵۆزی ڕاستـیی یـەزدانیی دۆزینـەوە بگرێـت. دوور نییـە سەری لێ بشێوێ و چەواشە ببێت. دەربارەی ئەم بایەخەی شێخ لە ژیانی موریـددا، گـەلێ سۆفی و زانای ناسراو دواون، بۆ نموونە تەیفووری بەستامی دەڵێت:"ئەو کەسـەی مامۆسـتا — شـێخی نـەبێت، شـەیتان بـەری لێگرتـووە". هـەروەها عەبـدولوەهاب شـەعرانیش دەڵێ:"کەسێ مامۆستایەکی نەبێ، کە بیگەڕێنێتەوە سەر بنەچەی سۆفییانی بەر لە خـۆی و پاکیی دڵی بۆ دەرخات، بەبێ ڕەگ و ڕەچـەڵەك سـەری لێ تێکدەچێ (159، ل 147، 146).

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەم بارەیـەوە دەڵـێ:"هۆیـەکانی گەیـشتن بـە خـوا لای نەقـشبەندییەکان چـوارن، یەکـەم: هـاوڕێتیی مورشـیدی کامیـل و موکەمـەل لەگـەڵ خۆشەویستی و ڕاگرتنی ئەدەبدا. ئەم هاوڕێیەتییە ئەوەیە مورید تا لە توانایـدا بـێ لەگـەڵ

مورشیددابێ و لە ڕەوشت و کرداری بەرزی کەڵك وەربگرێ و ئەدەبی ئەو بکا بە سەرمەشق بۆ خۆی... (108، ل139). ئەمە یەکەمین قۆناغی بەرەو لای یەزدان ڕێگە گرتنە. پیاهەڵدان بە شێخ و دەوری لە ژیانی شاعیر و خەڵکی تردا، لەگەڵێ لە شیعرەکانی مەولەویدا هەن، ئەمانە هەندێکیانن:

*دەماخ وە نەشئەی سەربەرزان کەیل*

*مورشید میراو سەر جۆی بادەی لەیل* (د.، ل265)

یان:

*مەسقەڵچی سەواد ئاینەکەی دڵ*

*غەواس دانەی دەریاچەی موشکوڵ* (د.، ل237)

یان:

*سەرشار سەهبای بەزم موناجات*

*مەلجەی ئیلتیجای ئەرباب حاجات* (د.، ل288)

لە دێڕی یەکەمدا مەولەوی مەبەستی لە بادە، خۆشەویستیی یەزدانییە و شێخیشی کردووە بە میراو و ئاو دابەشکەری ئەم ئەشقە. شاعیر بەم لادێمەنەی ئاودێران و ژیانی دێهاتی کوردەواری ئەم بیرە ئەبستراکتە فەلسەفییەی دەربڕیوە و شێخی گەیاندۆتە پایەی بە مەستیی سەربەرزان و ئاسمان کەیل. لە بەیتی دووەمدا شێخ بە لە بنی دەریادا — واتە زانستی قورس و گراندا، گەوهەردەرهێنی ناودەبا و دەیەوێ دڵی ڕەژووگرتووی پاك بکاتەوە. ئاوێنە لە فەرهەنگی سۆفییەکاندا، بە دەرخەر و پیشاندەری جیلوەی ڕاستی دەڵێن، کە بە شێوەی هەست پێکراو و سەلمێنراو، یان هی گەردوونی نهێنی — دەرکی پێبکرێت (10، ل133). هەروەها لە بەیتی سێیەمدا شێخ سەرشاری بەزمی موناجات و بەهاناوەهاتووی داماوانە. موناجاتیش بە لای سۆفییەکانەوە، بەو لایەی دڵ دەڵێن، کە

ڕووی لە جیهانی خوای تاکە و جێگەی پەیدابوونی سیفاتی یەزدانی و کامڵبوون و پاکبوونەوەی دەروونی سۆفییە (10، ل172) هاوئاهەنگی و نزیکییەکی زۆر لە نێوان ئەم پێناسانە و شیعرەکانی مەولەویدا هەن و بەیتەکان دەیسەلمێنن، کە مەولەوی ئەم چەمکەی نەقشبەندییەکانی بە هۆشیارییەوە و بۆ دەربڕینی بیری سۆفییانەی بەکارهێناوە.

هەروەها باسی قۆناغێکی تری گەیشتن بەخوا لای نەقشبەندییەکان لە شیعری مەولەویدا هەیە، کە زیکرە و بەکارێکی پیرۆز دادەنرێ و لەم بارەوە گەلێ ئایەت و حەدیس هەن. خوا دەفەرموێ:"**واذکر ربك في نفسك**" یان "**خیر الذکر الخفي**" (136، ل116).

نەقشبەندییەکان زیکرێکی تایبەتیی خۆیان هەیە، کە پێنج قۆناغی هەیە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لەم ڕووەوە دەڵێ:"پاش ئەوە کە دڵی کەوتە زیکر کردن، ئەم زیکرە بگوێزێتەوە بۆ ناو لەتیفەی(ڕۆح) کەوا لە ژێر گۆی مەمکی ڕاستدایە، کە ئەویش زاکیر بوو بیگوێزێتەوە بۆ زیکری (خەفی) کە لە لای ڕاستی سنگەوەیە، جا بیگوێزێتەوە بۆ زیکری لەتیفەی (نەفس) کەوا لە دەماغدا. کە ئەو لەتیفەیەش کەوتە زیکر ئەمجارەیان پایەی (سوڵتانولئەزکار) دێتە پێشەوە، کە بریتییە لەوە هەرچی ئەندامانی لەش هەیە مونەوەر ئەبن و ئەکەونە زیکرکردن (108، ل142 – 143).

مەولەوی لە غەزەلێکیدا پەنای بردۆتە بەر شێخ بۆ ئەوەی (لەتایف)ی زیندوو بکاتەوە، دەڵێ:

*سا پێم دەر، دەی دەی، پەی پەی، نەو مەی، مەی*
*لەتایف مەردەم یەکسەر بکەی حەی*
*تا پەی یارانیح وە ئیتمینان بۆ*
*سەرمایەی نیشات دڵ حەزینان بۆ* (د.، ل39)

لە غەزەلێکی تریدا، کە بۆ شێخی نووسیوە، شاعیر باسی حاڵەتی (سـولتانولئەزکار)ی کردووە:

*هەر جزوێم پەی وێش یەند سەرشار بییەن*

*ئەی جزوم جەی جزو خەبەردار نییەن*

*نە دڵ یاد ڕاز سەفحەی نامەشەن*

*نە سەرپەنجە هۆش گرتەی خامەشەن*

*یەند نە تۆی زەلکاو دەوات پڕ وەی*

*مدران منتەزیر وەڵگ ئاوەردەن نەی*

*نەی مدۆ سەدای دڵان پەی خەستە*

*وەڵگ مارۆشەوە بەستە وە بەستە* (د.، ل456)

دیوانەکەی مەولەوی، گەلێ زاراوەی سۆفییانەی تێدایە، وەکو: ساقی (35) جار، پیاڵە (23) جار، گۆرانیبێـژ (مطـرب) (23) جـار، خـەدەنگ، تـیر (17) جـار، مـەی، بـادە، شەراب زیاد لە (15) جار، وەسڵ (10) جار، جیلـوە (10) جـار، جـەلال و جـەمال (6) جار، سەفا (6) جار، هەروەها هەندێکی تری وەکو خـەوف و رەجـا، ئاوێنـە، وەفـا... لای شاعیر کەم نین.

(ساقی) لە شیعری مەولەویـدا بـە چـەند جۆرێـك بـەکارهاتووە. مـەلا عـەبدولکـەریمی مودەڕیس لای وایە، مەبەست فریـشتەی گیـان کێـشان، یـان هێـزی خواییـە. (د. ل 52، 180، 209). ئەم لێکدانەوەیە پڕاوپڕی شیعرەکانی مەولەوییە. لە یەکێك لە فەرهەنگـە سۆفییەکاندا بەم شێوەیە لێکدراوەتەوە:

"ساقی ئەو کەسە بەخشندە و دەست بڵاوەیە، کە هەموو گەردێکی گیـانی بـە مـەیی هەستی مەست بووە" (10، ل155). مەولەوی دەڵێ:

*سا ئیسە ساقی جەمین جام جەم*
*وادەی ئاماتەن وە بان دیدەم*
*دەورێ دەر وە جام بادەی پڕ جە مەیل*
*بەڵ دەروون جە مەیل باڵات ببۆ کەیل*
*جە ماسیوای تۆ فاریغ بۆ حاڵم*
*بەڵ نەدۆم ئازار شووم خەیاڵم*
*یەك دڵ بوو چەنی عەشق دیدارت*
*گیان کەرو و فیدای دیدەی خومارت* (د. ل 390 – 391)

لێرەدا ساقی ئەگەر مەبەست لێی شێخیش بێ، وەك ئاوێنەیەکی تیشکدانەوەی زاتی یەزدانییە. ئاشکرایە (ماسیوای تۆ) لە ڕوو لە خواکردندا دەوترێت.

مەولەوی ساقیی وایش بەکارهێناوە، کە دەتوانرێ بە فریشتەی گیان کێشان لێکبدرێتەوە:

*ساقی! گەرد کۆچ یاران دیارەن*
*هاومالآن پەرێم نە ئینتیزارەن*
*من خۆ تەنیا ماڵ وامەندەی دڵتەنگ*
*بێکەس، بارسەنگی، پای بارەبەر لەنگ*
*مەر تۆ وە هەی هەی نەشئەی جام مەی*
*نە ڕای پلەی سەخت فەریاد ڕەسیم کەی*
*سا پێم دەر جامێ، منیچ چون یاران*
*هەی کەروون ئەو کۆچ تا سەر هەواران* (د.، ل225 – 226)

لێرەدا کۆچ بە مانای لە دنیادەرچوونە. بەراوردێکی جوانی لە نێوان "هەی هەیی هۆرە" و نەشەی "مەی"دا کردووە، ئەو بۆ کاروانی و ئەم بۆ خەفەتبار سوکنایی دەرن. لە هەندێ شوێنی تردا ئەم بیرو بۆچوونە هەیە بۆ نموونە (د.، ل280).

مەولەوی لەو ساتانەدا، کە تووشی ئاڵۆزیی بیردەبێ و لە خەڵوەت و یادی یەزدان هەمیشە بە دڵ هاتندا، ئەو ڕوونی و سەفایەی نابێ، پەنا بۆ ساقی دەباو زۆرجار، بۆ تەواوکردنی ئەم بەزم و کۆڕە موتریب و نەیچی و ... هتد کۆدەکاتەوە، دەڵێ:

*مەینەت سەربەرزەن، شادیم زگارەن*
*ساقی! جامەکەت ئەمجار وەکارەن*
*بۆریێ وە مەجلیس لابەر پەردەی شەرم*
*وە دەوریێ دیسان بەزمێ کەرمێ گەرم*
*تا موتریب وەساز حەنجەرەی بێگەرد*
*هۆردۆ مەقامێ دەوا کەرۆ دەرد*
*بەڵ ناکا نەیچی بەیۆ جە لاوە*
*وە مەقامەکەی قەقنەس ئاساوە*
*بەزمێمان جەمبۆ چون هەردە جاران*
*بنۆشین جامێ وە یاد یاران*
*هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی*
*پڕکەر جامەکەت، دەخیلم ساقی!*
*ئەر ئازیز وەی تەور لێم کەرۆ ستەم*
*خەلاسیم نییەن ئەمجار خاتر جەم* (د.، ل10)

لەم شیعرەدا جگە لە ساقی، هەندێ زاراوەی تری سۆفییانە هەن، وەکو (جام)، (مەقام). (جام) بە گوێرەی بۆچوونی هەندێ لە سۆفییەکان: "تیشکدەرەوەی جیلوەی خواییە، دیمەنی نووری بێ سنوور و کۆتایی نەهاتووە، ئەم جیلوانەش گیانی و نهێنی دەبن" (10، ل412). هەرچەندە ناتوانرێ، کوتومت شیعری مەولەوی و ئەو چەمکە سۆفییانەی ڕەنگیان تێدا داوەتەوە، بترنجێنرێتە چوارچێوەی ئەم پێناسانەوە، بەڵام لە مەبەست و بیری مەولەویشەوە زۆر نزیکن.

هەروەها "موتریب" یان بەم شێوەیە شیکردۆتەوە:"ئەو کەسەیە، کە لە مەیخانەی بوون — وجوودا، بیدارکەرەوە و بیرخەرەوەیە" (10، ل412).

زۆرجار "مەقام"یش لە شیعری مەولەویدا دووبارەدەبێتەوە، مەقام ئەو قۆناغانەیە، کە سۆفییەکان بە خۆپەروەردەکردن و ڕاهێنان دەیبڕن. ئەم مەقامانە: زوهد، فوقر، سەبر، تەوەکول، ڕەزا لای زۆربەی سۆفییەکان هەن. بێگومان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بەدوای یەکدا دێن و بۆ هەر مەقامە و ماوەیەك وەخت پێویستە و کەوتۆتە سەر سۆفییەکەش، کە تا چ ڕادەیەك لێ براوە و بە دڵسۆزییەوە ئەنجامی دەدا.

جگە لە مەقامات "حاڵات"یش هەیە، ئەمیان زیاتر ڕێژەن و حاڵەتێکی کورت ماوەی یەزدانییە، خەسیەتی هەرە دیاریشی لەپڕدا دەرکەوتن و ونبوون. لای سۆفییەکان گۆرانی وتنیش لێکدانەوەی خۆی هەیە، مەبەست لەوەیە، کە مورید بگاتە مەقامی هۆگری و ئاشنایەتی و حاڵەتی پیرۆزی (10، ل412).

ئەگەر بمانەوێ بەردەوام بین، لە چنینی زاراوە سۆفییەکانی دنیای شیعریی مەولەوی بە دەستی بەتاڵ نایەینەوە بۆ نموونە، "جیلوە"ی زۆر تێهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە، کە ئاوا لێکدەدرێتەوە: "جیلوە تەئسیری ڕاستییە، بە هۆی بەخت یارییەوە،، لەسەر دڵی کامەران و خواپێداوان، بۆ ئەوەی ببنە ئەهلی ئەم کارە و دڵیان لە ڕاستی تژی ببێ. جیاوازیی

بینینی ئەمان و هی بینەران ئەوەیە، جیلوەدار ئەگەر بیەوێ ببینێ، دەبینـێ و نەشـیەوێت ئەوا بە ئارەزووی خۆیەتی، بۆیە بینینەکەی جاروبارە. بەڵام خەڵکی تر بە ئارەزووی خۆیـان نییە..." (171، 889).

*مەولەوی ڕوودەکاتە شێخ و دەڵێ:*

*شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی*

*یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی* (د.، ل298)

هەروەها زاراوەی "تیر" و "خەدەنگ"یش لە شیعری مەولەویدا هەن. "تیر — نیگـای چاوی بەزەیی و ئاگـاداری و بایـەخ و ڕێـژەنی بـێ سـنووری یەزدانییـە" (10، ل 165). خەدەنگی چاو و نیگاش — نیگای پڕ سۆزی خوای دەستەڵاتدارانە و بە ڕێگەی کەرەمکردن و ئومێد دەبێ، نەك بە ڕێگـەی کاروبـار ئەنجامـدان" (10، ل141). مەولـەوی پەیاپـەی داوای تیرو خەدەنگ دەکات و دەتوانرێت بوترێ، کە پڕبەپڕی ئەو پێناسانەیە، شاعیر دەڵێ:

*ئازیز! وە مەرگت دڵ نە خرۆشەن*

*ئارەزووی خەدەنگ پەنجەکەی تۆشەن*

*خەیلێوەن نامان، تیرەکەت، ئامان*

*نامان وە سەرەوەخت بیمار زامان*

*وەختەن ساکن بۆ، قوربان سا تیرێ*

*دەماخش بەرزەن، دەخیل زنجیرێ*

*نەوا جە حیکمەت بەر بشۆ وەبەر*

*جارجار وە تیرێ دڵنەواییش کەر* (د.، ل54)

سۆفییەکان لە ئەدەبی خۆیاندا، هەندێ زاراوە و ڕەمزیان بۆ دەربڕینـی بـیرو بۆچـوونیان بەکارهێناوە، وەکو باسی خۆشەویستی و ئەو شتانەی لە نێوان دڵداراندا باوە.

ڕەنگە بە ڕواڵەت وەکو شیعری دڵداریی ڕووتیش وابێ، بەڵام ئاشکرایە، کە ئەمان مەبەستیان لە ئەشقی یەزدانی بووە. سۆفی و فەیلەسووفی گەورە ئیبن عەرەبی (1165 – 1240)، دامەزرێنەری ڕێبازی یەکێتی بوون **"وحدة الوجود"** دەڵێ:

*أدين بدين الحب أنى توجهت*

*ركائبه فى الحب دينى و إيمانى* (171، ل217)

هەروەها لە فەرهەنگی سۆفییانەدا ئاوا باسی دەکەن:"خۆشەویستی – ئەوەیە، کە بە یەکجاری ڕووبکەیتە جوانیی موتڵەق، بە شێوەیەکی نهێنیش دەردەکەێ و کۆت و پەیوەندیی بوونیشی تێدا دەشکێ" (10، ل161). گەلێ زاراوەی تریش بەم زاراوە تەوەرەیی و بنەڕەتییەوە گرێدراون، وەکو "نزیکی" و "دووری" و "وەسڵ" و "هیجران"... چەمکی ئەمانە سنووری مانای خۆشەویستیی سۆفییانە دیارو قووڵ دەکەنەوە، دڵداری ئاسایی هەمیشە بیری لای ئەوەیە چۆن بە یار بگاو شادببێ، بەڵام سۆفییەکان دووری و نزیکیی مادییان لا گرنگ نییە، چونکە ئەوان هەمیشە لە بیری پیر – ئازیزدان، مەولەوی لەم ڕووەوە دەڵێ:

*واتم مەیل دڵ، پەی کەسێ کەسەن*

*جە تەنخوای سوحبەت زاهیری وەسەن*

*خەیاڵم کەفتەی ئاسانەکەی تۆن*

*چ حاجەت زاهیر ئاماو ئاموشۆن* (د.، ل168)

یان کاتێ کوڕی یەکێك لە شێخەکانی ویستویەتی بۆ سوودوەرگرتنی گیانی، لە نزیکی مامییەوە بێت، مەولەوی ئاوا بیرەکەی پێشووی پەرە پێدەدا و بە برازای شێخ دەڵێ:

*چون تازە زامی هۆشت ویەردەن*

*وێت ئاسا خەیاڵ ئازیزت کەردەن*

*ئەو جە کۆن، دووری و نزیکی جە کۆن؟*

*دووری و نزیکی وەسفی من و تۆن* (د.، ل464)

لەم شیعرەدا مەولەوی هەندێ لە ڕەنگدانەوەی ڕاستیی یەزدانیی لە شەخسییەتی شێخدا بینیوە و باسکردووە. دەربارەی وەسڵیش وتراوە: "ئەگەر پەردەی تەواو لەسەر دڵی ئەوەی سلووکی کردووە لاچوو و جیلوەی یەزدانیی لا دەرکەت، دەڵێن گەیشتووە" (171، ل)... مەولەویش بەم شێوەیە باس لە شێخەکانی دەکات:

*جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جە گەرد*

*فەرمات پەی تەزبیح ها ڕەوانەم کەرد*

*پەرێ تۆ خاسەن هەر شام تا سەحەر*

*هەر ژمارەی وەسڵ باڵای دڵبەر کەر* (د.، ل154)

## یەکێتی بوون "وحدة الوجود"

دیاردەی یەکێتی بوون لای سۆفییەکان زۆر ئاڵۆزە و جێگەی دەمەتەقێ و جیاوازیی بیروڕایە، تەنانەت هەندێ وشکە موسوڵمان ئەمە بە لە شەریعەت و ئایینی ئیسلام لادان لە قەڵەم دەدەن. سۆفییەکانیش بۆ داکۆکی لە خۆکردن و وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە تۆمەتانە، ئایەت و حەدیسی زۆریان هێناوەتەوە. بۆ نموونە، **"قد كنت كنزا مخفيا خلقت الخلق لكى أعرف"** یان **"وأنا أقرب منه كحبل الوريد"**، **"وفي الأرض آيات للموقنين و في أنفسكم أفلا تبصرون"**... (171، ل39).

ئـەم چـەمکە یەکێکـە لـە دیرگـەکانی بـیری سـۆفیزم و گەوهەریـەتی. ڕۆژهـەڵات و ئیسلامناسی بەناوبانگ ر. أ. نیکلسون دەڵێ:"سەدەی سێیەمی کۆچی ئـەو سـەردەمەیە، کە زوهدی ئیسلامیی تیـادا بـووە بـە جووڵانەوەیـەکی ئـایینی و شـەقڵی یـەکێتی بـوونی وەرگرتووە. "یەکێتی بوون" وا تێکەڵی سۆفیزم بوو، تا لە سەدەکانی دواتردا بووە یەکێ لە ڕایەڵە بنەڕەتییەکانی. هەر لەو کاتەوە سۆفییەکان دەستیان کردە باس و خواسی ماهییەتی یەزدانی و ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ بە خواوە دەبەستێتەوە، واتە بەستنەوەی کۆتایی هاتوو و نەهاتوو، ئەمەش یەکێك بـوو لـەو باسـە گرنگانـەی، کـە سـۆفییەکان کردیـان بـە بابـەتی سەرنجدان و لێکۆڵینەوە" (183، ل 130).

یەکێکی تر لەو هۆیانەی بۆتە هۆی ئەوەی، کە هەندێ چەمکی سۆفیزم بە دژی ئیسلام بزانرێت، بیری "تەوحید"ە، کە ئایینی ئیسلامی لەسەر بنیات نراوە. چونکە باوەڕبوون بـە خوایەکی تاك و تەنیا، کە هـەر جەوهـەرە و جیایـە لـە ئـەوەودوای بوونـەوەر، لەگـەڵ ئـەو چەمکەدا دژ بەیەکن، کە دەڵێ ڕاستیی هەمەکی بەهەموو "بوون — هەستی"دا پـەخش و بڵاوە.

هـەروەها زانـای ئێرانـی قاسـم غـەنی دەڵێ:"سـۆفییە گـەورەکان، هـەزاران تـەعبیری جیاوازیان بۆ دەربڕینی"یەکێتی بوون" بەکارهێناوە و ئەم وشەو زاراوە و شێوازە شیعرییانە بە شێوەیەك بڵاوبوونـەوەو برەویـان پەیـداکردبوو، کـە تەنانـەت ئـەو شـاعیرانەی کـە هـیچ پەیوەندییەکیان بە سۆفیزمەوە نەبوو، بەو جۆرە لە شـیعریاندا باسـیان لـە عەشـق کـردووە (171، ل139).

هەر دەربارەی سـۆفیزم و جیـاوازیی ڕێبازەکـانی، ڕۆژهەڵاتناسـی سـۆڤیەتیی یی. س. براگینسکی دەڵێ:".... لەم باس و دەمەتەقێیەدا دەتوانین سێ ڕێبازی بنەڕەتیی چـەمکی سۆفیی "یەزدانییـەتی گـەردوون" دیـاری بکـەین: مۆنیـستی "تاکییـەتی گـەردوون" کـە

سۆفیی بە ڕاستیی گەیشتوو، دەبێتە دوومانی یەزدان، ئونیڤێرسالی "سەرجەمییەتی، هەمەکی" کە سۆفی لەگەڵ زاتی خوادا کە لە گەردووندا بڵاوبۆتەوە، دەتوێتەوە، سینکریستی "ئامێتەیی، لێکدان" کە هەردوو ڕێبازەکە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە" (12، ل203).

ئەم بیرو بۆچوونە لە شیعری مەولەویدا ڕەنگیداوەتەوە، لەم غەزەلەدا ئاماژەیەکی: "قد کنت کنزا..."ی تێدایە و هیمای ئەوەیە، کە جوانی و جیلوەی ڕووالەتی سیفاتی یەزدانی لە گەردوون و دنیادا بڵاوە، دەڵێ:

*ئەی گرد مەوجوودێ، جە تۆ گرت مایە*

*مەوجوود هەر تۆنی ماسیوا سایە*

*پەنهان بی تەنها، وەحدەتت مەوج وەرد*

*پەی شناسایی زهورێوەت کەرد*

*بەوێت، جە عالەم بێ بەقای ناسووت*

*ئەر وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسووت*

*بە سەد جیلوەی تر بێ چوون و چەنی*

*شناسایی تۆم نمەبۆ، هەنی* (د.، ل31)

مەولەوی لە غەزەلێکی تریشدا، ئەشقی دنیایی کردووە بە بنکەی دەربڕینی ئەشقێکی تر، هی نەمر و ئەزەلی. لێرەدا دەبنە دوو ڕووی یەك ڕاستی، یان دوو ڕووبارن و تێکەڵی یەکدی دەبن، کە ئەم حاڵەتەش ڕوودات، ئیتر بەرەو هەرکۆێیەك سەیربکەی، هەر وەك یەك وایە و جوانییەکی کوللی هەیە. مەولەوی دەڵێ:

*من خۆ شەو و ڕۆ ئارەزووی تۆمەن*

*پەرێ دیدەنت نەزر و فتۆمەن*

*بەلام، یەن وە یاد باڵاکەی تۆوە*

*دەورەم دان وە دەور ساراو سەرکۆوە*

*بۆی باڵات هەرزان وە دەشت ودەردان*

*نمەز رای لای تۆم وە کام گوزەردان* (د.، ل14 – 15)

مەولەوی لە مەرگی (عەنبەرخاتوون)ی خێزانیدا ئەم بیرەی زۆر چڕوقووڵ کردۆتەوە، لە یەکێ لە لاواندنەوەکانیدا، تەنانەت مردنیشی بە توانەوە لە جوانیی یەزدانیدا لێکداوەتەوە.... عەنبەرخاتوون، لەو لەش و بەدەنە مادییەوە بە مردنەکەی بەرەو ئاسمان بەرزبۆتەوە و لەوێوە جواناوی ئەو لەو بەرزانەوە بەرامەی نەمری بڵاوکردۆتەوە و بەم کۆچەی لە بەردەم ئاوێنەی ڕاستیی یەزدانیدا ئەگەر گرێ و گۆڵێکی دنیایشی هەبووبێت، ئەوا وای پاك کردۆتەوە، کە مانگی چواردەی پێ ناگات. لێرەدا "یەکێتی بوون" بە شێوەیەکی هارمۆنی و تێکرژاو درووست بووە. شاعیر دەڵێ:

*جەو جاسووسگاوە، بەو خەدەنگەوە*

*دڵ تلنا وە زام هەزار ڕەنگەوە*

*جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد*

*سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد*

*چۆگە جەلای جام جەبهەی جەماڵدا*

*بەرگەشتیی وە بەخت بەدر کەماڵدا* (د.، ل207)

ئەمە هەندێ بوون لەو زاراوە و چەمك و بیری سۆفییانەی، کە لایەنێکی دنیای فیکری و ڕوانگەی هونەریی مەولەوییان دەوڵەمەندکردووە.

# مەولەوی و شاعیرانی دیالێكتی كرمانجیی خواروو

ئەو ڕووداوانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە كوردستانی خوارووودا ڕوویاندا، بوونە هۆی زیندووكردنەوە و ژیانەوەی بیری نەتەوەیی و گەشەپێدانی ژیانی كولتووری. یەكێك لە دیاردە بەرچاوەكانی ئەم مەسەلەیە، چاوگێڕانەوەیەك بوو بە زمان و لایەنە هونەرییەكانی قوتابخانەی شیعریی نالیدا، كە سەردەمێك بوو جێگەی دیالێكتی گۆرانیی گرتبۆوە. ئەم تەتەڵە و بژارەش زیاتر ئەو ئەنجامەی هێنابووە ئاراوە، كە بۆ تازەكردنەوەی ئەدەبی كورد و زیاتر خۆماڵیكردنی ناوەڕۆك و شێوەی ئەم ئەدەبە، دەبێ پەنابرێتە بەر فۆلكلۆری كوردی و هەندێ لایەنی هونەریی شیعری بە دیالێكتی گۆرانی نووسراو.

شایانی باسە، لەو ڕۆژگارەدا، سەرچاوەیەكی فەرهەنگیی كۆمەڵێ لە كەڵە ڕووناكبیرەكانی كورد ئەدەبی عوسمانیی — توركی و بە هۆی زمانی توركییشەوە شارەزابوونی كولتووری ئەوروپایی بوو، كە ئەدەبی توركیی خۆشی كەوتبوە بەر تەئسیرییەوە، لێرەشدا زیاتر مەبەست لە قوتابخانەی ڕۆمانتیكییە، كە پریشكێكی باشی بەر ئەدەبی كوردییش كەوتبوو.

یەكێك لەو ڕووناكبیرە دیارانە، پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەنووس بوو، كە شاگەشكەی كولتووری ئەدەبی گۆرانی بووبوو، دەیویست گەلێ لە خەسیەتە ئیستێتیكییەكانی، كە لە چێژو دڵ ودەروونی مرۆڤی كوردەوە نزیك بوون بكاتە هەوێنی ئەم تازەكردنەوەیەی. خۆی لەم ڕووەوە دەڵێ:"شیعری مەولەوی بە دەنگی خۆش و هیجرانیی (عەزیزی ئامینە) وە لەناو ئێمەدا برەوی پەیدا كرد. "هەروەها دەڵێ:"ئەو سەردەمەی لە ئەستەمبووڵەوە (شاعیرەكانمان)م لە ڕۆژنامەدا بە ڕیز ئەنووسی، لەوێ كەس لە مەولەوی باش نەئەگەیشت،

نیازم بوو وەك "شینی حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە" و چوار شیعری ڕەنجووریم کرد بە توركی، ئەویش وەرگێڕمە سەر توركی. بەڵام ئەو گیانە بڵندە لەو گۆڕە تەنگەدا نەدەگونجا و دانەدەمركا، ئەو ئارەزووەم هەر لە دڵدا مایەوە تاهاتمەوە...." (113، ل8 – 10).

پیرەمێرد لەسەر ئەم باسە دەڕوا و دەڵێ:"ئەدەبیاتی زۆر قەوم و نـاودارانی زۆر میللـەتم دیوە، هیچیان ئەوەندەی ڕۆحی مەولەوی پڕ جۆش و خرۆش نییە" (113، ل119). هەروەها گۆرانی شاعیریش سەوداسەرێکی گەورەی شیعرەکانی مەولەوی بووە و زۆر بەرز نرخاندوونی و کاریان تێکردووە.

ئەدەبی گۆرانی (هەورامی)و بەتایبەتیش بەرهەمی مەولەوی سەرچاوەیەکی داهێنـان و وزەی هونەریی هەردوو شاعیر بوون. لێرەدا دەمەوێ زۆر بە کورتی و ڕاگوزاری باس لەم پرۆسێسە هونەرییە – کارتێکردن بکەم.

مامۆستا محەمەد ڕەسوولْ هاوار، کە دیوانی پیرەمێردی بە لێکۆڵینەوەیەکەوە لەچاپداوە، ئاماژەی هەندێ بەیتی مەولەویی کردووە، کە لە دیوانەکەی پیرەمێرددا وەك شیعری ئەم، چاپکراون. منیش گەلێ بەیت و کۆپلێت و تەنانەت غەزەلی مەولەویم لە دیوانەکەی پیرەمێرددا بەرچاوکەوتووە جگە لەو دێڕانەی هاوار ئاماژەی کردوون، ئەمانی تر نەمبینیوە کەس باسیان بکات.

سەرەتا باس لە تێهەڵکێشەکانی پیرەمێرد دەکەم. پیرەمێرد غەزەلێکی ناو ناوە "هام فەردی..." لەم شیعرەدا چوار دێڕی مەولەوی، کە دێڕی هەشتەم، نۆیەم، دەیەم، یانزەیەمن تێهەڵکێش کردووە (78، ل188). هاوار ئاماژەی تەلمیحێکی پیرەمێردی بۆ شیعری مەولەوی کردووە. پیرەمێرد دەڵێ:

*گوڵ شێوەی ڕووخسار ئازیز ئەنوێنێ* (78، ل172).

مەولەوی دەڵێ:

*گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاكەت پۆشان*

*وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان* (د.، ل431)

پیرەمێرد لە شیعرێكی تریدا تەلمیحی شیعرێكی مەولەویی كردووە:

*مانگیش لە یەكتر كەوتوونە گزی*

*ڕەمەزان جەژنی لە شەوال دزی* (78، ل185)

مەولەوی دەڵێ:

*ڕەمەزان تلووع سوبح شادیشەن*

*شەوال شام شووم نامرادیشەن* (د.، ل268)

هەروەها هاوار ئاماژەی چەند دێڕێكی تری مەولەویی كردووە، كە پیرەمێرد تێهەڵكێشی شیعرێكی خۆیی كردوون:

*گرەی بەردایە سەوزەی بەهاران*

*شێوا وەك زوڵفی چەمەرەداران* (78، ل190)

مەولەوی دەڵێ:

*تای بەرەزای شەنگ نە سای موغاران*

*شێونا چون زوڵف تەعزیەداران* (د.، ل523)

پیرەمێرد شیعرێكی تری مەولەویی كردۆتە كرمانجیی خواروو، هەر ناویشی ناوە "كۆنەفرۆشی" چوونە ژێرو دانپیدانانێكی پەنامەكییە لەلایەن پیرەمێرد خۆیەوە، كە ئەمە شیعری خۆی نییە. دەڵێ:

*گیانە دڵەكەم كوڵوكۆیەتی*

*ئارەزووی تیری پەنجەی تۆیەتی*

*دەمێكە گیڤەی تیرەكەت نایە*

*چی بکەم ژیر نابێ بە لایە لایە* (78، ل197 – 198)

مەولەوی وتویەتی:

*ئازیز وە مەرگت دڵ نەخرۆشەن*
*ئارەزووی خەدەنگ پەنجەکەی تۆشەن*
*خەیلێوەن نامان تیرەکەت ئامان*
*نامان وە سەر وەخت بیمار زامان* (د.، ل54)

م. ر. هاوار ئاماژەی ئەم دوو دێڕەی سەرەوەشی کردووە.

پیرەمێرد:

*وەختێ لافاوی چەم وەکو باران*
*تەمی ئەبەستە سەر ڕووی ستاران* (78، ل314)

مەولەوی:

*وەختێ سەیل چەم دەروون پڕ خاران*
*تاو مەوەست چون تاو ئەوەڵ بەهاران*
*بۆی کزەی کەواو جەرگم چون جاران*
*هەم، وەی، تەم مەوست ئەو ڕووی ستاران* (د.، ل282)

پیرەمێرد:

*شای شادیم شکا ڕووی کردە فیرار*
*بەیداغی شادیم هاتە نیوەی دار* (78، ل315)

مەولەوی:

*ئەی دڵ مزگانی ئاما کۆچ یار*

*شای شادیی سەردا خەمان کەرد فیراز* (د.، ل35)

بەڵام هاوار باسی ئەو دێڕانەی تری نەکردووە، کە لەم شیعرەی پێشوو و زۆر شوێنی تردا، پیرەمێرد تێهەڵکێشی کردوون، لای خوێنەری کوردیش وەك شیعری پیرەمێرد بڵاوبوونەوە، من هەندێکی تریان لێرەدا دەخەمەڕوو.

پیرەمێرد:

*سەردار زومرەی فەلاکەت کێشان*

*فرمانی موڵك دەروون پڕ ئێشان*

*بادەی خەم خوردەی مەرگ ناکامان*

*برینی ناسۆر جەرگی پڕ زامان*

*پەردەی دڵ بە ئێش مەودای غەم پارە*

*دەرد لە بانی دەرد دڵەی ئاوارە* (78، ل314)

مەولەوی دەڵێ:

*سەردار زومرەی موسیبەت کێشان*

*فەرمان فەرمای موڵك دەروون پڕ ئێشان*

*بادەی خەم وەردەی مەرگ ناکامان*

*زام ناسۆر کەفتەی دەروون پڕ زامان*

*پەردەی دڵ وە نێش مەودای خەم پارە*

*چار نەبردەی دەرد دڵەی بێچارە* (د.، ل282)

شایانی باسە، م. ر. هاوار نووسیویەتی، کە پیرەمێرد "سەردار زومرەی فەلاکەت کێشان..."ی بۆ کورد پەروەری ناسراو و شەهید مەحموود جەودەت وتووە، کە ساڵی

1937 لـە سـێدارە دراوە. بـەڵام ئـەم غەزەلـە لـە دیوانەکـەی مەولەویـدا هەیـە و لـە پەراوێزەکەیدا نووسراوە، کە مەولەوی بۆ مەرگی زانایـەکی گـەورەی وتـووە (د.، ل282). پیرەمێـرد لـە دێـڕی سـێیەمدا تـۆزێکی گۆڕیـوەو پـاش و پێـشێکی پێکـردوون. دێـڕی چوارەمیشی هی مەولەوییە:

پیرەمێرد دەڵێ:

*ناکامی ئەبیام کامەرانیم ڕۆ*

*بەرنەخواردووی غەم زیندەگانیم ڕۆ* (78، ل315)

مەولەوی دەڵێ:

*ناکام ئەبیام کامەرانیم ڕۆ!*

*بەرنەوەردەی باغ نەوجوانیم ڕۆ!* (د.، ل285)

پیرەمێـرد کۆتـایی ئـەم شیعرەشـی بـە چـەند دێڕێکـی غـەزەلێکی تـری مەولـەوی تەواوکردووە:

*وای من تای تاری شیعرم بڕاوە*

*شەوی تارم هات نۆرەم تەواوە*

---

*ئۆف ئاگرێ لە ناو جەرگا ئەگرێ*

*زووبانم سووتاو قسەم بۆ ناکرێ*

---

*لام ئاشکرایە، کە ئیتر ئەمرم*

*ئاگر بەربۆتە تۆماری شیعرم* (78، ل315 – 316)

مەولەوی دەڵێ:

*بڕیان تای ڕووباب قافیە خوانیم*

*نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم*

*دەمەی هەناسەی گەرم تارەكەم*

*نە كوورەی دەروون پڕ جەخارەكەم*

*ئایردان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم*

*سۆچنان كتاو مەجموعەی فەردم* (د.، ل194)

لە خوارەوە ئەو بەیت و كۆپلێت و پارچە شیعرانەی تریش دەخەمە پێش چاو، كـە وەك شیعری پیرەمێرد لە دیوانەكەیدا بڵاوكراونەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هی مەولەوین:

پیرەمێرد:

*سیروانی ئەو چەم، تانجەرۆی ئەم چەم*

*بدەن وەهەمدا ئەم چەم تا ئەو چەم* (78، ل134)

مەولەوی:

*تانجەرۆی ئەم چەم، سیروانی ئەو چەم*

*جۆشاوێ وەهەم ئەی چەم تا ئەو چەم* (د. ل131)

پیرەمێرد:

*شەتاوان وەك مار لە دەشت پێچ ئەخۆن*

*وەك سەوداكاران شێت وەسەرەڕۆن* (78، ل149)

*سەری نایە دەشت وێڵ و بێ قەرار*

*بە شۆری وشێتی خۆی ئەدا لە دار* (78، ل140)

مەولەوی دەڵێ:

*چون دێوانەی شۆڕ ئازیز نەسەردا*

*شەتاو سەرهۆرگرت وە دەشت و دەردا*

*تووڵانی چون هیجر خاتر پڕدەردان*

*ڕەوان وێنەی وەسڵ گەردن بێگەردان* (د.، ل467 – 468)

*بدیە چۆن هۆردان وەنام و نەنگدا*

*بێ پەروا ملۆوێش وە رووی سەنگدا*[57] (د.، ل468)

پیرەمێرد:

*فیراقت فەرقی کرد بە کۆی مەفرەق*

*دڵ بە شەوقی غەم وەك شەبەق بوو شەق* (78، ل165)

مەولەوی:

*فیراقت فەرقم وە تۆتیا کەرد*

*جیایت ئازام جە هەم جیاکەرد* (د.، ل108)

پیرەمێرد:

*نازك تەدارەك فەسڵ وەهارە*

*زەریف ئارایش هەردەو کۆسارە* (78، ل171)

مەولەوی:

*نازك تەدارەك فەسڵ وەهارەن*

*شیرین ئارایش هەردەو کۆسارەن* (د.، ل431)

---

[57] بەگوێرەی دیوانەکەی مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە سەرچاوە "زەڵم" نووسیووە، کە باسی بەهار و ناونیشانی شیعرەکەی پیرەمێردیش "نەوبەهارە" و بە نازناوی (زەڵمی) شەوە بڵاوی کردۆتەوە!

پیرەمێرد:

*وتم تیرێکت لە جەرگی پیردا*
*سادەی تیرێ تر بە شوێنی تیردا* (78، ل 184)

مەولەوی:

*پەیا پەی پەی پەی نە دڵەی تەنگدا*
*هەر خەدەنگ بەرۆ وە جای خەدەنگدا* (د.، ل78)

پیرەمێرد:

*وادوا بەدوای یەك كۆچیان كرد ئاوەڵ*
*تەنها من ماوم پێم ڕۆچۆتە گڵ*
*یاران بە پەلی دەورانی دوژمن*
*بڵاوبوونەوە وەك خەیاڵی من* (78، ل 223)

مەولەوی:

*یاران گردین شین وە تووناي تووندا*
*هەر خەیاڵ مەندەن نەتۆی دەروندا* (د.، ل251)

پیرەمێرد:

*تاڤگەی زاڵم زەڵم، تاڤگەی زاڵم زەڵم*
*گریەی چاوی چەرخ پڕ لە ناڵەو تەم*
*زادەی جەرگی كێو، مەوجوودی عەدەم*
*دێوانە ئاسا شەیدا ڕوو لە چەم*
*سەر لە بەرد ئەدەی تۆش بە سەودای شەم*

*سروەتت نییە لە ناڵە یەك دەم* (78، ل131 – 132)

مەولەوی:

*نەك چوون تاف چەم پڕ ئەسرین چەرخ*

*بارەكەڵلا چەرخ! هەی ئافەرین چەرخ!*

*چەنی جە هەستیی وێت تەواساییت*

*چەنی جۆشی عەشق مەجنوون ئاساییت*

*بدیە چون هۆردان وە نام و نەنگدا*

*بێ پەروا مارۆ وێش وە ڕووی سەنگدا* (د.، ل468)

پیرەمێرد لەو نموونانەدا، کە هێنامنەوە، بەرووداوایەکی بە دێڕەکان کردووە، یان چەند وشەیەکی لێکردوون بە کرمانجیی خواروو و بێ هیچ دەسکارییەك تێهەڵکێشی شیعرەکانی خۆیی کردوون، بێگومان ئەمە کارتێکردنێك نییە، کە بە شێوەیەکی هونەری ڕەنگی دابێتەوە، هەر گواستنەوەی بە ڕۆژی نیوەڕۆیە و هیچیش لەوە ناگۆڕێت، کە ئەمانە شیعری مەولەوین و دەسکارییەك کراون و هەر بەهی ئەو دەمێننەوە.

پیرەمێرد لە شیعری "یادی مەولەوی"دا، کە 10 حوزەیرانی 1943 بڵاوی کردۆتەوە، هەمان ڕێگەی گرتۆتەبەر، لە سەرەتادا باس لەوە دەکات، کە مەولەویی بە پیری دیوە (ڕەنگە ئەمە هەر فەنتازیای شیعریی پیرەمێردانە بێت!)، دوایی ئەو شیعرەی کە مەولەوی بۆ پیریی خۆیی وتووە، بەسەر و گوێلاك شکاوی ڕاگوێزاوەتەوە ئەم یادە و دەڵێ مەولەوی ئەم شیعرانەی بۆ بەجێهشتووم و لەدوا دێڕیشدا لە باتی موتریبەکەی مەولەوی پەنای بۆ گۆرانیبێژی ناسراوی کۆچکردوو (ڕەشۆڵ) بردووە، کە قەتارێکی بۆ بڵێ (ل240-241).

لە شیعری "هـاودەمی هـام فـەردا...." کـە لـە سـاڵی 1939دا بـە نـاوی (کـەس نەزان)ەوە بڵاویکردۆتەوە (10) دێڕی لە مەولەوی وەرگرتووە[58].

پیرەمێرد:

*هاودەمی هام فەرد سەرکردەکەی خەم*

*ڕێ نەکەوت خەمان جەم کەین لەگەڵ خەم*

*هیوایەکم بوو بۆم نەچووە سەر*

*ئەمویست بە بۆنەی بۆنکزبێ کەدەر*

---

*کاتێك بە گەردن زیوی سافەوە*

*وەك ئاسکی خوتەن بە بۆی نافەوە*

*لەو توون بۆ ئەو توون گورمەتەی ئەبەست*

*عەتر ئامێز بوو ڕووی کۆ و هەردو دەشت*

*ئەو بۆنە خۆشە شەماڵ ئەی پەخشان*

*دەرمانی دەردی دووریی ئەگەیان*

*پەڕەی دڵتەنگیی لائەبردەوە*

*هەردەم ژیانی نوێ ئەکردەوە*

*درەنگت پێ چوو چەواشەی چەپگەرد*

*تەسەلایەك بوو ئەویشت لابرد*

*ئێستە ئەو گەنجە بە لارو لەنجە*

---

58 شایانی باسە، م. ر. هاوار لێرەدا ئاماژەی تەنیا ئەم نیو دێڕەی کردووە: "نـەك جارێـك چـوار جـار اللـه أكبر" و هیچ باسی دێڕەکانی تری نەکردووە.

*بەسەر پەنجەی زۆر دڵت کرد ڕەنجە*

*ئای لەش پڕ برین، دڵ بە خەریکی*

*دیدار بەو دووری و مەرگ بەو نزیکی*

*ئەلای کێ بەرین داخوازی تەدبیر*

*هەی داد لە تەدبیر، هەی ڕۆ لە تەقدیر!*

*خۆ ئەم بەدبەختە خۆشی نەدیوە*

*بەختی ڕەشی خۆی زۆرتر ناسیوە*

*ئەم چارەنووسەی قوربانی دولبەر*

*نەك جارێك چوار جار ئەڵلاهو ئەکبەر*

*لە گێژی دەریای ئاشووبەی زەمان*

*بۆ کەشتیی خەلاس ئەبووە بادەبان* (78، ل188 – 189)

مەولەوی دەڵێ:

*خاڵۆی مەنزڵچی، سەرکردەکەی دەرد*

*تەمام بەتۆبی، ئای یە چێشت کەرد* [59]

*وەختێ بەو گەردن سیم سافەوە*

*چون وەش غەزالان وە بۆی نافەوە*

*دەورمدا وە پێچ ئەو کاو و بەردە*

*بۆ بەخشانیش بێ ئەی هەرد بەو هەردە*

*ئەو بۆ جەو تەرەف سوب نەسیم ماوەرد*

[59] لەپەراوێزی دیوانەکەی مەولەویدا نووسراوە، ڕەنگە شاعیر ئەم شیعرەی لە لاواندنەوەی لاوێك لە شێخەکانی "پەنجە" و "پاڵە"دا وتبێ، کە لە ماهـ و زەردێکەوە کەوتۆتە خوارەوە.... (د.، ل195).

*هەر جە دوورەوە زام سارێش مەکەرد*

*خەیلێ دێرت کەرد، ئافەرین چەپگەرد*

*بەوبوو دڵشادیم ئەویشت لابەرد*

*ئێستە ئەو گەنجە بە لارو لەنجە*

*ڕەنجەکەرد پەنجە، شی پەرێ (پەنجە)*

*ئێستە تەن وەی زام، دڵ وەی خەریکی*

*دیدار وەی دووری، مەرگ وەی نزیکی*

*ئەو لای کێ بەروون ئەی ڕاو تەدبیرە*

*ئاخ جەی تەدبیرە، داخ جەی تەقدیرە*

*خەیر، مەینەت زەدەی جە گیان هەراسان*

*بەختە سیاکەی وێش زووتەر ئاسان*

*پەی فەنای ئەو هەم جە دووریی دڵبەر*

*نەك جارێ، چوارجار، ئەڵلاهو ئەکبەر* (د.، ل195 – 197)

ناتوانرێت پاساوێکی ئەم ڕاگوێزتنەوەیە بۆ پیرەمێرد بدرێ، لەبەر ئەوەی بە نازناوی (کەس نەزان)ەوە بڵاوی کردۆتەوە، چونکە تا ئێستە نەبیستراوەو نەبینراوە، لە مێژووی ئەدەبی میللەتاندا، کە شیعری شاعیرێکی ناسراوو کوچکردوو بە نازناوەوە بڵاوبکرێتەوە و هیچ نهێنییەکیش لەوەدا نەبێت.

پیرەمێرد خۆی لاریی لەوە نەبووە، کە کەوتۆتە ژێر تەئسیری شیعری گۆرانییەوە، دەڵێ:".... لە کوردستاندا، کە وەلی دیوانە نەما ئیتر من بووم بەجێنشینی، کە مەولەوی و بێسارانی نەمان باسی چاوە جوانەکانی کچە جاف و کەنیشکە شۆخ و شەنگەکانی

هەورامان بکەن، ئیتر من لە جیاتی ئەوان کەوڵ و پۆستی دڵداریم لەبەرکردوبووم بەجێنشینیان" (78، ل155).

پیرەمێرد لەگەڵ هەندی لەم شتانەشیدا، کە لە گیانی زانستەوە دوورن، توانیویەتی زمانی ئەدەبیی کرمانجیی خواروو نەك هەر بە زاراوو وشەی ناسك و ناوازەی دیالێکتی گۆرانی دەوڵەمەند بکات، بەڵکو کۆمەڵێ کەرەسەو تفاقی هونەریی ئەو ئەدەبەی هێناوەتە زمانی تازەی ئەدەبی کوردییەوە و بانگەشەکەرێکی چالاکی ئەدەبی گۆرانی و بلاوکەرەوەیشی بووە.

هەرچی تەئسیری ئەم ئەدەبەیە لە بەرهەمەکانی گۆران، ئەوە شێواز و شەقڵێکی تری هەیە. مەولەوی بە شێوەیەکی تر کاری لە گۆرانی شاعیر کردووە. کاتێ دیوانەکەی گۆران بە وردی دەخوێنینەوە، لە هیچ جێگایەك نابینین، کە بە شێوەیەکی وشك و میکانیکی مامەڵەی لەگەڵ شیعری مەولەویدا کردبێ. گۆران هەر لە منداڵییەوە گوێی بە شیعری گۆرانی تژی بووە و شارەزایەکی چاکی بووە، چونکە لەو مەڵبەندەدا ژیاوە و بە قووڵی لەم ئەدەبە گەیشتووە و توانیویەتی کارامانە و وەستایانە بەکاری بهێنێ. گۆران کێش و قافیە و تەعبیری هونەری و سیستێمی وێنە و وشەو زاراوی لە ئەدەبی گۆرانی وەرگرتووە. تاپۆی وەسپی سرووشت و هەندێ مۆتیڤی تری شیعری مەولەوی بە شێوەیەکی تەماوی و هونەری لای گۆران هەستی پێ دەکرێت، بۆ نموونە، وێنەی شایی کێشان، یان هی چەمی زەڵم، لاواندنەوەکانی مەولەوی لای گۆران ئاوازەیەك دەدەنەوە.

لە "گەشتی قەرەداخ"دا گۆران لە باسی شاییەکدا دەڵێ:

*لەبەر کەپرێکا رۆشنایی ئاگر*
*دای بە تاریکی شەوی ناودێ دڕ*

*شمشاڵ بە ناڵەی لەرەو لەرزەدار*
*دەماندی کوورەی دڵی هەرزەکار*
*لە دەوری ئاگر حەڵقەی چۆپیی کوڕ*
*ترپەی پێ ئەهات وەك لێزەمەی خوڕ*
*سەرچۆپی کێشی قۆزی چۆپی زان*
*پاش هەڵسانەوەو نووکی پێ بادان*
*لە ژوور سەریەوە دەست و خەنجەری*
*چەشنی چەخماخەی ئاسمان ئەلەری...*
*شمشاڵ ژەن ئەینا بۆ هەچ لایەك ڕوو*
*ئەو لایە کەللەی زۆرتر گەرم ئەبوو*
*هەر چۆك دادان بوو هەڵسانەوەو (هەی!)*
*سۆزی هاواری ناکا "وەی، وەی، وەی"*
*مەستیی بێ شەراب هەرزەکاران، عیو!*
*زاوای بەردەرگای ئاواتی دڵ، عیو!*
*بووکی ڕازاوەی جوانتر لە گوڵ، عیو!*
*حەڵقەی چۆپی، عیو! شمشاڵ لێدەر، عیو!*
*عاسمان، ئەستێرە، دێ ودەشت ودەر، عیو!* (104، ل148 – 149)
مەولەوی دەڵێ:
*سەدای "لاو هەی لاو!" زڕەی زەڕ زنجیر*
*سڵسڵە و بانی سەر بەند زرێ و لاگیر*
*زیلەی گوارە و زرنگەی زەنگڵەی زەڕ*

لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەوق فەرق و بەرق فەرق زەڕ کاڵاو
ورشەو پرشەی خۆی کوڵم بۆ گوڵاو
شەقەو تەقەی گەرم، چەپڵە و چیڵەی نەرم
چریکەی وەناز، تریکەی وە شەرم
سەمای دەسماڵان، ڕەمای نەوهاڵان
نەمای مەلاڵان، نمای وەش حاڵان
چفەی گەردن کەچ، مەرگ من چێش واچ؟
خاین وە خەفەت، نەزان جگەر پاچ
لارەی قەتارەی لاو شەدەلاران
ئیشارەی کەم کەم پەنجە وشاران
شاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ
فرەی فۆتەی شۆڕ، ئەژنۆی گوڵەنگ چەنگ
خشەو خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش
عیشوە و نەزاکەت، گریشمەی بێ خەوش
وە لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ
قرچە و چۆقەی جەرگ، دڵ وەخەمان تەنگ
خەمیاو چەمیای ناز نیمچە کناچان
دەنگ هەی شاباش نەوجوان واچان
شاباش شادیی شەیدای شاباشان
خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاش خاشان (د.، ل411 – 415)

کەشـوهەوای شـیعرەکەی گـۆران، تەئـسیری ئـەوەی مەولـەویی پێـوە دیـارە. بـەڵام هەریەکەشـیان بـۆ خۆیـان دنیـای تایبـەتن. بـەڵام لـە هەنـدێ ڕووەوە بـەلای مەولەویـدا دەشکێتەوە، لەبەر چەند هۆیـەك ئەگـەر واز لـەکات و ڕۆژگـاریش بێـنین، کـە هۆکـارێکی گرنگ و سەنگی مەحەکە لە کێشانی زۆر دیاردەی کولتووری و هونەریدا، مەولەوی خـۆی لەو شاییە و ئەوەی تریشیاندا، کە لەمەوبەر باسکرا، نـەبووە و هـەر هێناونیەتـە بەرچـاوی خۆی و بە هونەر و خەیاڵی فراوانی وێنەی کێشاون، هەروەها ئەو هەڵپەرکێیـەی مەولـەوی باسی دەکا ڕەشبەڵەکە، بەڵام گۆران هەر باسی هەڵپەڕکێی پیاوان دەکا، چونکە هەر فریای دیتنی ئەمەیان کەوتووە، خۆی دەڵێ:

*نۆرەی ئافرەتە ئەمجا هەڵپەڕێ*

*سا هێز دەس بەردا، جوانی دەست بگرێ.*

هەندێ نزیکیی تـر لـە بـەکارهێنانی "لاوهـەی لاو!"ی مەولـەوی و "عیـو! عیـو!"ی گۆراندا هەن. شیعرەکەی گۆران زیاتر هێمن و نیگارکێشانێکی بێ دەنگە، لە کۆتاییەکەیدا نەبێ. بەلام مەولەوی کێشەکانی لەت کردووە و بە تـەعبیر و وێنـەی کـورت کـورت و پـڕ ئاوازەوە هەڵپەڕکییەکەی ئەوەندە گەرمە، لە سێ پێیەکی پڕ جۆش و خرۆش دەچـێ. بـەڵام ئەمە قەت لە جوانی و نەخشینی وێنەکانی گۆران کەم ناکەنەوە، گۆران بە دەستووری پیری شیعریی — مەولەوی، ئەگـەر دنیاکـەی ئەویـشی، کەرەسـەی ئەویـشی، وێنـەی هونـەریی ئەویشی لە یـادو بەرچـاودا بـووبێ، بـەهرەی هونـەریی خـستوویەتە سـەر کەلکەڵـەی کـێ بڕکێیەکی شەرمنانە و پڕ تەوازعانەی گۆرانانە.

لە وەسپی سرووشت کردندا، گـۆران سـوودێکی زۆری لـە مەولـەوی وەرگرتـووە، بـەڵام گـۆران بـە پێـچەوانەی مەولەوییـەوە، زیـاتر ئـەم وەسـپانەی بـە گیـانێکی ڕیالیـستانەی فۆتۆگراف ئاساوە دەربڕیوە. بەڵام زەحمەتە ئەو دیوار و تیغانە لە نێـوان بـیری غـەزەلـەکانی

مەولەویدا بەرزکەینەوە، چونکە ئەو ڕوانگە سۆفییانەی ماولّی نەداوە، هەر بە ئاستەمیش بێت لە بیرە فەلسەفییەکانی لادا، لێرەدا لەیەکدی جیادەبنەوە، هەروەك لە هونەرمەندی و بالاّیی ئەو تابلۆیانەدا کەهەردووکیان کێشاویانە یەك دەگرنەوە.

هەروەها لە لاواندنەوەکانی گۆراندا، جێ پەنجە و کاریگەریی مەولەوی دیارە. ئەو شیوەنەی مەولەوی بۆ محەمەدی کوڕی کردووە، تەئسیری لە شیوەنی هیواو گولاّلەی گۆران کردووە. ڕووکردنە کۆچکردوو و هەست بەو بۆشاییەی مردنی منداڵ لە ژیانی باوکدا پەیدای دەکا، لە هەر دوو شیعرەکەدا هەن. هەر دوو باوك — شاعیر دادیانە لە دەس مەرگ و چەپگەرد و هاوار و شینیانە. لە هەردووکیشیاندا خەسیەتی تایبەتیی لاواندنەوەی کوردەواری و سازکردنی کۆڕی پرسە و ماتەم هەیە. مەولەوی دەڵێ:

*ڕۆشنیی دیدەم، سەرمایەی ژینم!*
*مەزەی بەزم کەیف دڵەی خەمینم!*
*سا کە من بێ تۆ نەسپاردەم ئەروا*
*سەرنەنیام نە سای ئەڵحەد بێ پەروا*
*چۆن واچوون وەفام ها نە تۆی دڵدا*
*وەفا هەم جەرگم بدەن وە چڵدا*
*تاقیق من جە سەنگ سەرسەختیم باڵان*
*مەزرەعەی خارج ئینسانیم کاڵان*
*وەرنە من وەی تەور کێشام سزاو دەرد*
*ئەگەر سەنگ بیا مەکەردش وە گەرد*
*دەك ئەجەل وە دام هیجران بەستەبۆ*
*سەرتاپاش وە نێش زامان خەستەبۆ*

*پێم نە نۆشا مەی پیاڵەی مەردەن*

*ئێستە من، سەرژان، دڵ سەردان کەردەن* (د.، ل271 – 272)

گۆران لەی شینی گوڵاڵەدا دەڵێ:

*کچم مایەی ژیانم، یادگاری*

*شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری*

*غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم*

*دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم*

*جگەر گۆشەی عەزیزم، نووری چاوم*

*سەری تاڵە دەزووی ئامالی خاوم*

\- - -

*چ زوو کەوتیتە بن گۆمی عەدەم؟ خۆ*

*بە (ئۆخەی) تەڕ نەبوو لێوم وتم (رۆ!)...*

\- - -

*ئەجەل داد! ئاسمان داد! عەرشی خوا داد!*

*حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا، داد!*

\- - -

*کچم خۆ تۆ نەماوی تا ببینی*

*کە باوکت چەن بە ناسۆرە برینی* (104، ل97 – 98)

گۆرانیش وەك مەولەوی کۆی لەوە نەکردۆتەوە، کە لە فەرهەنگی وشەی خۆماڵیی ناو خەڵکدا گوڵبژێر بکات و هەندێ تەعبیری رەوانی کوردی و هەندێ دابونەریتی کوردەواری و

دیمەنی ژیانی دێهات و شاری کوردەواری بهێنێتە ناو شیعرەکانییەوە، ئەم شیعرەشی نیشانەی ئەو خۆشەویستی و ڕێزە بێ سنوورەیە، کە بۆ مەولەوی و هونەرەکەی هەیبووە:

*گیا وردەی پایز، سەوزی نەرم و نۆڵ*
*قەیفە پۆشی ڕووی تەختی خاك و خۆڵ*
*دڵگیری، جوانی، بێ دڕکوداڵی*
*دوا یادگاری بەدیعی ساڵی!*
*هەچ ئێوارەیەك دیدەنیت ئەکەم*
*سەمای پایزم تیا نامێنێ تەم!*

---

*ها وا بەسەرچوو خەزانی پیریش*
*کەچی ئەو زیاتر ئەکا ئارایش*
*تازە سەوزە گیا سەر لە نوێ ئەڕوێ*
*مەل لە ماجەرای عەیش و نۆش ئەدوێ*
*تازە سروەی بای قودسیی (عیسا — فوو)*
*گیان ئەکاتەوە بەر دنیای مردوو* (104، ل167 – 168)

لێرەدا گۆران، بە شێوازەکەی مەولەوی، شیعری بۆ سرووشت وتووە و قووڵ بۆتەوە و بۆ دنیای ئایدیالیی مەولەوی، سرووشت هەمیشە لە ژیان — مردن دابڕاو نییە. ئەگەرچی پایزی تەمەن هاتووە و لە دەرگای داوە، بەڵام ئەشقی جوانیی نەمر و توانەوە لە ڕاستیدا زیاتر ئاگری بەردەوام بوون و زیندووبوونەوەی لە دەروون و ناخی شاعیرانی سۆفی و فەلسەفە مەشرەبدا هەڵگیرساندووە.

# سەرئەنجام

## دەوری مەولەوی لە گەشەپێدان و نوێکردنەوەی لیریکای کوردیدا

لە کاتی کارکردن و تۆژینەوە و تاوتووکردنی سەرچاوەکان و تێکستی شیعری و نامەکانی مەولەویدا و لە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیان و خوێندن و پەیوەندییدا لەگەڵ شاعیر و زانایان و ئەمیران و خزم و ناسیاواندا، هەندێ فاکتی ژیانی مەولەوی ساغکرانەوە و ڕوونکرانەوە.

بەراوردێکی سیستێم ئامێزی بەرهەمی لیریکی مەولەوی لەگەڵ شیعری گۆرانی و کوردی بە گشتی و ئەدەبی کلاسیکیی فارسیدا، ئەوە دەسەلمێنێ، کە مەولەوی شاعیرێکی هەڵکەوتوو و خاوەنی دنیای شیعری و داهێنانی تازە و تایبەتیی خۆی بووە.

مەولەوی لیریکای خۆیی بە گیانێکی زۆر نوێیەوە نووسیووە و بابەتی شیعری کلاسیکیی کوردیی بەرفراوان و دەوڵەمەند کردووە، هەندێ ژانری وەکو فەرد و دووبەیت، کە دیاردەی بەرچاوی ئەدەبی کوردی نەبوون هێناوەتە ناوەوە و بەپێزی کردوون. دەوری دیاری مەولەوی لە پەرەپێدانی ژانری غەزەلدایە. شاعیر بابەتی غەزەلەکانی گەشەپێداوە و شێواز و مەودایەکی لیریکیی تازەی پێداون، بە تایبەتیش ژانری نامەی شیعری و لاواندنەوەی لە چوارچێوەیەکی هونەریی بەرزدا و بەگیانێکی تازەکارانەوە دەربڕیوە.

وەسپی سرووشت لای مەولەوی لە ڕووی بەرەو لووتکە چوون و کامڵ بوونەوە نرخ و بایەخێکی هونەریی ئێجگار گەورەی هەیە. سرووشت بناغەیەکی پتەوی وێنە

شیعرییەکانی مەولەوییە. بەو بیست و چوار غەزەلەی، تابلۆی هونەریی وەرزەکانی ساڵ و دیاردەکانی تری سرووشتی کێشاوە. لایەنی داهێنەرانەی ئەم بابەتەی لە وردەکاری و پیشاندانی سرووشتی تایبەت و زیندوو و بزۆز و دینامیکدایە.

شاعیر فەرهەنگی شیعری کوردیی بە زاراوە و وێنەی تازە دەوڵەمەند کردووە. مەولەوی شارەزایەکی گەورەی فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی کوردی بووە و کارامانە بۆ دۆزینەوەی تەعبیری هونەریی تازە و مشتوماڵ کردن و زاخاودانەوەی کەرەسەی دەربڕینی شیعری کوردی سوودی لێ وەرگرتوون و بەکاریهێناون. فۆرمی فەردی لە فۆلکلۆرەوە وەرگرتووە و کردوویەتییە ژانرێکی بەرچاوی شیعرەکانی. داستانی فۆلکلۆری و راز و ئەفسانە و پەند و قسەی نەستەق لە شیعرەکانی مەولەویدا بە شێوەیەکی تازە ڕەنگیان داوەتەوە و داڕێژراونەتەوە. مەولەوی تابلۆی ژیانی کوردەواری و گەلێ داب ونەریتی جەژن و شایی و گەرمیان و کوێستان کردنی کۆچەرانی کوردی کێشاوە.

فەرهەنگی شیعری مەولەوی بێجگە لە فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردی، بە زاراوە و هەندێ لایەنی هونەریی بەرزی ترادیسیای شیعریی میللەتانی دراوسێی کورد دەوڵەمەندە.

بێگومان مەولەوی بە شێوەیەکی چاك شارەزای شیعری فارسی و بەرهەمەکانی حافز ومەولانای ڕۆمی و شاعیرانی تر بووە و باشیان لێ تێگەیشتووە و کاریان لە لیریکای کردووە. هەندێ مۆتیڤ و وێنەی حافز و مەولانا لای مەولەوی هەن، بەڵام بە هیچ شێوەیەك مانای کارتێکردنی میکانیکی نین.

یەکێك لەو لایەنانەی لێیان کۆڵرایەوە، توێژاڵی ڕەنگنی سۆفییانەی لیریکای مەولەوی بوو. نووسەری ئەم چەند دێڕە، بۆ تۆژینەوە لەم مەسەلە ئاڵۆزە بێجگە لە شیعر و نامە و بەرهەمەکانی مەولەوی، گەلێ سەرچاوەی دەربارەی سۆفیزم — نووسراوی زانایانی ناوداری

وەکو ئی. یا. بیرتلس، ئە. ن. بولدریڤ، نیکلسون، ز. ن. ڤەرەژێیکینا و زانایانی ئیسلام و شاعیرە سۆفییە ناودارەکانی فارسی خوێندۆتەوە و سوودی لێ وەرگرتوون.

ئاشکرایە شیعرەکانی مەولەوی دەربڕی تەریقەتی نەقشبەندی بوون، کە لە سەدەی هەژدەیەمدا زۆر گەشی سەندووە، ئامانجی ریفۆرمی ئیسلام بووە، هەندێ لە چەمکەکانی ئەم تەریقەتە لە مەسەلەی سەر لە دنیا دەرکردن و واز لە ژیانی مادی لە پێناوی ئایدیالی و بەرژەوەندیی خەڵك هێناندا — خۆیان دەنواند.

مەی چوارچێوە و مەودایەکی فەلسەفیی لای مەولەوی وەرگرتووە. وەك شاعیرانی سۆفی، مەولەویش سوودی لەم ڕەمزە درەوشاوەیە وەرگرتووە. شیعری مەی لای سۆفییەکان پڕ ئایدیاڵ و مانای گیانیی بەرزە. مەبەست لە مەی لای ئەوان وازهێنان بووە لە ژیانی دنیایی و خۆ ئامادەکردن و نزیکبوونەوە بووە لە ڕاستیی یەزدانی و تواندنەوە تێیدا. زۆر دەگمەن مەولەوی مەیی بە مانا سادەکەی بەکارهێناوە.

لێکۆڵینەوەی دەقە شیعرییەکانی مەولەوی دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی زۆر گرنگ و بەبایەخ، ئەویش ئەوەیە، کە دیالێکتی گۆرانی، دیالێکتێکی زمانی کوردییە، هەر لەبەر ئەوەش نا، کە گۆرانەکان خۆیان بە کورد دەزانن، بەڵکو ئەو ڕانان و تۆژینەوە مێژووییە — ئەدەبییە ئەمە دەسەلمێنێت.

هەروەها بەشێکی ئەم کارنامەیە تەرخانی پەیدابوون و گەشەسەندنی ئەدەبی گۆرانییە لە سەدەی چواردەیەمەوە تا نۆزدەیەم و ئەمەش پیشانی دەدا، کە بەرهەمی مەولەوی بە دیالێکتی گۆرانی لووتکەیەکی لیریکای کلاسیکیی کوردییە.

دەوری بەرهەمی مەولەوی لە پێشخستن و گەشەپێدانی لیریکای گۆرانیدا زۆر دیار و کاریگەرە و تەئسیری لە شاعیرانی وەکو (کۆماسی، بولبول، فەخرولعوولەما، مەلا نیزام، جەباری...هتد) کردووە. ئەم شاعیرانە مەولەوییان بە باوکی گیانی و ڕابەری شیعریی

خۆیان زانیوه و وەك ئەم ئاوڕیان لە ئەدەبی میللی داوەتەوە و حەزیان لە لاسایی کردنـەوەی مەولەوی بووه.

نەك هەر لـە ئـەمان، بـەڵکو تەئـسیری لـەو شـاعیرانەش کـردووه، کـە بـە دیـالێکتی کرمانجیی خواروو شیعریان نووسیوه. بە تایبەتیش ئەمە لە بەرهەمی پیرەمێرد و گۆرانـدا بە ڕوونی دەردەکەوێ. پیرەمێرد بە شێوەیەکی میکانیکی و وەستاو سوودی لە شـیعری بـە دیالێکتی گۆرانی نووسـراو بـە گـشتی و لیریکـای مەولـەوی بەتایبـەتی وەرگرتـووه. ئـەو هەموو دێڕ و کۆپلێتانەی شیعری مەولەوی نیشان دران، کە بە هەڵە بە هـی پیرەمێـرد لـە قەڵەمدراون. دەوری پیرەمێرد لەوەدا بـووه، کـە نموونـەکانی ئـەم ئەدەبـەی بڵاوکردۆتـەوە و گەلێ وشە و کەرەسە و ئامێری هونەریی هێناوەتـە نـاو کرمـانجیی خـوارووەوە. بـەڵام لای گۆران ئەم تەئسیرە شەقڵێکی ئاسایی هونەری و ڕەوتی پرۆسێسی داهێنانی گرتۆتە خۆی.

لیریکای مەولەوی کاری لە هەندێ لە شاعیرانی نەوەی هەفتاکانیش کردووه. ئەمانیش هانایان بۆ دنیای هونەریی بـەرین و گیـانی عاشـقانەی ئـەو بـردووە و دەبیـەن، سـوود لـە مۆتیڤ و کەرەسـە و بـیر و شـێوازی شـیعری مەولـەوی وەردەگـرن، سـەرەڕای ئـەوەی کـە مەولەوی و عەنبەرخاتوونی خێزانـی بوونەتـە دوو ڕەمـزی گـەورەی ئـەدەبی کـوردیی ئـەم سەردەمە، ڕەمزن بۆ هونەری بەرز.. نیشتمان، ئازادی، جوانیو هـەموو چـەمكو بیرێکـی یەزدانیی بەرز.. شیعرەکانی مەولەوی دەربـارەی بابـەتی وا نـەمری وەکـو ژیـان و مـردن و نهێنیی بوون و ئەندێشەی زاتیی ئادەمیزادن، کە تا دنیا دنیایە، هەر سەرچاوەیەکی ڕوون و وشك نەبووەوە دەبن و کار لەتەوە لە دوای نەوەی کورد دەکەن.

# سەرچاوەکان


1. Абрамович Г.Л. Введение в литературоведение. М.,1979.
2. Алиев Г.Ю. Персоязычная литература Индии. Краткий очерк. М., 1961.
3. Арабская средневековая кулътура и литература. Сборник статей зарубежных ученых. М., 1978.
4. Афсахоз Аблохон. Лирика Абду ар-Рахмана Джами.Афтореф. док. дис. М., 1980.
5. Ахондоф Ф. М. Избранное. М., 1963.
6. Бертельс Е. Э. Заметки по поэтической терменологии персидских суфиев. Избраные труды. Суфизм и суфийская литература.М.,1965, с. 109-125.
7. Бертельс Е. Э. Литература на персидском языке в Средней Азии." Советское Востоковедение". Т.5. М., 1948, с. 199- 228.
8. Бертельс Е. Э. Низами. Творческие пути поэта. М., 1950.
9. Бертельс Е. Э. Персидская поэзия в Бухаре. М., Л., 1935.
10. Бертельс Е. Э. Словарь суфийских терминов Мираат-и ушак.- Избранные труды. Суфизм и суфиская литература. М., 1965, с.126-177.
11. Болдырев А.Н. Два ширваниских поэтов : Низами и Хагани. – Памятники эпохи Руставели. Л., 1936, с.11-138.
12. Брагинский И.С. Иранское литературное наследие. М., 1984.
13. Бушмин А.С. Наука о литературе. Проблемы. Суждения. Споры. М., 1980.
14. Васильва Е.И. О жизни Мастуре. Курдской поэтессы и историографа. ПП и ПИКНВ. Л., 1982, с.12-16.
15. Васильева Е.И. Введение к кн: Хроника ( История курдского княжеского дома Бани Ардалана). М., 1984.

16. Ворожейкина З.Н. Исфаханская школа поэтов и литературная жизнь Ирана в предмонгольское время. Х11- начало Х111 в. М., 1984.
17. Ворожейкина З.Н. Пейзаж в персидском четверостишии Х11 – Х111 вв. ПП и ПИКНВ. Л., 1974, с. 101- 105.
18. Ворожейкина З.Н. Послания к меценату.- ПП и ПИКНВ.Л., 1973, с. 90-93.
19. Ворожейкина З.Н." Стансы" о зульфах.- ПП и ПИКНВ.Л., 1972, с. 151-155.
20. Ворожейкина З.Н. Фольклорные модели в персидских лобовных четверостишиях Х11 века. – ПП и ПИКНВ. Л., 1982. Ч.П, 16-21.
21. Джалил Ордихан и Джалил Джалил. Курдские пословицы и поговорки на курдском и русском языках. М., 1972.
22. Жуковский В.А. Секта "людей истины" . Ahli - Haq в Персии. СПб., 1886.
23. Крачковский И.Ю. Вино в позии ал – Ахталя ( опыт историко – культурного и стилистического анализа). Избранные сочинения. Т.2 , М.,- Л., 1958, с.417-432.
24. Крачковский И.Ю. Черты андалусской природы в стихах арабского поэта "Садовника" Х1- Х11 в., - Избранные сочинения- Т.2, М., Л., 1956.
25. Крымский А.Е. История Персии, её литературы и дервишской теософии.Т,1.М,1914.
26. Куделин А.Б. Классическая арабо-испанская поэзия (конец Х – середина Х11 вв.) М., 1973.
27. Куделин А.Б. Мотив в традиционной арабской поэтике У111 – Х вв.," Восточная Поэтика" . М., 1983, с.7-25.
28. Курдоев К.К. Граматика курдского языка на материале диалектов курманджи и сорани. М., 1978.
29. Курдоев К.К. Категория рода и обьектная конструкция в заза. – Иранское языкознание, история, этимология, типология ( К 75 – летио профессора В.И.Абаева). М., 1967.

.Лазарев М.С. Курдистан и курдиская проблема. М., 1964 .30
Лерх П.И. Исследования об иранских курдах и их предках .31
.северных халдеях. Кн. 1-3, СПБ, 1856 – 1858
.Лотман Ю.М. Анализ поэтического текста. Л., 1972 .32
.Лотман Ю.М. Структура художествеонного текста. М., 1970 .33
Маккензи Д.Н. Курманджи, курди и горани. – " Народы Азии и .34
.Африка". М., №1, 1963
.Минорский В.Ф. Курды. Заметки и впечатления. ПГ, 1915 .35
.Мирзоев А.М. Рудаки – жизнь и творчество. М., 1968 .36
.Никитин В. Курды. М., 1964 .37
.Омар Хайям. ( Рубаи). Ташкент, 1978 .38
Османов М.Н.О. Стиль персидского – таджикской поэзии 1Х – .39
.Х11вв. М., 1974
.Османов М.Н. Частный словарь Унсури. М., 1970 .40
Пригарина Н.И. Образное содержание бейта в поэзии на .41
.персидском языке. – " Восточная Поэтика", М., 1983, с.89 – 109
Рейснер М.Л. Основные этапы развития газельной лирики на .42
.фарси в Х – ХУ вв. Афтореф.кан.дис. М., 1980
Руденко М.Б. К вопросу о курдской литературе. В кн. : " .43
Сборник в чест акад. И.А. Орбели – Исследования по истории
.культуры народов Востока". М.,-Л.,1960
Руденко М.Б. Курдская литература ХУ11 в. – " Народы Азии и .44
.Африки", № 3, М., 1973
Самадов Т. Жанр газели в творчестве Анвари – Афтореф. кан. .45
.дис. Душ.,1974
Смирнова И.А. и Эйюби К.Р. Фонетика курдского языка ( .46
.,диалект мукри). Л
.1985
.Соколов А.Н. Теория стиля. М., 1968 .47
.Стеблева И.В. Семантика газелей Бабура. М., 1982 .48
.Филин Ф. П. Истоки и судба русского языка . М., 1981 .49

50. Фильшгинский И.М. Арабская классическая литература. Краткий очерк. М., 1981.

51. Фольклор . Поэтика и традиция. Сборник статей. М., 1981.

52. Фролова О. Б. Поэтическая лексика арабской лирики. Л., 1984.

53. Хазнадар М. Очерк современной курдской литературы. М., 1967.

54. Хамояан М. У. К истории изучения заза. – ( Вопросы фразеологии, стилистики и грамматического строя восточных языков). Самарканд, 1972, с. 69- 82.

55. Хамоян М. У. К установлению критериев классификации курдского языка. – Совешание по обшим вопросам диалектологии, истории языка. М., 1973, с.53-

56. Хуршид Эфенди, Чириков. – Сборник географических, топографических и статистических мастер по Азии. Выпуск № 1У.СПБ. 1883.

57. Юсупова З.А. Глагольные основы в диалекте авромани ( в сопоставлении с сорани и курманджи). – ПП и ПИКНВ, Л., 1985, ч, 11, 77 – 84.

58. Bruienssen van M.M. Agha, sheikh, and state. On the Social and Political Organization of Kurdistan. Amstrdam, 1978.

59. Edmonds C.J. Kurds, Turks and Arabs. London, 1957.

60. Jaba A.Recueil de notices et recits kourdes . Servant a la connaissance de la langue, de la literature et des tribus du Kourdistan. St. – Pb., 1860.

61. Mackenzie D.N. Kurdish Dialect Studies. Vol 1-2, L, 1961-1962.

62. Mackenzie D.N. The Dialect of Awraman ( Hawraman - i – Luhon). Kobenhaven, 1966.

63. Mackenzie D.N. The Origins of Kurdish – Transactions of the Philological Society. London, 1961.

64. Mann O – Hadank K. Mundarten der Guran – Kurdish – Persische Forschungen. Abt 3, Bd, 2.B, 1930.

65. Minorsky V. The Guran. BSOAS, L., 1943, vol.X1, pt.1, p.76 – 103.

66. Mokri M. Les Vents du Kurdistan. Contribution Scientifique aux studes iraniennes. P., 1970.

67. Morgan J. de. Dialectes kurdes, langues et dialects du Nord de la Perse – Etudes Linguistiqu de la mission scientifique en Perse. T.5., P, 1904.

68. Muller F. Zaza – Dialekt der Kurdensprache. Wien, 1855.

69. Rousseau J.F.X. Extrait de l'tineraire d'un voyage en Perse par la voie de Baghdad Fungruben des Orients c Miens de l'orient Wien, 1813, Bd 111, c. 85 – 98.

70. Soane E.B. A Short Anthology of Guran Poetry, JRAS, №1, January, L., 1921.

71. Soane E.B. Grammar of the Kurmanji of Kurdish Language. L., 1913.

72. Soane E.B. Report on the Sulaimania distried of Kurdistan. Celcata.1919.

73. The Encyclopedia of Islam . L., v.1, 1960, 2, 1965,3, 1966.

74- ئازیزان هەرەکۆلی، کلاسیکێن مە "هاوار" شام، 1943، ر 524 – 525.

75- بێسارانی، دیوان، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کیومرس نیك رەفتار، بەغداد، 1982.

76- پیرەمێرد، ئارەزوویەکی پەسەند، "گەلاوێژ"، بەغداد، ژ3، مارتی 1945، ل58 – 59.

77- پیرەمێرد، جواب بۆ جناب حسێن حزنی افندی مکریانی محترم "ژیان" سلێمانی، 1963، ژ 476، ل1 - 2.

78- پیرەمێرد، دیوان، لێکۆڵینەوە و دەرکردنی محمد رەسوڵ هاوار، بەغداد، 1970.

79- توودار عبد الصمد، چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان – بەشێك لە کتێبی (نور الانوار) محمدی ملا کریم لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی، بەغداد، 1970.

80- جاف ئەنوەر قادر محەمەد، گەشتێك بە جیهانی مەولەویدا، (بەیان) بەغداد، ژ 23 – 1976.

81- جزیری، دیوان، توێژاندنا صادق بهاءالدین ئامێدی، بەغداد، 1977.

82- چەلەبی ئەولیا، کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا — بەشێك لە سیاحەتنامەکەی، وەرگێرانی ناکام، بەغداد 1979.

83- دزەیی عەلی فەتاح، شیعرێکی تازەی عەلی حەریری، "کاروان". هەولێر ژ28، 1985، ل22 – 37.

84- دیلان، دیوان، بەغداد، 1969.

85- ڕەسووڵ عیزەدین مستەفا، فۆلکلۆری کوردی و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی (لێکۆڵینەوە)، بەغداد، 1970.

86- ڕەسووڵ عیزەدین مستەفا، سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، بەغداد، 1971.

87- ڕەسوول عیزەدین مستەفا، شیعری کوردی (ژیان و بەرهەمی شاعیرانی)، بەشی یەکەم، بەغداد، 1980.

88- ڕەنجووری، دیوان، لێکۆڵینەوە و لە چاپدانی محەمەد عەلی قەرەداخی، بەغداد، 1973.

89- زامدار مەحموود، دەروازەیەك بۆ ئاواز و گۆرانیی کوردی، بەغداد، 1980.

90- سجادی علاءالدین، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی، بەغداد، 1968.

91- سجادی علاءالدین، سۆفییەتی لە هۆنراوەی کوردیدا "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، بەغداد، بەرگی شەشەم. 1978، ل37 – 77.

92- سجادی علاءالدین، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەغداد، 1971.

93- سجادی علاءالدین، نرخ شناسی، بەغداد، 1970.

94- صەیدی، دیوان، پێشەکی و لێکدانەوەی محمد امین کاردۆخی، سلێمانی، 1971.

95- فوئاد کەمال، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەب و نووسینیان، "زانیاری"، بەغداد، ژ4، 1971، ل16 – 24.

96- فوئاد کەمال، فەقێی تەیران، "بەیان" بەغداد، ژ21، 1972، ل36 – 39.

97- فیضی أمین، انجمن ادیبان کورد، اسطنبول، 1920.

98- قاسلمو عبدالرحمن، کوردستان و کورد، بەغداد، 1971.

99ـ قوباد خانای، شیرین و خەسرەو، محمدی مەلا کریم ساغی کردۆتەوەو فەرهەنگی بۆ ڕێکخستووە و پێشەکیی بۆ نووسیووە، بەغداد، 1975.

100ـ قەرداخی عەلی شێخ عومەر، مەولەوی و سروشت، بەغداد، 1978.

101ـ قەرەداخی محەمەد عەلی، شارۆیەك لە باغچەی ئەدەبی مەولەوی "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، بەغداد، بەرگی شەشەم، 1978، ل226 – 269.

102ـ قەفتان تۆفیق، مێژووی حوکمدارانی بابان لە قەڵاچوالان، بەغداد، 1969.

103ـ کوردۆ قەناتی، تاریخا ئەدەبیاتا کوردی، 1، ستۆکهۆڵم، 1983.

104ـ گۆران، دیوان، کۆکردنەوەو ئامادەکردن و پێشەکیی و پەراوێز بۆ نووسین محمدی مەلا کریم، بەغداد، 1977.

105ـ گۆران، مەولەوی و شیعری موناسەبەت، "هەولێر"، ژ27، کانوونی دووەمی 1951، ژ8، 10، 13 – 17ی شوباتی 1951.

106ـ گۆران، یادی پیرەمێرد، بەغداد، 1959، ل 97.

107ـ محەمەد ئەمین حسەین، تێلنیشان لە شیعری مەولەویدا "بەیان" بەغداد، ژ76، کانوونی دووەمی 1982، ل8 – 26.

108ـ مدرس ملا عبدالکریم، یادی مەردان، ب -1، بەغداد، 1979.

109ـ مدرس ملا عبدالکریم، یادی مەردان، ب – 2، بەغداد، 1983.

110ـ موتابچی ئەمین عەلی، شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی "گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات" بەغداد، ژ16، 1973، ل5 – 30.

111ـ موکریانی حسین حوزنی، مەولەوی، "روناکی"، رەواندز، ژ7، 1936.

112ـ مەحوی، دیوان، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کەریم، بەغداد، 1980.

113ـ مەولەوی، دیوان، بڵاوکردنەوەی پیرەمێرد، سلێمانی، ب -1-1935، ب-2-1941، ڕۆحی مەولەوی، چاپی دووەم، بەغداد، 1968.

114ـ مەولەوی، دیوان، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ملاعبدالکریمی مدرس، بەغداد 1961.

115ـ مەولەوی، عەقیدەی مەولەوی، پێشەکی و لە چاپدانی محەمەد عەلی قەرەداخی، بەغداد، 1977.

116ـ مینۆرسکی ڤ، گۆران، وەرگێرانی ناجی عەبباس "گەلاوێژ" بەغداد، ژ5،6، 7، 8، 9، 1944.

117ـ نالی، دیوان، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە و پێشەکی بۆ نووسینی ملاعبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پیاچوونەوەی محمدی ملا کریم، بەغداد، 1976.

118ـ نەبەز جەمال، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، 1976.

119ـ وەهبی تۆفیق، ئەسڵی پیتەقاڵبی "ئە"ی شێوەی سلێمانی "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" بەغداد، ژ1، 1973، ل10 – 13.

120ـ وەهبی تۆفیق، کرمانج لە (کورمانج)ەوە نییە، "گەلاوێژ" بەغداد، ژ5 6 نیسان و مایسی 1940.

121ـ هەورامانی محەمەد ئەمین، تەماشاکردنێکی سەرپێی زاری سۆرانی و زاری هەورامی، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" بەغداد، ب -2، ب -2، 1974، ل117 -165.

122. هەورامانی محەمەد ئەمین، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا بەغداد، 1981.

123ـ هەورامانی محەمەد ئەمین، کاکەیی، بەغدا، 1984

124ـ هەورامی دانا، پیرشالیاری زەردەشتی، بەغداد، 1968.

125ـ هەورامی عوسمان، ژیان و بەسەرهات و هۆنراوەی وەلی دێوانە، بەغداد، 1976.

126ـ هەورامی عوسمان، نوێشکێ دەربارەی بێسارانیی بلیمەت، "کاروان" هەولێر، ژ6، ئازاری 1983، ل10.

127ـ هەوری أ. ب. مەولەوی شای شاعیرانی لاهووت و زانایی و خۆشەویستی کورد لە چەرخی نۆزدەهەمدا، سلێمانی، 1973.

128ـ یوسف عبد الرقیب، دیوانا کرمانجی، نەجەف، 1971.

129ـ حافظ، دیوان، بر اساس نسخهء كامل كهن بتصحیح دكتر رشید عیوضى دكتر أكبر بهروز، تبریز 2039/1977.

130ـ خیام عمر، رباعیات، با تصحیح محمد علی فروغی، چاپ دوم، تهران، 1957.

131ـ سودی، شرح بر دیوان حافظ، ترجمهء عصمت ستارزادة، تهران، جلد1، 1341، جلد2، 1342.

132ـ سوری ماشاءالله، سرودهای دین یارسان، تهران، 1344.

133ـ غنی قاسم، بحث در أثار و افكار و احوال حافظ، (تأریخ تصوف در اسلام) جلد دوم، قسمت اول، اول، 1362.

134. مردوخ، ایه الله، تأریخ مردوخ، جلد1.

135ـ مردوخ، ایه الله، تاریخ مردوخ، جلد2.

136ـ القران، دمشق.

137ـ ابن عربی محی الدین، الفتوحات المكية – السفر الاول، تحقيق و تقديم د. عثمان يحيى، تصدير و مراجعة ابراهيم مدكوم، القاهرة، 1973.

138ـ ابي المواهب جمال الدين محمد، كتاب قوانين حكم الاشراق الى كافة الصوفية بجميع الأفاق، القاهرة، 1961.

139ـ ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة و تحقيق و تعليق عبد الرحمن بدوي، بيروت، 1973.

140ـ الالوسي حسام، الزمان في الفكر الديني و الفلسفي القديم، بيروت 1973.

141ـ البدليسي شرفخان، الشرفنامة، نقلة الى العربية و علق عليه ملا جميل بندي الروزبيانی، بغداد، 1953.

142. بیگه بگ مأمون، مذكرات مأمون بيگ، نقلها من التركية الى العربية محمد جميل الروزبیانی و شكور مصطفى، بغداد، 1980.

143ـ الجاف أنور قادر محمد، الغزل في شعر مولوى، (التآخي)، بغداد، العدد 982، مارت 1972.

144ـ الجاف أنور قادر محمد، الطبيعة قي شعر مولوى، (التآخي)، بغداد، العدد 681، مارت 1971.

145ـ الجيلاني الشيخ عبد القادر، فتوح الغيب، ط3 القاهرة؟

146ـ الحنفي عبد المنعم، معجم المصطلحات الصوفية، بيروت، 1971.

147ـ حكيم هلكوت، ابعاد ظهور الطريقة النقشبندية في كردستان في اوائل القرن التاسع عشر "دراسات كردية" باريس العدد 1، كانون الثانى 1984، ص55 – 68.

148ـ الحلاج، ديوان، صنعه واصلحه الدكتور كامل مصطفى الشبيبي، بغداد، 1974.

149ـ خزندار معروف، الشعر الديني في اللهجة الكورانية الكردية، "الثقافة الجديدة" بغداد، العدد93، 1977، ص50-65.

150ـ خورشيد فؤاد حمه، اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، 1983.

151ـ رسول عزالدين مصطفى، احمدي خانى (1650 – 1706) "شاعرا و مفكرا فيلسوفا و متصوفا"، بغداد، 1979.

152ـ رسول عزالدين مصطفى، الواقعية في الادب الكردي، بيروت، 1966.

153ـ الزڤنگى الملا احمد بن الملا محمد البهتي، العقد الجوهرى فى شرح ديوان الجزيري، القامشلي، 1958.

154ـ زكي محمد أمين، تأريخ الدول و الامارات الكردية في العهد الاسلامي، ترجمة محمد علي عوني القاهرة، 1945.

155ـ زكي محمد أمين، خلاصة تأريخ الكرد و كردستان، ج1، ترجمة محمد علي عوني، بغداد، 1961.

156ـ زكى محمد أمين، مشاهير الكرد و كردستان، ج1، بغداد، 1945.

157ـ زكي محمد أمين، مشاهير الكرد و كردستان، ج2، القاهرة، 1947.

158ـ السلمي ابن عبدالرحمن، طبقات الصوفية، تحقيق نورالدين شريبة، القاهرة، 1953.

159ـ الشعراني عبدالوهاب، لطائف المنن، تونس، 1304.

160ـ الصاحب محمد اسعد، بغية الواجد في مكتوبات مولانا خالد، دمشق، 1334.

161ـ عثمان رؤوف – التصحيح بين الموضوعية و الوضعية "كاروان – المسيرة" اربيل، العدد 20، مايس 1984، ص149 – 159.

162ـ عثمان رؤوف، بغداد، تصحيح مولد الشاعر عبد الرحيم المولوي "العراق"، بغداد 1977/10/12، ص3.

163ـ عثمان رؤوف، عالم مولوى الرومانسيةو الواقعية المطلوبة، "العراق"، بغداد 1983/4/4، ص4.

164ـ عثمان رؤوف، مولوى شاعر رومانتيكى متصوف، "العراق"، بغداد، 1981/7/30، ص3.

165ـ عثمان رؤوف، مولوي في وثائق قديمة، "كاروان – المسيرة"، بغداد، العدد13، 1983، ص142 – 181.

166ـ العزاوي عباس، خلفاء مولانا خالد النقشبندي، "مجلة المجمع العلمي الكردي"، بغداد، المجلد الثاني – العدد الثاني، 1974، ص198 – 205.

167ـ العزاوي عباس، مولانا خالد النقشبندي، "مجلة المجمع العلمي الكردي"، بغداد، المجلد الأول – العدد الأول –1973، 696 – 729.

168ـ العطار فريدالدين النيسابوري، منطق الطير، دراسة و ترجمة الدكتور بديع محمد جمعة، بيروت، 1979.

169ـ الغزالي أبو حامد محمد بن أحمد، احياء علوم الدين، القاهرة، 1306.

170ـ الغزالي ابو حامد محمد بن احمد، المنقذ من الضلال و الموصل الى ذي العزة و الجلال، حققه و قدمه الكتور جميل صليبا و الدكتور كامل عياد، بيروت، 1967.

171ـ غني قاسم، تأريخ التصوف الأسلامي، ترجمه عن الفارسيه صادق نشأت، القاهرة، 1972.

172ـ القاشاني الشيخ كمال الدين عبدالرزاق، اصطلاحات الصوفية، تحقيق و تعليق الدكتور محمد كمال ابراهيم جعفر، القاهرة، 1981.

173ـ القشيري الأمام ابو القاسم عبد الكريم، الرسالة القشيرية، تحقيق الدكتور عبدالحليم محمود بن الشريف، القاهرة، 1966.

174ـ گيلانى قمر، في التصوف الأسلامي، مفهومه و تطوره و اعلامه، بيروت، 1962.

175ـ لونگريگ س. هـ اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث، ترجمة جعفر الخياط، بغداد، 1968.

176ـ المدرس الملا عبد الكريم، الوسيلة في شرح الفضيلة لعبدالرحيم المولوي، بغداد، 1972.

177ـ المدرس الملا عبدالكريم، علماءنا في خدمة العلم و الدين، بغداد، 1983.

178ـ المدرس محمد الملا عبدالكريم، عود على بدء في الرسائل البابانية و اوراق قديمة أخرى، "كاروان – المسيرة"، اربيل، العدد 19 نيسان 1984 ، ص143 – 148.

179ـ المدرس محمد الملا عبدالكريم، مولوي في وثائق قديمة، تصحيح و تعقيب، (كاروان – المسيرة"، اربيل، العدد 17، شباط 1984، ص142 – 151.

180ـ مولوي، العقيدة المرضية، الفوائح، اصدار صبري النعيمي، القاهرة، 1351.

181ـ مينورسكى ۋ ، الأكراد أحفاد الميديين، ترجمة و تعليق الدكتور كمال مظهر أحمد، "مجلة المجمع العلمي الكردي"، بغداد، العدد الأول – المجلد الأول، 1973، ص552 – 556.

182. نصر عاطف جودت، الرمز الشعري عند الصوفية، بيروت، 1978.

183ـ نيكلسون رينولد أ، في التصوف الأسلامي و تأريخه، نقله الى العربية و علق عليه الدكتور أبو العلاء عفيفي، القاهره، 1956.

184ـ الوردي حمودي، عالم التكايا و محافل الذكر، بغداد 1973.

185ـ وهبي توفيق، أصل الأكراد و لغتهم، "مجلة المجمع العلمي الكردي" بغداد، المجلد الثاني – العدد الثاني، 1974.

186ـ يوسف عبدالرقيب، الطراز المعماري و الزخارف في طويلة، "كاروان – المسيرة" – اربيل، العدد 7 نيسان 1983، ص 123 – 128.

**فەرهەنگۆك**

ئونێڤێرسالی: هەمەکی، سەرجەمی.

ئەبستراکت: تەجرید، بیری ڕووتی لە چوارچێوەی فەلسەفیدا داڕێژراو.

ئەلیگۆریا: مەجاز.

ئیستێتیك: زانستی جوانناسی.

تیۆس: کردگار.

تیۆسۆفیزم: ئەو زانستەیە کە بەهۆی سۆفیگەرییەوە دەیەوێ لە کردگار بگات و تێیدا بتوێتەوە..

دوالیزم: دووانە، دوولایەنە.

ریتۆریکا: بەلاغە.

ژانر: جۆری هونەر، لایەنی شێواز (فۆرم) دەگرێتەوە.

سوژێت: تەوەرەیەکە، کە بیرێك، یان کۆمەڵێ وێنەی تێوە ئاڵابێت.

سینکریستی: ئامێتەیی، لێکدراو.

ستروکتوورە: بونیەی هونەری، ئەو ڕەگەزە بنەڕەتییانەن، کە بابەتێکی هونەری بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ وتێکڕژاو پێکدێنن، گۆڕانی هەر ڕەگەزێکیش کار لە وانی دی دەکات.

کەمپازیسیا: تەشکی داڕژاو و تێهەڵکیش کراو.

لیریکا: لە وشەی یونانی (Lyra)وە هاتووە، کە ئامێرێکی مۆسیقا بووە و لەگەڵ ژەندنیندا گۆرانییان وتووە، یان شیعریان خوێندۆتەوە، بابەتێکی لە داستانە شیعر و دراما جیایە، زیاتر دەربڕی هەست و ئەندێشەی زاتیی مرۆڤ و هەڵوێستییەتی.

مۆتیف: لە هونەردا زیاتر باس، بابەت دەگرێتەوە.

نیۆ پلاتونیزم: فەلسەفەی سەدەکانی (3 – 4)ە. بیرە ئایدیالییەکانی ئەفلاتوون لەم فەلسەفەیەدا بووە ماریفەتێك دەربارەی جیلوەی سۆفییانە (تیشکدانەوە و بنەوان گرتنی) جیهانی ماتریالی لە هی سەرەتای ئایدیالییەوە، بەپێی ئەم تیۆرییە دنیای ماتریالی روویەکی نزم و بێ نرخی جیلوەی "گیانی کوللییە"، گەیشتن بە بەرزترین پلەی شارەزایی لە فەلسەفەشدا، بە عەقڵ و کارامەیی و تاقیکردنەوەی بەردەوام نابێ، بەڵکو بە حاڵی سۆفییانە دەبێ.

وێنەی پلاستیکی: ئەو جۆرە وێنەیەیە، کە هارمۆنیا و دارشتنێکی سەرکەوتووی هەبێت.